# ئیسلام و دیموکراسی

## کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی فیکریی بیانییە

**عومەر عەلی غەفور**
**کردوونی بە کوردی**

## پێشەکییەکی پێویست

ئاین و بیری ئاینی دابڕاو نین و ناشتوانن دابڕاو بن لە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و گۆڕانکاری و پەرەسەندنە بەردەوامەکانی ژیان و مێژوو. سەرچاوەی ئاینەکان ئاسمان بێ یاخود ئەندێشەی مرۆڤ هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ کە ئەوە مرۆڤە رۆژانە و لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی رووداو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی رۆژگاردا مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی ئایندا دەکات و بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژیان و چارەسەری کێشە زۆر و زەبەندەکانی پەنای بۆ دەبات و رێگەچارەی جۆراوجۆر لەژێر ئیلهامی ئەو دەقانەدا بەرهەم دێنێ. مرۆڤ کە ئەرکی خوێندنەوەی دەقەکانی ئاینە بە زەین و هەستێکی بارگاوی بە رۆحی سەردەمی خۆی دەقەکان دەخوێنێتەوە و لێرەشەوە رۆحی سەردەمەکە وەبەر ئەو تێگەیشتنەدا دەکات کە لە دەقەکەوە بەرهەمی دێنێ. ئەمە راستییەکی کۆنکریتییە، جا دانی پێدا بنێین نا.

ئەگەر بڕیار بێ مرۆڤ کوڕی سەردەمەکەی خۆی بێ، ئەوە ئاینیش دەبێ کوڕی ئەو سەردەمە بێ، ئەگینا تووشی چەقبەستن دەبێ و خۆی بەرکەنار دەخات و مرۆڤ و کۆمەڵگەیش تووشی دواکەوتن و کوێرەوەری دەکات.

ئاین خۆی گوتارێکی بەردینی نییە کە دوا وێناکردنی بۆ ژیان پێشکەش کردبێ و نەکرێ قسەیەکی نوێی لەسەر بکرێ، بەڵکو ئاینەکان بە گشتی و لەنێویشیاندا ئاینی ئیسلام، کە بەپێی دەقی یەکێك لە حەدیسەکانی پەیامبەرەکەی بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، هەمیشە وابەستە بوون بە خواستەکان و رۆحی سەردەمی خۆیان و بیرکردنەوەی زاڵی ئەو سەردەمانە.

لێرەوەیە دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام، موسڵمانەکان تەنانەت لە ماوەی نێزیکەی ٣٠ ساڵی سەردەمی راشیدیندا چەندین سیستم و شێواز لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ئیدارەکردنی دەوڵەتدا دەگرنەبەر و کەسیش تانەی لە شەرعیەتی ئەو میکانیزمانە نەداوە، دواتریش سیستمی میراتگری و وەلی عەهد و دەسەڵاتی بەشەڕ وەرگیراو دێنە پێش و لەژێر فشاری واقیعەکەدا لەلایەن ناوەندە زانستییە ئاینییەکەوە شەرعیەتیان پێ دەدرێ.

تەنانەت شەرعیەتی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەرێی فتوحاتی سەربازییەوە، کە سەدان ساڵی خایاند، هەر بۆ ئەو کەلتوورە کۆمەڵایەتی و سیاسییە زاڵە دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا باو بووە و هێزە ئاینی و ئایدیۆلۆژییەکان هێزی سەربازییان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان بەکار هێناوە و دواتریش پەیامەکەیان بۆ جێگیرکردن و پتەوکردنی پێگەی سیاسی و سەربازیی خۆیان سوود لێ بینیوە.

واتە دەکرا ئیسلام پەنا بۆ فتوحات نەبات ئەگەر هاتبا بۆ نموونە ئەو ئامراز و میکانیزمە میدیایی و تەکنەلۆژییانەی لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا لەبەردەستدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیاکان لەبەردەست بوایەن، ئاخر خۆ بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەی ئێستە بە وڵاتی ئیسلامی ناسراون، تاکە سەربازێکی سوپای فەتحیان تێ نەچووە و تەنیا لەرێی بانگەوازی بازرگان و گەڕیدە موسڵمانەکانەوە ئیسلامەتییان پێ گەیشتووە، لەوانە وڵاتی ئەندەنووسیا، کە گەورەترین وڵاتی ئیسلامییە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە.

کورتەی مەبەست ئەوەیە، ئەگەر لە سەردەمێکدا بیری ئیسلامی شەرعیەتی بە سیستمی سیاسیی میراتگری و شاهانە داوە، یاخود شەرعیەتی بە فتوحاتی سەربازی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە داوە لەکاتێکدا بە دەقی قورئان زۆر لێکردن لە ئایندا نییە (لا اكراه في الدين) البقره.، یاخود خەلیفەی دووەم لە ساڵە گرانیدا سزای دزی راگرتووە، یان بەشە زەکاتی نەموسڵمانان (المؤلفة قلوبهم)ی راگرتووە، ئەگەر لە سەردەمێکدا بیرمەندانی ئیسلام تیۆریزەیان بۆ ئیشتراکیەتی ئیسلام کردووە، ئەوا دەکرێ هەر لەو دەق و پێدراوە تەئسیسییانەی ئیسلام تیۆریزە بۆ کولتوورێکی دیموکراسی و مرۆڤدۆستانەتر لە قۆناغەکانی رابردوو بکرێ، بەبێ ئەوەی ئەو کارە دەرچوون بێ لە چوارچێوەی گشتیی سیستمەکە.

هێندە هەیە دەبێ لەو هەڵمەتەدا بیری ئاینی رۆحی ریازی هەبێ و بە گیانی نوێکار و نوێخوازێك مامەڵە لەگەڵ ئەو هەوڵە فیکرییانەدا بکات کە لەو پرۆسەیەدا بەرهەم دێن. سرووشتی هەموو کارێکی نوێیش ئەوەیە مرۆڤ تووشی راچڵەکان و

کاردانەوەی تووڕە دەکات ئەگەر بێتو پێشوەخت هەناسەیەکی قووڵی بۆ هەڵمژینی ئەو سۆزە وروژاوە هەڵنەکێشابێ. بەبێ ئەو راچڵەکاندنە کارەکە نابێتە نوێکردنەوە و تەنیا جوینەوەی شتە کلاسیکییەکان و بەرهەمهێنانەوەیان دەبێ لە فۆرمێکی نوێ یاخود بەناو نوێدا.

ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە، بەرهەمی بیری چەند بیرمەند و نووسەرێکی دوور لە یەکن، چ وەك زمان و پاشخانی کەلتووری و چ وەك شوێنی جوگرافی، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە تەرحکردنی هەندێ بۆچوونی نوێیە لە بیری ئاینیی ئیسلامیدا بە ئامانجی هیومانیزەکردن و کرانەوەی زیاتری بیری ئاینیی ئیسلامی، بەشێوەیەك لەگەڵ گیانی سەردەم و خەون و خواستەکانی نەوەی هاوچەرخدا بگونجێ، کە رەنگە هەندێ لەو بیرکردنەوە و تێزە فیکرییانە بەلای بیری باوی ئەو ناوەندەوە زۆر پەسەندکراو نەبن، بەڵام هەر چۆن بن ئەوانە کوڕی ئەو کەلتوورە ئاینییەن و پێویستە گوێیان لێ بگیرێ، کێ نالێ ئەوانە نابنە بناغەی کەلتوورێکی نوێی ئیسلامی لە ئایندەیەکی نێزیك یان دووردا.

هاوکات هەندێ لە بابەتەکان شرۆڤەی چەند خاوەن بیرێکی رۆژئاوایین بۆ رۆڵی ئیسلام و بزاوتە ئیسلامییەکان لە دنیای نوێدا و بۆچوونەکانیش تا رادەیەك لەگەڵ شەپۆلی بیرکردنەوەی باوی سەردەمەکەدا جیاوازن، ئەو جیاوازییەیش، کە تا رادەیەك بەرگرییە لە ئیسلام و کەلتوورەکەی لە بەرامبەر شەپۆلێکی بەهێزی تەوژمی ئیسلامۆفۆبیادا لە خۆرئاوا و دنیای ئیسلامیش، زادەی بیری دیموکراسییانەیە .

مەرجیش نییە ئەز کە ئەو بابەتانەم وەرگێڕاوە، لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی ئەو نووسەرانەدا بم، بەڵام بەپێویستی دەبینم خوێندەواری کورد و عەقڵی کوردی لێیان بەئاگا بێ.

**عومەر عەلی غەفور**

# ئیسلام و دیموکراسیەت

نووسینی: جۆن ئەسپۆزیتۆ و جۆن ڤۆڵ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفور

هەردوو بیرمەندی ئەمەریکایی جۆن ئەسپۆزیتۆ و جۆن ڤۆڵ، لەم بابەتە هاوبەشەیاندا باس لە شیمانە و هەوڵەکانی پێکەوەگونجانی ئیسلام و دیموکراسیەت دەکەن، بەتایبەت کە مرۆڤایەتی وا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمی تێدەپەڕێنێ.

جیاواز لە زۆر لە بیرمەندانی رۆژئاوا، کە شیمانەی پێکەوە هەڵکردنی کولتورێکی سیاسیی ئیسلامی لەگەڵ دیموکراسیەتێکی لیبرالیدا بە دوور دەزانن، بەتایبەت کە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەك رێکخراوی قاعیدە و ئەزموونی دەسەڵاتی بزووتنەوەی تالیبان و هەروەها سیستەمی سیاسیی باڵادەست لە شانشینی سعوودی، لەو نموونە زەقانەن کە پاڵپشتیی لەو بۆچوونە دەکەن، ئەسپۆزیتۆ یەکێکە لەو بیرمەندە رۆژئاواییانەی پێی وایە مادام جیهانی ئیسلامی هەڵگری یەك ئایدیۆلۆجیا نییە، بگرە لە رووی دنیابینیی ئایینییەوە کۆمەڵگەیەکی مۆزایکییە و لەمپەڕی توندڕەوە تێیدایە تا ئەوپەڕی میانڕەو، کەواتە دەکرێ لە زەمینە ئیسلامییەکەدا تەوژمێکی دیموکراسی وا گەشە بکات، کە دەق و پرنسیپە ئایینییەکانی ئیسلام و ئەزموونی موسڵمانە یەکەمینەکان بەشێوەیەك بخوێنێتەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیەتدا، لەوانە: سەروەریی گەل، ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، سەروەریی یاسا، دانبان بە مافە سیاسییەکانی ئافرەتدا، هاوکۆك بێ.

هەردوو توێژەر لەم بابەتەدا لێدوانەکانی محەمەد خاتەمی سەرکۆماری ریفۆرمخوازی پێشووی ئێران (١٩٩٧–٢٠٠٥) و ئەزموونی دیموکراسیەتی ئێران (پێش لە هاتنە سەر کاری مەحموود ئەحمەدی نەژاد)، بوونی عەبدوڕەحمان وەحید سەرۆکی بزووتنەوەی (نەهزەتولئومە)ی ئەندەنووسی، کە گەورەترین رێکخستنی ئیسلامییە لە ئەندەنووسیا و رەنگە لە جیهانیشدا، بە سەرۆکی ئەو وڵاتە و دواتر لابردنی بەبێ ئەوەی هیچ توندوتیژییەکی لێ بکەوێتەوە، بوونی ئافرەت بە سەرۆك و سەرۆك وەزیران لە ژمارەیەك لە گەورەترین وڵاتە ئیسلامیەکاندا (ئەندەنووسیا، بەنگلادیش، پاکستان، تورکیا)، هەروەها ئەزموونی پارتی رەفای نەجمەدین ئەربەکان و حزبی فەزیلەی جێگرەوەی لە تورکیا دەکات، کە وێڕای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی عەلمانیی تورکیاوە سەرکوت و قەدەغە کران، لایەنگرانیان پەنایان بۆ توندوتیژی نەبرد، بگرە لەرێی میکانیزمە یاساییەکانەوە خۆیانیان رێك خستەوە، بە بەڵگە بۆ رەوایی ئەو گەشبینییەیان دێننەوە.

دیارە ئەو رووداوانەی لە چەند ساڵی دوای نووسینی ئەم بابەتەدا روویان دا، هەم بۆ بیرۆکەکەی ئەم دوو توێژەرە و هەم بۆ دژەکانیشیان بەڵگەی نوێ کەوتنە بەردەست.

لەو رووداوانەی خزمەت بە تیۆرەکەی ئەمان دەکات، رووداوی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بوو بەسەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆگان لە هەرسێ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتە لە ٢٠٠٢ و ٢٠٠٨ و ٢٠١١دا، کە توانی لەرێی سندووقەکانی دەنگدانەوە دەست بەسەر هەرسێ پۆستە سیادییەکەی تورکیادا بگرێ (سەرکۆمار، سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان) و پێوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروست بکات.

هەروەها دوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش کە لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەم/دێسێمبەری ٢٠١٠دا لە تونس دەستی پێ کرد و بە دوای ئەویش وڵاتانی میسر و لیبیا و یەمەن و سووریا و بەحرێن و ئوردنی گرتەوە و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا سێ لە رژێمە مێژووییە عەرەبییە تاکڕەوەکانی سەرنگون کرد (تونس و میسر و لیبیا)، لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی

دوای ئەو رژێمانەدا هێزە ئیسلامیەکان بەشدارییەکی کارای هەڵبژاردنەکەیان کرد و توانییان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بێنن.

لە تونس حزبی نەهزەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی راشد غەنووشی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٣ ئۆکتۆبەری ٢٠١١، بە بەدەستهێنانی ٩٠ کورسی لە کۆی ٢٧٠ کورسی، زۆرینەی بەدەست هێنا و حەمادی ئەلجەبالی ئەمینداری حزبەکە حکوومەتی پێك هێنا.

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی میسریشدا (لە ٢٨ نۆڤێمبەری ٢٠١١ تا ١١ یەنایەری ٢٠١٢) ئیخوان موسلیمین بەبەدەستهێنانی نێزیکەی ٤٠٪ی کورسییەکان پلەی یەکەمی بەدەست هێنا و حزبی (نوور)ی سەلەفیش بە پلەی دووەم هات و چاوەڕوان دەکرێ حکوومەت پێك بێنن.

هەروەها لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی مەغریبیشدا لە دێسێمبەری ٢٠١١—کە شامحەمەدی شەشەم بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی پریشکی بەهاری عەرەبی بەو وڵاتەیش دەستووری هەموار کرد و وادەکەی پێش خست— حزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی، بە بەدەستهێنانی ١٠٤ کورسی لە کۆی ٣٩٥ کورسی پلەی یەکەمی بەدەست هێنا و عەبدولئیلا بن کیران سەرۆکی حزبی ناوبراو حکوومەتی پێك هێنا.

هەموو ئەمانە پشتگیری لە تێزەکەی هەردوو توێژەری ناوبراو دەکەن و ئاماژەی ئیجابین کە دەکرێ رەوتە ئیسلامییەکان دەستوپەنجە لەگەڵ دیموکراسیەت و ململانەی مەدەنی نەرم بکەن.

لەو رووداوانەیش کە دژی تیۆرەکەیان دەسەلمێنن، ئەو توندوتیژیانە بوو ساڵی رابردوو دەسەڵاتدارانی ئێران دژ بە خۆپێشاندەرانی سەر بە رەوتە ریفۆرمخوازەکان ئەنجامیان دا، کە لە دژی ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە لە حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٩دا رژانە سەر شەقامەکان.**(وەرگێڕ)**

*** *** ***

پێوەندیی نێوان ئیسلام و دیموکراسیەت لە جیهانی هاوچەرخدا بابەتێکی ئاڵۆزە. جیهانی ئیسلامی لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە هاوشێوە نییە. بگرە زنجیرەیەك روانگە و بۆچوونی جیاوازی تێدایە، کە لەوپەڕی توندڕەوییەوە دەست پێدەکات کە نکوڵی لە هەر جۆرە پێوەندیەك لەنێوان دیموکراسیەت و ئیسلامدا دەکەن، تا ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام بوونی سیستمێکی دیموکراسی دەخوازێ. لە ژمارەیەك لەو وڵاتانەی موسڵمانەکان تێیاندا زۆرینەن، زۆر لە موسڵمانەکان باوەڕیان وایە ئیسلام پاڵپشتییە بۆ دیموکراسیەت تەنانەت ئەگەرچی سیستمە سیاسییە تایبەتەکەیان راستەوخۆ بە ئیسلامی نەناسراوە.

لە سەدەی بیستەمدا، لەو کاتەی زۆر لە رژێمەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات، ئەفریقیا و شوێنانی تر هەرەسیان دەهێنا گرووپە ئیسلامییەکانی نێو کۆمەڵگە موسڵمانەکان هەوڵیان داوە راستەوخۆ بەشداریی پرۆسە دیموکراتیەکان بکەن. لە ئێران ئەو گرووپانە تەواوی سیستمی سیاسییان کۆنترۆڵ کردوە. لە هەندێ ناوچەی تر گرووپە ئیسلامییەکان بەشدارییان لە هەندێ رژێمدا دەکرد کە لە بنیاتیاندا زیاتر سیکیولار بوون. بەشداریی گرووپە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها لە پرۆسە دیموکراسیەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، مشتومڕێکی گەورەی ناوەتەوە.

ئەو خەڵکەی باوەڕیان وایە رێبازە عەلمانیەکان و جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت بەشێکی بنەڕەتین لە دیموکراسیەت سوورن لەسەر ئەوەی گرووپە ئیسلامیەکان دیموکراسیەت تەنیا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکار دێنن. ئەوان دەڵێن گرووپە ئیسلامیەکان پاڵپشتی لە بیرۆکەی "یەك پیاو، یەك دەنگ، یەك جار" دەکەن. لە جەزائیر و تورکیا دوای سەرکەوتنی ئەو حزبە ئاینییانەی کە بە مەترسییان دەزانین بۆ سەر رژێمە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، بەپێی یاسا قەدەغە، یان سەرکوت کران.

پێوەندیی ئیسلام و دیموکراسیەت لەنێو ئەو خەڵکانەی هاسۆزن لەگەڵ نوێبوونەوەی ئیسلام لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بەگەرمی گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ. هەندێ لەو ئیسلامییانە باوەڕیان وایە دیموکراسیەت چەمکێکی بیانییە کە لەلایەن ریفۆرمخوازە غەربزەدە و عەلمانییەکانەوە بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا سەپێنراوە. ئەوان زۆر جار جەخت لەوە دەکەن کە چەمکی سەروەریی گەل دژ بە پرنسیپی سەروەری یاخۆ حاکمیەتی خودایە کە پرنسیپێکی بنەڕەتییە لە ئیسلامدا، لەبەرئەوە دیموکراسیەت جۆرێکە لە جۆرەکانی بتپەرستی. خەڵکێك هەڵگری ئەم تێڕوانینە بن کەمتر ڕێی تێدەچێ بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن.

هەندێ لە ئیسلامییەکان تەنیا بە بەشداریکردن لە گفتوگۆ فیکرییەکانی نێو مێدیاکان واز دێنن، هەندێکی تر خۆیان دوور دەگرن لە داینەمیکیەتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەکانیان بەهیوای ئەوەی کۆمەڵگە دابڕاوەکەی خۆیان ببنە ئیلهامبەخش بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییە گەورەکە.

زۆر لە بیرمەند و گرووپە ئیسلامییە دیارەکان، باس لەوە دەکەن کە ئیسلام و دیموکراسیەت پێکەوە گونجاون. هەندێ زیاتر لەمە دەڕۆن و جەخت لەوە دەکەن کە لەو هەلومەرجانەی جیهانی ئەمڕۆدا دەکرێ دیموکراسیەت ببێتە داخوازیی ئیسلام. بۆ ئەوەیش بیرمەندە ئیسلامییەکان ئاماژە بە لێکچوونەکانی نێوان هەندێ چەمك و بیرۆکەی نێو کولتووری ئیسلامی لەگەڵ چەمکە بنەڕەتییە نوێیەکانی دیموکراسیەتدا دەکەن.

پرۆسەکە لە دنیای ئیسلامدا هاوشێوەی ئەوەیە کە لە چەندان کولتوری ئاینی تردا رووی داوە. هەموو کولتووره ئاینییە گەورەکانی دنیا هەڵگری کۆمەڵێ ئایدیا، تێڕوانین و چەمکن کە بۆ تێگەیشتن لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤ، بنەڕەتین.

زۆر لەو چەمکە گرینگانە بە رێگەی جۆراوجۆر لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا بەکار هاتوون. بۆ نموونە کولتووری مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بناغەیەکی فیکری بۆ سیستمی پاشایەتیی پشت بەستوو بە بیرۆکەی مافی خودایی دانا، لە کاتی ئێستەماندا هەوڵ دەدات هاوکۆکیی نێوان مەسیحیەت و دیموکراسیەت پێشان بدات. لە هەموو ترادسیۆنەکاندا سەرچاوەی فیکری و ئایدیلۆجی هەن کە دەتوانن پاساو بۆ رەوایی سیستمی پاشایەتیی رەها یان دیموکراسیەت دەستەبەر بکەن. مشتومڕەکان لەبارەی ئەوەوە دروست دەبن کە چۆن لە چەمکە گشتیەکان حاڵی ببین و جێبەجێیان بکەین.

لە ١٩٩٢دا راشد ئەلغەنووشی سەرکردەی ئیسلامیی تونسیی لە تاراوگە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "لەندەن ئۆبسێرڤەر" گوتی "ئەگەر مەبەست لە دیموکراسیەت نموونەی ئەو حکوومەتە لیبراڵە بێ کە لە رۆژئاوا هەیە، سیستمێك لە سایەیدا خەڵك ئازادانە نوێنەر و سەرکردەکانی خۆیان هەڵبژێرن، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێ، هەروەها مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی خەڵك دەستەبەر بن، ئەوا موسڵمانان هیچ شتێك لە ئاینەکەیاندا نابیننەوە پاساو بێ بۆ دژایەتیکردنی دیموکراسیەت، جگە لەوەیش کارێکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندیشیاندا نییە".

زۆر لە موسڵمانان، لەوانە خودی غەنووشی، زیاتر لەوەیش دەڕۆن و دیموکراسیەت وەك رێگەیەك لە رێگەکانی بەرجەستەکردنی ئەرکە ئاینیەکان لە جیهانی هاوچەرخدا دەبینن.

ترادسیۆنی ئیسلامی ژمارەیەك چەمك و بیرۆکەی تێدایە کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە وەك کلیلی دیموکراسیەتی ئیسلامی دەخرێنە روو. رەنگە زۆر کەس هاوڕا بن کە گرینگە بۆ موسڵمانەکان سادە و ئاسان ئەو نموونەیە کۆپی نەکەن کە ناموسڵمانەکان لە داهێنانی سیستمی دیموکراسیدا کردوویانە و جەخت لەوە دەکەن کە دیموکراسیەت دەتوانرێ لە چەندان فۆرم لە خۆ بگرێ. سەرۆکی (پێشووی) ئێران خاتەمی لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی "مەرج نییە هەموو سیستمە دیموکراسیەکانی ئێستە هەمان فۆرم و دارێتەیان هەبێ. رەنگە دیموکراسیەتێك سەربکێشێ بۆ سیستمێکی لیبراڵی. دیموکراسیەتێکی تر سەربکێشێ بۆ سیستمێکی سۆشیالیستی، یان رەنگە دیموکراسیەتێك پێوەرە ئاینیەکان لە حکوومەتدا رەچاو بکات، ئێمە ئەمەی سێیەممان قبووڵ کردوە".

خاتەمی ئاماژەی بە خاڵێك دا، كە لەنێو بانگخوازانی دیموكراسیەتی ئیسلامیدا باوە، ئەویش ئەوەیە كە "ئەمڕۆ دیموكراسییەكانی جیهان بەدەست بۆشاییەكی سەرەكییەوە دەناڵێنن، كە بۆشاییی رۆحییە" و ئیسلام دەتوانێ چوارچێوەیەك پێشكیش بكات كە تێیدا دیموكراسیەت لەگەڵ رۆحانیەت و حكومەتێكی ئاینیدا یەكانگیر بن.

یەكانگیركردنی رۆحانیەت و حكومەت لەسەر بیرۆكەیەكی بنەڕەتیی ئیسلام بنیات نراوە ئەویش كە لە دەستەواژەی "لا اله الا الله"دا خۆی دەنوێنێ (هیچ خودایەك نییە جگە لە الله)، واتە یەكایەتیی خودا، كە پێی دەوترێ یەكتاپەرستی. بەپێی ئەم فەلسەفەیە ناكرێ بەشەكانی ژیان لێك جوێ بكرێنەوە.

بەپێی ئەم دنیابینییە جیاكردنەوەی ئاین لە سیاسەت بۆشایی رۆحی لە گۆڕەپانە گشتیەكەدا دروست دەكات زەمینە بۆ سەرهەڵدانی سیستمێكی سیاسی خۆش دەكات كە هیچ واتایەك بۆ بەها ئەخلاقیەكان دانانێ. لەم روانگەیەوە دەوڵەتی عەلمانی رێگە بۆ خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات دەكاتەوە. ئەزموونی تاڵی كۆمەڵگە ئیسلامییەكان لەگەڵ رژێمە سەربازییە عەلمانیەكاندا، وەك رژێمی حزبی بەعسی سۆشیالیستیی سەدام حوسێن لە عێراق، ئەم بەگومانییەی بەرامبەر جیاكردنەوەی بەها ئاینیەكان لە سیاسەت بەهێزتر كردووە.

بەیداخهەڵگرانی "دیموكراسیەتی ئیسلامی" دەڵێن یەكایەتیی خودا هەندێ لە فۆرمەكانی سیستمی دیموكراسی دەخوازێ، كۆنەپارێزەكانیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن كە بیرۆكەی سەروەریی گەل لە دیموكراسیەتدا لەگەڵ بنەمای حاكمیەتی خودا ناكۆكە، بەزۆرییش بەدیلەكەیان هەندێ لە فۆرمەكانی سیستمی پاشایەتی دەبێ.گ

وەڵامی ئەم بۆچوونە جەختكردنەوەیە لەسەر یەكتاپەرستی (تەوحید)، وەك بیرمەندی سودانی عەبدولوەهاب ئەلئەفەندی لە چاپی ئۆكۆتبەری ٢٠٠٠ی كتێبی "ئیسلامی سەدەی ٢١"دا دەڵێ "هیچ موسڵمانێك لاریی لە حاكمیەتی خودا یان جێبەجێكردنی شەریعەتدا نییە، بەڵام زۆربەی موسڵمانەكان دڵەخورپەیان هەیە و هەبووە لەبارەی هەر كەسێكەوە كە ئیدیعای حاكمیەت بكات. حاكمیەتی كەسێك دژ بە حاكمیەتی خودایە، چونكە هەموو كەسەكان لەبەردەم خودادا یەكسانن.. گوێڕایەڵیی كوێرانە بۆ حوكمی كەسێك پێچەوانەی ویستی ئیسلامە".

بەم تێگەیشتنە، عەقیدەی یەكتاپەرستی بە كردەوە بوونی سیستمێكی دیموكراسی دەخوازێ لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤەكان بە یەكسانی دروست كراون و هەر سیستمێك چاوپۆشی لەو یەكسانییە بكات، سیستمێكی ئیسلامی نییە.

ژمارەیەك چەمك هەن كە موسڵمانان لەكاتی باسكردنی پێوەندیی ئیسلام و دیموكراسیەتدا ئاماژەی پێ دەدەن. لە قورئاندا مرۆڤە باش (صالح) پێناسە كراون بەوانەی كاروبارەكانیان بەشێوەی پرس و راوێژ بەڕێوە دەبەن (وأمرهم شوری بینهم). ئەم بیرۆكەیە لەرێی حەدیسەكانی پێغەمبەر و گوتە و كردارەكانی سەركردە پێشینەكانی كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە فراوانتر كراوە، مەبەستیش ئەوەیە پێویستە موسڵمانەكان كاروبارە سیاسیەكانیان لەرێی پرس و راوێژ بەیەكترییەوە بەڕێوە ببەن. بیرمەندە ئیسلامییەكانی ئەم سەردەمە، لە ئیسلامییە موحافیزكارەكانەوە بۆ لیبراڵە نوێخوازەكان و تا چالاكوانە شیعەكان، هەموویان جەخت لە گرینگیی پرنسیپی راوێژكردن دەكەنەوە.

محەمەد باقر سەدر كە لەلایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە لەدار درا، لەبارەی سیستمی سیاسیی ئیسلامیەوە دەڵێ "گەل مافی ئەوەیان هەیە كاروبارەكانیان لەسەر بنەمای راوێژ رێك بخەن". خاتەمیش لە دیمانەكەیدا دەڵێ "گەل رۆڵێكی بنەڕەتی دەبینێ لە گەیاندنی حكومەتێك بە دەسەڵات، لە چاودێریكردنی حكومەتدا و رەنگە لە گۆڕینی حكومەتیشدا بەبێ هیچ گرژی و كێشەیەك".

یەكێكی تر لە چەمكە بنەڕەتیەكان لە پەرەپێدانی دیموكراسیەتی ئیسلامیدا برێتییە لە چەمكی جێنشین "خەلیفە". لە گفتوگۆ هاوچەرخەكاندا بەكارهێنانی سیاسییانەی مێژوویی زاراوەكە سەرلەنوێ پێناسە كراوەتەوە. لە رووی مێژووییەوە وشەی خەلیفە وەك ناونیشان بۆ ئەو پادشایانە بەكار دەهات كە حوكمڕانیی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییان دەكرد لە سەدەكانی

ناوەڕاستدا. کاتێ فەیلەسوفە سیاسییە موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەبارەی خەلافەتەوە دەدوان، باسیان لە دامەزراوە سیاسیەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەکرد وەك سەرکردەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. چەمکی خەلافەت دوای مردنی پێغەمبەر سەری هەڵداوە.

لە قورئاندا وشەی خەلیفە و خەلافەت مانای جیاوازیان هەیە. ئەم وشانە لە قورئاندا واتایەکی گشتیتریان هەیە لە چاودێر و چاودێری، یاخۆ راسپێر و راسپێری. بەم شێوەیە، ئادەم –وەك یەکەم مرۆڤ– بە جێنشینی خودا ناو براوە لەسەر زەویدا. محەمەد راسپێردراوە بە مرۆڤەکان رابگەیەنێ کە خوا ئەوانی کردووە بە جێنشین و راسپێراوی خۆی لەسەر زەویدا. لە قورئاندا وشەی خەلافەت ئاماژەیە بۆ بەرپرسیارییە فراوانەکانی مرۆڤ وەك جێنشینانی خوا لەسەر زەویدا.

لە کۆتاکانی سەدەی بیستەمدا و ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی خەلافەت لەرێی ریفۆرمەکانی ئەتاتورکەوە لە ساڵی ١٩٢٤دا هەڵوەشایەوە، بیرمەندە ئیسلامیەکان بیریان لە گرینگیی چەمکی "خەلیفە" وەك جێنشینی خودا بۆ گشت مرۆڤەکان کردەوە. لەو کاتەی رەهەندە فیکرییەکانی رابوونی ئیسلامی کۆتاکانی سەدەی بیستەم بە روونی دەرکەوتن، ئیسماعیل فاروقی، کە بیرمەندێکی فەلەستینییە، پرۆژەیەکی خەونداری لە کتێبێکی بچووکدا خستە روو بەناوی ئەسلەمەکردنی مەعریفە تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە چەمکی خەلافەت بەرپرسیاریەتیەکانی مرۆڤەکان لە هەموو رەهەندەکانی ژیاندا لەخۆ دەگرێ بەتایبەت بەرپرسیاریەتییە سیاسییەکان "لەراستیدا هەندێ لە موسڵمانان وا لە خەلیفە گەیشتون کە راستەوخۆ سیاسییە.. ئیسلام داوا دەکات هەموو موسڵمانێك سیاسی بێ بەو واتایەی کەسێکی رابوو، رێکخراو و بەجۆش بێ".

بایەخی ئەم بیرۆکەی جێنشینیی مرۆڤ لەسەر زەویدا، بەو پێیەی قورئان باسی کردووە، بۆ دیموکراسیەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوئەعلای مەودووی سەرکردەی ئیسلامی باشووری ئاسیاوە لە کتێبی "شێوەژیانی ئیسلامی"دا باس کراوە و تێیدا مەودوودی دەڵێ "دەسەڵاتی خەلافەت بە هەموو گەل دراوە بەگشتی.. ئەو جۆرە کۆمەڵگایە –چ وەك کۆ و چ وەك تاکەکەسەکان– بەرپرسیاریەتی خەلافەت دەگرێتە ئەستۆ. ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا دیموکراسیەت لە ئیسلامدا دەست پێ دەکات. هەموو کەسێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ماف و دەسەڵاتەکانی جێنشینیی خوای هەیە و لەم روانگەیەوە هەموو تاکەکان یەکسانن".

لە رووی بواری تیۆر و چەمکسازیدا، دیموکراسیەتی ئیسلامی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا گەشەی باشی کردووە و جێمتمانەیە. بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە ئەنجامەکان زۆر هاندەر و دڵخۆشکەر نین. فەرمانڕەوا دەسەڵاتخوازەکانی وەك جەعفەر نومێری لە سودان و زیائولحەق لە پاکستان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پرۆگرامێکی رەسمییان بۆ ئەسلەمەکردنی یاسا و سیستمی سیاسی خستە روو، کە ئەنجامەکانیان بۆ دیموکراسیەت هاندەر نەبوون. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩دا کودەتایەکی سەربازی تێکەڵەیەك لە سەربازان و دەستەبژێرە سیاسییە ئیسلامیەکانی لە سودان گەیاندە دەسەڵات. وێڕای ئەوەی رایان گەیاند ئامانجیان دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسیی ئیسلامییە، بەڵام تۆماری رژێمەکە لە بوتری مافی مرۆڤدا، لە جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ کەمینە ناموسڵمانەکان و گرووپە ئۆپۆزسیۆنە موسڵمانەکاندا مایەی بێئومێدییە.

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام رەخنە لە رژێمی ئیسلامیی ئێران دەگرن، لە شێوازی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کەمینە ناموسڵمانەکاندا. لە یەکەم دەیەی خۆیدا، کۆماری ئیسلامی چەند بەربەستێکی سنووورداری لەبەردەم بەشداریی سیاسیدا دانا. بەڵام کۆتای نەوەدەکان سەرکەوتنێکی بێپێشینەی سەرکردەی ریفۆرمخواز محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەدا بەخۆوە بینی، کە کۆنەپارێزەکانی نێو دامەزراوە ئاینییەکە پشتگیری لێ ناکەن. ئەو جارێکی تریش لەلایەن زۆرینەیەکی رەهاوە لە ٢٠٠١دا هەڵبژێردرایەوە. ئەگەرچی هێشتا زەمینەیەکی بەردەوام هەیە بۆ رەخنەگرتن لە ئێران لەبارەی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و کەمینەکانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و لاوانی ئێرانی

بەشداریی دەنگدان دەکەن. لەباتیی "یەك پیاو، یەك دەنگ، یەك جار" ئەو تاکە پیاوە وەك هێزی دەنگدان "ژنێك"یشی لەگەڵدایە.

جگە لەو سیستمە سیاسییانەی بەڕەسمیی ئیسلامین، هاوکات تێزێك لە دیموکراسیەت بە بۆن و بەرامەی ئیسلامییەوە رۆڵی روو لە زیادبوون کردووە.

لە زۆر وڵاتدا، ئەو موسڵمانانەی چالاکوانی ئیسلامی نین بەشدارییان لە پرۆسەی دیموکراسیدا کرد و هەستێکی وایان خولقاند کە گۆڕەپانی سیاسی پێویستی بە ئەخلاقیات و هۆشیاریی ئیسلامی هەیە. لە سەردەمێکدا کە سیاسەت لە زۆر وڵاتدا ناسیکولار دەکران سەرکردەکانی رێکخراوە ئیسلامیەکان رۆڵێکی گرینگیان لەو سیستمە سیاسییە ئینتیخابییانەدا هەیە کە بە روونی وەك ئیسلامی نەناسراون.

کاتێ رژێمی سۆهارتۆ لە ئەندەنووسیا کۆتایی هات، لە ئەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا لە ساڵی ١٩٩٩ عەبدوڕەحمان وەحید سەرۆکی گرووپی (نەهزەتولئومە) –کە رەنگە گەورەترین رێکخراوی ئیسلامی بێ لە جیهاندا– بوو بە سەرۆك. ئەو لە هەڵمەتەکەیدا دروشمی ئەسلەمەکردنی سیستمی سیاسی بەرز نەکردبووەوە، لەکاتێکدا ئەو بەئاشکرا وەك سەرکردەیەکی ئیسلامی بەشداری لە سیستمە دیموکراسییەکەدا کردبوو. کاتێ ئەمسالێش وەك سەرۆك لەرێی پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی سیستماتیکەوە لادرا، نە شوێنکەوتوانی و نە رکابەرەکانی لە شەڕێکی ئاینیەوە نەگلان.

بەهەمان شێوە، حزبە سیاسییە خاوەن پاشخانە ئیسلامییەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتیی نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی پارتی رەفا (بەشدارییەکی سەرکەوتوانەیان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیای عەلمانیدا لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا)کرد و ئەربەکان بۆ ماوەیەکی کورت لە ١٩٩٦ و ١٩٩٧دا بوو بە سەرۆك وەزیران. ئەگەرچی چەند جارێك حزبە ئیسلامییەکانی تورکیا سەرکوت کران و زۆر لە سەرکردەکانیان زیندانی کران، ئەندامانی ئەو پارتە لەباتیی ئەوەی لە پەرچەکردرای ئەو بڕیارانەدا ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی نهێنیی چەکدار و توندوتیژ، بە ئاراستەی پێکهێنانی حزبی نوێ و دەستکردنەوە بە چالاکییەکانیان هەنگاویان نا.(پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆگان، کە یەکێك لە سەرکردەکانی پارتی رەفای ئەربەکان و دوای ئەویش پارتی فەزیلەی رەجائی کۆتان بوو و دوای هەڵوەشاندنەوەی لەدوای یەکی هەردوو حزب لە ١٩٩٧ و ٢٠٠١دا، لەگەڵ عەبدوڵا گویل و چەند پەرلەمانتارێکی تری فەزیلەدا ئەو حزبەیان دامەزراند، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠٠٢دا زۆرینەی کورسییەکانی بەدەست هێنا و حکوومەتی پێك هێنا. لە هەڵبژاردنی دواتریشدا لە ٢٠٠٨ توانی بۆ جاری دووەم سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە– وەرگێڕ).

ئەزموونەکەی تورکیا دەرخەری ئەو راستییەیە کە زۆر لە موسڵمانان، چ لە سایەی رژێمە سیکیولارەکاندا بژین بێ یان لە سایەی رژێمە ئیسلامیەکاندا، دیموکراسیەت وەك هیوای سەرەکی و ئامرازی خۆیان دەبینن بۆ گەیشتن بە بەشدارییەکی سیاسیی کاریگەر.

رەهەندێکی گرینگی ئەو بەشداریکردنە ئەوەیە وێڕای نەیاری و بەرهەڵستکاریی موسڵمانە کۆنەپارێزەکان بۆ بیرۆکەی حاکمیەتی ئافرەت، سێ گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی لە جیهاندا (ئەندەنووسیا، بەنگلادیش و پاکستان)(*) چ لە رابردوو چ لە ئێستەیاندا ئافرەیان وەك سەرۆکی حکوومەت هەڵبژاردووە هیچکام لەو ژنانە بەئاشکرا ئیسلامی نەبوون و یەکێکیان راستەوخۆ لەلایەن حزبێکی ئیسلامیەوە رکابەری دەکرا.

لەم چاوچێوە ئاڵۆزەدا، ئەوە روونە کە ئیسلام بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دیموکراسیەتدا ناکۆك نییە. ئیسلامی سیاسی هەندێجار بەرنامەیەکە بۆ دیموکراسیەتێکی ئاینی نەك ئەجێندایەك بێ بۆ شەڕی پیرۆز یان تیرۆریزم.

****** ******

* لە ئەندەنووسیا: میگاواتی سۆکارنۆ پۆتری سەرۆکی ئەندەنووسیا (٢٠٠١–٢٠٠٤).

* له‌ به‌نگلادیش: خالده‌ زیا سه‌رۆك وه‌زیرانی به‌نگلادیش (١٩٩١–٢٠٠٥) كه‌ سێ جار بووه‌ته‌ سه‌رۆك وه‌زیران (١٩٩١، ١٩٩٦، ٢٠٠١). دوای ئه‌ویش شێخه‌ حوسێنه‌ واجید كه‌ له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی ٢٠٠٥دا سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌ست هێنا و بوو به‌ سه‌رۆك وه‌زیران.

* له‌ پاكستان: بێنه‌زیر بۆتۆ سه‌رۆكوه‌زیرانی پێشووی پاكستان (١٩٨٨–١٩٩٠) (١٩٩٣–١٩٩٦)، واته‌ دووجار بووه‌ته‌ سه‌رۆك وه‌زیرانی پاكستان.

هه‌روه‌ها له‌ توركیایش تانسۆ چیلله‌ری سه‌رۆكی حزبی نیشتمانی دایك–ی توركیایش له‌ نیوه‌ی یه‌كه‌می نه‌وه‌ده‌كانی سه‌ده‌ی رابردوودا بۆ چه‌ند ساڵێك بوو به‌ سه‌رۆك وه‌زیرانی ئه‌و وڵاته‌. –وه‌رگێڕ.

* سه‌رچاوه‌: http://www.neh.gov/news/humanities/2001-11/islam.html

# دنیایەك بەبێ ئیسلام

نووسینی: گراهام فوللەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفور

چی دەبوو ئەگەر ئیسلام لە بنەڕەتدا نەبوایە؟ بۆ هەندێ کەس، ئەمە بیرۆکەیەکی ئارامیبەخشە: نە پێکدادانی ژیارەکان، نە شەڕە ئاینییەکان، نە تیرۆریستەکان سەریان هەڵنەدەدا. ئاخۆ مەسیحییەت دنیای دەگرتەوە؟ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبووە مێرگی دیموکراسیەت؟ ئایا ١١ی سێپتەمبەر رووی نەدەدا؟.

لەراستیدا، ئیسلام لە لاپەڕەی مێژوو بسڕەوە، دنیا رێك وەك ئەوە دەبوو کە ئێستە هەیە.

بێنە پێش چاو کە تۆ جیهانێکی بێ ئیسلامت دەوێ. وا دێتە پێش چاو کە ئیسلام لە پشت ژمارەیەکی زۆر لە نائارامییە جیهانییەکانەوەیە: هێرشە خۆکوژییەکان، ئۆتۆمبێلە مینرێژکراوەکان، داگیرکردنە سەربازییەکان، خەباتە بەرگریکارییەکان، پشێوییەکان، فەتواکان، جیهادەکان، شەڕە پارتیزانییەکان، دیمەنە ڤیدیۆییە هەڕەشەئامێزەکان و تەنانەت ١١ی سێپتەمبەریش.

بەدڵنیاییەوە بەلای هەندێ لە کۆنەپارێزە نوێیەکانەوە (نیۆکۆنسێرڤەتیڤ) فاشیزمی ئیسلامی ئێستە دوژمنی سەرسەختی ئێمەیە، کە بۆنی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی سێیەمی لێوە دێ.

بەڵام کەمێك بوارم بدەن! چی دەبوو ئەگەر شتێك نەبوایە بەناوی "ئیسلام"، کەسێك بەناوی پێغەمبەر محەمەد لە مێژوودا نەبوایە، چیرۆکی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیادا رووی نەدایە؟.

بە لەبەرچاوگرتنی تەرکیزکردنی توندمان لەسەر تیرۆریزم، شەڕ و هەستی بەربڵاوی دژەئەمەریکایی —کە ئەوانە هەندێ لە پرسە هەرە هەستیارە نێودەوڵەتییەکانی رۆژن، گرینگە تێبگەین سەرچاوەی راستەقینەی ئەو قەیرانانە چین؟. ئایا بەراستی ئیسلام سەرچاوەی کێشەکەیە، یان رێی تێدەچێ ئەو بەشێك بێ لە هۆکارە قووڵتر، بەڵام کەمتر رۆشنەکانەوە؟

تەنیا بۆ وتوێژ، لە دیمەنێکی مێژوویی خەیاڵ ئامێزدا وێنەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشە کە قەت ئیسلام تێیدا سەری هەڵنەداوە. ئایا ئێمە لە زۆر لەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە پێشمانن، دوور دەبین؟ ئایا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستە ئاشتیتر دەبێ؟ سروشتی پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا چەندە لە هی ئێستە جیاواز دەبێ؟ ئایا بەدڵنیاییەوە بەبێ ئیسلام، سیستمی جیهانی وێنەیەکی زۆر جیاواز لەوەی ئەمڕۆ هەیە پێشکیش دەکات؟

## ئەگەر ئیسلام نەبێ، ئەی چی؟

لە رۆژگارە زۆر بەراییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە، ئیسلام وا دەرکەوتووە کە نۆرمە کولتووری و تەنانەت مەرجەعیەتە سیاسییەکانی شوێنکەوتوانی رەنگرێژ کردووە. لە بارێکی وادا چۆن دەتوانین ئیسلام لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست جوێ بکەینەوە؟ وەك دیارە شتەکە وێناکردنی زەحمەت نییە.

با لە نەژادەوە دەست پێ بکەین. بەبێ ئیسلام رووی ناوچەکە هێشتا بەئاڵۆزی و قەیراناوی دەمایەوە. گرووپە ئەتنیکییە باڵادەستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: عەرەبەکان، فارسەکان، تورکەکان، کوردەکان، جوولەکەکان و تەنانەت بەرەبەرەکان و پشتۆنەکانیش هەر لە سیاسەتدا بە باڵادەستی دەمانەوە. فارسەکان بە نموونە وەربگرە: زۆر پێش ئیسلام، چەندان ئیمپراتۆری گەورەی یەك لەدوای یەکی فارسەکان بەرەو دەروازەکانی ئەسینا کشان و رکابەری بەردەوامی هەموو ئەوانە

بوون کە لە ئەنادۆڵدا نیشتەجێ بوون. گەلە سامییە رکابەرەکان بە درێژایی هیلالی خەسیب و هەروەها لە عێراق لەگەڵ فارسەکاندا جەنگان. هەروەها هێزە بەتواناکانی هۆزە عەرەبییە ناکۆکەکان و بازرگانەکان پەلیان دەهاویشت و کۆچیان دەکرد بۆ ناوچە سامییەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش ئیسلام. مەغۆلەکانیش لە سەدەی ١٣یەمدا هێرشیان دەکردە سەر ژیارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکیان دەشکاندن. تورکەکانیش هەڵیاندەکوتایە سەر ئەنادۆڵ و لە بەلقانەوە بۆ ڤیەنا و زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داگیر دەکرد. ئەم ململانێیانە، لەسەر دەسەڵات و خاك و هەژموون و بازرگانی زۆر پێش لە ئیسلام سەریان هەڵدابوو.

هاوکات، کارێکی زۆرەملێیانەیە کە ئاین بە تەواوی لە هاوکێشەکە بکەینە دەرەوە. ئەگەر لە راستیدا ئیسلام قەت دەرنەوکەتایە، وەك پێشتر ئاینی مەسیحیەت، بە مەزەبە جۆراوجۆرەکانیەوە، لە زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە باڵادەستی دەمایەوە، وەك ئەو کاتەی تازە ئیسلام هاتبوو. جگە لە هەندێ زەردەشتی و ژمارەیەکی کەم لە جوو، ئاینێکی تری سەرەکی نەبوو.

بەڵام ئاخۆ ئەگەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەسەر ئاینی مەسیحیەت بمایەتەوە، پێوەندییەکی هارمۆنی و تەبای لەگەڵ رۆژئاوادا دەبوو؟ ئەمە زۆر دوورە.

ئێمە گریمانەمان دەکرد کە دنیای ئەوروپای فراوانخوازی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دۆزینەوەی جێپێیەکی ئابووری و جوگراف، دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر رۆژهەڵاتی دراوسێیدا نەدەکێشا. دوای هەموو ئەوانە، شەڕی خاچدارەکان چی بوون جگە لە فراوانخوازیی رۆژئاوا بە پاڵنەری  پێداویستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان؟. دروشمی مەسیحیەت هیچ نەبوو جگە لە سیمبولێکی کاریگەر، هاوارێکی بەنرکە بۆ پیرۆزکردنی خواستە دنیایی (سیکیولارەکان)ی ئەوروپایەکی بەهێز.

لەراستیدا ئاینی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەت ژمارەیەکی قورس نەبووە لە کشانی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بەدرێژایی دنیادا. رەنگە ئەوروپا بە دەنگی بڵند باسی لە هێنانی بەها مەسیحیەکان بۆ دانیشتوانی ئەسڵیی ئەو ناوچەیە کردبێ، بەڵام ئامانجی بنەڕەتی دامەزراندنی پێگەیەکی ئیمپریالی بووە وەك سەرچاوەی سامان بۆ شارە ئەوروپاییەکان و بنکەگەلێك بۆ فراوانکردنی پرۆژەی دەسەڵاتی رۆژئاوا.

کەواتە رێی تێناچێ دانیشتوانە مەسیحیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشوازییان لە شەپۆلی ئۆردووە ئەوروپاییەکان و بازرگانەکانیان، کە بە تۆپە رۆژئاواییەکان پاسەوانی دەکران، بکردایە. دەکرا ئیمپریالیزم لە نێو مۆزایکی ئەتنیی ئاڵۆزی ناوچەکەدا بگەشایەتەوە، کە مادەیەکی خاوە بۆ گەمە کۆنەکەی "پەرتکە و زاڵبە". هەروەها ئەوروپاییەکانیش بەردەوام دەبوون لەسەر سەپاندنی هەمان حوکمڕانە لۆکاڵییەکان، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بە ئاسانی دەستەمۆ دەکران.

میلی سەعاتەکە ببە پێشەوە تا دەگەیتە سەردەمی پێترۆڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئایا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، با مەسیحیش بوونایە، پێشوازیان دەکرد لە دامەزراندنی کۆلۆنیالییە ئەوروپاییەکان لە ناوچەکانیاندا؟ زۆر زەحمەتە. رۆژئاوا بەبەردەوامی چەند پێگەیەکی بۆ خنکاندنی ناوچەکە دروست دەکرد وەك کەناڵی سوێس. ئەوە ئیسلام نەبووە وای لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە بە توندی بەرەنگاری پرۆژەی کۆلۆنیالی بکەن، کە توندڕەوانە سنوورەکانی بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیی حەزە جیۆپۆلیتیکییە ئەوروپاییەکاندا بێ وێنە دەکێشایەوە. مەسیحیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لەوەی موسڵمانەکان کردیان پێشوازییان لە کۆمپانیا نەوتییەکانی وڵاتانی ئیمپریالی رۆژئاوا نەدەکرد، کە لەلایەن وەسی و دیپلۆمات و بەکرێگیراوەکانی دەزگە هەواڵگرییەکان و سوپا ئەوروپاییەکانەوە پاڵپشتی دەکران.

سەیری مێژووی دوور و درێژی کاردانەوەی ئەمەریکای لاتینی لە بەرامبەر باڵادەستیی ئەمەریکا بەسەر نەوتەکەیان، ئابوورییەکەیان و سیاسەتیاندا، بکە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مکوڕ دەبوو لەسەر پێکهێنانی بزووتنەوەگەلی نیشتمانی دژە کۆلۆنیالیزم بۆ دەرهێنانی کۆنترۆڵکردنی خاك، بازاڕەکان، سەروەریی و چارەنووسیان لە دەستی بێگانە، ڕێك وەك خەباتی دژە ئیمپریالیزم لە نێو هندستانی هندۆسی، چینی کۆنفۆشیۆسی، ڤێتنامی بووزی و ئەفریقیا مەسیحی و بتپەرستدا.

هەروەها بەدڵنیاییەوە فرەنساییەکان بەزوویی بەرەو جەزائیری مەسیحی دەکشان، تا دەست بەسەر زەوییە بەپیتەکانیدا بگرن و کۆلۆنییەك دروست بکەن. ئیتالیاییەکان، بە هەمان شێوە، قەت ڕێیان بە مەسیحیەتی ئەسیوبی نەدەدا ڕێیان لێبگرن لەوەی ئەو وڵاتە بگۆڕن بۆ کۆلۆنییەك، کە دڵڕەقانە حوکمڕانی دەکرا.

بەکورتی، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی باوەڕ وا بێ کاردانەوەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست بەرامبەر ناسۆرییەکانی کۆلۆنیالی ئەوروپایی، زۆر جیاواز دەبوو لەو شێوەیەی لەژێر سایەی ئیسلامدا ڕووی دا.

بەڵام ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ ئیسلام دیموکراسی تر دەبوو؟

مێژووی دیکتاتۆریەت لە خودی ئەوروپا لێرەدا دڵنیاکەرەوە نییە. ئیسپانیا و پورتوگال تەنیا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کۆتاییان بە دیکتاتۆریەتێکی سەرسەخت هێنا. یۆنان تەنیا چەند دەیەیەکی کەم لەمەوپێش لە دیکتاتۆریەتی پێوەست بە کەنیسە ڕزگاری بووە. ڕووسیای مەسیحی هێشتا لەنێو دارستان ڕزگاری نەبووە. تا ئەم دواییە نێزیکانە ئەمەریکای لاتین لەژێر باڵی دیکتاتۆریەتدا خنکابوو کە زۆرجار بە دەستخۆشانەی ئەمەریکا و بە هاوبەشی لەگەڵ کەنیسەی کاسۆلیکیدا حوکمی دەکرد. زۆربەی وڵاتە ئەفریقاییە مەسیحییەکان زۆر باشتر نەبوون. بۆچی دەبێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەسیحی باشتر بوایە؟

با نموونەی فەلەستین وەرگرین. بەدڵنیاییەوە، ئەوە مەسیحیەکان بوون کە بێشەرمانە و دڵڕەقانە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ جووەکانیان دەچەوساندەوە، کە ئەو شاڵاوی قڕکردنە لە هۆلۆکۆستی نازییەکاندا گەیشتە لوتکە. ئەم نموونە تۆقێنەرانەی دژە سامییەت بەشێوەیەکی ڕیشەدار لە ناوچە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا و کولتوورەکەیاندا هەبوو. بەو هۆیەشەوە جووەکان بە دوای وڵاتێکدا دەگەڕان بۆ خۆیان لە دەرەوەی ئەوروپا، دەبوو بزوتنەوەی زایۆنیۆزمیش سەرهەڵبدات و ئەو پێگەیە لە فەلەستیندا داوا بکات. هەروەها دەوڵەتە جوولەکە نوێیەکەیش ٧٥٠ هەزار عەرەبی فەلەستینی ئەسڵیی لە وڵاتی خۆیان بەدەر دەنا تەنانەت ئەگەر مەسیحیش بوونایە، کە لەڕاستیدا هەندێکیان مەسیحیش بوون. ئایا ئەو عەرەبە فەلەستینییە دەربەدەرکراوانە شەڕیان لەپێناو پاراستن یاخۆ گێڕانەوەی خاکەکەیاندا نەدەکرد؟

کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین لە جەوهەردا وەك کێشەیەکی نیشتمانی و ئەتنیکی و هەرێمی دەمێنێتەوە و تەنیا لەم دواییەدا دروشمگەلی ئاینی وەبەردا کراوە. لە یادمان نەچێ کە مەسیحییە عەرەبەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرهەڵدانی کۆی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیوە. دامەزرێنەری ئایدیۆلۆجیی یەکەم حزبی بەعسی عەرەبی، میشێل عەفلەق بوو، کە مەسیحیەکی سووریایی دەرچووی زانکۆی سۆربۆرن بوو.

بەڵام ئایا بەراستی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لانی کەم لە ڕووی ئاینییەوە بە ڕۆژئاواوە وابەستە دەبوون و بەوەیش لەو هەموو ململانە ئاینییە دوور دەبووین؟ لەڕاستیدا، دنیای مەسیحی خۆی لە خۆیدا بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیەوە هەر لە سەدە بەراییەکانی دەسەڵاتی مەسیحییەتەوە بەهۆی لادان لە ئاینی باو، یاخۆ هەرتەقەکانەوە ( heresies) تووشی لێکترازان بووبوو، کە بوو بە بەردەبازی سەرهەڵدانی نەیاریی سیاسی بۆ دەسەڵاتی کەنیسەی ڕۆمانی یان بێزەنتی. دوور لە یەکگرتنیان لە ژێر بەیداخی ئایندا، شەڕە ئاینیەکانی ڕۆژئاوا هەمیشە ڕووپۆشێك بوون بۆ ململانەیەکی ئەتنی، ستراتیجی، سیاسی، ئابووری و کەلتووریی قووڵتر لە پێناو باڵادەستیدا.

تەنانەت ئاماژەکردنێك بۆ "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەسیحی" ڕقێکی درێو لەخۆیدا حەشار دەدات. بەبێ ئیسلام، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوە دەمانەوە کە لەکاتی هاتنی ئیسلامدا لەسەری بوون، کە زۆربەیان پابەند بوون بە مەسیحیەتی ئەرسۆزۆکسی ڕۆژهەڵاتییەوە. بەڵام ئاسانە لەیادی بکەین کە یەکێك لە درێژخایەنترین و توندوتیژترین و دژواترین ململانە ئاینییەکانی مێژوو ئەوە بوو کە لەنێوان کەنیسەی کاسۆلیکی لە ڕۆما و مەسیحییە ئۆرسۆزۆکسەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوو لە قوستەنتینیە، ئەو ڕقەی تا ئێستەیش ماوە.

مەسیحییە ئۆرسۆزۆکسەکانی ڕۆژهەڵات قەت لەدەستدانی قوستەنیتینەی مەسیحی لەسەر دەستی خاچپەرستە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی ١٢٠٤دا لەبیر ناکەن و نابەخشن. نێزیکەی ٨٠٠ ساڵ دواتر، لە ١٩٩٩ پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم هەوڵی دا چەند هەنگاوێکی بچووك بۆ ساڕێژکردنی ئەو برینە بنێ، ئەویش لە یەکەم سەردانی پاپایەکی کاسۆلیکیدا بۆ دنیای ئۆرسۆزۆکسی لە ماوەی هەزار ساڵدا. ئەوە تەنیا سەرەتایەك بوو، بەڵام درزی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتێکی مەسیحیدا لەوەی ئێستە هەیە زیاتر دەبوو. یۆنان بە نموونە وەرگرە. پرسی ئۆرسۆزۆکس بزوێنەرێکی بەهێز بووە لەپشت هەستی ناسیونالیستی و دژە ڕۆژئاوایی لەو وڵاتەدا، هەروەها هەستی دژە ڕۆژئاوایی لە سیاسەتی یۆنانیدا، تا دەیەیەك لەمەوپێشیش، هەمان بۆچوون و تێڕوانینی گوماناوی بوو بەرامبەر ڕۆژئاوا کە ئێمە ئەمڕۆ لە زۆر لە سەرکردە ئیسلامیەکانی دەبیستین.

کولتووری کەنیسەی ئۆسۆزۆکسی زۆر جیاوازە لە سیستمی ئەخلاقیی ڕۆژئاوای دوای ڕۆشنگەری، کە جەخت لەسەر سیکیولاریزم، سەرمایەداری و ئەولەویەتی تاکەکەس دەکات. (کەنیسەی ئررسۆزۆکسی) هەڵگری مەترسییە ریشەداکوتاوەکانی خەڵکە لەبارەی ڕۆژئاواوە، کە لە زۆر ڕووەوە هاوتەریبە لەگەڵ مەترسییە هەنوکەییەکانی موسڵمانانەکانەوە: مەترسی لە نێردەکانی مژدەدەرانی بەفەلەکردنی ڕۆژئاوایی، سەیرکردنی ئاین وەك پەناگە و ئامرازی سەرەکیی پاراستنی کۆمەڵگە و کولتوورەکەیان و بەدگومانییان لە بەرامبەر بنیاتی "خراپ" و ئیمپریالیساتانەی ڕۆژئاوا.

لەراستیدا لە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی مەسیحیی ئۆرسەزۆکسیدا، مۆسکۆ کاریگەرییەکی تایبەتی دەبێ، تەنانەت ئەمڕۆیش، وەك دواین گەورە سەنتەری ئۆرسۆزۆکسی ڕۆژهەڵاتی. جیهانی ئۆرسۆزۆکسی وەك گۆڕەپانێکی جیۆپۆلیتیکیی بنچینەیی لە لە ململانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە شەڕی ساردا دەمایەوە.

سامۆیل هنتنگتۆن، جیهانی ئۆرسۆزۆکسی ڕۆژهەڵاتی لەنێو ژمارەیەك شارستانییەتدا داناوە کە لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەکەونە ململانەی کولتووریەوە.

داگیرکردنی ئەمڕۆی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، لەلایەن عێراقییەکانەوە پێشوازی زیاتری لێنەدەکرا ئەگەر گەلی عێراق مەسیحی بوونایە. هەروەها لەبەر موسڵمانبوونەکەی نەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەدام حوسێنی ڕووخاند، کە سەرکردەیەکی فوول ناسیونالیست و سیکیولار بوو. هەروەها ئەو کاتیش گەلانی تری عەرەب یارمەتیی عەرەبەکانی عێراقیان دەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆستی داگیرکردنیدا. لە هیچ جێیەك گەلان پێشوازی لە داگیرکاریی بیانی و کوژرانی هاوڵاتییانیان لەسەر دەستی سوپای بیانی ناکەن. لەراستیدا ئەو گرووپانەی بە شێوازی جۆراوجۆر لەلایەن ئەو جۆرە هێزە دەرەکییانەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێ، چاودەگێڕن بۆ دۆزینەوەی ئایدیۆلیۆجیایەکی گونجاو تا بەهۆیەوە پاساو و شکۆ بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ هێزی داگیرکەری بیانی بدەن. ئاین یەکێکە لەو ئایدیۆلۆجیایانە.

کەواتە ئەمەیە وێنەی گریمانەیی "جیهان بەبێ ئیسلام"، تێیدا مەسیحییەتی ئۆرسۆزۆکسی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە، ئەو کەنیسەیەی لە ڕووی مێژوویی و سایکۆلۆجیەوە بەلای ڕۆژئاواوە جێگومان و بگرە دژی بووە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارێکدا هێشتا بەدەست جیاوازیی ئەتنی و تائیفیی گەورەوە گرفتارە، هەستێکی تۆقێنەری هۆشیاریی مێژوویی و بێزاری دژ بە ڕۆژئاوا هەیە. چەندان جار لە لایەن سوپا ئیمپریالییەکانەوە داگیر کراوە، سامانەکانی

تالان کراون، سنوورەکانی لەلایەن ڕۆژئاواوە بەپێی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی داڕێژراونەتەوە، هەروەها ئەو ڕژێمانەیان تێدا دانراون کە ملکەچی فەرمانەکانی ڕۆژئاوا بوون. ئەوکاتیش فەلەستین بەردەوام دەسووتا، ئێران گیانێکی نیشتمانیی بەرزی دەبوو. دەمانبینی فەلەستینەکان بەرەنگاری دەسەڵاتی جووەکان دەکەن، چیچانییەکان بەرەنگاری رووسیاییەکان دەکەن، ئێرانییەکان بەرەنگاری بەریتانی و ئەمەریکاییەکان دەکەن، کشمیرییەکان بەرەنگاری هندییەکانیان دەکەن، لە سریلانکا تامیلەکان بەرەنگاری سەنهالیەکان دەکەن، هەروەها ئیگۆر و تبتییەکان بەرەنگاری چینیەکان دەکەن.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام مۆدێلێکی مێژوویی شکۆمەندیان دەبوو —ئیمپرایۆریەتی گەورەی بێزەنتی کە زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ بەردەوام دەبوو—، وەك سیمبولێکی کولتووری و ئاینی سەیری دەکرا. لە زۆر ڕووەوە دابەشبوونی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا درێژەی دەکێشا.

## لەژێر بەیداخی پێغەمبەردا

بەدڵنیاییەوە، شتێکی بێمانایە پێمان وابێ بوونی ئیسلام هیچ کاریگەرییەکی سەربەخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نییە. ئیسلام هێزێکی یەکخستنی کاریگەری لە ناوچەیەکی بەرفراواندا دروست کردووە. وەك بیروباوەڕێکی گەردوونی، شارستانیەتێکی بەرفراوانی دروست کردووە کە هەڵگری چەندان پرنسیپی گشتیی فەلسەفی، هونەری، کۆمەڵایەتییە، تێڕوانینێك بۆ ژیانی ئەخلاقی، هەستکردن بە دادپەروەری، دادوەری و دەسەڵاتی راساڵە. هەموو ئەوانە لە کولتوورێکی باڵای خاوەن ریشەی قووڵدا.

وەك هێزێکی کولتووری و ئەخلاقی، ئیسلام جیاوازییە ئەتنیەکانی نێوان نەتەوە موسڵمانەکانی لە بۆتە داوە و هانیان دەدات خۆیان وەك بەشێك لە پرۆژەی شارستانیەتی بەرفراوانی ئیسلامی بزانن. تەنیا ئەوە قورساییەکی زۆری پێدەدات. ئیسلام کاریگەری لەسەر جیۆپۆلەتیکیش بووە: ئەگەر ئیسلام نەبوایە وڵاتە ئیسلامییەکانی باشووری ئاسیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ئەمڕۆ —بەتایبەت پاکستان، بەنگلادیش، مالیزیا و ئەندەنووسیا— لەباتی ئەوە دەبوونە بەشێك لە جیهانی هیندۆسی.

شارستانییەتی ئیسلامی نموونەیەکی هاوبەشی پێشکێش کردووە کە هەموو موسڵمانان دەتوانن بەناوی بەرەنگاریکردنی تالانکاریی ڕۆژئاواوە رووی تێ بکەن. تەنانەت ئەگەر ئەو روو تێکردنە نەشیتوانیوە لەتەواوی رێ لە شەپۆلی ئیمپریالیی ڕۆژئاوا بگرێ، بەڵام یادەوەرییەکی کەلتووری لەبارەی چارەنووسی هاوبەشەوە دروست کردووە، کە لەناو نەچووە. ئەوروپاییەکان توانییان ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی ئەفەریقیایی، ئاسیایی و ئەمەریکای لاتین پەرت و حوکمڕانی بکەن، کە هەر یەکەیان بە تەنیایی لە بەردەم هێزی ڕۆژئاوادا چۆکیان دادا. بەهۆی نەبوونی هیچ سیمبولێکی ئەتنی یان کەلتووریی گشتیدا بۆ بەرەنگاربوونەوە، سەرهەڵدانی بەرەنگارییەکی یەکگرتووی بان—نەتەوەیی لەنێو ئەو گەلانەدا ئەستەم بوو.

لە دنیایەکی بێ ئیسلامدا، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا زۆر بە ئاسانتر ئەرکی پەرتکردن، داگیرکردن و باڵکێشان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای جێبەجێ دەکرد. خەیاڵگەیەکی هاوبەشی کولتووری لەبارەی ملکەچکردن و شکست لە ناوچەیەکی فراواندا نەدەبوو. ئەمە هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئێستە ئەمەریکا کەڵبەکانی خۆی لە جیهانی ئیسلامی گیر دەکات.

ئەمڕۆ هۆکارەکانی پێوەندیکردنی جیهانی و وێنەکانی مانگە دەستکردەکان هۆشیاریەکی زاتی لەنێو موسڵمانەکان و هەستکردن بە گەمارۆدانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی بۆ کولتووری گشتیی ئیسلامی دروست کردووە. ئەو گەمارۆیە لەبارەی مۆدێرنێتەوە نییە، بگرە لەبارەی خواستی لەبن نەهاتووی ڕۆژئاواوەیە بۆ باڵادەستبوون بەسەر فەزا، سەرچاوەکان و تەنانەت کولتووری جیهانی ئیسلامیدا، ئەویش لە رێی هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی سەر بە ئەمەریکا.

ناخۆشبەختانە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەزانانە پێی وایە تەنیا ئیسلامە بەربەستە لەنێوان ئەو و چنینەوەی بەرهەمەکەدا.

ئەی چی لەبارەی تیرۆریزمەوە بڵێین، کە هەستیارترین پرسە کە رۆژئاوا ئەمڕۆ بێپەروا دەیبەستێتەوە بە ئیسلامەوە؟ ئایا بەبێ بوونی ئیسلام ١١ی سێپتەمبەر رووی دەدا؟ ئەگەر ناسۆرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ریشەی خۆیان لەسەر ساڵانێك لە تووڕەیی سیاسی و عاتیفی دژ بە سیاسەت و کردەوەکانی ئەمەریکا دامەزراندووە، لە ژێر دروشمێکی تردا کۆبووبایەتەوە، ئایا دەکرا رووداوەکان زۆر جیاواز بن لەوەی رووی داوە؟ جارێکی تر، گرینگە یادمان نەچێ کە چەند بەئاسانی دەتوانرێ ئاین تێوە بگلێنرێ و رابکێشرێتە نێو ململانەکانەوە، تەنانەت لەکاتێکدا دەبێ ناسۆرییە درێژخایەنەکانی تر لەو رووەوە لۆمە بکرێن.

١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ سەرەتای مێژوو نەبوو، بەلای رفێنەرەکانی قاعیدەوە، ئیسلام وەك زەڕەبینێکە لەبەردەم تیشکی خۆردا، کە ئەو ناسۆرییە گشتییە هاوبەشە بەربڵاوانە کۆدەکاتەوە و تەرکیزیان دەکاتە سەر و دەیانکاتە تۆپەڵە تیشکێکی گەورە.

لە تەرکیزکردنی رۆژئاوادا لەسەر ئەو تیرۆریزمەی بەناوی ئیسلامەوە دەکرێ، یادەوەرییەکان کورتن.

گەریلا جولەکەکان لە فەلەستین تیرۆریان دژ بە بەریتانیا بەکار هێنا. تامیلە هندییەکانی سریلانکا "پڵنەگەکان" هونەری پشتێنە خۆکوژییەکانیان داهێنا و بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك جیهانیان بەرەو بەکارهێنانی مینرێژکردنە خۆکوژییەکان برد، لەنێویاندا تیرۆرکردنی راجیف گاندی سەرۆك وەزیرانی هندستان. تیرۆریستە یۆنانییەکان کردەی تیرۆرکردنیان دژ بە بەرپرسانی ئەمەریکایی لە ئەسینا بەکارهێنا. رێکخراوی تیرۆریستە سیخەکان ئەندێرا گاندیی سەرۆك وەزیرانی هندستانیان کوشت و پشێوییان لەو وڵاتەدا نایەوە، بنکەیەکی لەودیو دەریاکاندا لە کەنەدا دامەزراند و فرۆکەیەکی نەفەرهەڵگری هندییان لەسەر زەریای ئەتڵەسیدا خستە خوارەوە. تیرۆریستە مەکدۆنییەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا هەموو خەڵکیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری بەلقاندا تۆقاندبوو.

دەیان لە غافڵکوژییە گەورەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئەنارشیستە ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکانەوە ئەنجام دراون، کە ترسێکی گشتییان بڵاو دەکردەوە.

سوپای کۆماری ئێرلەندی بۆ دەیان ساڵ دڵڕەقانە تیرۆری دژ بە بەریتانیا ئەنجام دەدا، هەروەها گەریلا کۆمۆنیستەکان و تیرۆریستەکانی ڤێتنام هەمان شتیان بەرامبەر ئەمەریکاییەکان کرد، بە هەمان شێوە مەلاوییە کۆمۆنیستەکان لە پەنجاکاندا دژ بە سەربازانی بەریتانیایی ئەنجامیان دا، ئەمە جگە لە هێرشەکانی تیرۆریستە ماوماوەکان دژ بە بەرپرسانی بەریتانیایی لە کینیا. لیستەکە بەردەوامە. پێویست بە موسڵمان نەبوو تا تیرۆر ئەنجام بدات.

تەنانەت مێژووی ئەم دواییانەی چالاکییە تیرۆریستییەکانیش زۆر جیاواز لەمە نایەنە بەرچاو. بەگوێرەی پۆلیسی ئەوروپی، لە ساڵی ٢٠٠٦دا ٤٩٨ هێرشی تیرۆریستی لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا روویان داوە. لەوانە ٤٢٤یان لەلایەن گرووپە جوداخوازەکانەوە ئەنجام دراون، ٥٥یان لەلایەن چەپڕەوە تیرۆریستیەکانەوە بووە، ١٨شیان لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی جۆراوجۆرەوە بوون. تەنیا ١ کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئەنجام درابوو. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، ژمارەیەك هەوڵی گرووپە ئیسلامییەکان، کە لەژێر چاودێریی تونددان، پووچەڵ کرانەوە.

کەواتە ئایا زەحمەتە وێنا بکەیت، کە عەرەبەکان –جا موسڵمان بن یان مەسیحی– لە ئیسرائیل یان داگیرکارییە بەردەوامەکانی ئیمپریالیزم، کودەتاکان، دەستێوەردانەکان، کە هەمان کاری کاری تیرۆریستەکان و شەڕە پارتیزانییەکانیان بەکار دەهێنا، تووڕە بوون؟ لە بری ئەوە دەکرێ پرسیارەکە بەو شێوەیە بێ: بۆچی ئەو رووداوانە زووتر روویان نەدا؟

لەبارێکدا گرووپە رایکالییەکان لەم سەدەمی جیهانگەراییەی ئێمەدا ناسۆرییەکانن دەخەنە روو، بۆ دەبێ ئێمە پێشبینی نەکەین کە ململانەکەیان بۆ نێو جەرگەی رۆژئاوا بگوێزنەوە ؟.

ئەگەر ئیسلام رقی لە مۆدێرنێتەیە بۆچی چاوەڕێی کرد تا ١١ی سێپتەمبەر، تا هێرشەکەی دەست پێ بکات؟ بۆچی بیرمەندانی ئیسلامی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باسیان لە پێویستیی لەئامێزگرتنی مۆدێرنێتە دەکرد.

پرسی ئوسامە بن لادن لە قۆناخە بەراییەکانیدا بەهیچ شێوەیەك باسی پرسی مۆدیرنێتە نەبوو، ئەو باسی لە فەلەستین، پۆستاڵی ئەمەریکاییەکان لەسەر خاکی عەرەبستانی سعوودی، ملکەچیی دەسەڵاتدارانی سعوودی بۆ ئەمەریکا و شەڕی خاچپەرستیی نوێی کرد. جێی سەرسوڕمانە کە تەنیا لە کۆتاکانی ساڵی ٢٠٠١ دا بوو کە یەکەمین تووڕەیی موسڵمانانمان بینی دژ بە ئەمەریکای لەسەر خاکی ئەمەریکادا، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر رووداوە کەڵەکە و مێژوویەکانی ئەم دواییە و سیاسەتی ئەمەریکا. ئەگەر ١١ی سێپتەمبەریش رووی نەدایە رێی تێدەچوو هەندێ رووداوی تری هاوشێوە روو بدەن.

هەروەها تەنانەت ئەگەر ئیسلام وەك بناغە و بەردەبازێك بۆ بەرگری قەت سەریشی هەڵنەدایە، مارکسیزم ئەو کارەی دەکرد، کە ئایدیۆلۆجیایەك بوو ژمارەیەکی بێشومار تیرۆریست و گەریلا و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانی بەرهەم هێناوە.

ئەو ئایدیۆلۆجیایە بزووتنەوەی ئیتای باسك، بزووتنەوەی فارکی کۆلۆمبیا، "رێگەی دروەشاوە" لە پیرۆ، هەروەها سوپای سووری ئەورووپای پێگەیاندووە. جۆرج حەبەش دامەزرێنەری بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی فەلەستینی کە رێکخراوێکی ترسناك بوو، پیاوێکی یۆنانیی مەسیحیی ئۆرسۆزۆکس و مارکسی بوو کە لە زانکۆی ئەمەریکایی لە بەیرووت خوێندبووی. لە سەردەمێکدا کە تووڕەیی ناسیونالیزمی عەرەب لەگەڵ توندوتیژیی مارکسیزمدا تێکەڵ بووبوو، زۆر لە مەسیحییە فەلەستینیەکان پشتیوانییان لە حەبەش دەکرد.

ئەو گەلانەی رووبەڕووی سەرکوتکردنی بیانی دەبنەوە، هەوڵ دەدەن دروشمێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە کە بتوانێ گوڕ و تین و شکۆ بە خەباتەکەیان بدات. خەباتی چینایەتی لەپێناو دادپەروەریدا سەرەتاگەیەکی باشی دەستەبەر کردووە.
ناسیونالیزم لەویش باشترە، بەڵام ئاین لەورووەوە لە هەموو ئەوانە باشتر و کاریگەرترە. هەروەها ئاین لە هەموو جێیەك دەتوانرێ وەك هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی نەژاد و نەتەوە بەکار بێ ، بەتایبەت کاتێ دوژمنەکە لە ئاینێکی تر بێ.
لەم حاڵەتانەدا ئاین لەوە دەکەوێ سەرچاوەی یەکەم بێ بۆ پێکدادان و رووبەڕووبوونەوە، بگرە تەنیا وەك بەردەبازێك رۆڵ دەبینێ.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە تیرۆریزم بە زۆری ئامرازی دەستی لاوازەکانە. ئەو بەراستی هێزی بێوێنەی سوپای ئەمەریکای لە عێراق و ئەفغانستان و شوێنانی تردا رسوا کرد. بەم شێوەیە لە زۆر لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا بنلادن وەك "دووەم چێ گیڤارا" ناو براوە.

## دۆخی دیموکراسیەت بەبێ بوونی ئیسلام

بەڵام ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئیسلام سەری هەڵنەدایە، ئاشتی لە جیهاندا زیاتر بەقەرار دەبوو؟
لە بەردەم ئەم گرژییانەی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بێشك ئیسلام رەگەزێی زۆر عاتیفی زیاد کردووە، چینێکی تری بۆ ئاڵۆزییەکان زیاد کردووە. بەڵام ئیسلام هۆکاری ئەو کێشانە نییە.

رەنگە پەرەگرافێك لە قورئاندا بدۆزرێتەوە کە شرۆڤەی ئەوە بکات "بۆچی موسڵمانەکان رقیان لێمانە". بەڵام ئەوە چاو لە سرووشتی دیاردەکە دادەخات. چەند بۆ مرۆڤ ئاسانە کە ئیسلام وەك هۆکاری کێشەکە بناسێنیت. ئەوە بەدڵنیاییەوە لە دۆزینەوەی کاریگەریی جێپەنجە نێونەتەوەییە زەبەلاحەکانی تاکە زلهێزی دنیا زۆر ئاسانترە.

جیهانێکی بێ ئیسلام هیشتا زۆربەی ئەو ململانە درێژخایەن و خوێناوییانە بەخۆوە دەبینێ کە شەڕ و ناسۆرییەکانیان باڵیان بەسەر دیمەنە جیۆپۆلێتیکیەکەدا کێشاوە. ئەگەر ئاینیش نەبوایە، هەموو ئەو گرووپانە هەندێ دروشمیان دەبینییەوە کە لە سایەیدا گوزارشت لە نەتەوایەتی و حەزی سەربەخۆبوونیان بکەن. بەدڵنیاییەوە دەقاودەق هەمان ئەو ڕێڕەوەی نەدەبوو کە ئێستە بەسەریدا رۆیشتووە، بەڵام لە جەوهەردا، ململانەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەبەردەوامی بە دەوری پرسە مێژوویی و جیۆپۆلێتیکییە بنەڕەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەخولێتەوە: نەژادگەرایی، ناسیونالیزم، خەونەکان، چڵێسی، سەرچاوەکانی سرووشتییەکان، چینایەتی، دەسکەوتە داراییەکان، دەسەڵات، دەستێوەردانەکان و رقلێبوونی بیانییەکان، پەلاماردەرەکان و ئیمپریالیزمەکان.

لە بارێکدا لەگەڵ ئەو پرسە بێکۆتاییانەدا رووبەڕوو بی، چۆن دەکرێ پەنا بۆ هێزی ئاین نەبرێ.

لەیادتان نەچێ، هەموو کارەساتە تۆقێنەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن رژێمە سیکیولارە توندڕەوەکانەوە بووە، لیۆبۆلدی دووەم پادشای بەلجیکا لە کۆنگۆ، هیتلەر، مۆسۆلینی، لینین و ستالین، ماو و پۆڵ پۆت. ئەوە ئەوروپاییەکان بوون کە دوو جار شەڕی جیهانییان دژ بە باقیی جیهان هەڵگیرساندووە—دوو ململانەی جیهانیی وێرانکەر کە وێنەیان لە مێژووی ئیسلامیدا نییە.

رەنگە هەندێ کەس ئاواتەخوازی "جیهانێکی بێ ئیسلام" بن، کە —پێیان وایە—ئەو کێشانە لە بنەڕەتدا نەدەبوون. بەڵام لە راستیدا پێناچێ ململانەکان، کێبەرکێکان و تەنگژەکانی ئەو جیهانە خەیاڵکراوە زۆر جیاواز بن لەوەی ئەمڕۆ هەیە.

**** **** ****

* **گراهام فوللەر** یاریدەدەری پێشووی سەرۆکی دەستەی هەواڵگریی نیشتمانیی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمەریکایە و بەرپرسە لە خەملاندنی ستراتیجیی دوورمەودا، ئێستە پرۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی فریزەر لە ڤانکۆڤەر. دانەری چەندان کتێبە لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەوانە کتێبی "داهاتوی ئیسلامی سیاسی" کە لە ساڵی ۲۰۰۳ لە خانەی بالگریف ماکمیلان لە نیویۆرک بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: http://www.foreignpolicy.com

بەناونیشانی : **A World Without Islam**

**** ****

# ریفۆرمی ئاینیی-ئیسلامی و قۆناغی "پۆست سەلەفیزم"

**نووسینی: جەمال بەننا**

**لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

جەمال بەننا بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە و برابچووکی حەسەن بەننا دامەزرێنەری کۆمەڵی ئیخوان موسلیمینە. لە ساڵی ١٩٢٠ لە مەحموودیە لەدایك بووە.

یەکەم کتێبی بە ناونیشانی "سێ کۆسپ لەسەر رێی گەیشتن بە شکۆمەندی" لە ساڵی ١٩٤٦ دەرکرد و دوای ئەو کتێبی "دیموکراسییەتێکی نوێ"ی دەرکرد و لە نووسین بەردەوام بوو تا ژمارەی کتێبەکانی لە ١٥٠ کتێب تێپەڕی.

بەننا چەندان بۆچوونی فیقهی هەیە کە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زاناکاندا جیاوازە، لەوانە پێی وایە ژن بۆی هەیە ئیمامەتی نوێژ بۆ پیاوان بکات ئەگەر شارەزایی لە قورئاندا زیاتر بێ، هەروەها پێی وایە حیجاب لەسەر ئافرەت فەرز نییە و قورئان تەنیا لەسەر ژنانی پێغەمبەری فەرز کردووە. هەروەها پێی وایە گۆڕینی ئاین و چوونە سەر ئاینی جولەکایەتی و مەسیحیەت حوکمی کوشتنی نییە. هەروەها پێی وایە جگەرەکێشان رۆژوو ناشکێنێ. ئەم بۆچوونانەش بابەتی هەرا و مشتومڕێکی فراوان بوون لە ناوەندی ئاینی و رۆشنبیریی ناوچەکەدا.

جەمال بەننا لە لێکۆڵینەوەکانیدا، کە ئەم بابەتە یەکێکە لەوانە، جەخت لە کۆتاهێنان بە کولتووری باوی ئاینی لە بواری فیکر و فیقهدا، کە بە "سەلەفیەت" ناوی دەبات دەکات و تیۆریزە بۆ قۆناغێکی نوێ لە بیری ئیسلامی دەکات، کە تێیدا عەقڵ ئازاد بێ و پابەند نەبێ بەو تەفسیر و پێوەر و میکانیزمانەی زاناکانی ئیسلام لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا دایاننناون ولەوە بەدوا دەرگای ئیجتیهاد داخراوە و عەقڵی موسڵمان جگە لە جووینەوە و پێڕەوکردنی ئەو یاسا و رێسا و تەفسیرانەی ئەو زانایانە دایانناون نەیتوانیوە هیچ داهێنانێك بکات. ئەو پێی وایە ئیدی عەقڵی ئیسلامی سەردەمی سەلەفیەت بەجێدێڵێ و پێدەنێتە سەردەمێکی نوێوە کە بە سەردەمی دوای سەلەفیەت (پۆست سەلەفیزم) ناوی دەبات، کە تێیدا عەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاوگە رەسەن و بنەڕەتیەکەی ئاین، کە قورئانە و راستەوخۆ لەوەوە لە ئاین حاڵی دەبێ، نەك لەرێی کەلەپووری زانایانی پێشینەوە.

بۆ رەنگڕێژکردنی پایە سەرەکییەکانی ئەو قوتابخانە نوێیەش (کە بە قوتابخانەی نوێکردنەوە یان نوێکردنەوەی ئیسلامی ناوی دەبات) چەندان کتێبی لە بوارە جیاجیاکانی فیکری ئیسلامیدا داناوە. لەوانە "المرأة المسلمة بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء، جواز إمامة المرأة الرجال، قضية الفقه الجديد، الإسلام والعقلانية، حرية الاعتقاد في الإسلام، ما بعد الإخوان المسلمين، نحو فقه جديد (٣ بەرگ)، العودة إلى القرآن، الربا، قضية الحرية في الإسلام، هل يمكن تطبيق الشريعة؟، الإسلام دين وأمة وليس دينًا ودولة، الإسلام وحرية الفكر، الجهاد، تفنيد دعوى حد الردة".

ئەم بابەتە، کە نووسەر وەك لێکۆڵینەوەیەك پێشکێشی کۆنفرانسی "ریفۆرمی ئیسلامی و دیموکراسیەت"ی کردووە لە سێپتەمبەری ٢٠٠٤، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی ئەو پیاوە، کە بیرکردنەوەکانی نوێ و نامۆن بە بیری باوی ناوەندە ئاینییە ئیسلامییەکە-**وەرگێڕ**.

*** ***

## گرنگی و لە پێشتربوونی ریفۆرمی ئاینیی-ئیسلامی

نووسەر و بیرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەبارەی ئەوەی چ جۆرە ریفۆرمێك گرینگترە لە پێشەوە بکرێ. زۆریان پێیان وابوو ئەولەویەت بۆ ریفۆرمی سیاسییە و ریفۆرمی ئاینی ناکرێ تا پێشتر ریفۆرمی سیاسی نەکرابێ. ئەوانەیش باوەڕیان بەلایەنی مادی هەیە پێیان وا بوو ریفۆرمی ئابووری گرینگترە، چونکە هەر ریفۆرمێکی سیاسی یان ئاینی هیچ نرخێکی نیە مادام هاولاتی هەژار و رووت و رەجاڵ و برسی بێ و بەدوای پارووی ژیاندا هاسکەهاسکی بێ.. ئەو کاتی بەتاڵ و دەروونێکی ئارامی نیە تا بیر لە مافەکانی مرۆڤ یان بارودۆخی سیاسی بکاتەوە.

لەراستیدا ریفۆرم یەك پرسی پێکەوە گرێدراوە، ریفۆرمی سیاسی رەهەندێکیەتی، ریفۆرمی ئاینی رەهەندی دووەم و ریفۆرمی سیاسی رەهەندی سێیەمیەتی و هەریەك لەو سێ رەهەندەیش کار لەیەکتر دەکەن. بەڵام ئێمە لەوانەیە لەگەڵ رای زۆرینەدا جیاواز بین، کە پێی وایە پێویستە ئەولەویەت بە ریفۆرمی سیاسی بدرێ و پێمان وایە ریفۆرمی ئاینی–ئیسلامی لەپێشترە کاری بۆ بکرێ.

بۆچی؟

لەبەرئەوە مەبەستمان لە ریفۆرمی ئیسلامی چاکسازیکردنە لە دوو لایەندا کە بایەخێکی هەرەمەزنیان لە کۆمەڵگەدا هەیە چ وەك تاك چ وەك کۆمەڵ، ئەوانیش بریتین لە عەقڵ و ویژدان.

مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە راست لە هەڵە و هیدایەت لە گومڕایی جیا دەکاتەوە، ئەگەر ئەو عەقڵە تێکچوو یان نەما، مرۆڤ سەرگەردان دەبێ، باوەڕ بە ئەفسانە دەکات و پێی وایە راستەقینەیە، دەست بە گومڕاییەوە دەگرێ و بە هیدایەتی دەزانێ، بەوەیش تاوان بەرامبەر بە خۆی و خێزانەکەی و هەروەها کۆمەڵگەیش دەکات.

ئەوە هەزار ساڵە فەقیهەکان دەرگای ئیجتیهادیان داخستوە، بە واتا موسڵمان لەسەریەتی رێورەسمەکانی خواپەرستی ئەنجام بدات و حوکمە فیقهییەکان (کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە) جێبەجێ بکات بەبێ پرسیار و بەبێ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەو حوکمانە. ئەوە، وەك زۆر جار وتوومانە، مانای ئەوەیە ئوممەتی موحەممەد مۆڵەتێکی هەزار ساڵەی بە عەقڵی خۆی دا، جا با سوپاسی خوا بکەین کە هێشتا لەسەر دوو پێ دەڕۆین نەك لەسەر چوار پێ، ئاخر دەکرا لەسەر چوار پێ برۆین، چونکە خوای گەورە لەبارەی ئەوانەی عەقڵیان بەکار ناهێنن تا راست و هەڵەی پێچ جوێ بکەنەوە، دەفەرموێ "أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ"{۱۷۹ الاعراف}. واتە ئەوانە وەك ئاژەڵ وان و بگرە گومڕاتر لەئاژەڵیشن، ئەوانە بێئاگان.

جا ئەگەر لەسەر چوار پێ نارۆین بەرێوە، ئەوە دڵنیابە من دەیان یان سەدان کەسم دیوە، کە جۆرە عەقڵێکیان هەیە لە عەقڵی ئاژەڵ باشتر نیە و قەت نایانەوێ بیر بکەنەوە، بگرە لە هەموو شتێکی بچووك و بێنرخدا پرسیار دەکەن، پرسیار لە موفتی دەکەن یان پەنا بۆ نوێژی ئیستیخارە دەبەن و لەبەردەم هەندێ گرفتدا سەرسام دۆش دادەمێنن کە منداڵی ئەوروپایی تەنانەت لە ئاستیشیدا ناوەستێ. من هەر جارێك کە هانم دەدان بۆ بیرکردنەوە و پێم دەگوتن "نەوەی ێمە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی ئەوتۆمان لەبەردەستدایە کە پێشینەکان خەونیشیان پێوە نەبینیوە"، بەرپەرچیان دەدایەوە و پێداگرییان دەکرد لەسەر دروستیی قسەکانی پێشینەکان، کە کەس ناتوانێ بگاتە ئاستیان.

ئەم ژەنگگرتنە عەقڵییە– ئەگەر ناوی نەنێین فەلەجبوون– هۆکاری بنەڕەتیی چەقبەستن و دواکەوتنمانە، چونکە هیچ ئوممەتێك پێش ناکەوێ لەبارێکدا عەقڵی پەکی کەوتبێ، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێك لەسەر عەقڵ دەوەستێ.

تاوانی گەورەی ئەم تێگەیشتنە سەقەتە لە ئاین لەم سنوورەدا ناوەستێ، بگرە دەستی دەگاتە ویژدانیش، کە دووەم سەرمایەی مرۆڤە و لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە. ئاینەکان یەکەم لایەن بوون ویژدانیان دایە مرۆڤایەتی و بەهۆیەوە توانی

جیاوازی لەنێوان خێر و شەڕ، پێویست و ناپێویستدا بکات و ئەو بەهایانەیان کرد کە پێویستە خەڵك لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ یەکتر ڕەچاویان بکەن وەك ڕاستگۆیی، دڵسۆزی و وەفاداری.

ئەم ویژدانە کە جێشانازیی ئاینەکانە، گۆڕانێکی ترسناك ڕووی تێکرد، ئەویش کاتێ لە بواری پێوەندییە مرۆڤایەتیەکانەوە گۆڕا بۆ بواری دروشمە خواپەرستییەکان، بەشێوەیەك موسڵمانی ئاسایی ویژدانی ناحەوێتەوە تا پێنج نوێژەکە لە کاتی خۆیاندا نەکات، ڕۆژووی ڕەمەزان نەگرێ و خۆی لە شتە حەرامەکانی وەك گۆشتی بەراز و مەیخواردنەوە دوور نەگرێ. ئەگەر ئەوانەی کرد مانای وایە ئەوەی ویژدانی موسڵمانی لەسەری پێویست کردووە جێبەجێی کردووە و ئیتر دوای ئەوە هیچ گرفت نیە ئەگەر درۆ یان دووڕوویی کرد، فێڵی یان هەلپەرستی کرد بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی شەخسی و..هتد. بەمە ئەو بناغانە هەرەسیان هێنا کە پێوەندییەکانیان لەسەر دامەزرابوو، هەروەك کەرامەتی لەدەست دا و وای لێ هاتووە ئیستیغلال و بەکۆیلەکردن و ڕسواکردنی قبووڵ بێ و ویژدانی لەئاست ستەمدا نەبزوێ، چونکە ئەنجامدانی پەرستنەکان هەموو ویژدانی زەوت کرد و بواری بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییەکە نەهێشتەوە.

بەمە ئەو دوو پایەیە، عەقڵ و ویژدان، کۆمەڵگەیان لەسەر دەوەستێ هەرەسیان هێنا، ئیدی ریفۆرمی سیاسی چی پێدەکرێ؟

پرسەکە پرسی عەقڵ و دەروونەکانە، کە دەسەڵات و دەوڵەت کەمترین شتیان لەو بوارەدا پێدەکرێ. هەروەها دەوڵەمەندیی ماڵیی خۆپەرستی و چلێسیی زیاتر دەکات و هانی دەدات بۆ زیاتر، ئەویش دوای ئەوەی ویژدانی کۆمەڵایەتی لەدەست دا و ویژدانی عیبادی جێی گرتەوە.

ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین یەکەمین بزاڤی چاکسازی کە کۆمەڵگەی ئەورووپایی خستە سەر ڕێگەی پێشکەوتن بزاڤی ریفۆرمی ئاینی بوو، کە دەرگای عەقڵەکانی کردەوە و ویژدانەکانی ئازاد کرد، بەوەیش کۆمەڵگە ساز و ئامادە بوو بۆ قبوڵکردنی هەر ریفۆرمێکی سیاسی، یان وردتر بڵێین بۆ دەستکردن بە هەر ریفۆرمێکی سیاسی.

ریفۆرمی ئاینی ریفۆرمێکی گەورەیە، ئەو تەنیا برێتی نییە لە ریفۆرمکردن لە پەرستنەکاندا، یان نوێکردنەوە لە بنەماکانی فیقهدا، بگرە چاکسازیکردنە لە ناخی مرۆڤدا کە عەقڵی فەلەج کراوە و ویژدانی شێوێنراوە، لەبەرئەوە پێویستە پێش هەر ریفۆرمێك گرینگی بە ریفۆرمی ئاینی بدەین. بگرە ریفۆرمی سیاسی قەت سەرناکەوێ ئەگەر بنکەیەکی جەماوەریی کارای نەبێ، کە بیر بکاتەوە و ڕاست و هەڵە جیا بکاتەوە، ویژدانی کار بکات و ڕێگری لێ بکات لە هەلپەرستی، لاوازی یان ڕسواکردن و ورە و وزەی بداتێ تا لەپشت بانگەشەکارانی ریفۆرمی سیاسییەوە بوەستێ، بەبێ ئەو بنکە و ڕووپۆشە جەماوەرییە بانگەوازی ریفۆرمیستەکان دەبێتە بانگەوازێکی لە هەوادا هەڵواسراوی بێ ڕەگ و ڕیشە.

*** ***

## پاساوەکانی لە پێشتربوونی ریفۆرمی ئاینی

سێ هۆکار دەیسەلمێنن ریفۆرمی ئیسلامی پێش ریفۆرمی ئابووری و سیاسی دەکەوێ.

یەکەم: ئەو ڕێنوێنیەی لە ئاینەوە ئاراستە بکرێ ڕێز و سەنگێکی وای هەیە ڕەنگە بگاتە ئاستی پیرۆزی و خەڵك پێوەی پابەند دەبن. بەهاکانی خێر و شەڕ و جوانی و ناشیرینی و.. هتد پێش دەرکەوتنی ئاینەکان هەبوون، کاتێ دەریشکەوتن تەنیا ئاینەکان لەو بەهایانە نەدوان بەڵکو فەیلەسوفە مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایش لەبارەیانەوە دوان و نووسەر و ئەدیبەکان قسەیان لەبارەوە کرد، بەڵام کاتێ ڕێنوێنیکردن لەبارەی ئەو بەهایانە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەوە بێ، قورساییەکی دەبێ چەند قاتی ئەو سەنگەی کاتێ لە زاری هیگڵ یان دیکارت یان هەر فەیلەسوفێکیترەوە دەربچێ.

ئەگەرچی دەرەنجامی کۆتای ئەوەی فەیلەسوفەکانیش پێشکێشیان کردووە زۆر دوور نییە لەوەی پێغەمبەرەکان پێشکێشیان کردووە، بەڵام ئەوەی ئاینەکان پێشکێشیان کردووە ڕێز و پیرۆزیی زیاتری دەبێ و پابەندبوون پێوەی زۆر بەهێزتر دەبێ لەوەی فەیلەسووفەکان پێشکێشیان کردووە. ئەم قسەیە ڕەنگە هەندێ کەس تووڕە بکات، بەڵام ڕاستییەکەی پێغەمبەران فەیلەسووفی جەماوەرە پانوبەرینەکەن، پێغەمبەران بیرۆکەکانی فەیلەسووفەکانیان بۆ خەڵکە گشتییەکە پوخت و سادە کردووە، ئەویش چونکە ئاینەکان بۆ خەڵکی گشتین نەك بۆ کەمینە یان دەستەبژێرێك، بۆیە دەبێ ئەوەی پێشکێشی دەکەن ڕوون و ڕاشکاو و سادە و بێ گرێ و گۆڵ و گومان بێ. بەڵام کێن ئەوانەی دەتوانن لە گفتوگۆ و گریمانە و قووڵبوونەوەکانی فەیلەسووفەکان تێبگەن، کە هەندێ جار وا هەست دەکەیت ئەوینداری ئاڵۆزکردنن؟ بۆیە ئەگەر جەماوەر گوێی بۆ نەگرتن و شوێن پێغەمبەران و ئاینەکان کەوتن دەبێ تەنیا لۆمەی خۆیان بکەن.

لێرەوە ریفۆرمی ئاینی چانسی گوێ لێگرتن و لێتێگەیشتن و پێوە پابەندبوونی زیاترە. هەربۆیە ئەگەر ویستمان خەڵك بۆ دژایەتیی دیکتاتۆریەت و ستەمکاری هان بدەین، بەکارهێنانی زاراوەکانی نێو فەرهەنگی ئیسلامی لەبارەی ستەم و ستەمکاری و فیرعەنەوە، زۆر گوێ لێگیراوتر دەبێ لەوەی باسی شۆڕشی فرەنسایی یان بانگەشەی ئازادیخوازانەی ڤۆڵتێریان بۆ بکەین. لەبەرئەوە تەنیا کەسێك قسەی فەیلەسووفەکان یان سیاسەتوانە ڕۆژئاواییەکان لەبارەی دیموکراسیەتەوە، بەسەر شێوازی قورئان لە سەرکۆنەکردنی ستەمکاری و ملهوڕی و تاکڕەویدا هەڵدەبژێرێ، کە زەحمەت بەسەر ئاسان و و ئاڵۆز بەسەر ڕۆشن و بێگانە بەسەر خوێشدا هەڵدەبژێرێ.

دووەم: داواکردنی ریفۆرمی ئاینی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان و ئیمتیازاتەکانی دەسەڵاتدا لێك نادات، چونکە ئەگەرچی دەرەنجامی کۆتای ریفۆرمی ئاینیش هەمان دەرەنجامی ریفۆرمی سیاسی و ئابوورییە، بەڵام ئەمەیان بەناڕاستەوخۆ یان بەبێ پەلاماردانی کەسیی لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە ئەنجام دەدرێ. هەروەها لەبەرئەوەی ریفۆرمی ئاینی شتێکی بابەتییە، دوور نییە هەندێ لە کەسانی نێو ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان یان دەستەبژێرە سەرمایەدارەکانیش باوەڕی پێ بێنن و پشتگیری بکەن، چونکە سەرکۆنەکردنی ئەو جۆرە ریفۆرمە ڕوو لە کەسەکان ناکات بەڵکو ڕوو لە سیستمەکان دەکات.

لە کۆتایدا ئامانجی ریفۆرمی ئاینی چاککردنی تاکەکەسە وەك چۆن ئامانجی کۆمەڵگەیشە و ڕەنگە یەکەم جار کار لەسەر تاك بکات، ئەمەیش میتۆدێکی دروستە لە ئەنجامدانی ریفۆرمدا، چونکە لەگەڵ دانانان بە کاریگەریی قووڵی فاکتەرە سیاسی و ئابوورییەکاندا، هێشتا کەسایەتیی تاك خشتی یەکەمە لە بنیاتی کۆمەڵایەتیدا و چەندە ئەو کەسایەتییە چاکسازی تێدا بکرێ، ئەوەندە بنیاتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیش چاك دەبێ. هەروەها وێڕای زەحمەتیی چاککردنی تاك لەنێو بارودۆخی ئابووری و سیاسیی نالەباردا، هێشتا دەکرێ ئەو پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، چونکە پشتئەستوورە بە توانا شاراوە مەزن و کاریگەرەکانی ئاینەکان، بگرە دەکرێ هەندێ جار بارودۆخی ئابووری و سیاسیی خراپ پاڵنەر و یارمەتیدەر بێ بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و قبووڵکردنی ئەو چاکسازییە.

پێویستە ئەوەیش لە یاد نەکەین، کە ئاینەکان گەورەترین شۆڕشی جەماوەرییان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام داوە و بناغەی شارستانیەتییە گەورەکان بوون پێش ئەوەی خراپە دزە بکاتە ناویانەوە، هەروەها تەنانەت دوای ڕوودانی خراپەکارییەکانیش ئاینەکان هەر وەك جێمتمانەی جەماوەر ماونەتەوە، وێڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن ئاینەکان بەردەوام نوێنەری بەها مەزنەکان و هەڵگری سرووشتێکی جەماوەری و جیهانییانە بوون، کە گوتاریان ئاراستەی هەموو ئادەمیزادەکان بووە.

***   ***

# ئامانجی ریفۆرمی ئیسلامی کۆتاهێنان بە سەلەفیەت و گەڕانەوەیە بۆ چاوگەکە

ریفۆرمی خوازراو، کە بەیەکجاری و تاهەتایە لە خەمی ریفۆرم و ریفۆرمی نیوەچڵ و ناتەواو بمانحەوێنێتەوە، بریتییە لە کۆتاهێنان بە سەلەفییەت کە ماوەی هەزار ساڵە بەسەر فیکری ئیسلامیدا باڵادەستە و بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کۆمەڵگەی ئیسلامی تێکەوتبوو، توانیویەتی ئەو ماوە دوور و درێژە بمێنێتەوە. ئێستەیش دەستەودامانی رابردووە و چاوی لەوەیە ماوەیەکیتر درێژە بە خۆی بدات، بەڵام ئەوە مەحاڵە، چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە و زەوینە بۆ بزاوتی ریفۆرمی هەمەلایەن ساز بووە، کە سەردەمی سەلەفیەت کۆتا پێ دێنێ، هەموو ئەو تەمومژ و توێکڵە کەڵکەبووانەی بە ئیسلامەوە لکێنراون فڕێ دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ چاوگە رەسەنەکە، کە قورئانی پیرۆزە.

لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا –بۆ چاوگە رەسەنەکە– و رەنگە پێش لەوە پێویست بەوە دەکات لە سرووشتی ئاین تێبگەین، چونکە ئیسلام وێڕای تایبەتمەندیەکەی، ئاینێکە و پێویستە هەڵگری سرووشتی ئاینەکان بێ. بەراستی سەیرە کە جەماوەر لە هەموو رەگەزەکان ئاینەکانیان وەك شتێکی بڕیاردراو کە پێویستە پێوەی پابەند بن وەرگرتووە. یان وەك بەشێك لە کەلەپوور وەریانگرتووە کە منداڵ لە باوانییەوە بۆی دەمێنێتەوە، رێك وەك خەسڵەتە جەستەییەکانی لە درێژی و کورتیی بەژن، سپیەتی یان رەشیی پێست، یان وەك ئەنجامی ئەو دۆخەی تێیدا لەدایك بووە و وای کردووە لە وڵاتێکی دیاریکراودا لەدایك ببێ و لەوێشەوە شوێنی ئاینی ئەو شوێنە بکەوێ و لەوەیشدا هیچ فەزڵێکی نییە. ئاخر کەس پرسیاری لێ نەکردووە ئایا ئەو دۆخەی بەدڵە یان نا، خۆیشی بیری خۆی پێوەسەرقاڵ نەکردووە، چونکە وەك راستییەکی واقیعەکەی لێهاتووە.

کەس هەوڵی نەداوە لە خۆی بپرسێ بۆچی ئەو ناوی ئەحمەدە و یەکێکی تر ناوی جۆرجە، هەروەها بۆچی ئەو هەڵگری ئاینی ئیسلامە و یەکێکی تر هەڵگری ئاینی مەسیحییەتە. ئەی ئیسلام چییە و مەسیحیەت چییە. ئەم بیرۆکانە بەخەیاڵی تاکەتاکەی خەڵکی گەلانی دنیادا نایەت. ئەو پرسە لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ دامەزراوەی ئاینیی پسپۆڕ بەجێ هێڵراوە، ئەو باوەڕە زاڵ بووە کە تاکەکەسەکان ناتوانن چارەسەری پرسە ئاینییەکان بکەن و ئەوە ئەرکی دامەزراوە ئاینییەکەیە، واتە کەنیسە لە مەسیحیەت و جولەکایەتیدا و فەقیهەکان لە ئیسلامدا.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە دامەزراوەی ئاینی شتێکی نوێ پێشکێش ناکات، ئەو نایەوێ خەڵك هۆشیار بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێ دۆخەکە وەك خۆی بهێڵێتەوە و دروشمی هەمیشەیی برێتیە لە "لەتوانادا نییە لەوەی هەبووە باشتر دابهێنرێ". ئەم هەڵوێستە چەندە هۆکارێك بووە بۆ مانەوەی ئاینەکان، ئەوەندەیش هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی چەقبەستنی ئەو ئاینانە.

ئاگەداربوون لەم لایەنانە گرینگە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئاین و ئەو هۆکارانەی تێیدا سەرهەڵدەدەن و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

دوای ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە ئاین و دوای ئەوەی خۆمان چەکدار کرد بەم رۆشنبیرییە، دەگەڕێینەوە بۆ ئیسلام تا لە هەڵوێستەکانی تێبگەین، چ لەوەدا لەگەڵ ئاینەکاندا هاوبەشە، یان لەوەدا کە لەوان جیاوازە. کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ چاوگی ئیسلام کە قورئانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامراز و ئامانجانەی تێیدان و رێگەی قورئانمان فێر دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و پرسەکاندا، جا کۆمەڵایەتی بن یان سیاسی یان ئابووری. بەوەیش دەچینە نێو سەردەمی نوێوە– سەردەمی دوای سەلەفیەت (پۆست سەلەفیزم).

چەرخی زەمانە سووڕایەوە و وا ئێمە خۆمان لە هەمان ئەو هەڵوێستەدا دەبینینەوە کە پێشینانمان لە سێ سەدە یەکەمەکەی کۆچیدا تێیدا بوون، کە دەبوو مەعریفە ئیسلامیەکان، کەلە فەرموودە و فیقهـو تەفسیردا خۆی دەنواند، شەن و کەو بکەن، رێکیان بخەن و رێسا و میتۆدیان بۆ دابنێن.

ئێستە کە ئەو ڕێسایانە ڕزیون و دەستەپاچەن لەئاست وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی سەردەمدا، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵین و خولێکی نوێ دەست پێ بکەین و سەردەمی "پۆست سەلەفیزم"ی تێدا پێشکێش بکەین. ئێمە ئێستە لە جومگەیەك لە جومگەکانی مێژووداین، ماڵئاوایی لە چاخێك دەکەین و پێ دەنێینە چاخێکی نوێوە، کە هێشتا دەستی پێنەکردووە.

ئەگەر بمانەوێ ئەم بانگەشەیە ورد بکەینەوە، دەتوانین پاساوێك بۆ کۆتاهێنانی سەلەفیەت بخەینە ڕوو. چەندان هۆکار ئەو کۆتاهێنانە دەکەنە شتێکی پێویست، کە هەر دەبێ بەئەنجام بگات.

لەو هۆکارانە، ئەوەیە ئەو بناغە مەعریفییە ئیسلامییەی لە ماوەی سێ سەدەی یەکەمدا داڕێژراوە چەندان گێڕانەوە یاخۆ حەدیسی دروستکراوی تێکەڵ کراوە بەمەبەستی لەنێوبردنی ئیسلام یان بۆ هێنانەدی سیاسەتگەلێکی تایبەت و ئەو دەقانەیش بەسەر ئیمامەکاندا تێپەڕیون و وەك دەقی پیرۆز بەکاریان هێناون، ئەوە کەموکوڕییەکە لە بنیاتی ئەو تەلارە مەعریفییە نایابەدا.

هەروەها لەو هۆکارانە، ئەوەیە کە ئەگەر واش دابنێین ئەو بناغەیە ساغ و دروست بووە و ئەو کاتەی یەکەم جار بەرهەم هێنراوە بێ کەموکوڕی بووە، ئەوە تێپەڕینی هەزار ساڵ بەسەریدا وای لێدەکات تێزێکی دواکەوتوو بێ، ئەویش بەهۆی جیاوازیی بارودۆخەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەك کە دنیای کۆن وێنای نەکردووە، ئەو جیاوازی و پەرەسەندنەیش کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر تێگەیشتنی حوکمە شەرعییەکان لەلایەك و لەسەر گونجانی ئەو حوکمانە لەلایەکی ترەوە.

هەروەها لەو هۆکارانە، ئەوەیە گرینگترین شت ئەوەیە عەقڵی خۆمان وەگەڕ بخەین، چونکە عەقڵ چەکی مرۆڤە لە ژیاندا و بەهۆیەوە لە ئاژەڵ جوێ دەبێتەوە و توانای لێکجیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی پێدەدات، بەڵام ئومەتی ئیسلام بەدرێژایی هەزار ساڵ عەقڵی لە کارکردن ڕاگرتووە بەشێوەیەك عەقڵی موسڵمان خەریکە فەلەج دەبێ، چەندان چین ژەنگ و تەمومژ لەسەری کەڵەکە بووە، کە پێویستە ڕابماڵرێن.

یەکێك لە گەورەترین هەڵەکانی سەلەفیەت ئەوەیە عەقڵی تەندروستی سەرنگون کردووە و "نەقڵ"ی لەجێی داناوە، بەوەیش عەقڵیەتی موسڵمانان بووەتە عەقڵیەتێکی نەقڵی، کە نێزیکە لە پەکخستنی عەقڵ. تا ئەو کاتەیش سەلەفیەت بمێنێ عەقڵیەتی نەقڵییش هەر دەمێنێ و هیچ جۆرە پێشکەوتنێك نە لە بیری ئیسلامی و نە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕوونادات.

*** ***

وتمان سەرەتای "پۆست سەلەفیزم" گەڕانەوەیە بۆ چاوگەکە، واتە قورئان. بەڵام ئەو تێزی نوێکردنەوەیەی قورئانی پیرۆز کە مەبەستمانە تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی تەفسیرە کلاسیکییەکان. بگرە پێمان وایە ئەو تەفسیرانە گەورەترین زیانیان لە قورئان داوە، تێگەیشتنی ڕاڤەکارەکانیان بەسەر قورئاندا سەپاندووە، سروشت و چەمکەکانی سەردەمی خۆیان، بە هەموو ئەو ئەفسانە و گوتەزا و شتە پڕوپووچانەی باو بوون، تێکەڵی قورئان ڕدووە، بۆیە هیچ ریفۆرمێك نایەتە کایە و ڕزگاربوون لە سەلەفیەت مەحاڵە تا ئەو کاتەی خۆمان لە تەفسیرەکان ڕزگار نەکەین. تاکانە تەفسیری پەسەندکراو قورئان خۆیەتی، کە خۆی خۆی ڕاڤە دەکات.

لێرەوە بانگەشەی نوێکردنەوە خۆی بە تەفسیرەکانەوە نابەستێتەوە، هەر لە یەکەم تەفسیرەوە کە تەفسیرەکەی ئیبن عەباسە تا تەفسیرەکەی سەید قوتب.

ئەم بانگەوازە، پێی وایە قورئان پێش هەموو شتێك ئیرادەیەکی گۆڕینی زۆر بەهێزە، کە مرۆڤایەتی وێنەی نەدیوە، بەشێوەیەك زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەو شۆڕشەی قورئان بەرپای کرد گەورەترین شۆڕشی جەماوەری بوو لە مێژوودا،

که شۆڕشی جولەکایەتی و رزگارکردنی بەنی ئیسرائیل لە ستەمکاریی فیرعەون و شۆڕشی مەسیحیەت و رزگارکردنی ستەملێکراوان لە ستەمی رۆمانیش لە تێروتەواویدا پێی ناگەن.

عەرەبەکان بتی بێسوود و زیانیانیان دەپەرست، بەچاوی پیرۆزییەوە بۆ داب و نەریتی باوباپیرانیان دەڕوانی، ژیانیان لەسەر فەرهوود و تالاّن و مەیخواردنەوە و قومار دامەزرابوو. قورئان بەتوندی سەرکۆنەی ئەم جۆرە ژیانە و عەقڵییەتی پیرۆزکردنی داب و نەریتەکانی باوباپیرانی کرد "ئێوە و باوباپیرانتان لە سەرگەردانییەکی ئاشکرادا بوون". قورئان کۆمەڵگەی نەفامیی عەرەبەکانی فێری ئەوە کرد کە مرۆڤ بوونەوەرێکی رێزدارە و خوا فەرمانی بە فریشتەکان داوە کڕنووشی بۆ ببەن و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە ئەمانەت بە مرۆڤ سپاردووە.

ئیرادە بۆ گۆڕینی ئەوەی لە باوباپیرانەوە بەجێ ماوە و سەرکۆنەکردنی پشتگوێخستنی عەقڵ و بانگەشە بۆ رێزگرتنی مرۆڤ برێتییە لە رۆحی قورئان، ئەوەیش نهێنیی نکاریگەرییەکەیەتی، کە ئەوە لەلایەن تەفسیرە کلاسیکییەکان و لایەنە ئیسلامییەکانەوە ئاماژەی بۆ ناکرێ و رەنگە پێیشیان نەزانیبێ و هەڵوێستیان لەو رووەوە هەمان هەڵوێستی سەردەمی نەفامییە.

وشەکانی قورئان چێژێکی مۆسیقی و زرینگانەوەیەکیان هەیە وەك زرینگانەوەی زێڕ و زیو کە گوێکان تێدەپەڕێنێ و دەگاتە قووڵایی ویژدان. چەندان دەربرینی تێدایە کە بەبێ زۆرلەخۆکردن دەکرێ چەندان راڤەیان بۆ بکرێ، هەر راڤەیەك بۆ کات و شوێنێکی دیاریکراو. ئێمە هیچ نارەحەتیەکمان نەدی لەوەدا کە تەفسیرێکی سەندیکاییانە بۆ ئایەتی ژمارە ٢٨٢ی سوورەتی ئەلبەقەرە (ئایەتی قەرز، کە درێژترین ئایەتی قورئانە) بکەین بەشێوەیەك ببێتە بنچینە بۆ رێکەوتنە دەستەجەمعییەکان، لەکاتێکدا مەحاڵ بوو ئەم جۆرە راڤەیە بەبیری راڤەکارانی سەردەمە دێرینەکاندا بێ، چونکە رێکەوتنە دەستەجەمعییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا سەریان هەڵدا کاتێ کرێکارە بەریتانیایی و ئەمەریکاییەکان توانییان کۆمەڵە سەندیکایەکی بەهێز دابمەزرێنن، کە بتوانێ رێکەوتنامە و بەڵێننامە لەگەڵ کۆمپانیا و خاوەنکارەکاندا ئیمزا بکات.

هەروەها وشەی (تظلمون)ی دووەم لە ئایەتی "فلکم رؤوس اموالکم لاتظلمون و لاتظلمون" –واتە سەرمایەکەتان هەڵدەگرنەوە نە ستەم بکەن و نە ستەمتان لێ بکرێ–، کە باس لە قەرزدان و سوو (ربا) دەکات، بواری ئەوە دەدا کە تەفسیر بکرێ بەشێوەیەك بەهای قەرزەکە برێتی بێ لە بەها راستەقینەکەی پارەکە، نەك بەها ناوییەکەی، کە بەهۆی هەڵاوسانەوە نرخەکەی دادەبەزێ و بەوەیش کێشەی سوو لەسەر بناخەیەکی دادپەروەر و ماقووڵ چارەسەر دەبێ و چیدی وەرگرتنی زیادەیەك لە پارە قەرزکراوەکە بەهۆی روودانی هەڵاوسانەوە بە سوو حسیب نابێ، بگرە ئەوە مافێکی رەوای خاوەن قەرزەکەیە، قورئانیش دادپەروەری بۆ هەمووان دەوێ.

هەمان شت لەبارەی ئەوەی دەوترێ "قورئان چەند روویەکی هەیە" و دەکرێ حوکمێك و دژەکەیشی تێدا بێ، راستە. ئەوەیش لە باشییەکانی قورئانە، چونکە بوار بۆ فرەیی خۆش دەکات. قورئان هەڵبژاردنی جۆراوجۆر دەخاتە پێش چاو، هەر هەڵبژاردەیەك بۆ کات و دۆخێکی تایبەت گونجاوە.

ئایەتەکانی شەڕ و ئاشتی لە سیاقی خۆیاندا جێبەجێ دەکرێن، ئەوەش کۆمەڵگە بڕیاری لەبارەوە دەدات. کاتێ ئیسلام شەڕی لەگەڵ دەکرێ بەئایەتی "وقاتلوهم" وەڵام دەداتەوە، بەڵام کاتێ شەڕی لەگەڵدا نەکرێ ئایەتی "لا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ"{٨ الممتحنة} جێبەجێ دەکرێ.

هەندێ ئایەت بەڵێنی پاداشتی فراوان دەدەن و هەندێکیش هەڕەشەی سزای سەخت دەکەن، هەریەك لەوانەیش بۆ جۆرێك لە مرۆڤەکان گونجاون و لەجێی خۆیاندا رۆڵ دەبینن.

قورئان باسی هەندێ شت دەکات، بەڵام خەڵك ئەو باسکردنە وەك داننان بە ناوەرۆکی قسەکە لێك دەدەنەوە، بۆ نموونە ژنە مامۆستایەکی زانکۆی ئەزهەر بۆ ئیسپاتکردنی لەپێشتربوونی پیاو لە ئافرەت ئاماژەی بە ئایەتی "وليس الذكر كالانثى" کرد، ئیدی نەیزانی کە ئەو قسەیە لە قورئاندا لەسەر زمانی مەریەم هاتووە کە لەناو کۆمەڵگەیەکی جوولەکەدا ژیاوە کە باوەڕیان بە هەڵبڕینی کوڕان بەسەر کچاندا هەبوو، نەك ئەوە بۆچوونی قورئان بێ.

یەکێکی تر باسی لەوە کردبوو کە ئافرەتان حیلەبازن، بۆ ئەوەیش ئایەتی "ان كيدكن عظيم"ی بەبەڵگە هێنابوویەوە، لەکاتێکدا قورئان ئەو قسەیە لەسەر زمانی یەکێك لە دەستوپێوەندەکانی فیرعەون دەکات. بۆیە نابێ هەموو شتەکان لەسەر قورئان حسێب کرێن.

هیچ لە پیرۆزیی قورئانیش کەم نابێتەوە بەوەی هەندێ لە ئایەتەکانی حوکمگەلێکیان تێدا بێ تایبەت بە کۆمەڵگەی عەرەبیی سەدەی حەوتەمی زاینی، کە چارەسەری هەندێ کێشەی ئەو کاتەیان کردووە. کاتێ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەو حاڵەتانەی تێپەڕاند ئەو حوکمانەی قورئانیش لەبارەیانەوە دەپێچرێنەوە. بۆ نموونە ئەو کاتە بەهۆی پێکهاتەی خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی عەرەبییەوە دەوڵەت سوپایەکی پرۆفێشناڵی نەبوو، کە مووچە لە دەوڵەت وەربگرێ، بەڵکو سوپا لە خەڵکێکی خۆبەخش پێکهاتبوو، کە ژیانی خۆیان لەسەر ئەو چەك و تاڵانییە دابین دەکرد لە دوژمنەکانیان دەستیان دەکەوت، ئێستە ئەو وێنەیە نەماوە، سووپای پرۆفێشناڵ دروست بووە کە مووچە لە دەوڵەت وەردەگرێ و ئیتر تاڵانی جێی نابێتەوە، بەوەیش ئەو ئایەتانە دەپێچرێنەوە کە لە قورئاندا لەبارەی تاڵانییەوە هاتوون.

عومەری کوڕی خەتاب کاتێ بینی دڵڕاگیراوان (المؤلفة قلوبهم) دوای سەرکەوتنی ئیسلام نەماون، سڵی نەکردەوە لە ڕاگرتنی پشکی ئەو تاقمە لە زەکات، لەگەڵ ئەوەی دەقی قورئانی لەسەرە. هەروەها کاتێ بینی پیاوان بەخراپی سوود لەو حوکمە وەردەگرن، تەڵاقی کردە یەك تەڵاق لەکاتێکدا بە دەقی ئایەت تەڵاق دووجارە "الطلاق مرتان". هەمان شتی لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاکان لەکاتی شەڕ و برسیەتیدا کرد.

ئەم نموونانە دەریدەخەن کە هاوەڵان داخراو و چەقبەستوو نەبوون لەبەردەم قورئاندا، ڕەنگە ئەوەیان لەبیر بووبێ کە قورئان خۆی ستایشی ئەوانە دەکات کە کاتێ نیشانەکانی خوایان یاد دەخرێتەوە وەك کەڕ و کوێر بەسەریدا تێناپەڕن. "وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا" (الفرقان-٧٣).

## سوننە پێویستی بە پێوەرسازیی نوێ هەیە

بزاڤی نوێکردنەوەی هەمەلایەنە، نکوڵی لە سوننە -کە بە وتە و کردار و پەسەنکردنەکانی پێغەمبەر پێناسە کراوە- و ڕۆڵی سوننە ناکات، بەڵام پێی وایە سوونە ئەوەیە کە قورئان فەرمانی پێکردووە کاتێ داوای لە پێغەمبەر کردووە ئەو شتە بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە کە دابەزێنراوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ چاوپۆشی لە هەندێ ڕاستی بکەین لەبارەی سوننەوە. لەوانە، سوونە لەنێوان ساڵی ١٠٠ تا ٢٥٠ کۆچیدا تۆمار کراوە، ئەوەیش بواری خۆش کردووە بۆ پەیدابوونی دەیان هەزار حەدیسی دروستکراو.. دووپاتی دەکەینەوە: دەیان هەزار.

هەروەها لەو ڕاستییانە، پشتبەستنی بگێڕەوەکانی حەدیس بە سەنەد لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە پێش قۆناغی نووسینەوە و تۆمارکردنی حەدیسەکان لەڕێی گواستنەوەی دەماودەمەوە(کە نێزیکەی ١٥٠ ساڵ بووە) ڕێگەیەکی جێمتمانە نییە، چونکە گواستنەوەی دەماودەم بەکەڵکی ئەوە نایەت بکرێتە بناغە بۆ سەلماندنی مافەکان بەتایبەت ئەگەر ماوەکە درێژ بوویەوە، هەروەها لەبەرئەوەی تەرکیزکردن لەسەر سەنەد تەرکیزکردنە لەسەر ئەو پردەی دەقەکانی بەسەردا

پەرپیوەتەوە نەك لەسەر خودی بابەتەکە. لە چەندان نووسیندا ئاماژەمان بەوە داوە کە قورئان رێگەیەکی تایبەتی بۆ سەلماندنی مافەکان (الحقوق) داناوە ئەویش "بەڵگەنامەی نووسراو"ـە کە دوو کەسی دادپەروەر شایەتی راستی بۆ بدەن. قورئان راشکاوانە دەلێ "ولا تسأموا أن تكتبوه صغيراً أو كبيراً". واتە بێزار مەبن لەوەی ورد و درشتی تۆمار بکەن. جا ئەگەر قورئان لەبارەی شایەتیدانێك بۆ ئیسپاتی خاوەنداریەتیی چەند دینارێك ئەم مەرجانە دابنێ، دەبێ لە دانانی مەرجەکان لەسەر راستیی هەندێ دەق، کە بەهۆیانەوە لە گەردن دەدرێ و داوێن حەلاڵ دەکرێ، توندگیرتر بێ.

کەواتە هیچ چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەی دڵنیابوون لە راستیی حەدیسەکان نییە تەنیا بە دیسپلینکردنی سوننە نەبێ بە پێوەرەکانی قورئان، هیچ موسڵمانێکیش نییە ئەم بنەمایە رەت بکاتەوە یان بە بێبایەخکردنی سوننەتی بزانێ، بگرە ئەوە گەرەنتییە بۆ سوننە و سووربوونە لەسەر ئەوەی دەقە راستەکانی دەربکەون و ناڕاستەکان پاکسازی بکرێن.

بزاوتی نوێکردنەوەی ئیسلامی، کە بانگەشە بۆ نوێکردنەوەی گشتگیر دەکات و پێی ناوەتە سەردەمی "پۆست سەلەفیزم"ەوە، دوازدە پێوەری قورئانی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکانی حەدیس و ناسینەوەی راستەکان لە دروستکراو و لاوازەکان داناوە، ئەگەر حەدیسێك لەگەڵ یەکێك لەو پێوەرانەدا نەگونجا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین و کاری پێناکەین، چونکە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ناتەواوییەکی تێدایە (بڕوانە کتێبی "السنة" بەشی دووەم لە کتێبی "نحو فقه جديد". هەروەها کتێبی "الاسلام كما تقدمه دعوة الاحياء الاسلامي".

جگە لەم نوێکردنەوە ریشەییە لە سەلماندنی راستیی حەدیسەکان، کە رەنگە چەند سەد حەدیسێکی سەحیح دوور بخاتەوە، ئێمە باوەڕمان وایە هەموو ئەوەی پێغەمبەر لە دەرەوەی چوارچێوە قورئانییەکە وتویەتی یان کردویەتی بەپێی نیگایەکی سوننەیی بووە جیا لە وەحی قورئانی، کە ئامانج ئەوە بووە کاری پێ بکرێ تا ئەو کاتەی واقیعەکە بیخوازێ، بەبێ ئەوەی وەك وەحیی قورئان حوکمی تاهەتایی (تأبيدي) هەبێ.

بزاوتی نوێکردنەوە ئەم بیرۆکەیەی دانەهێناوە و بەئارەزوی خۆی داینەتاشیوە، بگرە لەسەر بناغەی چەند پێشەکیەکی جێگیر و جێمتمانە بنیاتی ناوە، کە برێتین لەمانە:

**یەکەم:** قورئان وردەکاریی عیبادەتەکانی وەك نوێژ و زەکات و ئەوانی تری باس نەکردووە، ئەوەیش بێگومان لە لەبیرچوونەوە نەبووە "وماكان ربك نسيا" (مريم-٦٤).

بەتێگەیشتنی ئێمە قورئانی پیرۆز ویستی وا بووە پرسە هەمەکییە مەزنەکان تاهەتایی بکات، هەر بۆیە باسی کردوون، هەرچی وردەکارییەکانیانە نەیویستووە تاهەتایی(تأبيد)یان بکات، ئەگینا باسی دەکردن.

**دووەم:** لەبارێکدا پێویست بووە ئەو وردەکارییانە باس بکرێن، دیاریکردنی ئەو وردەکارییانە بەپێغەمبەر سپێردراوە "لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ".

**سێیەم:** پێغەمبەر لەخۆیەوە بەم کارە هەڵنەساوە، بگرە بەپێی وەحیەکی سوونەیی ئەو کارەی کردووە، کە شێواز و مەرجەکانی لە وەحیی قورئان جیاواز بووە. وەحیی قورئانی سرووشتێکی تایبەت و مەرجێکی توندی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەقە قورئانییەکە رێك بە وشەکانی خۆی رابگەیەنرێ.

**چوارەم:** لە هەمان کاتدا پێغەمبەر رێگری کردووە لە تۆمارکردنی وتەکانی خۆی و فەرمانی داوە هەر کەس قسەی ئەوی نووسیوەتەوە با بیسڕێتەوە. ئەمە پرسێکی سەلماوە و ناکرێ ملەجەڕێی تێدا بکرێ. نووسینەوە و تۆمارکردنی حەدیس لە کۆتای سەدەی یەکەمی کۆچیدا و لەسەر دەستی خەلیفەی ئومەوی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز -کە هەندێ سەرچاوە بە خەلیفەی پێنجەمی راشدی ناوی دەبەن- دەستی پێکردووە. چوار خەلیفە راشدییەکە رەتیان کردووەتەوە سوننە تۆمار بکرێ.

ئەو ڕووداوە نیشاندەری ئەوەیە پێغەمبەر خۆی نەیویستووە سیفەتی تاهەتایی قورئان بەو وردەکارییانە بدات کە فەرمانی پێکراوە، لەوەیشدا لەگەڵ قورئاندا کۆکە، هەر ئەوەیش چاوەڕێکراوە. ئەوەی وەحیی سوننەیی هێناویەتی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دۆخەکە دەیخوازێ، ئەگەر دۆخەکە گۆڕا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قورئان و لەوەوە بڕیاری نوێ بەرهەم دێنین کە لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا بگونجێ.

هەندێ لە فەقیهەکان، لەوانە ڕەشید ڕەزا ئاماژەیان بەوە داوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەتیان کردووەتەوە حەدیسەکان وەك قورئان بە ئاینێکی گشتی و هەمیشەیی وەربگرن. بەپێی فتوایەکی ئەزهەریش تەنیا سوننە بەس نییە بۆ سەلماندنی واجببوون یان حەرامکردنی شتێك.

*** ***

*** پوختەی لێکۆلینەوەیەکە پێشکێشی کۆنفرانسی "ریفۆرمی ئیسلامی و دیموکراسیەت" کراوە لە ٢٧–٢٩ سێپتەمبەری ٢٠٠٤.**

http://www.islamiccall.org/Dirasat_IslahManshud.htm

*** ****

# ئایا دەکرێ شەریعەت پیادە بکرێ؟

**نووسینی: جەمال بەننا**

**لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور**

## زەحمەتییەکانی بەیاساکردنی شەریعەت

دروشمی پیادەکردنی شەریعەت یەکێکە لە دروشمە هەرە بەناوبانگەکان و گەورەترین کۆلکەی هاوبەشی نێوان دەستە و گرووپە ئیسلامییە جیاوازەکانە، رەنگە لە مەودا یاخۆ چۆنیەتیی پیادەکردنەکەدا جیاواز بن، بەڵام هەموو کۆکن لەوەی هەر کەس نکولی لێ بکا لە ئاین وەرگەڕاوە.

ئەو دەستە و گرووپانە پێیان وایە پیادەکردنی شەریعەت وەڵامدانەوەی خواستێکی جەماوەری و جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئیسلامییە و ئەو یاسایانەیش کە ئەو کارە رێك دەخەن، ئامادە کراون، ئەوە بوو چەندان لێژنە بەسەرۆکایەتیی دکتۆر سوفی ئەبوتالیب لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەنوەر ساداتدا دەستی دایە (پرۆژەیەك بۆ بەیاساکردن (تقنین)ی شەریعەت)، بەڵام ریفعەت ئەلمەحجوبی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە نەیهێشت رووناکی ببینێ.

بەڵام وردبوونەوە و تێڕامان دەری دەخا بابەتەکە زۆر زەحمەتتر و ئاڵۆزترە لەوەی ئەوانە وێنای دەکەن و چەندان لەبەرچاوگرتن و هۆکار هەن کە پێویستە یەکلا بکرێنەوە پێش لەوەی پەنا بۆ ئەو کارە ببرێ، هەندێ لەو هۆکارانەیش سەختن، هەندێکی تریشیان وا دەکەن بەدیهێنانی پیادەکردنی شەریعەت لەم دۆخە ئارایەدا مەحاڵ یاخۆ نەزۆك بێ.

بە چاوگێڕان بە مێژوودا بۆمان دەردەکەوێ –جگە لە ماوەی پێغەمبەر (د.خ) خۆی– پیادەکردنی شەریعەت ئازاد بووە و ملکەچی چەندان ئیجتیهاد بووە و شێوەی "یاسا"ی وەرنەگرتووە تەنانەت کاتێکیش تورکیا "کۆواری ئەحکامی عەدلیە"ی دانا و تەنانەت دوای ئەوەیش محەمەد قەدری کتێبی "مرشد الحيران الى معرفه حقوق الانسان"ی دانا، کە ئەو دوو سەرچاوەیە دەقەکانی شەریعەتیان لە مادەگەلی یاساییدا داڕشت.

هەروەها مێژوو پێمان دەڵێ بیرۆکەی بەیاساکردنی شەریعەت بەجۆرێك لە جۆرەکان ختووکەی هەندێ لە خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسی داوە، بەڵام هەموویان لەوەدا شکستیان هێناوە.

یەکەمیان عومەر کوڕی عەبدولعەزیز بوو کە دەستی بە تۆمارکردنی سوننە کرد، مەبەستیشی شتێك بوو زیاتر لەوەی مەترسی فەوتانی ئەو زانستە هەبێ، وەك لە حەدیسەکەی ئەبی زەرعەدا کە روونی دەکاتەوە مەبەستی ناوبراو لە تۆمارکردنەکە ئەوە بوو ببێتە یاسایەك و خەڵکی پێوە پابەند بکا، بەڵام خەلافەتەکەی تەنیا دوو ساڵی خایاند. هەندێ نووسەر پێیان وایە پێش لەو وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکیش ویستوویەتی ئەو کارە بکا و نامەی بۆ دادوەرەکان نووسیوە کار بە بۆچوونی خالیدی کوڕی ئەلکەلاعی بکەن، بەڵام ئەو هەوڵە لەبەردەم نەریتە فیقهییە باوەکاندا شکستی هێنا.

بەڵام لە هەمووان بەربڵاوتر و واتادارتر ئەو گفتوگۆیەیە کە لەنێوان ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس و ئەبوجەعفەری مەنسووردا رووی دا، وەك مالیك خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ "کاتێ ئەبوجەعفەری مەنسوور حەجی کرد، بانگی کردم چوومە لای، قسەم لەگەڵ کرد، پرسیاری لێ کردم و وەڵامم دایەوە، گوتی من بەنیازم فەرمان بکەم چەند دانەیەك لەم کتێبەی داتناوە –مەبەستی (موطأ) بوو– وێنە بگریتەوە و هەریەکەیان بۆ ناوچەیەك لە ناوچەکانی موسڵمانان بنێرم و فەرمانیان پێ بکەم کار بەوە بکەن و لێی لانەدەن بۆ شتی تر و واز لە هەر شتێکی تر لەو زانستە داهێنراوە بێنن، چونکە من دەبینم بنچینەی زانست (ی شەرعی) ریوایەت و زانستی خەڵکی مەدینەیە. منیش گوتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەوە مەکە، چونکە خەڵك پێشتر هەندێ گوتەیان پێ گەیشتووە، هەندێ حەدیسیان بیستووە و هەندێ ریوایەتیان گێڕاوەتەوە و هەریەکەیان لەو جیاوازییانەی لەنێوان هاوەڵانی پێغەمبەر و ئەوانی تردا هەبوون، شوێن ئەوانەی پێش خۆیان کەوتوون و کاریان پێ کردووە

و ملکەچی بوون، هەربۆیە بەر پێ گرتنیان ئەستەمە، وازیان لێ بێنە چۆنن و هەر وڵاتێك چییان هەڵبژاردووە با وا بمێننەوە.."، ئەویش گوتی "سوێند بێ ئەگەر بەگوێت بکردمایە، فەرمانم بەوە دەکرد".

ئیبن موقەفەع سەری سوڕما لەوەی حوکمەکان بەپێی شار(مصر)ەکان دەگۆڕێن، بۆیە لە کتێبی "رساله الصحابه"دا دەنووسێ "لەو شتانەی لە کاروباری ئەم دوو شارەدا (کوفە و میسر) و باقیی میسر و ناوچەکانی تر فەرمانڕەوای ئیمانداران تێی دەڕوانێ، جیاوازیی ئەم حوکمە ناکۆکانەیە کە هەندێ جار ئاسەواری گەورە لە خوێن و دامێن و ماڵەکاندا بەجێ دێڵێ، بەشێوەیەك خوێن و دامێن لە حیرە حەڵاڵ دەکرێن و لە کوفە حەرام دەکرێن، هەمان جیاوازی لە ناوجەرگەی کوفەیشدا بەدی دەکرێ و هەندێ شت کە لەناوچەیەکیدا حەرامە لە ناوچەیەکی تریدا حەڵاڵ دەکرێ.. ئەگەر ئەمیری ئیمانداران فەرمان بکا ئەو باس و بابەتە لێك جیاوازانەی بۆ بەرز بکرێتەوە و لەگەڵیشیدا بەڵگەی هەر کۆمەڵێکیشی لە سوننە و قیاس بۆ بەرز بکرێتەوە، ئەنجا ئەمیری ئیمانداران سەیریان بکا و بەو شێوەیەی خودا ئیلهامی دەکا رای خۆی دەربڕێ، جا پێداگری لەسەر بکا و قەدەغەی کارکردن بە غەیری ئەوە بکا و لەو رووەوە نووسراوێکی گشتگیر بنووسێ..ئەوەیش ئیشەڵا ئیمامی ئاخرزەمان دەبێ".

بەڵام ئەم هەوڵەیش وەڵامی نەبوو.

تێبینی دەکرێ دەستپێشخەری لەم هەوڵانەدا لەلایەن حوکمڕان و یاریدەدەرەکانیانەوە بوون، ئەوەیش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، چونکە ئەو کارە جڵەوەکەی دەخستە دەستیان و دەسەڵاتی زیاتری پێ دەبەخشین و بەرگی شەرعیەتی وەبەر دەسەڵاتەکەیانەوە دەکرد، یان رەنگە ئەو کەشوهەوا ئازادەی لەو کاتەی باو بووە سەری کێشابێ بۆ نائارامی و پشێوی و بێ سەروبەری لە دەرکردنی ئەحکامدا وەك ئیبن موقەفەع ئاماژەی پێ داوە، بۆ دەوڵەتیش ئەستەمە لە ئاست دۆخێکی وادا بێدەنگ بێ، هەر بۆیە حوکمڕانەکان زیاتر بەپەرۆش بوون بۆ تەقنینی شەریعەت، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو کە ئەوان وێنایان دەکرد، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە شەرعزان(فقیه)ەکان ئەو هەوڵەیان رەت دەکردەوە کە دەسەڵاتی لەوان دەسەند و دەیدایە دەست دەوڵەت ئەگەرچی هەندێکیان وەك دادوەر لە ناو دەوڵەتیشدا بوون، ئەویش چونکە لەوکاتەدا پشت بەو قازییانە نابەسترێ کە لە خزمەتی دەوڵەتدان، بەڵکو پشت بەو شەرعزانانە دەبەسترێ کە دانەری ئەو ئەحکامانەن قازییەکان کاریان پێ دەکەن.

ئەو ماوەیە قۆناغی کەوتنەسەر پێی فیقهـ و گەشانەوەی ئیجتیهاد بوو و ئاسان نەبوو سەرکوت یان لەقاڵب بدرێ، چونکە لە باوەڕی قووڵی شەرعزانەکان بە پەیام و رۆڵیان و ئەو راسپاردەیەی ئەرکی پاراستنیان پێ سپێردرابوو، سەرچاوەی گرتبوو.

لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر ئەو هەستە بوو کە لە قوڵایی ناخی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەوکاتەدا –بە جەماوەر و شەرعزانەوە– هەبوو، کە وای دەبینی حاڵەتی سرووشتیی شەریعەت ئەوەیە بسپێردرێ بە شەرعزان و نووسینگەکانیان و بە جەماوەر و هەست و شعوری خۆیان و پێوەندییەکان ئازاد و کراوە بن، دۆخێکی لەم شێوەیە دەبێتە مایەی گەشانەوەی فیقهـ و لەوێشەوە شەریعەت و ئاسۆ و تەکنیکەکانی دەکرێنەوە، هەروەها دەرفەت بە جەماوەر دەدا ئازادانە دەست بە رای ئەم یان ئەو شەرعزانەوە بگرێ، شوێن ئەم یان ئەو مەزەب بکەوێ، هەموو ئەمانەیش، چەندە فرە رەنگ بن، چوارچێوەی قورئان کۆیان دەکاتەوە و هەمووان بە "پاڵنەری قورئان" دەبزوون.

ئەوە قۆناغێکی مێژوویی ئازاد بوو کە هەموو جۆرە بەستنەوە و نوێکردنەوەیەکی رەت دەکردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی ئازادانە، بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ، هەنگاو بنێ، رێك وەك ئەو ئەسپە کێوییەی زین نەکراوە و لغاو نەخراوەتە دەمی و رازی نابێ کەس سواری پشتی ببێ.

ئاخۆ کۆمەڵگەیەکی کراوەی لەو شێوەیە کە شەرعزان و جەماوەرەکەی شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و ئازادی بواری بۆ هەموو جیاوازییەکان کردووەتەوە، مل بۆ حوکمی دەوڵەتێکی مەرکەزی و دەسەڵاتێك کە لەرێی یاساوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمووواندا بسەپێنێ، کەچ دەکا.

بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە نەیدەتوانی بمێنێ و بەردەوام بێ، لۆژیکی پەرەسەندن و ئەو بنەمایانەی کۆمەڵگەکانیان لەسەر دادەمەزرێ، ئەوەیان رەت دەکردەوە.

تەنانەت ئەگەر شەرعزانەکانیش کەمێك ملیان بدایە، هێشتا ئەو تەقنینە خوازراوە پێویستی دەکرد یان ئەوەتا مەزەبێك وەربگیرێ و ئەوانی تر بەلاوە بخرێن کە ئەوە لەلایەن شەرعزانەکانی مەزەبە فەرامۆشکراوەکانەوە پشتگیری ناکرێ، یان ئەوەتا تەقنینەکە بەشێوەیەکی ناوبگیری/پینەوپەڕۆیی (انتقائی/تلفیقی) بکرێ، ئەوەیش ئەستەمە، چونکە جیاوازیی نێوان مەزەبەکان جیاوازییەکی بناوانییە، واتە پێوەندییان بە بنەماکانی گەیشتن بە حوکمە شەرعیەکانەوە هەیە، ناوبگیری و پینەوپەڕۆییش ناکرێ چونکە ناتەبایی بناواکان رێگرە لەوەی هەموو لە بۆتەیەکدا بتوێنەوە و جۆش بدرێن مەگەر بە بازدان بەسەر چوارچێوەی بەڵگەکانی حوکمگەل (ادلە الاحکام) کە لە ئوسوڵی فیقهدا جێگیر کراوە، بۆ ئامانجەکانی شەریعەت وەك چەمکی "بەرژەوەندی" لای توفی یان "مەقاسید" لای ئیمامی شاتبی، دیارە کە کۆمەڵگە ئەو کاتە و تا ئەم ساتەیش رێگەی نەداوە بەو قۆناغە بگەن.

دەسەڵاتداران، بەم شێوەیە، خۆیان لە بەردەم گێژاوێکدا دۆزیەوە کە ناتوانن بگەنە رێگەی مەبەست، دوای ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ ئەنجا توانییان ئەوە بکەن، وەك ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کردی کاتێ مەزەبی حەنەفی کردە مەزەبی رەسمیی دەوڵەت و کۆواری ئەحکامی عەدلیەی دانا، یان کاتێ دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران مەزەبی جەعفەری کردە مەزەبی دەوڵەت، ئەمەیش دیارە پاش ماوەیەکی زۆر لە داخستنی دەرگای ئیجتیهاد و دادانەوەی لاپەڕەی داهێنان و گەشانەوە و باڵادەستبوونی لاساییکردنەوە، کە رێگەی بە هەنگاوێکی لەو جۆرە دا.

یەکلاکردنەوەکەیش بە دەستپێشخەریی دەوڵەت بوو، لە حاڵەتی دەوڵەتە تورکییە عوسمانیەکەدا بەبێ ململانە رووی دا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەك داهێزرابوو ئومێدی سەرهەڵدانی هیچ بەرەنگارییەك بۆ ئەو پرۆژەیە نەمابوو، بەڵام لە ئێران دوای جەنگێکی قورس لەدژی مەزەبە سوننیەکان هاتە دی، کە بە رووبار خوێنی تێدا رژا.

هەروەك چاوەڕوان دەکرا، دەستێوەردانی دەسەڵات بۆ پیادەکردنی شەریعەت، تەنانەت ئەگەر لە پیاوانی شەرعزانیش لە ریزی دەسەڵاتدا بن، بووەتە مایەی گەنادنی هەموو شتێك و لە دەستدانی رۆحی شەریعەت، چەندە گەرەنتیش بدرێ ئەوە دەسەڵات بەم یان بەو شێوە پێچ بە دەوری ئەو گەرەنتییانەدا لێ دەدا، سڕیان دەکا و سەرەنجام لە کۆتایدا هەموو شتەکان دێنەوە سەر "پاڵنەری سوڵتان".

بگرە روانینی خەڵك بۆ شەریعەتیش دەگۆڕێ، لەکاتێکدا پێشتر گەورەترین هۆکار بۆ بەگەڕخستنی شەریعەت باوەڕ بوو، ئەو هۆکارە دەگۆڕێ بۆ "ملکەچی"، ئای چ جیاوازییەکی گەورەیش لە نێوان شیرینیی باوەڕ و تاڵیی ملکەچکردندا هەیە. وردە وردە شەریعەت پیرۆزی و گەرمی و ئەو هەستەی کە شەریعەت هی خوا و پێغەمبەر و یارانی و وەچەکانی شەرعزانەکان و ئەو زانایانەی بە ئیلهامی باوەڕ و دڵسۆز و نێزیکبوونەوە لە خودا کاریان دەکرد، لەدەست دەدا و دەبێتە یاسایەکی رەقوتەق کە دەوڵەت دەری دەکا و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەکا.

ئاخۆ ئەوانەی بانگەشە بۆ پیادەکردنی شەریعەت دەکەن، بیریان لەم شیمانە و پەرەسەندنانە کردووەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو کارەدا دێنە پێش؟

دکتۆر رەزوان ئەلسەید دەڵێ "بەکورتی دروشمی پیادەکردنی شەریعەت ئەنجامگەلێکی لێ دەکەوێتەوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن ناکۆکە، چونکە دەبێ فیقه لە وێنەی دەقێکی یاساییدا تۆمار بکرێ، ئەوەیش لە

پێگەی شەریعەت و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی دادەبەزێنێ کاتێ دەیخاتە شوێنی یاسایەکی سەرکوتکەر، هەروەها دەسەڵاتگەلێکی نوێ بە دەوڵەت دەدا کە کۆمەڵگەی مێژوویی ئێمە لێی سەندووەتەوە، بەوە دەسەڵاتێکی تری سەرکوتکەرانەی دەداتێ، ئەوەیش ناکۆکە لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی ئومەت کە لەسەر بیرۆکەی کۆمەڵ (الجماعە) دامەزراوە، چونکە کۆمەڵگە پەرت دەکا و لە کۆتایدا سیستمێکی بەهایی نوێ دێنێتە کایە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی دەوڵەتی ناسیونالیستی خاوەن مۆرکی هەرێمایەتی بگونجێ".

*** ***

## هەر شتێك شەریعەت هێنابێتی قابیل بە هەموارکردنە

سەیر لەوەدایە ئەم بابەتە (هەموارکردن) لە کاتێکی زۆر زووی مێژووی شەریعەتدا سەری هەڵ دا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا کە هێشتا پازدە ساڵێك بەسەر مردنی پێغەمبەردا تێپەڕی کردبوو و پێناچێ ئەو ماوەیە ئەوەندە بێ پێویست بە "هەموارکردن"ی دەقی قورئانی بکا و پەرەسەندن ئەو هەموارکردنەی دەق ناسەپێنێ، بەڵام ئەمە رێك ئەوە بوو کە رووی دا و بووە مایەی ئیجتیهادەکانی عومەری کوڕی خەتاب کە تائێستەیش لکێکە لە قورگی شەرعزانەکاندا و لە بەرامبەریدا تەنیا ئەوە دەڵێن و دەڵێنەوە "ئایا ئێمە وەك عومەری کوڕی خەتابین؟ ئێمە لە کوێ و عومەر لە کوێ؟".

لە ئایەتی ژمارە ٦٠ی سوورەتی تەوبەدا کە باسی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە دەکا زەکاتیان پێ دەدرێ، ئاماژە بەوە دراوە دڵڕاگیراوان (المؤلفە قلوبهم) بەشیان هەیە (ئەو کەسانەن بۆ بەستنەوەیان بە ئاینەکەوە لە زەکات پشکیان هەیە)، ئەوانیش سەرۆك هۆزەکان بوون کە پێغەمبەر لە زەکات بەشی دەدان تا دڵیان گرێ بدا بە ئاینەکەوە، دوای ئەو ئەبوبەکریش ئەو بەشەی دەدانێ، بەڵام کاتێ عومەر هات پەرەسەندن کاری خۆی کرد و ئەو بەشە لە زەکاتی بۆ خەرج نەکردن، چونکە ئیسلام باسکی ئەستوور و دەسەڵاتی جێگیر بووبوو، هەربۆیە عومەر بێبەشی کردن لەو پشکەی بە دەقی قورئان بۆیان بڕابوویەوە، ئەوەیش بەو مانایە نییە عومەر دەقێکی قورئانی پووچەڵ یان بەتاڵ کردووەتەوە، بەڵام ئەو سەیری هۆ (عیللە)ی دەقەکەی کرد نەك رواڵەتی دەقەکە و پێی وابوو تەرخانکردنی پشکێك لە داهاتی زەکات بۆ دڵڕاگیراوان پێوەست بووە بە بارودۆخێکی زەمەنیی تایبەتەوە، کە ئەوەی خواستووە.

عومەر هەروەها ئیجتیهادی کرد و لە ساڵی رەمادە (برسێتی)دا حوکمی دەستبڕینی دزی راگرت، چونکە دەیزانی رەنگە برسێتی مرۆڤ ناچاری دزیکردن بکا، ئەوەیش ئەو گومانەیە کە بەهۆیەوە دەکرێ حەد جێبەجێ نەکرێ. هەرچی دابەشنەکردنی زەوییەکان بوو بەسەر جەنگاوەرانی فەتحدا، سەرەداوێکی رەوایی لە ئایەتی "وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ * وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ" (الحشر : ٩ـ١٠)دا بۆ دۆزییەوە.

ئێمە پێمان وایە ئەوەی عومەر کردوویەتی نێزیکترە لە راستی نەك ئەوەی دەڵێ عومەری کوڕی خەتاب دەقێکی پەك خستووە یان رای گرتووە، کە ئەنجامی کردەنیی هەردووکیان یەك شتە، ئەویش جێبەجێ نەکردنە.

شەرعزانەکان بە دوای هۆیەکی "شەرعی"دا دەگەڕێن بۆ راگرتنی جێبەجێکردن، دەشیدۆزنەوە، ئێمەیش هەمان شت دەڵێین، بەڵام بە دەربڕینێکی جیاواز، پەرەسەندنی ژیان هۆیەکی شەرعیی گشتیتر و بەهێزتر لە شەرعیەتدا دێنێتە کایە لەوەی شەرعزانەکان لە رێسا فیقهییەکاندا دۆزییانەوە، چونکە ئەوەی ئێمە ئاماژەی پێ دەدەین بریتییە لەوەی دەقێك لە دەقەکانی شەریعەت لە توانایدا نابێ ئامانج لە هاتنی، کە بەدیهێنانی دادپەروەرییە، بەدی بێنێ.

کاتێ یاساکانی زەواج و تەڵاق و میرات دانران، کار بە سیستمی کۆیلایەتی و جزیە کرا و قورئان تاڵانی جەنگەکانی دابەش کرد، هەموو ئەمانە لە تەواوی دنیادا کاریان پێ دەکرا، ئەوە حوکمی سەردەم بوو، ئەرستۆ پاڵپشتی لە کۆیلایەتی

دەکرد، تەنانەت مارکس بە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە قۆناغی پێشتری دادەنا، ئیسلام نەیدەتوانی کۆمەڵگە قلْپ بکاتەوە و ئەو دۆخەی تێیدا دەژیا لە ریشەوە هەڵتەکێنێ و دۆخگەلێکی تەواو نوێ بێنێتە کایە با ئەو نوێیە لە کۆنەکە باشتریش بێ.

خودای گەورە کۆمەڵێ یاسا و بنەمای بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان داناوە، نەدەکرا بۆ نموونە کۆیلەکان ئازاد بکرێن چونکە ئەگەرچی ستەم و نامرۆڤایەتیش لەو سیستمەدا هەیە، بەڵام رۆڵێکی بنجییان لە بەرهەمهێناندا هەبوو کە نەدەکرا دەستبەرداریان بن. لەگەڵ ئەو هەمووو هەوڵەی "ویلبەر فۆرس" لە ئینگلتەرا و "لنکۆلن" لە ئەمەریکا بۆ ئازاکردنی کۆیلەکان دایان، بەڵام کۆیلەکان ئازاد نەبوون، تەنیا ئەوکاتە ئازاد بوون کە ئامێری هەڵمی سەری هەڵ دا و وای کرد کاری کۆیلە لەبری ئەوەی وەك پێشتر دەسکەوت بێ، ببێتە بارگرانییەك بۆ خاوەنەکەی، بۆیە پێویست بوو لە کۆڵ بکرێنەوە، ئەوەیش بە ئازادکردنیان بەدی دەهات. ئەمە نموونەیەکە لەسەر شێوەی کارکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی بەشەری.

ئەو ئەحکامانەی قورئان لەبارەی چەندان وێنەی حاڵەتی مێژوویی کە لەو سەردەمەی کۆمەڵگەی بەشەریدا هەبوون و دانیان پێدا نراوە، هاتون، وەك تالانی و جزیە، ناچێتە عەقڵی کەسەوە ئەمڕۆ جێبەجێ بکرێن، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە، کە بریتییە لەوەی ئێستە جەنگ لەلایەن سوپاگەلێکەوە دەکرێ مووچەی مانگانەی خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە پێ دەدرێ و تاکانە سەرچاوەی رزقی سەربازەکان تالانیی شەڕ نییە، هەروەها لەبەرئەوەی جزیە وەرگرتن وێنەیەك بووە لە وێنەکانی دوژمنایەتیی قووڵی دەوڵەتەکان بۆ یەکتر، ئەوەیش بابەتێکە لە سەردەمی نوێدا جێگەی نابێتەوە و هاوڵاتیبوون جێگەی جزیەی گرتووەتەوە.

کەواتە هەمووی ئەوەی لەبارەی شەریعەتەوە (مەبەستی حوکمەکانی هەڵسوکەوت و رەفتار و مامەڵەی کۆمەڵایەتیی کەسەکانە-وەرگێڕ) لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە وەك دەقەکانی تایبەت بە عەقیدە سرووشتێکی پیرۆزیان نییە، بگرە ملکەچی رەگەزێکی گرینگن، ئەویش بەردەوامیی حوکمەکانە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەپێناویاندا هاتوون کە "دادپەروەری"یە، جا ئەگەر پەرەسەندن ئەو ئەحکامەی تێ پەڕاند و نەیانتوانی دادپەوەری بێننە دی، ئەوکاتە پێویستە هەموار بکرێن، چونکە دادپەروەری رۆحی شەریعەتە، بۆیە لە راستیدا کاراکردنی دەق بریتییە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

یاسایەکی لۆجیکی و عەقڵیی گشتیتر و گشتگیرتریش هەیە دەڵێ "ئەوەی پێوەندی بە وردەکارییەکانی کاروبارە دنیاییەکانەوە هەبێ ناکرێ هەڵگری سیفەتی بەردەوامی و پیرۆزی بێ، یان تاهەتایە بێتە جێبەجێکردن، چونکە ئەوە پێچەوانەی سرووشتی شتەکان و یاساکانی سرووشتە"، رەنگە تێبینی ئەوەیش بکەین کە قورئان لە حەرام و حەڵاڵکردندا باسی لە وردەکاری نەکردووە، چونکە کارێکی لەو چەشنە لەگەڵ خەسڵەتێکی تایبەتی قورئاندا ناکۆك دەبێ، کە بریتییە لەوەی ئەوەی قورئان دەیڵێ سیفەتی هەمیشەیی نییە، ئەوەیش لە وردەکاریدا نایەتە دی.

***   ***

## لێبوردەیی ئیسلامی لەنێوان ئەمەریکا و میسردا

**نووسینی: ئەحمەد سوبحی مەنسوور**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

جۆن هنری وۆتن لە ٢٧ ئادار/مارسی ١٩٥٠ لە ویلایەتی نیوجێرسیی ئەمەریکا لە خێزانێکی سەکسۆنیی دەوڵەمەندا هاتە دنیا، دوای ئەوەی پلەیەکی بەرزی زانستی بەدەست هێنا، لە سلکی دیبلۆماسیی ئەمەریکادا دەستی بەکار کرد و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە قاهیرە گیرسایەوە.

لەو کاتەدا خووی پێوە گرتبوو کە ژەمێکی خێرای لە کافیتێریای نێزیکترین هۆتێل لە باڵوێزخانەکەوە بخوات، نەك لەبەرئەوەی نێزیکترینە لە شوێنی کارەکەیەوە، بگرە لەبەر ئەوەی بووبووە دیلی چاوانی "سوهام"، کە کچە شۆخێکی میسری بوو، بەکالۆریۆسی لە گەشتەوەری و هۆتێلەکاندا بەدەست هێنابوو و لەو کافیتێریایەدا کاری دەکرد.

وۆتن زۆر جار ئەگەر برسیشی نەبوایە هەر دەچووە ئەو کافیتێریایە و بەخشییێکی زۆریشی بە نرخی ئەو کاتە بەجێ دەهێشت "٢٠ دۆلار" هەر بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کچە شۆخە بۆ لای خۆی رابکێشێ. سەرەنجام توانی سەرنج و دڵی کێش بکات. جا بۆ ئەوەی بتوانێ بیخوازێ جۆن بڕیاری دا موسڵمان ببێ و ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ "شەریف" و لە ساڵی ١٩٨٤دا بەرەسمی زەماوەندیان کرد.

هاوسەرایەتییەکەیان بە هەموو پێوەرەکان هاوسەرایەتییەکی بەختەوەر و پیرۆز بوو، شەریف یاخۆ جۆن هنری وۆتن چێژی لە خۆنەویستی و دڵسۆزیی ژنەکەی بینی و خوای گەورە دوو کیژۆڵەی جوانی پێبەخشین. بەهۆی پاکی و رەوشتە جوانەکەی ژنەکەیەوە مێردە ئەمەریکاییەکەی هەر بەڕاستی و لەدڵەوە هاتە ناو ئیسلام، هاوکات دەستی بە پێوەندییە دۆستانە و بەهێزەکەی لەگەڵ باوان و خوشك و برا مەسیحییەکانیشیەوە گرت، ئەوانیش پیرۆزبایی ئەو هاوسەرگیرییەیان لێ کرد و رێزیان لە ئازادیی کوڕەکەیان لە هەڵبژاردنی ئاین و بیروباوەڕ و هاوسەرەکەیدا گرت.

ئاواتی گەورەی ئەو ژنە دوای جێگیربوونیان لە ئەمەریکا ئەوە بوو پێوەندی مێردەکەی لەگەڵ یەکێك لە سەنتەرە ئیسلامیەکاندا بەهێز بکات تا لەنێو خێزانە گەورەکەی مێردەکەیدا خۆی پێیانەوە هەڵبکێشێ، هەروەها مێردەکەیشی بەهەمان شێوە حەزی دەکرد لە نێو موسڵمانەکاندا هاوڕێیان هەبێ، بەڵام وێڕای هێشتنەوەی ریشیش لەلایەن شەریفەوە هەوڵەکانیان بێهوودە بوو.

دواتر مێردەکە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە هەموو توانای خۆی و بەپشت بەستن بە هەموو تواناکانی زانست، بەرەنگاری کرد، بەڵام وەك باوە نەخۆشییە نەفرەتییەکە لە کۆتاییدا سەرکەوت و جەستەی شەریفی داهێزراند و بە درێژایی دوا ساڵی تەمەنی کەنەفتی نێو جێگای کرد و لە نێو پێخەفی نەخۆشخانە وماڵەوەدا دەهات و دەچوو، لەگەڵ ئەوەیشدا لەنێو ئازار و ناڵەکانیدا کاتێکی دەبینیەوە تا تێیدا چێژ لە تێڕوانینی دوو کیژۆڵە جوانەکەی و هاوسەرە دڵسۆزەکەی ببینێ، کە خۆنەویستانە لە دەردەدارییەکەیدا خزمەتی دەکرد و بەختەوەر بوو بەو وشەی پێزانیانەی مێردەکەی لەبەردەم کەس و کار و دۆستانیدا لەبارەیەوە دەیگوتن. سوهام ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ بەختەوەرکردنی مێردەکەی کردی، خۆشحاڵ دەبوو بەوەی شەریف بە رووی ئەو و خەڵکی تردا پێبکەنێ و کاتێ لە هەواڵ و ئازارەکانی دەپرسن بە زمانی عەرەبی بڵێ "الحمد لله".

تەنیا شتێك کە مێردە خۆشەویستەکەی لێی داوا کرد و وێڕای هەموو هەوڵەکانی نەیتوانی بۆی جێبەجێ بکات، ئەوە بوو داوای کرد زانایەکی موسڵمانی عەرەب بێنێ تا بە زمانی عەرەبی قورئانی پیرۆزی بۆ بخوێنێتەوە، چونکە قورئان سیحرێکی

هەیە کە ئەو پێی ئاشنا بوو و ئاواتەخواز بوو ئەو سیحرە لەکاتی ئازارەکانی و لە دوا گەشتی ژیانیشیدا پێش ئەوەی بە پەروەردگار بکات، هاوڕازی بێ.

لە تەنیشت ماڵەکەیاندا گەورەترین مزگەوت هەبوو کە جمەی دەهات لە دەیان ردێنداری سامدار، کەسیان کاتی نەبوو بەدەم تکای ئەو خاتوونە و مێردەکەیەوە بچێ، هەر بۆیە ئەو ئافرەتە بە هەناسەساردی و دڵشکاوی گەڕایەوە و لە بری ئەو پیاوانە کۆمەڵێ کاسێتی قورئانی هێنابوو. جۆن هنری وۆتن ئاواتەکەی نەهاتە دی و لە ٨ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٥دا چاوەکانی بەیەکجاری لێك نا و لە رۆژی پێنجشەم ١٣ی یەنایەردا، تەنیا چەند سەعاتێك پێش لە نووسینی ئەم وتارە، بەخاك سپێردرا. لەنێوان مردن و ساتی ئەسپەردەکردنی مێردەکەیدا، ئەو ئافرەتە لاپەڕەیەکیتر لە بێئەمەکیی ئەو کۆمەڵە شێخە ئابڕووبەرەی (١) دی.

سوهام سوور بوو لەسەر ئەوەی تەرمی مێردەکەی لە مزگەوتەوە بچێتە دەرەوە تا لەنێو برا موسڵمانەکانیدا نوێژی مردووی لەسەر بکرێ، بەڵام کەسی لە مزگەوتەکەدا نەدی گوێی لێ بگرێ. شتێکی سروشتی بوو کە شێخەکان رازی نەبن بە هاتنی کەسوکارە مەسیحیەکانی و ئافرەتە رووت و قوتەکانیان بۆ مزگەوت بۆ ئامادەبوون لەسەر تەرمەکەی، زیاد لەوەیش تەنیا شێخێکی نەبینیەوە کە لە نەخۆشخانە یان لە ماڵ نوێژی لەسەر بکات.

سەری لێ شێوا کە چی بکات. دەستبەجێ فریادڕەس لە نێزیکترین کڵێسا لە مزگەوتەکەوە پەیدا بوو. کڵێساکە پێیشنیازی کرد ئەو مێوانداری تەرمی مێردەکەی بکات و رێورەسمێکی خواحافیزی و ناشتن و تازیەی ئیسلامی بە تەواوی وردەکاریەکانیەوە بۆ رێك بخات.

ئەمە چارەسەرێکی کاتی بوو، بەڵام ئەو ژنە موسڵمانە هێشتا گەردێك لە دڵیدا مابوو کە لێی رزگار نەدەبوو مەگەر بە دۆزینەوەی زانایەکی موسڵمان نەبێ کە لەسەر جەنازەکە ئامادە بێ و نوێژی لەسەر بکات، بەوە دڵی ئاوی دەخواردەوە.

هاوسەرەکەم لەرێی یەکێك لە دەستەخوشکەکانیەوە بەو بابەتەی زانی و داوای لێ کردم من بەو کارە هەستم کە ئەو شێخە بێسفەتانە خۆیانیان لێ لادا. منیش پێشوازیم لە داواکە کرد. بەیانی زوو من و خێزانەکەم لە کڵێسا ئامادە بووین و چاوەڕوانی بەرپرسی یەکەمی کڵێساکەمان دەکرد کە بە رێکخستنی رێوڕەسمی جەنازە و تازیە و ناشتن لە کڵێساکەدا هەڵدەستێ. سەرم سوڕما کاتێ بینیم ئەو کەسە خاتوونێکی بەڕێز بوو، چونکە کڵێساکە سەر بە مەزەبی پرۆتستانتی بوو کە ماف بە ئافرەت دەدات پلەوپایەی کەهەنوتی وەربگرێ.

هاتە لامان و بەگەرمی خێراتنی کردین، کاتێ خۆمم پێ ناساند کە من ئەو شێخەم هاتووم نوێژ لەسەر جەنازەکە بکەم، زۆر بەگەرمتر پێشوازی لێ کردم و فرمێسك بە رووومەتیدا فواڕەی بەست، بەشێوەیەك شەرمم لە نەجیبزادەیی و لێبوردەیی کرد.

بە هەموو لەخۆبوردەییەکی ئەمەریکاییەوە لە کارکردندا، ئەو خاتوونە بەڕێزە بۆی باس کردم کە بەرنامەی جەنازەکەی چۆن داڕشتووە. بەرنامەکە بە دوو شێوە دانرابوو: یەکێکیان بۆ بارێك ئامادە کرابوو کە من لەوێ نەبم، لەو کاتەدا ئەو خۆی بە کارەکان هەڵدەستێ، بۆ ئەوەیش وتارێکی ئاینی بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کردبوو، ئەو ئایەتانەی قورئانی لەخۆ گرتبوو کە لە گەڵ ئەو بۆنەیەدا گونجاون. خۆیشی ئامادە کردبوو بۆئەوەی ئەگەر من نەهاتم خۆی ئەو کارە بکات.

لە باری هاتنیشمدا ئەوە بەرنامەکە هەمان بەرنامەیە تەنیا ئەوە نەبێ ناوی منی تێخراوە و مافی رەهایشم پێ دراوە دەستکاری بکەم.

لە هەموو بارەکاندا ئەو خاتوونە بەڕێزە چەندان کاسێتی قورئانخوێندنی هێنابوو، ئەمە جگە لە نزاکردن بە زمانی عەرەبی. دوای باسکردنی بابەتەکە بە وردی پێی گوتم ئەگەر دیمەنی خاچەکە لە هۆڵەکەدا ئازارت دەدات دەکرێ دەستبەجێ دایپۆشین تا هەستت بریندار نەکات! منیش ئەوەم رەت کردەوە و نەمتوانی فرمێسکەکانی چاوم بشارمەوە. ئایا

نەجیبزادەیی و لێبوردەیی تا ئەم رادەیەیە؟ ژنەکەم گوتی "ئەوە یەکەم جارە فرمێسکەکانت دەبینم". گوتم: "ئەوە ئاینی لێبوردەیی ئیسلامییە کە باوەڕم پێیەتی و لەنێو موسڵمانەکاندا نەمدیوە و لێرە لەم کڵێسا ئەمەریکاییەدا دەیبینم، لەکاتێکدا مزگەوتەکەی نێزیکیان بە شێخە سووکەکانیەوە لەسەر زەوی و لە پەنای ئەواندان و بەخێراتی ئەوان دەژین، کەچی لە هەموو نوێژێکدا نەفرەت لە ئەمەریکاییەکان دەکەن".

ئەو خاتوونە سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بچمە سەر دوانگەکە و پێکەوە وشەکانی سەرەخۆشی و ئامۆژگاری پێشکێش بکەین. ئەو نەجیبزادەییە لەسەروو توانای مێشکی منەوە بوو کاتێ چیرۆکی چەوساندنەوە ئازاربەخشەکەی خۆمم و قورئانییە (٢) موسڵمانەکانیترم لە میسر دەهاتەوە بیر و بەراوردم دەکرد بەوەی لێرەدا دەیبینم.

ئەو دەستی بە قسە کرد لەبارەی چیرۆکی ژیانی کۆچکردووەوە، باسی کرد کە چۆن چۆنی سوهامی خۆشەویستی ناسیوە و چۆن بۆ ئەوەی بتوانێ بیهێنێ موسڵمان بووە، چۆن لە ئیسلامدا ئەو بێگەردییە رۆحییەی بینیەوە کە دەیویست، چۆن لەگەڵ سوهامدا وەك دوو هاوسەری بەختەوەر پێکەوە ژیان، چۆن سوهام نموونەی ژنێکی موسڵمانی پێشکێش کردووە، چۆن ئەو پیاوە باوکێکی نموونەیی و مێردێکی دڵسۆز و رۆڵەیەکی بەئەمەك بووە بۆ باوك و دایکی و چۆن ئیمانێکی گەورەی بە خوا هەبووە.

ئەو ژنە ناوی "الله"ی بە عەرەبی دەگوت تا کەشوهەوایەکی ئیسلامی بە رێوڕەسمی جەنازەکەی "شەریف"ی موسڵمان ببەخشێ.

ئەم لێبوردەییە ئەمەریکاییە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەستی من بەجێهێشت بەشێوەیەك ترسم لێنیشت لەوەی نەتوانم خۆم بگرم کاتێ دەچمە سەر دوانگەکە، بەتایبەت کە بە زمانێك قسەیان بۆ دەکەم زمانی خۆم نییە.

بۆ ئەوەی لەو وروژانە دەروونییەی تێی کەوتبووم دەرچم خۆمم لە کۆمەڵێ پرسیاری تەنزئامێزدا نغرۆ کرد: ئاخۆ من ئێستە لە کڵێسایەکی ئەمەریکاییدام یان لە مزگەوتێکدا؟ تۆ بڵێی عەمری کوڕی عاس یان کاك عەمرو خالد ئەمەریکایان فەتح کردبێ و کڵێساکانیان کردبێتە مزگەوت؟

نوێژی مردووم لەسەر کرد و هاوسەرەکەم و سوهام و هەندێ لە دەستەخوشکە موسڵمانەکانیشی لە نوێژەکەدا لە پشتمەوە بوون، هەروەها برایەکی موسڵمانی هندستانیش بەشداری نوێژەکەی کرد. دوو وتاری ئامۆژگاریم پێشکیش کرد یەکێك لەنێو کڵێساکەدا و یەکێکیش لەسەر گۆڕەکەی لەکاتی ئەسپەردەکردنیدا.

لە وتاری یەکەمدا پۆزشم هێنایەوە لەبری ئەوانەی ئامادەی رێورەسمەکە نەبوون و مەبەستیشم شێخە بێئەمەکەکانی مزگەوتە نێزیکەکە بوو، بە عەرەبی ئایەتی ژمارە (١٣)ی سوورەتی (الحجرات)م بۆ خوێندنەوە "یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا، ان أکرمکم عند الله أتقاکم، إن الله علیم خبیر"، بەئینگلیزیش واتاکەم بۆ شی کردنەوە، کە خوای گەورە بڕیاری داوە ئێمە وێڕای جیاوازییەکانی نێوانمان هەموو برا و یەکسانین و دروستکراوی یەك خوداین و خودا ئێمەی بە رەنگ و زمانی جیاواز دروست کردووە تا یەکتر بناسین نەك یەکتر قڕ بکەین. یەکترناسینی ئیسلامی لەنێوان گەلان و کولتوورەکاندا هەست و زانینی مرۆڤایەتی فراوان و سۆز و خۆشەویستی لەنێوانیاندا پتەوتر دەکات. گوتم هەندێکمان خۆی بە رەنگ یان سامان یان هێز و پلەوپایەوە هەڵدەبڕێ، بەڵام پێوەری راستەقینەی بەرزی و گەورەیی لای خودا تەنیا تەقوا و لەخواترسانە، بەڕێزترین مرۆڤ لای خودا ئەوەیانە زۆرترین تەقوای هەیە. تەقوایش واتە ئیمانی راستەقینە بەخودای تاك و تەنیا و بەردەوامبوون لەسەر کرداری چاك و بەسوود بۆ کۆمەڵگە و خەڵك.

بۆ ئەوەیش کەس پۆز لێنەدات بەوەی بڵێ "تەقوادارم" و بازرگانی بەوەوە بکات، خوای گەورە لەم ئایەتەدا بڕیاری داوە کە تەنیا خۆی دەتوانێ دیاری بکات کێن ئەوانەی کار و ئیمانیان نیشانەی ئەوەیە تەقوادارن، ئەوەیش تەنیا لە رۆژی

قیامەتدا دەبێ. تا ئەو ڕۆژەیش دێ با لە سایەی لێبوردەیی و خۆشەویستیدا پێکەوە بژین و ئەو وانەیە بەرجەستە بکەین کە لەم کڵێسایەوە فێری بووین، کە مێوانداری جەنازەی موسڵمانێکی کردووە و ڕێزی لە هاوسەر و بنەماڵەکەی ناوە.

لە گوتاری دووەمدا پێم گوتن: ئیسلامێکی لەبیرکراو هەیە کە لەنێو دووتوێی قورئاندا پارێزراوە و دەتوانیت لەڕێی خوێندنەوەی قورئانەوە بە زمانی عەرەبی و لەڕێی چەمك و زاراوەکانی خۆیەوە، نەك لەڕێی وەرگێڕانەکانیەوە بیناسیت، وەك بەڵگەیش ئایەتەکانی ١٠-١٣ی هەمان سوورەتم بۆ خوێندنەوە (٣) کە مرۆڤ بۆ ڕەوشتە بەرزەکان هان دەدەن. لە دوا وتەیشمدا، لەکاتی بەخاکسپاردنەکەدا، باسم لە هەندێ لە ڕاستییەکانی مردن کرد کە لە قورئاندا باس کراون.

جوانیی گوێڕادێرانەکەیان و پەسنیان بۆ قسەکانم لەبارەی ئیسلامەوە، هاتنی زۆربەیان بۆ لام و سوپاسکردنیان بۆ ئەوەی بەهۆی منەوە لەبارەی ئیسلامەوە زانییان و پێزانینیان بەوەی قایل بووم بچمە کڵێساکە، لەپێشیانەوە کەسوکاری کۆچکردوو، سەرسامی کردم.

دایکی بەهۆی مردنی کورەکەی و پێشتر مردنی کوڕێکی تری و مێردەکەیەوە زۆر گریا و داوای کرد نزایان بۆ بکەم.

دوای ڕێورەسمی ناشتنەکە، کڵێساکە ڕێورەسمێکی تازیەی ڕێك خست و داوای لە چێشتخانەیەکی میسری کرد کە لەسەر شێوەی ئیسلامی خواردن بۆ تازیەکە دروست بکات، بانگێشتکراوەکانیش دەستەخوشکەکانی سوهام و هاوکارەکانی  و ئەو موسڵمانانە بوون کە خۆی ویستبووی ئامادە بن.

داوای لێبوردنم کرد لەوەی ناتوانم ئامادەی ڕێورەسمەکە بم و گەڕانەوە ماڵەوە و ئەم وتارەم نووسی.

دەڵێم: چەند مەزنە ئەم گەلی ئەمەریکا دڵپاك و لێبوردەیە !.

وێنەکان بە خەیاڵمدا ڕێچکەیان بەست و کەوتنە بەراوردکاری و ئاراستەکردنی پرسیاری ئازاربەخش:

١- بێنە بەرچاوت کە میسرییەکی مەسیحی لە میسر موسڵمان ببێ، ئاخۆ دەتوانێ بە درێژایی ژیانی خۆشەویستیی خێزانەکەی لەدەست نەدات؟ ئایا ئەگەر بە موسڵمانی مرد و سەرکەشیی سەلەفیەتی وەهابی خۆی لێ بێبەری کرد و ڕازی نەبوو بەشداری ڕێورەسمی نوێژلەسەرکردن و ناشتنی بکات، کڵێسایەکی میسری ئامادە دەبێ لەنێو خۆیدا ڕێورەسمێکی جەنازە و تازیەی ئیسلامی بۆ ڕێك بخات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا قەشە ئیبراهیم عەبدولسەیدی هاوڕێم هاتەوە یاد، کە گەورەترین ریفۆرمخوازی کڵێسایی بوو لە مێژووی کڵێسای قیبتی لە سەردەمی نوێدا، کە تا ما لەژێر ڕەحمی خەشمی پاپا شنۆدە- پاپای قیبتییەکانی میسر-دا ژیا، کاتێکیش مرد پاپا شنۆدە ڕەتی کردەوە ڕێورەسمێکی جەنازەی مەسیحی لە هیچ کڵێسایەکی قیبتیدا بۆ ڕێك بخرێ.

لێرەدا باس لە دەمارگیریی مەسیحی لە میسر ناکەین، کە بێگومان ئەو دەمارگیرییە لە کۆمەڵگەی قیبتی لە میسر و لە تاراوگەیش هەیە، بەڵام لە کۆتایدا ئەوە پەرچەکرداری چەوساندنەوەی سەلەفیەتە کە پێوەندیی نێوان میسرییەکانی ژەهراوی کردووە کاتێ چەوساندنەوەکەی گەیاندە ڕادەی حەڵاڵکردنی خوێن و ماڵ.

٢- بێنە بەرچاوت موسڵمانێکی میسری بووەتە مەسیحی، ئایا بە سەربەرزی و ڕێزداری تا مردن لەنێو وڵات و کەسوکارەکەیدا دەژیا و  چاودێری دەکرا؟ یان سزای کوشتن بەتۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە ئاین دوای دەکەوت و ژیانی لێ تاڵ دەکرد، ئەمە ئەگەر لە ژیاندا بمایە؟ یان لانی کەم تۆمەتی "سووککردنی ئاین"ی دەدرایە پاڵ.

ئەو کەسە لە هەموو بارەکاندا لای دەزگای ئاسایشی دەوڵەت دەبێتە میوان و بەجۆرێك مێوانداری دەکرێ کە ناو و نازناوی خۆی لەبیر بچێتەوە و تەنیا کات و شێوازەکانی شەلاقکاری بیر بمێنێ.

بە هەر حاڵ بیرمە کاتێ لە ساڵی ١٩٨٧دا بەتۆمەتە کۆمیدییەکەی "نکوڵیکردن لە سوننەت"دەستگیر کراین، لەکاتی گەڕەکانی لێکۆڵینەوەمان لەلایەن نوێنەرایەتیی ئاسایشی باڵای دەوڵەتەوە، تۆمەتبارێکیترمان بینی کە بە تۆمەتی بوون بە مەسیحی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرا و ڕێکخراوە جیهانییەکان خۆیانیان بە بەرگری لێکردنیەوە سەرقاڵ کردبوو، کەچی

ئێمەی قورئانیەکان کەسمان نەبوو لەنیو زیندان و دەرەوەی زینداندا دڵمان بداتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە میدیای رەسمی و حزبی شەرەف و ناموسمانیان دەهاڕی و درۆیان بۆ هەڵدەبەستین و فتواکانی شێخەکانیان لەبارەی تەکفیرکردنمان و حەلاڵکردنی خوێنمان بڵاو دەکردەوە.

کاتێ ئێمەیەك، کە نە دزیمان کردبوو، نە کەسمان کوشتبوو و نە دەستمان بۆ کەس درێژ کردبوو، بە کەلەپچەکراوی لەنێو ئۆتۆمبێلەکانی ئاسایشی ناوەندیدا بووین، بە رێکەوت ئەو موسڵمانە بەفەلەبووەمان بینی، پێی گوتین "حاڵی ئێوە لە حاڵی من خراپتر و دۆختان لە دۆخی من مەترسیدارترە".

هەر بە راستیش، ئەو بە زوویی ئازاد کرا و ئێمەیش دوای ئەو بۆ ماوەی نێزیکەی ٦ هەفتە لەنێو زرەی زنجیردا ماینەوە.

ئێستەیش قورئانییەکانی میسر لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە دەچەوسێنرێنەوە. من تاکە قورئانی بووم کە کۆچم کرد بۆ ئەمەریکا و لە لێبوردەییەکەی سوودمەند بووم، لەکاتێکدا هێشتا خێزان و کەسوکار و خوشك و برا هاوئاینەکانم لەژێر گەمارۆی سەلەفیەکاندان. کاتێ هاتمە ئەمەریکا رووم کردە نێزیکترین مزگەوت، بینیم سەلەفییەکی توندڕەوە، دواتر زانیم چۆن چۆنی سەلەفییەکان دەست بەسەر زۆربەی مزگەوتە ئیسلامییەکان و رەوەندە ئیسلامیەکاندا دەگرن.

هەروەك چۆن ناوی ئیسلامیان رفاند لەکاتێکدا ئەوان سەرسەخترین دوژمنی ئیسلامن، لێبوردەیی ئەمەریکاشیان لە بواری ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕیندا رفاند و ئەو ئازادییەیان بۆ شەڕکردن لە دژی ئەمەریکا لە مزگەوت و قوتابخانە بەناو ئیسلامییەکانیاندا بەکار هێنا و لەوەدا ناوی گەورەی ئیسلام و یاسای ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمەریکایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆستۆتەوە.

ئایا بێمروەتی لەمە زیاتر هەیە؟

ئەمەریکا دەرگاکانی خۆیانیان بۆ دەکاتەوە و ئازادییەکیان پێ دەدا کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا نایبینن، چێژ لە خێر و بێر و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنە زانستییەکەی دەبینن، کەچی شەو و رۆژ نەفرەتی لێ دەکەن. خۆ ئەگەر یەکێکیان لێ بگرێ کە لە تاوانێکەوە گلابێ، سیستمی دادی ئەمەریکایی بەهەموو هێزی لەپشتیەوە دەوەستێ، میدیاکان بەبێلایەنانە و بابەتیانە بەدوادواچوون بۆ دۆسیەکەی دەکەن، گرووپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنیەکان بە وردی و دڵسۆزانە چاودێری هەر پێشێلکارییەك لە دژی دەکەن و راپۆرتەکانی لەبارەی پێشێلکارییەکانەوە، ئەڵبەت بەپێی کولتوور و پێوەرە ئەمەریکاییە نایابەکان لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەوە، بۆ هەموو دنیا بڵاو دەکەنەوە. ئێمە هێشتا ئەو پێوەرانەمان نەناسیوە و بەدرێژایی مێژووی عەرەبیمان پێی نەگەیشتووین.

رۆژنامەکان ئەو راپۆرتانەی حاڵەتەکانی پێشێلکاری بڵاو دەکەنەوە، کە لەچاو ئەوەی دەسەڵاتدارە عەرەبییەکان لەدژی ئێمەدا دەیکەن وەك گەمەی منداڵان وایە، کەچی رۆژنامە بوودەڵەکانی لای خۆمان دەیقۆزنەوە و فووی پێدا دەکەن و دەیکەنە مادەیەك بۆ تانەدان لە ئەمەریکا بەگشتی و کۆی رەهەندەکانی وێنە ئەمەریکاییەکە لەبیر دەکەن، زیاد لەوە ئەو سەرکزی و ستەم و ملهوڕی و گەندەڵی و دواکەوتن و دەمارگیری و توندڕەوییە لەبیر دەکەن کە خۆیان لە سایەیدا دەژین، بگرە زۆر جار بەرگری لێ دەکەن، یان نکولی لە بوونی دەکەن.

ئەگەڕێمەوە سەرەتا بۆ سەر چیرۆکی جۆن هنری وۆتن، ئەویش بۆ باسکردنی ئەم راستییە قورئانییانە بەکورتی:

١– ئیسلام بە واتا دڵی و ئیعتیقادییەکەی برێتییە لە خۆسپاردن و ملکەچبوون تەنیا بۆ خودا. بەم واتایەیش ئیسلام لە هەموو پەیامە ئاسمانییەکاندا بۆ گشت پێغەمبەران و بە هەموو زمانە کۆنەکان دابەزیوە، تا دوا جار بە زمانی عەرەبی دابەزیوە و بە وشەی "ئیسلام" گوزارشتی لێکراوە، کە واتای باوەڕبوون و تەسلیمبوون و گوێڕایەڵیکردن و ملکەچبوونە تەنیا بۆ خودا لەو شتانەدا کە تایبەتن بە مامەڵەکردن لەگەڵ خودای گەورەدا (سوورەتی الانعام ١٦١–١٦٣). ئەمەیە واتای ئیسلام و خودا لەسەر ئەو بنەمایە لە قیامەتدا بڕیار دەدات، چونکە خودا رۆژی قیامەت ئاینێکیتر قبوڵ ناکات جگە لە

ملکەچبوون تەنیا بۆ ئەو، هەر ئەمەیشە واتای ئایەتی "ان الدين عند الله الاسلام، ومن يبتغ غير الاسلام دينا فلن يقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرين"–ال عمران.

بەڵام بەداخەوە وشەی ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا کراوەتە وەسف بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت لە چەند سەردەمێکی دیاریکراودا.

خودا بەلایەوە گرینگ نییە مرۆڤەکان چ ناوێك لەخۆیان دەنێن، باوەڕدار، جوولەکە، مەسیحی، سابیئە، بۆیە قورئان جەخت لەوە دەکات ئەوانەی باوەڕیان بەخودا و بە ڕۆژی دوایی هێناوە و لەگەڵ خەڵکدا بەباشی دەجوڵێنەوە، ئەوانە دۆستانی خودان جا ئاخۆ لەوانە بن کە شوێنکەوتەی قورئانن، یان مەسیحین، یان سابیئەن (البقره ٦٢، المائده ٦٩).

هیچ مرۆڤێك بۆی نییە لەم دنیایەدا بڕیار لەسەر باوەڕی کەسێکی تر بدات، هەر کەس وا بکات ئەوە لافی خودایەتی لێ دەدات، ئەمەیە واتای ئیسلامی ناوەکی و دڵی. ئەو کەسە بە دڵ ملکەچی خودا بووە، ئەوەش زمانێکی جیهانییە و هەموو مرۆڤەکان لەسەری کۆکن و لەسەر ئەو بناغەیەش هەموویان ڕۆژی قیامەت لەبەردەم خودادا حسێب و کتێبیان لەگەڵدا دەکرێ. هەر مرۆڤێك ئازادیی ڕەهای هەیە لەوەی لەم ئیسلامە ئیعتیقادییەدا بمێنێتەوە یان لێی دەربچێ، هەر کەسێکیش لەو هەڵبژاردنەیدا لە ڕۆژی قیامەتدا تەنیا لەبەردەم خودای گەورەدا بەرپرسیارە.

هەرچی ئیسلامە وەك مامەڵەکردنی ڕواڵەتی، ئەمەیان بریتییە لە ئاشتی (السلام)، ئاشتی لەنێوان مرۆڤەکاندا بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕەکانیان، خودا دەفەرموێ "يا ايها الذين أمنوا ادخلوا في السلم كافة" البقرة 208 ، سڵاوکردنی ئیسلام سەلامە واتە ئاشتییە، سەلام یەکێکە لە ناوەکانی خودا. هەموو ئەوانە جەخت لە ڕووە ئاشتیخوازانەکەی ئیسلام دەکەن. ئەو مرۆڤەی ئیسلامی سلوکی بەرجەستە دەکات، واتە ئاشتیخواز و بێوەیە و دەستدرێژی ناکاتە سەر کەس، موسڵمانە بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕەکەی.

ئەوەیە پێوەری موسڵمان لە قورئاندا. لەڕێی ڕەفتاریەوە دەیناسینەوە کە موسڵمانە و وەك موسڵمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین ئیدی با لە بیروباوەڕ و پەرستنیدا مەسیحی بێ و بچێتە کڵێسا، جوولەکە بێ و بچێتە کنێسی جولەکەکان، بووزی یان تەنانەت مولحیدیش بێ.

بۆ ئەوەی ببێتە برامان لە ئیسلامدا، ئیسلام بە واتا سلوکی و ڕواڵەتییەکەی، گرینگ ئەوەیە بێوەی "مسالم" بێ، هەرچی بیروباوەڕی ئەو یان ئێمەیە ئەوەیان پێوەندی بە خوداوە هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەر ئەو بە دادپەوەریی خۆی بڕیارمان لەبارەوە دەدات.

تا ڕۆژی قیامەتیش دێ پێویستە لەم دنیایەدا بە ئاشتی بژین.

*** *** ***

**پەراوێزەکان:**

(١) نووسەر زۆر دژی سەلەفییە وەهابیەکانە و مەبەستیشی لەو شێخانەی باسیان دەکات و زۆر جار وشەی ڕەقیان بەرامبەر بەکار دێنێ، شێخەکانی ئەو تەوژمەیە.

(٢) نووسەری ئەم بابەتە یەکێك لە تیۆریستە سەرەکییەکانی تەوژمێکی ئیسلامییە پێیان دەوترێ "قورئانییەکان". لەبارەیانەوە جەمال بەننا دەڵێ "قورئانیەکان لە دەیەی حەوتەمی سەدەی رابردوودا لە میسر سەریان هەڵ دا، خاوەنی بیرۆکەکە ئەحمەد سوبحی مەنسوور بوو، کەبیرمەند و زانای ئەزهەرە و کەسێکی لێوەشاوەیە، باوەڕی وایە ئێمە قورئانمان بەسە و لە ئیجتیهادی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەوەی پێی دەوترێ سوننە، سوننە نییە بگرە حەدیسەکانە، هەرچی سوننەیە بریتییە لە کردەوەی پێغەمبەر چونکە سوننە ئەو واتایە دەگەیەنێ و نابێ بە واتای فەرموودەکان بێ. هەروەها پێی

وایە سوونەی کرداری، واتە شێوەی پێغەمبەر لە نوێژکردن و...هتدادا ئەوانە هەموو روون و زانراون و ناکۆکییان لەسەر نییە، بگرە ناکۆکی لەسەر ئەو فەرموودانە هەیە کە نەیارانی ئیسلام و خاوەن بەرژەوەندییەکان دایان ناون و بەسەر زانایاندا تێپەڕیون، ئەگەرچی لەو رووەوە هەولێکی نەبەردانەیان داوە. هەندێ لەو حەدیسانەیش هۆی دواکەوتنی موسڵمانان.

کاتێ دکتۆر بیروبۆچوونەکانی ئاشکرا کرد تووشی تەنگ پێهەڵچنین بوو، چەندان لە لایەنگرانی تەوژمەکە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئاین گیران.

(٣) "إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ. يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ".

* ئەم بابەتە پوختەی بەشێکە لە کتێبی "حد الردة المزعوم"ی دانەر.

**** ****

## پەڕگیری نەخۆشیی بیری ئیسلامییە

**نووسینی: رۆجێ گارودی**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

**سەرەتایەك:**

رۆجیە گارودی، فەیلەسوف و نووسەری فرەنسایی، لە ساڵی ١٩١٣ لە مارسیلیا لە فرەنسا لەدایك بووە، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە پرۆتستانت، دواتر چووەتە ریزی حزبی شیوعیی فرەنسایی، لە ساڵی ١٩٤٥دا بووەتە ئەندامی پەرلەمان، لە ساڵی ١٩٥٣ دکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆی سۆربۆرن بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٥٤ دکتۆرای لە زانستەکاندا لە مۆسکۆ وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ئەندامییەتیی ئەنجوومەنی پیرانی فرەنسا هەڵبژێردراوە و سەنتەری باس و لێکۆڵینەوە مارکسییەکانی دامەزراند، کە ماوەی ١٠ ساڵ سەرۆکی بوو. هەر لەو ساڵەدا –بەهۆی رەخنەگرتنی بەردەوامی لە یەکێتیی سۆڤییەت– لە حزبی شیوعی دەکرا.

بەهۆی ئەوەی ئەندامی دایەلۆگی مەسیحی–شیوعی بوو لە شەستەکان رابردوودا لە ئاین نێزیك بوویەوە، لە حەفتاکاندا هەوڵی دا کاسۆلیکییەت و شیوعییەت پێکەوە گرێ بدا. لە ساڵی ١٩٨٢دا موسڵمانبوونی خۆی راگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بۆ (رەجا گارودی).

گارودی ئاماژەی بەوە دا کە ژیاری رۆژئاوا لەسەر بناخەی تێگەیشتنێکی هەڵە لە مرۆڤ بنیات نراو و ئامانج و واتای لە ژیاندا بزر کردووە، هەمیشە بەدوای پرسیاری "چۆن"دا دەگەڕێ و قەت بە دوای پرسیاری "بۆچی"دا ناگەڕێن بۆ نموونە دەپرسێ: چۆن بچینە سەر مانگ؟ بەڵام قەت ناپرسێ: بۆچی بچینە سەر مانگ؟ ئایا چوونە سەر مانگن کە دەیان ملیا. ب هەر بۆیە بەدوای ئەو واتایەدا دەگەڕا و رای تێ دەچێ، بۆ مرۆڤایەتی گرینگتر و لە پێشترە یان بنبڕکردنی هەژاری و برسیەتی؟ لێرەوە پێشکەوتنێکی گەوە لە ئامرازەکاندا هاتووەتە دی، بەبێ ئەوەی ئامانج و بەها مرۆڤایەتییەکان پێ بەپێی ئەوە پێش بکەون.

گارودی رای گەیاند لە ئاینی ئیسلامدا ئەو واتا ژیانییەی دیوەتەوە، بەڵام دوای موسڵمانبوونیشی هەر پابەند بوو بە بەهاکانی دادگەریی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لە حزبی شیوعی و لە فەلسەفەی مارکسیزمدا باوەڕی پێ هێنابوو و پێی وابوو ئیسلام لەگەڵ ئەو باهایانەدا گونجاوە و بەباشیش پراکتیکیان دەکات.

دوای موسڵمابنوونی ژمارەیەك کتێبی نووسی لەوانە: (بەڵێنەکانی ئیسلام، ئیسلام ئاینی داهاتووە، ئیسلام و قەیرانی رۆژئاوا، گفتوگۆی ژیارەکان، بەرەو شەڕێکی ئاینی".

لە کۆتاکانی نەوەدەکاندا دەنگی ئەوە لە هەندێ لە میدیاکاندا بڵاوبوویەوە کە لە ئیسلام پاشگەزبووەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی رەخنەی لە مەرجەعیەتی سوننە (سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامی) و شێوەی نوێژکردن گرت ئاماژەی بەوە دا کە ئەو لە بەهاکانی مارکسییەت پاشگەز نەبووەتەوە. هەندێکی تر پێیان وابوو ئەوە دەنگۆیە تەنیا هەڵمەتێکی راگەیاندنە کە "زایۆنیزم" بۆ لەکەدارکردن و پەراوێزخستنی ناوبراو دەیدەن بەتایبەت دوای ئەوەی لە کتێبی "ئەفسانەکانی دارێژەری سیاسەتی ئیسرائیلی"دا گومانی خستە سەر قەبارەی راستەقینەی رووداوی کۆمەڵکوژیی جولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە (هۆلۆکۆست) و بەو هۆیەوە دادگەیی کرا.

گارودی لەم بابەتەدا، کە بەشێکە لە کتێبی "نحو حرب دينية" بەناونیشانی (التطرف الاسلامي مرض الاسلام)، پێی وایە ئیسلام شەریعەت و فیقهە، ئەوەی زیندووە و گۆڕانی بەسەردا نایەت شەریعەتە، کە بریتییە لەو بەها مرۆیی و ئەخلاقیانەی هەموو ئاینەکان هێناویانە و زیاتر لە ٩٥٪ی ئایەتەکانی قورئانیش جەخت لەو بەهایانە دەکەنەوە. هەرچی

فیقهە، واتە ئەو یاسایانەی وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی رێك دەخەن و نێزیکەی ٢٠٠ ئایەتن لە کۆی ٦ هەزار ئایەتی قورئان، لەوانە سیستمی سزاکان، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێن و مەرج نییە، بۆ نموونە، یاساکانی باری کەسایەتی و سزای دەستبڕینی دز کە قورئان داینداون لەم سەردەمەیشدا کاریان پێ بکرێ و بە بڕیارێکی ئەبەدی دابنرێن. ئەو پێی وایە خودا بە زمانی ئەو سەردەمە و بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکانی ئەو قۆناخە مێژووییە ئەو یاسایانەی داناوە و دەکرێ کۆمەڵگەکانی دواتر بە سوود وەرگرتن لە بەها گشتییەکان و ئامانجی دەقەکان، یاسای نوێ و جیاواز لەوانە و گونجاو لەگەڵ سەردەمی نوێدا بۆ خۆیان دابنێن.

گارودی پێی وایە پەڕگیریی ئیسلامی، بە لافلێدانی ئەوەی هەڵگری راستیی رەهایە و هاوکات پێداگریکردنی لەسەر پابەندبوونی حەرفییانە و دەقاودەق بەو دەقە یاساییانەوە و رەتکردنەوەی نوێکردنەوەی سیستمە یاساییەکان، نەخۆشییە بۆ ئاین و بزاڤە ئیسلامییەکان.– عومەر.

*** ***

پەڕگیریی ئیسلامیی نەخۆشیی ئیسلامە، هەروەك ئوسوڵیەت (فەندەمێنتاڵیزم) نەخۆشیی گشت ئاینەکانە. ئوسوڵیەت بریتییە لەوەی کەسی ئوسوڵی لافی ئەوە لێ بدات کە ئەو هەڵگری راستیی رەهایە و لێرەشەوە، نەك تەنیا مافی هەیە، بگرە ئەرکی سەرشانیەتی ئەو "راستی"یە بەسەر هەمووواندا بسەپێنێ، ئەگەر بە ئاگر و ئاسنیش بووە.

یەکەم ئوسوڵییەت نەزعەی ئیمپریالیزمییانەی رۆژئاوایە، کە سەرەتا بۆ پاساودانی پەلامار و داگیرکارییەکانی و لەو روانگەوە کە خۆی بە "گەلی هەڵبژاردەی خودا" دەزانی، بەرفراوانکردنی سەرتاپاگیری ئاینەکەی –کە بە باڵاترین ئاینی دنیای دادەنا– کردە بیانوو. دوای پاشەکشەی کلێساکانیشی، ئەو هەر خۆی بە سەنتەری جیهان و تاکانە خولقێنەری بەهاکان دادەنا و لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەمیشەوە دەستی دایە ئەوەی کولتوورە تەکنیکی و بازرگانییەکانی خۆی، کە ناوی مۆدێرنیتەی لێ ناوە، بەسەر دنیادا بسەپێنێ.

هەموو ئوسوڵیاتەکانی تر، لە شۆڕشی کولتووریی چینەوە، تا دەگاتە پەڕگیریی ئیسلامی، پەرچەکرداری ئەو ئوسوڵییەتە ئیمپریالیزمییەن، ئەویش لەپێناو خۆپاراستن لە پاشکۆیەتی و رزگارکردنی ناسنامەدا، با ئەو ناسنامەیە لەوپەڕی کۆنی و ئەفسانەییشدا بێ، ئەویش ناسنامەی دژ بە رۆشنبیریی هاوردە و "گەڕانەوە بۆ بنەماکان"ە، بۆ سەردەمێکی زێڕینی دوور، کە لە رابردوودا بووە.

لەو کاتەدا لافلێدانی رۆژئاوا بەوەی ئەو تاکانە "کولتوور"ە نەك یەکێك لە کولتوورەکان، بە ئەفسانەی ئیسلاماندن بەرەنگاری دەکرێ، کە سرووشتە هەمەلایەنەکەی ئیسلام بە واتای "خۆ بەخودا سپاردن"التسلیم لله" لە بیر دەکات و خۆی وەك خاوەنی "راستیی رەها" پێشکێش دەکات.

هەڵەیە پێمان وابێ پەڕگیریی ئیسلامی هیچ نییە جگە لە شکڵێکی نوێ و شووم لە هەموو بارودۆخەکاندا و زادەی شکستی پرۆژە نەتەوەیی و ئیشتراکییەکانی جیهانی ئیسلامییە. هەروەك هەڵەیە بیبەستینەوە بە چەند کارتێکەرێکی دەرەکییەوە (کە ئەو کارتێکەرانە گرینگیی خۆیان هەیە لە گۆڕینی ئاراستەی بزاوتەکەدا، بەڵام ئەوان سەرچاوەی نین) وەك چاوکردن لە شۆڕشی ئێرانی، یان پارەدارکردنی لەلایەن عەرەبستانی سعوودیەوە.

سەرچاوە قووڵەکانی ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کاتێ بزاوتی رێنیسانس (بێداربوونەوەی ئیسلام) لەسەردەستی بیرمەندانی وەك جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٩٧ مردووە) کە لە ساڵی ١٨٨٣دا رووبەڕووبوونەوەیەکی هزریی گەرموگوڕی لەگەڵ ئەرنست رینان هەبووە. یان محەمەد عەبدە (١٩٠٣ مردووە)، ئەنجا رەشید رەزا (١٩٣٥ مردووە)، یان حەسەن بەنا (١٩٤٩ مردووە)، یان محەمەد ئیقبال لە هندستان (١٩٣٨ مردووە)، یان مالك بن نبی (١٩٧٣ مردووە)، یان شێخ بن بادیس (١٩٤٠ مردووە).

پرسی سەرەکی لای ئەم نەوەیە لە بیرمەندان روون و ئاشکرایە. لەو کاتەوە ئەفغانی سەرقافڵە دەستی بەکارەکەی کردووە گرفتە بنچینەییەکە خراوەتە روو. هەروەها لە هەمان کاتدا لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و وشکهەڵاتنی رۆحی کە لە ئەنجامی تەئویلێکی سەلەفییانەی رۆچوو لە کۆنیدا بۆ یاساڕێژیی ئیسلامی هاتە کایە، هەروەك فراوانخوازیی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی کە ئەو لێکهەڵوەشانە سیاسی و داتەپینە فیکرییەی خێراتر کرد، خستیە روو.

ئەفغانی رێگەی لێکۆڵینەوە و گەڕانی دەست پێ کرد کە سەدەیەکی تەواو درێژە دەکێشێ و لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی پەرە دەسێنێ:

١– هەموو رێنسانسێکی سیاسی و رۆحیی ئیسلام پێویست بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز دەکات، خوێندنەوەیەك ئازاد بێ لە تەفسیراتە وشك و وشکەوەکەرەکانی زانا رەسمییەکان.

٢– ناکرێ گرفتی مۆدێرنێتە لە روانگەی ئایدیۆلۆجیایەکی رۆژئاواییەوە، کە بە "نوێ"ی دادەنێن، چارەسەر بکرێ، ئایدیۆلۆجیایەك کە ئامانجە کۆتاکانی مرۆڤ فەرامۆش دەکات و کاری عەقڵ لە گەڕان بە دوای ئامرازە تەکنیکیەکانی هێز و دەوڵەمەندیدا قەتیس دەکات، کە بناخەی نەزعە ئیمپریالییە سەربازی و ئابووری و کولتوورییەکەیەتی.

ئەمەیە پاڵنەری بنچینەیی ئەو ئیلهامە، کە لە ماوەی سەدەیەکدا سەروبنکردن و لادانی زۆری بەخۆوە بینیوە.

هەموو شتێك لە بنەمای بنچینەیی ئیسلامەوە دەست پێدەکات کە یەکتاپەرستی (توحید)ە، واتە دانان نەك تەنیا بە تاکانەیی خودادا، بگرە بە تاکانەیی هەموو واقیعێکدا، بە تاکانەیی هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیشەوە. ئەفغانی دەڵێ "تایبەتمەندیی ئیسلام ئەوەیە ئامانج دەداتە هەموو کردارێك لە دنیایەکدا کە عەقڵانییەتی رۆژئاوا لەرێی ئامرازپەرستییەوە بەرەو بێواتایی پەلکێشی دەکات".

یەکتاپەرستی (رێبازی یەکایەتی) پرنسیپی هەموو بیرێکی رەخنەگرانەیە لە ئیسلامی زیندوودا، تەنانەت لە تۆمەتبارکردنی نەریتەکانیشدا کاتێ تووشی وشکهەڵاتن دێن. ئەفغانی لە وەڵامدانەوەکەیدا بۆ رینان (١٨ ئاداری ١٨٨٣) روونی دەکاتەوە کە چۆن ئیسلام لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی سیازدەیەمی زاینی توانی زانستەکان ببزوێنێ، تا ئەو رادەیەی بوو بە مامۆستای جیهان لە شاخەکانی "بیرینی"یەوە تا دەگاتە شاخەکانی هیمالایا، دوای ئەوە تووشی داتەپین (انحطاط) بوو، ئەویش دوای ئەوەی بیری رەخنەگرانە (ئیجتیهاد)ی تێدا کوژایەوە و دۆگمایی موفەسیرە رەسمییەکانی شەریعەت باڵی بەسەردا کێشا، ئەو دۆگماییەی بۆ ملهوڕەکان زۆر بەنرخە.

بە هەمان گیان محەمەد ئیقبال لە کتێبەکەی "بیناکردنەوەی بیری ئاینی لە ئیسلامدا" ئاماژەی بەوە دا کە "ئیجتیهاد بنەمای جووڵەیە لە ئیسلامدا". ئیقبال دەڵێ "قورئان برێتی نییە لە کۆمەڵێ حوکمی شەرعی.. بگرە ئامانجی ئەوەیە هۆشیارییەکی باڵا لە مرۆڤدا بوروژێنێ لەبارەی پێوەندییەکانی لەگەڵ خودا و گەردووندا.. پێم وایە داواکردنی تەفسیرکردنەوەی حوکمە شەرعییە بنچینەییەکان لەبەر رۆشنایی مەرجە جیاوازەکانی ژیانی نوێدا قسەیەکە پاساوی تەواوی هەیە. قورئان فێرمان دەکات ژیان پرۆسەی خولقاندنێکی بەردەوامە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ هەر نەوەیەك مافی ئەوەی هەیە خۆی کێشە تایبەتەکانی چارەسەر بکات، ئەویش لەرێی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پێشینەکان، نەك ئەو ئەزموونە بکرێتە کۆسپ".

هەڵەی بنچینەیی و باوەکوشتەی داهاتووی ئیسلام بە وردی ئەوەیە ئەم پرنسیپی جووڵەیە رەت بکرێتەوە، هەر ئەوەیش وای لێ دەکات لە ئاست سازکردنی پرۆژەیەکی ئایندەیی بۆ چارەسەری کێشەکانی سەردەمی خۆی دەستەپاچە بێ.

ئەوەی توێژەران ناویان ناوە "پەڕگیریی ئیسلامی"، نەخۆشییەکە لە ئیسلامدا، لەبەرئەوەی شەریعەت، کە بریتییە لەو رێگە ئەخلاقییە ئەبەدییە سەرتاپاگیرەی هەموو پێغەمبەران بەناوی خوداوە دەستیان پێ کردووە، لەگەڵ یاسادانان (فیقه)دا، کە دەکرێ لە هەر سەردەمێکدا بۆ چارەسەری گرفتەکان لە شەریعەتەوە ئیلهام وەربگرێ، تێکەڵ دەکات.

ئەم نەخۆشییە، بۆ نموونە، لەوەدا دەردەکەوێ کە دەیەوێ سزاکانی سەدەی حەوتەمی زاینی (وەك بڕینی دەستی دز، یان شەلاقلێدانی زیناکار، فەقیهەکانیش، بەپێچەوانەی ویستی قورئانی پیرۆز و بەناوی لاساییکردنەوەوە، سزای بەردبارانکردن تا مردنیان بۆ زیاد کردووە) جێبەجێ بکات و یاسای مەدەنی و یاسای باری کەسایەتی کە لەگەڵ هەلومەرجە مێژووییەکانی سەدەی حەوتەمدا گونجاو بووە، لە کاروبارەکانی زەواج و تەڵاق و میراتگریی ئەمڕۆدا جێبەجێ بکات.

بانگەشەکردن بۆ پیادەکردنی شەریعەت، لەبارێکدا شەریعەتی ئیلاهی، وەك کە قورئان باسی کردووە، لەگەڵ فیقه، واتە ئەو پیادەکردنە بەشەرییانەی لە مێژوودا کراون، تێکەڵ دەکرێ، تا ئێستە پەڕگیریی ئیسلامی دەشێوێنێ.

ئەم بزاوتە کە هەقی تەواوی بەدەست بوو لە رەتکردنەوەی داتەپینی رۆژئاوا و دووڕووییەکەی لەوەی لافی "هەق" لێ دەدات و رەتکردنەوەی بۆ هەموو فێڵ و تەڵەکە و پیلانەکانی مەیلی ئیمپریالیزمانە و هاوکاری لەگەڵ "تاکانەیی بازاڕ" کە ئەمەریکا و شوێنکەوتە رۆژئاواییەکانی دەیانەوێ بە فەرمانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بیسەپێنن، ئەم بزاوتە خۆی بە "شکستە" دەبینێ کاتێ بابەتەکە پێوەندی بە هاتووەوە هەبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، شەریعەتی قورئانی لە توانایدا هەیە ئەو پرنسیپانە ببەخشێ کە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و گەڕاندا بە دوای دۆزینەوەی ئامرازەکانی نوێخوازییەکی تر جیاواز لە مۆدێرنێتەی رۆژئاوا، پێویستن.

قورئان خۆی فێرمان دەکات کە رێگەی ئیلاهیی ئەبەدی (شەریعەت) -کە ٥٨٠٠ ئایەتە لە کۆی ٦ هەزار ئایەت- لە ٢٠٠ ئایەتی تایبەت بە حوکمە شەرعییە مێژووییەکان، کە وابەستەی هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە بوون، جیا بکەینەوە.

بۆمان نییە ئەو دوو جۆرە بە یەك چاو سەیر بکەین بە پاساوی ئەوەی هەموویان لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون. مێژووییبوونی ئەم یان ئەو حوکم قەت "باڵایی"ی پرنسیپەکە رەت ناکاتەوە. رەنگە، بۆ وەڵامدانەوەی دۆخگەلێکی نوێ، ئایەتێك نەسخ بکرێتەوە و ئایەتێکی نوێ لەجێیدا دابنرێ. "مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا.." البقرة/١٠٦.

دەکرێ ئەم گۆڕانکارییە لە نوێژدا روو بدات. باشترین نموونەیش گۆڕینی قیبلەیە، ئەو ئاراستەیەی لەکاتی نوێژکردندا رووی تێ دەکرێ لە یەکەم مزگەوتدا کە پێغەمبەر لە شاری مەدینە لە ساڵی ٦٢٢دا دروستی کرد. سەرەتا قودس رووگەن بوو لە نوێژدا، دواتر قورئانی پیرۆز فەرمانی کرد بە گۆڕینی رووگەی موسڵمانان لە قودسەوە بۆ کەعبە و ئەو بابەتەی شی کردەوە. "البقرة -١٤٢-١٥٠".

لەم رووداوەدا و لە پشت ئەو هەموارکردنە مێژووییەوە -کە بۆ پێوەندییە خراپەکانی موسڵمانان لەگەڵ جولەکەکان دەگەڕێتەوە- واتا و ئاراستەی نوێژ هەمان شتن. مەبەستیش ئەوەیە ئاماژە بە یەکێتیی ئیمانی ئیبراهیمی هەروەها بە یەکێتیی ئوممەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی لە یەك کاتدا، بکات. لە هەردوو بارەکەیشدا رووگەکە، قودس بێ یان کەعبەی مەککە، لای ئیبراهیم شوێنی پایەبەرزن.

قورئان خۆی جەخت لەسەر گوێرەیی (نیسبیەت)ی رووداو دەکات بەبەراورد لەگەڵ واتادا "لله المشرق والمغرب فاينما" البقرة-١٦.

خودا، جیاواز له هەموو بیروشکی و دەستگرتن بە شکلیاتەکانەوە، پێمان دەڵێ "ليس البر ان تولوا وجوهكم قبل المشرق والمغرب" البقره-١٧٧، بگره بانگمان دەكات بۆ ناواخنییوونی ئیمان دژ بە تەقسییەتی دروشمگەرا، بۆ ئیمانێك كە لە کردەوەماندا بەرامبەر ئەوانی تر رەنگ دەداتەوە "لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون" ال عمران-٩٢.

ئەم مێژووییبوونەی قورئان زیاتر لە هەر شتێك، لە دەقەکانی پێوەست بە ئافرەتاندا دەردەكەوێ.

قورئان بە زمانی خۆیان و بەپێی ئاستی تێگەیشتنیان لەگەڵ گەلاندا دەدوێ، تا لە پەیامەكە تێ بگەن. قورئان لەگەڵ عەرەبەكانی سەدەی حەوتەمدا دەدوێ، واتە قسە لەگەڵ كۆمەڵێكدا دەكات كە سەر بە كولتووری باوكسالارییانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، كولتووری نەوەی عیبرانی، كە باوەڕی بە نزمیی بنچینەیی ئافرەت هەیە. كولتووری مەسیحیەتی قەشە پۆڵسی دوژمنی سەرسەختی ئافرەت. كولتووری پیاوسالارییانەی خێڵەكییانەی نیوە دوورگەی عەرەبی.

جا بۆ ئەوەی پەیامەكە بچێتە نێو زمانی ئەم گەلە و ئەو كولتووره باوكسالارییەوە كە بۆ ٤ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، پێویست بوو ئەو بەڵگەنەویستە قبوول بكرێ كە هەزار ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، كە سەیركردنی باڵادەستیی پیاوانە بەسەر ژناندا وەك بەڵگەنەویستێك "الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ "النساء-٣٣.

بەپێی ئەو كولتووره باوكسالارییە دەكرێ ژن تەنیا لەبەر گومانكردنێك لە ئەمانەتی لێی بدرێ (النساء-٣٤). كاتێ پەیامەكە لەو سەردەمەدا و بە زمانی ئەم گەلە و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی دەدوێ، ئەوە ئاساییە كە شایەتیی دوو ئافرەت بەرامبەر شایەتیی پیاوێك حسێب بكرێ (البقرة-٢٨٢)، هەروەها لەكاتی سەركەوتن لە شەڕەكاندا پیاوانی لایەنی براوە مافی سەرجێییكردنیان بەسەر ژنە دیلەكانەوە هەبێ، هەروەها پیاو بۆی هەبێ لەگەڵ ژنەكەی مامەڵە بكات وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ كێڵگەكەیدا دەكات.

لە روانگەی ئەم زمانە و ئەو نەریتەی تایبەتن بە گەلان و كۆمەڵەكانی سەردەمێكی دیاریكراوەوە، قورئان سەرەتا هەوڵ دەدات لە زیانەكانی لاسایيكردنەوە كەم بكاتەوە و سنوورداری بكات، بۆیە كوشتنی منداڵان و شوێنكەوتنی كوێرانەی نەریتی زیندەبەچاڵكردنی كچان، كە لای عەرەبەكانی پێ ئیسلام باو بووە، قەدەغە دەكات.

فرەژنی رێی پێ دراوە، بەڵام رێك خراوە(النساء-٣)، بەشێوەیەك دەرفەتی پەنا بۆ بردنی زۆر كەم كردووەتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین باشتر سنووربەندیكردنی قورئان بۆ فرەژنی لە سیاقە مێژوویی و لاهوتییەكەیدا دیاری بكەین، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین كە لە تەوراتدا فرەژنی بە رەهایی و بەبێ قەیدوشەرت، رێی پێ دراوە. تەورات باسی ژنەكانی داود دەكات، هەروەها باسی ٧٠٠ ژنی سولیمان دەكات جگە لە ٣٠٠ دۆست (محظية). (الملوك الاول ٢-١-٣). هەروەها لە سەردەمی شارلماندا، دوو سەدە دوای دابەزینی قورئان، هەندێ لە كاهینەكان فرەژن بوون و لە سەردەمی گریگۆری حەوتەمدا داوێنپاكی لەسەر كەهەنوت (١٠٢٠-١٠٨٥) فەرز كران.

ئایا پێویستە باس لە مافی تەڵاقدان بكەین كە لە سەردەمی پێغەمبەردا بەژنان درابوو؟

یەكێك لە ژنەكانی پێغەمبەر (ئەمیمەی كچی جون) داوای تەڵاقی كرد مافی تەڵاقدانی هەبێ، پێغەمبەریش ئەو مافەی پێدا و خەڵاتیشی دایە (البخاری ٦٨-٣) لەكاتێكدا ژن لە رۆژئاوا مافی تەڵاقی نەدرایە تەنیا لە سەدەی بیستەمدا نەبێ، پرسی خاوەندارییەتی ماڵ و سامانیشی بە هەمان شێوە.

هەروەها لەو رووەوە كە هەموو ئەركە پێوەندارەكان بە بەخێوكردنی خێزان و ماڵ لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا، ئەوەی ئەمرۆ پێی دەڵێین "دەستەبەری كۆمەڵایەتی"، لە ئەستۆی مێردا بووە، ئەوا پشكی نێر لە میراتدا دوو هێندەی پشكی مێ بووە.

هەموو ئەو حوکمانە پێوەستن بە بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتەوە، لە پێناو ئەوەیشدا ئەو سنوورانەی خودا بەو شێوەیە دانراون (تلك حدود الله)(٤-٢)، ئەو سنوورانەی شەریعەت بۆ کۆمەڵگەی پێش ئیسلام دایناون پێشکەوتنێکی گەورە بوون، لەو کۆمەڵگەیانەدا ئافرەت، هاوسەر بوایە یان کچ، مافی میراتگرتنی نەبوو.

ئەو سنوورانە هیچ شتێکیان تێدا نییە پاساو بێ بۆ جیاکاریی رەگەزی بەرامبەر ئافرەت، کە ئەمرۆ لە زیاتر لە وڵاتیکی ئیسلامیدا باوە. ئەو جیاکارییە زادەی دابونەریتێك لە دابونەریتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، نەك ئیسلام. لە ئیسلامدا، لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە راشدییەکاندا، لەگەڵ ئەوەی دابەشکردنی کار و ئەرکەکان لەبەرچاو دەگیرا ئافرەتان لە هیچ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بێبەش نەکرابوون، تەنانەت لە شەڕیشدا ئافرەتان تەنیا پەرستار نەبوون، بگرە جەنگاوەریش بوون (البخاری ٥٦-٦٢، ٦٣، ٦٥). ئیدارەی کاریان دەکرد (١١-٤٠)، خەلیفە عومەر ژنێکی وەك چاودێر لە شاری مەدینەدا دامەزراندبوو. عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر زانستە ئاینییەکانی فێری خەڵك دەکرد. عومەر هیچ بێزارییەکی پێشان نەدا کاتێ ژنێك وتارەکەی پێ بڕی، بگرە لەسەر ئەو رەخنە دروستەی لە عومەری گرت سوپاسیشی کرد.

هەموو جیاکارییەکان پێوەندییان بە مێژووی وڵات یاخۆ سەردەمێکەوە هەیە. قورئان ئەو جیاکارییانەی هەڵوەشاندەوە. قورئان حەوت جار باسی لەوە کردووە کە جیاوازی تەنیا لەنێوان ئەوانەدا دەکات کە کاری چاکە و کاری خراپە دەکەن، جا پیاو بن یا ئافرەت.

بەم شێوەیە لە پاش هەموو سەروبنکردنەکانی مێژووەوە ئەم پرنسیپە ئەزەلییە دەچەسپێ کە هەموو جیاکارییەك لەنێوان پیاو و ئافرەتدا رەت ناکاتەوە، کە بەتەنیا یەکسانی و تەواوکاریی هەردوو رەگەز ناچەسپێنێ، بگرە یەکایەتیی ئەنتۆلۆجییشیان دەچەسپێنێ. لەیەکەم ئایەتی سوورەتی (النساء) دا هاتووە "اتقوا ربکم الذي خلکم من نفس واحدة". یەك بوونەوەر، کە مرۆڤە، بەسەر دوو بەشی یەکسان لە کەرامەتدا دابەش بووە، تەنیا لە ئەرکەکانیاندا جیاوازن.

کارکردنی دڵسۆزانە بۆ گیانی ئیسلام بەو شێوەیە دەبێ کە زانایانی سەدە سەرەتاکانی ئیسلام کردیان، ئەویش کاتێ بیری خۆیان خستەکار بۆ تەئویلکردنی دەقە ئاسمانییەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری ئاینیی پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە نوێیەکان. بۆیە ئێمە دووپاتی دەکەینەوە: پێویستە ئێمە لە دەستکەوتە مێژوویيە راستوخۆکانی ئەو زانایانە، ئەو بنەما ئەزەلییانە دەربێنین کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ئەمرۆ یارمەتیمان دەدەن.

مێژووییبوونی قورئان هەروەها لەوەیشەوە هاتووە کە دابەزینی پەیامە ئەزەلییەکان ئاراستەی گەلێکی تایبەت کراوە لە ساتێکی مێژوویی تایبەتدا و بەزمانێك کە ئەو گەلە بتوانی لێی تێبگات "و ما ارسلنا من رسول الا بلسان قومە"(١٤-٤).

دانەرە بەراییەکانی مێژووی ئیسلام کە خەریکی کۆکردنەوەی گوتەکانی پێغەمبەر بوون، زۆر بایەخیان داوە بەوەی لەبارەی هەر ئایەتێکەوە باس لەو سیاقە مێژووییە بکەن هەر ئایەتێکی تێدا دابەزیوە، کە هەندێ جار پێوەندی بە رووداوگەلێکی سادەی ژیانی پێغەمبەرەوە هەبووە. هەمیشە مەبەستی پەیامەکە وەڵامێکی بەرهەست بووە بۆ پرسیارێك، کە لەپێناو کۆمەڵەکەیدا پێغەمبەر لە خۆی کردووە. ئەم مێژووییبوونە هیچ لە بایەخی بەها گەورە و ئەزەلییەکەی پەیامی پێغەمبەر کەم ناکاتەوە. هەموو دەستوەردانێکی خودایی لە کاروباری گرووپە ئاینی و سیاسییەکەدا لە مەککە هەروەها لە مەدینە، بنەمایەکی بۆ کار تێدایە کە بۆ هەموو گەل و سەردەمێك بەکەڵکە، بەڵام لە فۆرمێکدا کە پێوەستە بە هەلومەرجە بەرهەستەکانی ئەو سەردەم و وڵاتەوە.

قورئان کاتێك باس لە مامەڵەکردنی کۆیلە دەکات و بۆ نموونە دەڵێ "ولعبد مؤمن خیر من مشرك"البقرة-٢٢١.

ئایا ئەم ئایەتە کە لە کۆمەڵگەیەکدا دابەزیوە کۆیلایەتی تێدا باو بووە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە کۆیلایەتی تێدا نەماوە بەهای خۆی لەدەست داوە؟ نەخێر. دیارە فۆرمە مێژووییەکەی لە دەست دەدات، بەڵام وەك پرسیارێکی ئەزەلی تەواوی

هێزی خۆی دەپارێزێ کە پێمان دەڵێ بەهای مرۆڤ پێوەندی بە پلە و پایە یان سامانەکەیەوە نییە، بگرە پێوەندی بە تەقوا و رەوشتبەرزیی ئەوەوە هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە ناکرێ خوێندنەوەی قورئان هەمیشە خوێندنەوەیەکی حەرفی بێ. هەموو جارێ کە بەزمانێکی جۆرایەتی باس لە بنەمایەکی کار و لە هەلومەرجی سەردەمی دابەزینیدا دەکرێ، ئامانج لێدەرهێنان (استنباط) و گەڵاڵەکردنی بنەمایەکی زیندووە لە وشەی مردوو. بە دەربڕینێکی تر لە پێناو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا ناکرێ تەنیا پشت بە لێدەرهێنان ببەسترێ، بگرە دەبێ پشت بە پرنسیپی پێوانەسازی (قیاس)یش ببەسترێ.

لەم سەردەمەماندا کەس ناتوانێ لە بەرامبەر گرفتە نوێیەکاندا، لە بەرپرسیاریەتیی ئیجتیهادکردن لە پێناو داهێنانی رێگەچارەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم سەردەمە لە روانگە شەریعەتی قورئانییەوە بمانبوێرێ.

شەریعەتی ئیسلامی تەواو پێچەوانەی یاسای رۆمانییە: یاسای رۆمانی هەستێکی وا دەدات وەك ئەوەی لە خەیاڵ و ئەبستراکتدا یاسارێژی بکات و لە هەوڵی پێشبینیکردنی کۆمەڵە چوارچێوەیەکی ئەزەلیدایە بۆ ئەو کارانەی لە داهاتوودا روو دەدەن. بەڵام دەقەکانی قورئان کە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامییان لێ دەرهێنراوە، بەپێچەوانەوە، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێ رووداوی راستەقینەی مێژووییدا دەکەن. ئەو دەقانە وەڵامێکی ئیلاهین بۆ دۆخێکی مێژوویی، وەڵامگەلێکی پشتبەستوو بە ئیلهامی خودایین. بەڵام گرینگە کە ئێمە لە هەموو ساتێکدا ئامانج و هۆکارە راستەقینەکانی دەقەکان بدۆزینەوە، تا بەسەر دۆخێکی نوێدا جێبەجێی بکەین.

پێغەمبەر لەو کاتەی بەناوی خوداوە قسەی دەکرد، دۆخی جوگرافی و مێژوویی ئەو گەلەی بەتەواوی رەچاو دەکرد کە لە پێناویدا بنەما ئەزەلییەکانی بەشێوەیەکی جۆرایەتی جێبەجێ دەکرد.

کاتێ فەرمان دەکات بە رۆژووگرتن لە بەرەبەیانەوە تا رۆژئاوابوون "حتی یتبین لکم الخیط الاسود من الخیط الابیض من الفجر"، ئەوە روونە گوتەکانی لەو کاتەدا روو بە گەلێکە کە ماوەی رۆژ و شەو تێیدا کەمێك جیاوازییان هەیە، بەڵام لای ئەسکیمۆکان جیاوازیی نێوانی شەو و رۆژ شەش مانگە. کەواتە پێویستە بیر بکەینەوە –وەك لە مەسەلەی کۆیلکاندا– تا دەقەکە بەشێوەی حەرفی جێبەجێ نەکەین، بگرە پێویستە بەدوای ئامانجەکەدا بگەڕێین تا لە هەلومەرجێکی نوێدا ئایەتەکە جێبەجێ بکەین.

هەمان شت بەنیسبەت کۆمەڵێ ئایەتی تری قورئانیشەوە راستە. خودا بارودۆخ و ئاستی هۆشیاریی ئەو گەلانە لەبەرچاو دەگرێ کە ئەو ئایەتانە لەگەڵیاندا دەدوێن، ئەویش بۆ ئەوەی پەیامەکە بە ناخیاندا شۆڕ ببێتەوە، لەبەرئەوە بەیەکجاری سیستمە باوەکە هەڵناوەشێنێتەوە، بگرە هەندێ دابونەریتەکانی قبووڵ دەکات ئەگەرچی بەتەواوی داخوازییە رەهاکانی شەریعەتیشدا یەك نەگرێتەوە.

کەواتە ئەرکی ئێمە لە ئاست هەر حوکمێکی شەرعیدا ئەوەیە بپرسین: ئامانج چی بووە کاتێ ئەم فەرمانە داڕێژراوە؟ ئەو بارودۆخە مێژووییە چی بووە کە ئەو دەرکردنی ئەو فەرمانەی پێویست کردووە؟

زاراوەی "شەریعەت" تەنیا یەك جار لە قورئاندا بەکار هاتووە (٤٥–١٧). لە سێ ئایەتی تردا هەندێ وشەی تر هەن کە لە هەمان چاوگ دروست کراون وەك فەرمانی (شرع) (الشوری–١٣) و ناوی "شرعة" (٥–٤٨).

بەپێی ئایەتی "ثم جعلناك علی شریعة من الامر" شەریعەت بە واتای "رێگە" دێ.

ئەم رێگە (شەریعەت)ـە لەسەر چی دامەزراوە؟

ئایەتی "شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ.." الشوری/١٣.

کەواتە ئەوە روونە کە:

١- ئەم ڕێگە (شەریعەت)ە ڕێگەی خودایە.

٢- ئەو ڕێگەیە لەنێوان هەموو ئەو گەلانەدا هاوبەشە کە خودا پێغەمبەرەکانی خۆی بە زمانی خۆیان بۆ ناردوون.

بەڵام وەك زانراوە حوکمە شەرعییەکانی تایبەت بە دزی و سزاکەی، حوکمەکانی تایبەت بە دۆخی ئافرەت و زەواج و میرات لەنێوان تەوراتی یەهودی و ئینجیلی و قورئاندا جیاوازن.

شەریعەت (یاسای ئیلاهی) ناکرێ هەموو ئەم (فیقه)انە لەخۆ بگرێ. شەریعەت جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ فیقهدا هەیە لەو ڕووەوە کە لە هەموو ئاینەکاندا هاوبەشە، لەکاتێکدا فیقهـ لە ئاینێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئەویش بەپێی ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیەی خودا یەکێك لە پێغەمبەرەکانی بۆ ڕەوانە کردووە.

لە قورئاندا خودا دەفەرموێ (لكل اجل كتاب) (ولقد بعثنا في كل امة رسولا) (وان من امة الا خلا فيها نذير).

ئەگەر جیاوازی نەکرێ لەنێوان پرنسیپە ئەزەلییەکان لەبارەی پێوەندییەکان لەگەڵ خوادا و هەروەها لەگەڵ ئەو یاسا تایبەتانەی خەڵك لە هەموو سەردەمێکدا لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانی تێدا ڕێك دەخەن، ئەوا ئەو وێنەیەی لەبارەی قورئانەوە پێشکێش دەکرێ وەك وێنەیەکی کاریکاتێری دێتە پێش چاو.

ئەم جیاوازیکردنە لەنێوان شەریعەت و لەنێوان ئەو میتۆد و بەرنامانەی کە خودا بەرپرسیاریەتیی پیادەکردنیانی لە بارودۆخە بەرهەستەکانی کۆمەڵگە و سەردەمەکەیدا بە مرۆۆ سپاردووە، وشەی "شەریعەت" جەختی لێ دەکاتەوە، واتە "ڕێگە بەرەو چاوگەکە". ئەوەیش شێوازێکی نایابە بۆ گوزارشتکردن لە ڕێگەی "بەرەو خودا".

دوای ئەوەی قورئان لە هەردوو ئایەتی ٤٤ و ٤٥ی سوورەتی ئەلمائیدەدا باسی لەوە کرد کە هەردوو پەیامی مووسا و مەسیح، تەورات و ئینجیل، نوور و ڕێنیشاندانیان تێدایە "فيها هدى و نور"، دوای ئەوە دەڵێ "لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا"، واتە بۆ هەر یەکێکتان ڕێباز و میتۆدێکمان داناوە.

لە ڕۆشنایی ئەو دوو ئایەتەدا، دەردەکەوێ، کە شەریعەت، ڕێگە و ڕێباز، بەهایەکی هەمەگیری هەیە، چونکە بەشێوەیەکی تایبەت لەنێوان هەموو خاوەن کتێبەکاندا هاوبەشە. شەریعەت ڕێنوێنیمان دەکات بۆ ئامانجە باڵاکان، لەکاتێکدا بەرنامە و میتۆد ئامرازگەلێکن لە هەر قۆناخێکی مێژوویيدا ڕێگە بۆ هێنانەناوەوەی بەها باڵاکان خۆش دەکەن.

لەڕاستیدا شەریعەت لە هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکەدا ئامادەیە و یەکە. قورئان چەند جارێك باس لەوە دەکات کە موڵك تەنیا بۆ خودایە: "ولله المشرق والمغرب" البقرة-١٦. هەروەها لە (سفر التثنية)ی تەوراتدا هاتووە "ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تێیاندایە بۆ خودای پەروەردگاری تۆیە". هەروەها لە عەهدی نوێ (ئینجیل)دا و لە پەیامی یەکەمی قەشە پۆڵسدا بۆ خەڵکی کورنسە (١٠-٢٦) دەڵێ "..چونکە زەوی و ئەوی تێیدایە هی خودایە".

هەروەها هەمان شتیش لەبارەی "الامر لله وحدة" و "العلم لله وحده" لە هەر سێ کتێبەکەدا هەمان شتە.

ئەرکی سەرشانمانە لە هەر ساتێکدا ئەو ئامرازە مێژووییانە بدۆزینەوە کە زامنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایانەن، وەك کە قورئان نموونەیەکمان بەنیسبەت کۆمەڵگەی "مەدینە"وە دەداتێ.

ئاشکرایە کە ئەم جیاکارییە قورئانییە -لەنێوان شەریعەت و فیقهدا- هەموو حەرفییەتێك ڕەت دەکاتەوە و هانمان دەدا بیر لە نموونەکان بکەینەوە، نەك کوێرانە حوکمە مێژووییەکانی قورئان لە هەموو سەردەمێکدا جێبەجێ بکەین.

هەرچی پێداگرتنە لەسەر ئەوەی پێویستە هەر حوکمێك لە قورئاندا هاتووە جێبەجێ بکرێ، ئەوە تێکەڵکردنی شەریعەتە، کە یاسای ئەزەلیی خودایە و جێگیر و ڕەها و هاوبەشە لەنێوان گشت ئاینەکان و جۆرەکای حیکمەتدا، لەگەڵ ئەو فیقهەی تایبەت بووە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی حەوتەمدا (کە جێبەجێکردنێکی مێژوویی بووە بۆ یاسا ئەزەلییەکە

تایبەت بەو وڵات و قۆناخە مێژووییە). دیارە هەردووکیشیان (فیقهـ و شەریعەت) لە قورئاندا هەن، بەڵام تێکەڵکردنیان و پیادەکردنی کوێرانەیان —لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو بیرکردنەوەیەی قورئان بێپەروا بانگەشەی بۆ دەکات— وامان لێ دەکات نەتوانین شایەتی بۆ پەیامە زیندووەکە، بۆ قورئانی هەمیشە نوێ و زیندوو، بۆ خودای زیندوو بدەین.

یاسای خودایی، شەریعەت، هەموو ئیمانداران کۆ دەکاتەوە، لەکاتێکدا سەپاندنی یاساگەلێکی تایبەت بە نیوەدوورگەی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمدا، بەسەر خەڵکانێکدا لە سەدەی بیستەمدا، کارێکی پەرتکارانەیە کە وێنەیەکی هەڵە و بێزراو بە قورئان دەدات. ئەمە تاوانێکە دەرهەق بە ئیسلام.

ئەو وێنە کاریکاتێرییە شێواوەی شەریعەت کە هەندێ لە ڕژێمەکان بڵاوی دەکەنەوە و پاڵپشتی لێ دەکەن، زەلکاوی ڕەشی —خنکاندنی— ئیسلامە. بەلای سەرانی ئەو ڕژێمانەوە شێواندن و ئاوەژووکردنەوەی شەریعەت، بۆ مانەوەی ئەوان پێویستە. شەریعەت، وەك قورئان پێناسەی دەکات، هەموو گەندەڵکارییەکانی موڵکداری، دەسەڵات و مەعریفە سەرکۆنە و ڕیسوا دەکات.

ئەگەر موڵك تەنیا بۆ خودا بێ، وەك شەریعەتی قورئانی دەبێژێ، ئەوە سەرمایەکانی دەوڵەمەندەکان تەنیا هی خۆیان نییە، ئەوان تەنیا سەرکار و هەڵسوڕێنەری ئەوماڵەن و بۆیان نییە — بە ئارزووی خۆیان— لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و سویسرا، یان لە فیردەوسە داراییەکاندا بیخەنە گەڕ، بۆیان نییە لە گازینۆ جیهانییەکاندا بەفیڕۆی بدەن یان کۆشکی لوتبەرزی و فەخفەخە لە ماربیا لە ئیسپانیا یان لە کەناری لازوردیی فەرەنسادا پێ بەرز بکەنەوە. بە پێچەوانەوە ئامانجی هەموو حوکمە ئابوورییەکانی قورئان چ ئەوانەی پێوەندییان بە سوو (ربا)وە هەیە، یان ئەو پارەیەی بەبێ کار دێتە دەست، یان زەکات (ئەو پشکەی لە سامان دەبرێ) ڕێگرتنە لە کەڵەکەبوونی سامان و دەوڵەمەندی لە جەمسەرێکی کۆمەڵگەدا و کەڵەکەبوونی نەهامەتی لە جەمسەرەکەی تردا.

ئەگەر فەرمان (دەسەڵات) تەنیا بۆ خودا بێ، وەك شەریعەتی قورئانی دەڵێ، ئەوە موڵکیەتی ڕەها و کانتۆنەکانی سەر بەو موڵکییەتە، سەرکۆنەکراون، لەبەرئەوەی لە دابەشکردنی داهاتەکاندا داهاتە کەسییەکان لەگەڵ پشت پێبەستنەکانی دەوڵەتدا تێکەڵ دەکەن، کۆمەڵێ کاسەلێس بۆ خۆیان دروست دەکەن و دواکەوتووترین ئوسوڵییاتەکان لە دنیادا پارەدار دەکەن تا ئیسلام بکاتە تلیاکێك بۆ گەلان، کە زەلیلانە باڵادەستیی ئەو قبووڵ دەکات.

ئەگەر زانست تەنیا بۆ خودا بێ، وەك شەریعەتی قورئانی دەڵێ، ئەوا زەنگی مردن بۆ هەموو دۆگماییەکان و بۆ هەموو لافلێدانەکانی خاوەنداریەتیی ڕاستیی ڕەها، کە دەرگای ئیجتیهاد دادەخات لێ دەدرێ. ئەو داخستنە حەنبەلی—یانە بۆ بیرکردنەوەی ئاینی پێچەوانەی ویستی قورئانە کە دەخوازێ هەموو موسڵمانێ بەرپرس بێ و هەمیشە بانگی دەکات بۆ بیرکردنەوە لەو نموونە ئیلاهییانەی پێغەمبەر ئاشکرای کردوون. لە سایەی شەریعەتی قورئانیدا هەموو ئینتیمایەك بۆ لاهوتی دەسەڵاتخوازی تاریکپەرست لەپێناو ملکەچکردنی جەماوەردا ورد و خاش دەبێ.

لە بەرامبەردا، ئەو پروپاگەندەیەی هەندێ ڕژێم بە مزگەوت و ئیمامە وتاربێژەکانیانەوە بە ناڕەوا بەناوی شەریعەتەوە لە سەرانسەری دنیادا بڵاوی دەکەنەوە، بریتییە لە شتە قەدەغەکراوەکان و جۆرەکانی سەرکوتکردن. بڕینی دەستی دز بۆ پاراستنی دەوڵەمەند، تەنانەت ئەو دەوڵەمەندییەی بە خراپترین شێوە بەدەست هاتووە، هێمایە بۆ ئەم جۆرە پیادەکردنەی شەریعەت، کە شێوەیەکە لەگەڵ دەوڵەمەند و بەهێزەکاندا گونجاوە.

جیاکردنەوەی ئایەتی "والسارق والسارقة فاقطعوا ایدیهما.." لە تەواوی سیاقی قورئانی لەبارەی سزادانەوە، وەك سزای بڕینی دەست، لەگەڵ وێنای قورئاندا بۆ "خودا" کە "ڕەحمان و ڕەحیم"ە، ناگونجێ. ئەوە لەبیرکردنی ئایەتەکەی دواترە کە دەڵێ "فمن تاب من بعد ظلمه و اصلح فان الله یتوب علیه، ان الله غفور رحیم"، واتە هەر کەس دوای تاوانەکەی تۆبە بکات خوا تۆبەکەی گیرا دەکات.

ئەوە تەنانەت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەریشدا نەگونجاوە.

نەسائی و ئەبوداود دەگێڕنەوە، عەباد بن شەرحەبیل دەڵێ "لەگەڵ باوك و دایکم هاتمە مەدینە، چوومە نێو کێڵگەیەکی گەنمەوە و هەندێ گوڵەگەنمم لێکردەوە و دانەکانیم دەرهێنا. خاوەنی کێڵگەکە هات جلەکانمی برد و لێی دام. منیش چوومە لای پێغەمبەر و شکاتم لێ کرد، پێغەمبەر فەرمانی دا بە هێنانی پیاوەکە و لێی پرسی: بۆچی وات کردووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە "ئەم پیاوە هاتە ناو کێڵگەکەم و گوڵەگەنمەکانی لێ کردەوە و دانەکەی برد". پێغەمبەر گوتی "ئەو نەزان بوو تۆ فێرت نەکرد، برسی بوو تێرت نەکرد؟ جلەکانی بۆ بگێڕەوە" و فەرمانیشی کرد گەنمم بدرێتێ.

یەحیای کوری عەبدوڕەحمانی کوڕی حاتەب گێڕایەوە: کۆیلەکانی حاتەب هوشترێکی هۆزی مازنەیان دزی و سەریان بڕی تا بیخۆن، دانیشیان بە کارەکانیان دا نا. عومەریش فەرمانی دا بە هێنانی خاوەنی کۆیلەکە و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و فەرمانی دا بە بڕینی دەستی کۆیلەکان. دوای ئەوە عومەر بە خۆیدا چووەوە و فەرمانی دا بەهێنانی خاوەنی کۆیلەکان و پێی گوت "من بڕیارم دابوو دەستیان ببڕم، بەڵام بیرم کردەوە و پێم وابوو تۆ برسیت کردوون بۆیە بەناچاری ئەو کارەیان ئەنجام داوە کە خوا قەدەخەی کردووە، بەڵام سوێند بە خودا سزای توندی تۆ دەدەم ". جا لێی پرسی: بەهاکەی چەندە؟ ئەویش گوتی "ئەگەر ٤٠٠ درهەمی بدامایە پێم نەدەفرۆشت". عومەر بە خاوەنی کۆیلەکانی گوت "٨٠٠ درهەمی بدەرێ".

ئەم ڕیوایەتە لە (الموطا)ی ئیمام مالیکدا باس کراوە.

پێویستە ئەم دوو نموونەیە یارمەتیمان بدەن بۆ تێگەیشتن لەوەی بانگەشەی پیادەکردنی شەریعەت بە بڕینی دەستی دز وەك ئەوەیە وایە لە کۆتاوە دەست پێ بکەیت، یەکەم ئەرکی ئەو کۆمەڵگەیەی لە هەوڵی ئەوەدایە گوێڕایەڵیی شەریعەت بکات ئەوەیە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ دزیکردن هەڵبوشێنێتەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی هەموو شێوەکانی ستەمی کۆمەڵایەتی و نەهامەتی. جا ئەگەر پیادەکردنی شەریعەت بە سەرکوتکردن دەست پێبکرێ، ئەوا هەژارترین کەس پێوە دەبن . جا ئەگەر دەستیان بڕا ئەوە ئەستەمە جارێکی تر لە ڕێی کارکردنەوە لە کۆمەڵگەدا جەموجۆر بدرێتەوە.

ئەم زەلیلکردن و بەکۆیلەکردنە بەرۆکی نەدارەکان دەگرێ و ئەوانەی پارە مۆڵ دەدەن وەك بەرزەکی بانان سەلامەت دەردەچن و لە کاری بەدی خۆیان، کە مایەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە، بەردەوام دەبن.

کەواتە پێش لە بڵاوکردنەوەی دادگەریی کۆمەڵایەتی هیچ شتیك هێندەی جێبەجێکردنی سزاکان پێچەوانەی گیانی قورئان نییە، قورئان لەبارەی ئەم خاڵەوە زۆر ڕاشکاو دەدوێ و بەتوندی سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات کە هەر خەریکی پارەمۆڵدانن و نزای سزای سەختیان لێ دەکات (جمع مالا وعدده) (١٠٤-٢) (٩-٤٣).

لەو وڵاتەی ئەم حوکمانە بە توندی جێبەجێ دەکرێن شەریعەتی خودا دەگەڕێتەوە، شەریعەتی ڕاستەقینە لە سەر هەردوو ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە "ئاتاجی" نامێنێ کە ڕەنگە خەڵك ناچار بە دزیکردن بکات.

هەندێ لە ڕژێمە ئیسلامییەکان بە ملیاران دۆلارەکانیان -کە لە بانکەکانی ئەمەریکادا دایان ناوە- و کاسەلێسەکانیان کە دزەیان کردووەتە نێو گرووپە ئیسلامیەکانی دنیا، بوونەتە دووڕووترین هاوپەیمانی ئەو شتەی پێچەوانە و دوژمنی باوەکوشتەی ئیسلامە، کە "یەکایەتیی بازاڕ"ە.

ئەمڕۆ داماڵینی مۆرکی ئەم جۆرە سیستمانە لە ئیسلام، یەکێکە لە ئەرکە جەوهەرییەکانی موسڵمانانی دنیا، ئەویش لەپێناو گێڕانەوەی ڕووی ڕاستەقینەی شەریعەتدا. جێبەجێکردنی شەریعەت واتای ئەوەیە ٢٤ سەعاتی ڕۆژ لەگەڵ خودادا بژین کە موڵك و فەرمان و زانست تەنیا بە دەستی ئەوە. تەنیا بەم شێوەیە موسڵمانەکان دەتوانن لە بەگژاچوونەوەی یەکایەتیی بازاڕدا بەشدار بن و سەر لەنوێ واتایەك و سەدەی ٢١ بە سیمایەکی مرۆیی و خودایی بنیات بنێن.

لە هەموو ئاینەکانی دنیادا ئەم ئومێدە سەرهەڵدەدات. مەسیحییەکان لە مەجمەعی ڤاتیکانی دووەمدا و دواتریش لە کۆنگرەی "میدلان"دا لە ئەمەریکای لاتینی ساڵی ١٩٧٠ ئاسۆیەکی نوێیان بۆ ئیمانەکەیان بەدی کرد. ئیسلام پێویستی بە لاهوتی ئازادی هەیە تا پێوەندییەکانی لەگەڵ سەدەکانی "لاساییکردنەوە"دا بپچڕێنێ . وەك کە مەسیحییەکان پێویستیان پێیەتی تا مۆرکە رۆمانییەکە لە کلێساکان داماڵن و رێ بگرن لەوەی پاشایەتی و ئیمپراتۆرییەتی بۆ بگەڕێتەوە. هەردوولا پێویستیان بەوەیە لە ئەفسانەی "گەلە هەڵبژێردراوەکان" رزگار بن کە ئەفسانەیەکی خێڵەکییانە و پاساوی هەموو جۆرە دەست بەسەرداگرتنێکە. بەلای سەرکردە ئەمەریکاییەکان و شوێنکەوتە رۆژئاواییەکانەوە، موسڵمانانی باش و موسڵمانانی خراپ هەن: موسڵمانە پیاوباشەکان ئەوانەن خزمەتی سیاسەتەکانیان دەکەن و بەپێی فرمانەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دەجوڵێنەوە. موسڵمانە پیاوخراپەکانیش ئەوانەن کە فرمانەکان رەت دەکەنەوە. ئەمە باشترین ئازوقەیە بۆ بەهێزکردنی بزاوتە ئوسولییەکان.

ئەگەر بێئابڕوویی سیاسی پێوەری رەفتاری باش بێ، ئەوە شەرەف و کەرامەتی ئینسانی دەخوازن بەرەیەکی رەفز دروست بکرێ لە دژی خراپترین نەفینکردنی مرۆڤ ، کە لە یەکایەتیی بازاردا بەرجەستەیە. رەنگە ئەم بەرەیە هەندێ جار بێتە هۆی دۆشدامان بەسەر شێوەیەك لە شێوە دێرینەکانی باوەڕدا.

خەباتکردن لەدژی ئوسولیەت خەبات نییە لە پێناو دەمجکردنێکدا کە داوا لە ئەوی تر بکات واز بێنێ لەوەی خودی خۆی بێ، بگرە لە پێناو ئەوەدایە کە بەقووڵی خودی خۆی بێ و بە پشتبەستن بە ئەزموونی تایبەتی خۆی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی چەمکی شار و چەمکی ژیاندا بکات کە واتایەکی مرۆیی بە شار و ژیان دەبەخشن. ئەم واتایە کە یەسوع ناوی ناوە (مەملەکەت) و بەشێوەیەکی بەهێزتر پەیامی پێغەمبەرانی پێشوی لەخۆگرتووە. هەرئەوەیشە قورئان ناوی ناوە (شەریعەت ) و روونی کردووەتەوە کە ئەوە شەریعەتی ئیبراهیم و هەروەها شەریعەتی یەسوع (مەسیح) یان محەمەدە.

شتێکی بێ ئەقڵانەیە بگوترێ ئیسلام، وەك سەرەتا، دژی زانست و لێبوردەیی ئاینییە.

تەنیا پیشەوەرەکانی سیاسەت، ئەوانەی هیچ لەبارەی کوولتورە تایبەتەکەیانەوە نازانن، رەنگە جاڕی ئەوە بدەن کە فرەنسا نابێتە وڵاتێکی فرەکولتوور، وەك ئەوەی کولتووری عەرەبیی ئیسلامی بەشێك نەبێ لە کولتوری رۆئاییمان. زۆر جار دەبیستین کەسانێك دەڵێن: ئەم کولتوورە دوو سەرچاوەی هەیە: سەرچاوەی یۆنانی رۆمانی و سەرچاوەی یەهودیی مەسیحی. ئەوەیش لەبیرکردنی رۆڵی کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامییە.

ئەو کەسەی بەراستی زانستی ئەزموونی هێنایە ئەوروپا، راهیبی ئینگلیزی رۆجەر باکۆن بوو. باکۆن لە کتێبەکەیدا "المجموعة الكبرى" لە خۆبوردووانە دان بەوەدا دەنێ کە ئەو هەموو شتێك لە قوتابخانەی ئیسلامیی شاری قورتوبە فێر بووە. هەروەها بەبەردەوامی نموونە لە کتێبی (الناظر)ی ئیبنولهەیسەمی میسری دێنێتەوە، کە یەکەمین نموونەی زانستی ئەزموونی پێشکێش کرد: ئەویش گریمانەکردنی گریمانەیەکی ماتماتیکییە، ئەنجا ئامادەکردنی کەرەستەیەکی ئەزموونی بۆ دڵنیابوون لە راستییەکەی یان تانەلێدان و پووچەڵکردنەوەی.

لە هەندێ مەیدانی تریشدا، بەسە بۆمان کتێبی "في الحب"ی ستندال بخوێنینەوە، کە باس لەوە دەکات خۆشەویستیی راستەقینە تەنیا لەژێر رەشماڵی رەشماڵنشینە رەشپێستەکەدا گوزارشتی لێ دەکرێ. لە کتێبی (طوق الحمامة)ی ئیبن حەزمیشدا لەبارەی خۆشەویستیی ناسك، هەروەها لای ئیبن عەرەبی، گوزارشتێك لە بەیەکگەیشتنی خۆشەویستیی مرۆیی و خۆشەویستیی ئیلاهی دەبینین، کە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام –وەك ئاسین بالایۆس دەڵێ– بۆ (ئوخرەویاتە ئیسلامییەکە) لە کۆمیدیای ئیلاهیی دانتی.

هەمان شت لەبارەی لێبوردەییشەوە راستە. نالێبوردەیی لە ئیسلامەوە سەرچاوە ناگرێ، بگرە لە لادانەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ئیسپانیا جولەکەکان بوونە وەزیر. تەنیا لە ساڵی ١٤٩٢دا، لەگەڵ هەرەسهێنانی غەرناتەدا و لەگەڵ دەرکردنی جولەکە و عەرەبەکاندا لە ئیسپانیا "پاکتاویی نەژادی" دەستی پێ کرد، کە ئەو کاتە ناوی "خوێنپاکی" لێ نرا.

بێئاگایی لە هەموو ئەمانە سەردەکێشێ بۆ ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی وای کردووە کەشوهەوای فرەنسا تا بێ بواری هەناسەدانی تێدا بەرتەسك ببێتەوە لەو کاتەی خەڵکانێکی ئاسایی کە شوێن دابەنەریتی وڵاتەکانیان دەکەون، لەگەڵ "ئیرهابی"یەکاندا تێکەڵ دەکات و بەتوندی یەکسان دەکرێن.

لە سیستمی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەك لە پێوەندییە سیاسییە ناوخۆییەکاندا، چارە نییە دەبێ یەکێك لەم دوانە هەڵبژێرێن: دیالۆگ یان شەڕ. نەفرەتی لێ بێ ئەوەی شەڕ هەڵدەبژێرێ.

***** *****

**سەرچاوە:** کتێبی "نحو حرب دينية، جدل العصر"، رۆجية غارودی. ت: صياح الجهيم، ط ٢ ١٩٩٧ لا٣٢ -٤٩

**** *****

## ئیسلامی فەیلەسوفەکان.. وێنایان بۆ وەحی و پێغەمبەرایەتی

**نووسینی: مونجی لەسود**

**لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

### پێگەی فەلسەفە و فەیلەسوفەکان لای موسڵمانان

وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، ئەهلی حەدیس و فەقیهەکان دوژمنایەتییەکی قووڵیان لە ناخی خۆیاندا بەرامبەر فەلسەفە و فەیلەسوفەکان هەڵگرتبوو. ئەوەیش لەو ڕێوشوێنە توندانەدا بەرجەستە دەبێ کە دژیان گرتبوویانە بەر.

"هەریەك لە ئیبن سەڵاح لە (فەتاوی)ەکەیدا و موسەنیف لە (طبقات)ەکەیدا و چەندان زانای شافیعی، هەروەها ئیبن عەبدولبەڕ و غەیری ئەو لە مالیکی بەتایبەت خەڵکی مەغریب، هەروەها حافز سەراجەدین ئەلقەزوینی و غەیری ئەو لە حەنەفییەکان، ئیبن تەیمیە و غەیری ئەو لە حەنبەلیەکان و زەهەبی لە هەموو دانراوەکانیدا بەئاشکرا لە پلەو پایەی فەیلەسوفەکانیان دابەزاندووە و گێڕانەوە (روایة)کانیان قبووڵ نەکردووە"(١).

هەر چوار مەزەبە فیقهییە سوننەکە لەگەڵ جیاوازییەکانیاندا، هەموو لەسەر بەخراپدانانی فەیلەسەفەکان و فەلسەفەکەیان یەکدەنگ بوون. بە لای فەقیهەکان و ئەهلی حەدیسەوە فەلسەفە لە زانستەکانی پێشینەکانە (یۆنان) کە پڕ بووە لە پڕوپوچی و گومڕایی، هەربۆیە ئەو کەسەی بە فەلسەفەوە سەرقاڵ بووبێ بووەتە جێی گومان و دوودڵی، بگرە بە زندیقی و کوفر و ئیلحاد تۆمەتبار کراوە. هەر بۆیە سەرقاڵبوونی کەسێك بە فەلەسەفەوە بەلای زانایانی حەدیسەوە مایەی پلارتێگرتن و تانەدان بووە لە جێمتمانەیی و ڕەوشتی.

بەڵام هەندێ جار فەیلەسوفەکان لە کتێبەکانی ئەو زانایانەدا لەپاڵ ئەم وێنە تەڵخەدا کە بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە زانستە فەلسەفییە بێزراوەکانەوە، بەتایبەت زانستی ئیلاهیات و مەنتیق، کە بەلای ئەهلی حەدیسەوە لە بێزراوترین زانستە فەلسەفییەکان بووە، وێنەیەکی دراوشاوەیشیان پێ دراوە لەوکاتەی بە زانستە شەرعییەکانەوە سەرقاڵ بوون. زەهەبی ئاخ و ئۆف بۆ ئیبن حەزم هەڵدەکێشێ بەهۆی ئەوەی کتێبێکی داناوە تێیدا هانی فێربوونی (مەنتیق)ی داوە، کەچی پیرۆزبایی بێزراندن و سووتاندنی کتێبەکانی بەو هۆیەوە دەکات. تەنانەت غەزالی خۆیشی کە بەهۆی ڕەخنەی توندی لە فەلسەفە ناونراوە "حجه الاسلام"، لە سەرزەنشتکردن دەربازی نەبووە هەر لەبەرئەوەی ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ سەرقاڵی خوێندنەوەی زانستەکانی فەلسەفە بووە، دوای ئەوەیش لێی تێگەیشت بۆ ماوەی نێزیکەی ساڵێك بیری لێ کردووەتەوە، لێی ڕاماوە و بەدوای خڵتە و کەلەبەرەکانیدا گەڕاوە، تا لە ئەنجامدا ئەو "فریودان و چەواشەکردن و بەخەیاڵدا بردن"ەی ئاشکرا کردووە کە تێیدایە(٢).

لەگەڵ ئەوەیشدا زەهەبی ڕەخنە لە غەزالی دەگرێ بەوەی "زانستەکانی فەلسەفەی خوێندەوە پێش لەوەی لە هونەرەکانی ئوسوڵدا قووڵ ببێتەوە، هەر بۆیە فەلسەفە بوێرییەکی لەسەر واتاکان و بەئاسانی هێرشکردنە سەر ڕاستییەکان پێ بەخشی، چونکە فەیلەسوفەکان شتی وا بە خەیاڵیاندا دێت و دەچێ کە شەرع قبووڵی ناکات"(٣).

ڕەنگە هۆکاری ڕەخنەگرتنەکەی لە غەزالی ئەوە بووبێ کە غەزالی لە کتێبی (معيار العلم في فن المنطق)،دا پێی وابووە مەنتیق، هەروەك ماتماتیك، نە بە نەفی و نە بە ئیسپات خۆی لە قەرەی ئاین نادات، غەزالی دەڵێ "هەرچی بابەتەکانی زانستی مەنتیقە نە بە نەفی نە بە ئیسپات هیچ پێوەندییەکیان بە ئاینەوە نییە، بەڵکو مەنتیق تەنیا سەیرکردنی ڕێگەکانی بەڵگە و پێوەرەکان و مەرجەکانی پێشەکیەکانی بەڵگە و چۆنیەتیی ڕێکخستنیان و مەرجەکانی سنووری ڕاست و چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو سنوورەیە... ئەمەیش هیچ شتێکی تێدا نییە کە پێویست بکات سەرزەنشت بکرێ".(٤).

زانستی مەنتیق یان "زانستی تەرازوو" وەك تەهانەوی ناوی ناوە، لەو زانستانە بووە کە لەلایەن فەقیهەکان و ئەهلی حەدیسەوە زۆرترین سەرکۆنە کراوە، لەبەرئەوەی شتە مەعقولەکان بابەتی مەنتیق بوون و لە راستی و ناڕاستی و هێز و لاوازیدا مەحەك و پێوەری هەموو زانستەکان بووە. ئەم زانستە چەندە لای فەیلەسوفەکان خۆشەویست بووە هێندە لای ئەهلی حەدیس بێزراو بووە. ئەگەر فارابی مەنتیقی بە "سەرۆکی زانستەکان" و ئیبن سینا بە "خزمەتکاری زانستەکان"یان داناوە و ئەگەر غەزالی پێی وایە هەر کەس شارەزای مەنتیق نەبێ ئەسڵەن ناتوانێ لە زانستەکاندا شارەزا بێ، کەچی فەقیهەکان لە بۆسەدا بوون بۆ هەر کەسێك خوازیاری ئەو زانستە بووبێ یان بایەخی پێ دابێ.

بەڵام خاوەنی (كشف الظنون) پێی وا بووە ئەم رق و کینە توندە بەرامبەر (مەنتیق) بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسەی رەتی دەکاتەوە لێی تێنەگەیشتووە و لە سوودەکانی بێ ئاگایە، یان هۆکارەکەی ئەوەیە خەڵك وا گومان دەبەن مەنتیق بڕوای خەڵك تێك و پێك دەدات، ئەوەیش هەمان بۆچوونی غەزالییە کە دەڵێ "ئەو مەنتیقەی نە بە نەفی و نە بە ئیسپات خۆی لە قەرەی مەزەبەکان نادات، ئەگەر وترا ئەوە لە زانستەکانی فەیلەسوفە مولحیدەکانە سروشتی ئەهلی دین لێی دەتەکێتەوە"(٥).

دەکرێ ئەم بێزاری و لێ خوێندنە لە مەنتیق بگێڕینەوە بۆ سرووشتی پێوەندیی مەنتیق بە زانستەکانی حەدیسەوە، مەنتیق بە حوکمی ئەوەی–بەگوتەی حاجی خەلیفە– پێوەری بڕیاردانە لەسەر هەموو زانستەکان لە دروستی و نادروستی و بەهێزی و لاوازیدا، رەنگە گەورەترین هەڕەشە بێ لەسەر ئەو زانستانە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، چونکە "مەنتیق"ی نەقڵیی ئەو زانستانە لەگەڵ مەنتیقی فەلسەفیدا کە لەسەر بەڵگە دامەزراوە، ناگونجێ.

ئەمانە بەشێکن لەو هۆکارە زۆر و زەبەندانەی کە دەکرێ لە ڕێیانەوە لە نهێنی ئەو نەیارییەی فەقیهەکان و ئەهلی حەدیس بۆ مەنتیق بەشێوەیەکی تایبەتی و فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی تێ بگەین و وێنای قەبارەی ئەو رەفزە بکەین کە دەگاتە ئاستێك ئیبن سەلاح (لە ٦٤٣ ك مردووە)، فتوایەك دەربکات و فەلسەفە بە بناغەی گەوجی و بێڕەوشتی و کەرەستەی سەراسیمەیی و گومڕایی و سەرچاوەی بێبڕوایی و زندیقی دابنێ، هەروەها بڵێ "هەر کەس بفەلسەفێنێ، چاوی لە ئاست جوانییەکانی شەرعەتدا کوێر دەبێ، هەر کەس بەرگی فەلسەفە بپۆشێ رسوایی و بێبەشی بەشی دەبن، شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێ و دڵی لە پێغەمبەرایەتیی محەمەد (د.خ) تاریك دەکات، بۆیە ئەرکی سوڵتانە خراپەی ئەوانە لە موسڵمانان دوور بخاتەوە، لە فێرگەکان دەریان بکات و دووریان بخاتەوە"(٦).

لێرەدا دەگەینە مەترسیدارترین هۆکار لەپشت رەتکردنەوەی فەقیهەکان بۆ فەلسەفە، ئەویش بریتییە لە ململانەی سیاسیی نێوان هەردوولا، کە پێمان وایە ئەمە لە گرینگترین هۆکارەکانە کە خۆی لەپشت هۆکارەکانی ترەوە حەشار داوە. بۆ راستیی ئەم بۆچوونە ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەسەرهاتەی ئیبن کەسیر تۆماری کردووە(٧)، کە دەگێڕێتەوە لە ساڵی ٥٩٥ ك ئاشوبێکی گەورە لە ناوچەی خوراسان رووی دا کاتێ شا غەیاسەدینی غوری خاوەنی غەزنە ویستی وەك رێزنانێك لە فەخرەدینی رازی (فەیلەسوف و موفەسیر) قوتابخانەیەکی بۆ دروست بکات، خەڵکی غەزنە رقیان لە رازی هەڵگرت و فشاریان خستە سەر شا، ئەویش ناچار فەرمانی دا رازی لە وڵات دوور بخرێتەوە.

گرینگترین شت لەم رووداوەدا ئەوەیە چەندان گرووپ و مەزەبی ناکۆك لەدژی رازی هاوپەیمانییان بەست، لە کەرامیە و فەقیهەکانی حەنەفی و شافیعی و واعیزەکان و هەندێ لە پیاوماقوڵەکان، ئەمە جگە لە رەشە خەڵکەکە. ئەوانە وێڕای جیاوازییان لە چەندان پرسی جەوهەریدا کە پێوەندییان بە لایەنی عەقائیدییەوە هەیە، کەچی هاوپەیمانیەکی وا بەهێزیان پێك دەهێنا کە ئەستەم بوو فەیلەسوف بتوانێ خۆی لەبەردەمدا رابگرێ، بگرە بۆ سوڵتانیش ئەستەم بوو فشارەکانیان نادیدە بگرێ و ملکەچی داواکارییەکانیان نەبێ.

ئەمە وێنە تاریکەکەی فەیلەسوفە موسڵمانەکانە لای فەقیهەکان و ئەهلی حەدیس، بەڵام کتێبەکانی ژیاننامەکان (التراجم) وێنەیەکی تریشیان بۆ ئەو فەیلەسوفانە پێشکێش کردووە، کە بەبەراود بە وێنەی یەکەم وێنەیەکی پرشنگدارە، چونکە لەم بەشەدا سیفەتەکانی کوفر و زەندەقە و ئیلحاد بزر دەبن و سیفەتەکانی رێز و پیاهەڵدان جێیان دەگرنەوە، وەك ئەوەی غەزالی بە "حجە الاسلام" دانراوە کە لە سەرەتای پێنجەمین سەدەدا هاتووە بۆ نوێکردنەوەی ئاین بۆ ئوممەتی ئیسلامی، هەروەها ئیبن روشد بە "قازیی جەماعە" و ئەبوبەکر ئیبن ئەلسائغیش بە "فەقیە" وەسف کراون.

**فەیلەسوفەکان و رەشەخەڵك (عامە)**

ئەگەر فەقیهەکان و ئەهلی حەدیس و موتەکەلیمەکان دوژمنی راستەقینەی فەیلەسوفەکان بوون، بەڵام ئەوانە نەیانتوانیوە بەسەریاندا زاڵ بن لەرێی تێوەگلاندنی رەشە خەڵکەوە نەبێ لە ململانەکەدا، تا بەهۆی ئەوانەوە ململانەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان یەکلا بکەنەوە، زۆر جار هەڵگرانی رۆشنبیریی کلاسیکی بەهۆی رەشەخەڵکەوە سەرکەوتنی گەورەیان دژی فەیلەسوفەکان بەدەست هێناوە، هەر بۆیە فەیلەسوفەکانیش هەوڵیان داوە بە شێوازی جۆراوجۆر رووبەڕوویان ببنەوە.

هەروەها فەیلەسوفەکان زۆر جار تارادەیەکی زۆر بە چاوی سووك سەیری رەشەخەڵکەکەیان دەکرد و فەرامۆشیان دەکردن، ئیبن سینا ناوی نابوون "گەوجەکان" و پێی وابوو چارەنووسی ئەوانە لە دوارۆژدا هەمان چارەنووسی منداڵانە کە لەنێوان خۆشبەختی و بەدبەختیدا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. ئیبن روشد ناوی نابوون "منداڵە گەورەکان". ئەم گوێپێنەدانە تەنانەت لە ناونیشانی کتێبەکانیشیانەوە دیارە، وەك کتێبی "الجام العوام عن علم الکلام"ی ئیبن روشد و کتێبی "المضنون به علی غیر اهله" کە دراوەتە پاڵ ئەبوحامیدی غەزالی.

ئیبن روشد زۆرترین بایەخی بە جیاکردنەوە و پۆلبەندیکردنی خەڵك بۆ گشتی و تایبەت داوە، لە چەندان بۆنەدا باسی لەوە کردووە کە خەڵك لە ئاستەکانی وەرگرتنی زانستدا جیاوازن، "هەندێکیان بە بەڵگە باوەڕ دەکەن، هەندێکیان بەقەدەر باوەڕی بەڵگەییەکان بە بەڵگەکان باوەڕیان بە قسە جەدەلیەکان هەیە چونکە سروشتیان بەو شێوەیە، هەندێکیشیان باوەڕ بە قسە خیتابیەکان دەکەن وەك باوەڕکردنی خاوەن بەڵگە بە قسە بەڵگەییەکان(٨). بەڵگەیشی بۆ ئەو پۆلبەندییە ئایەتی ژمارە ١٢٥ی سورەتی نەحلە "ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ {النحل/١٢٥}".

بە بۆچوونی ئیبن روشد حیکمەت بۆ فەیلەسوفەکانە، ئامۆژگاریی دروست بۆ رەشەخەڵك و جەدەلیش بۆ ئەهلی جەدەلە، کە موتەکەلیمەکانن. بەڵام ئیبن روشد موتەکەلیمەکان بە زانا دانانێ لەبەرئەوەی زانیارییەکانیان زانیاریی گومانهەڵگر (ظني)یە، بۆیە ئەو پێی وایە خەڵك دەبن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان بۆ زانینی راستیی شتەکان ساز و گونجاون، ئەمانەیش باشترین جۆرەکانی خەڵکن کە پێیان دەوترێ ئەهلی تەئویل، یان ئەهلی تێڕوانین، یان بەڵگەیی (برهانی)یەکان، یان زانایان یان ئەوانەی لە زانستدا قووڵ بوونەتەوە.

هەرچی جۆری دووەمە، ئەوانە هەموو خەڵك یان زۆرینەی خەڵك (جمهور) و هەر کەسێ دەگرێتەوە کە لە پایەی ئەوانەی سەرەوەدا نییە و لە ئەهلی زانست نین، بەوانەیشەوە کە ئەهلی جەدەلن واتە موتەکەلیمەکان(٩).

لەسەر بناغەی ئەم پۆلبەندییە ئیبن روشد وێنا (تصور)ی خۆی بۆ شەریعەت دادەمەزرێنێ، ئەو شەرعی بە دوو وێنە هێناوە، وێنەیەکی رواڵەتی (ظاهري) کە هەموو خەڵك تێی دەگات، بگرە پێویستە رەشەخەڵك ناچار بکرێ بەو شێوەیەی کە هاتووە شوێن بکەوێ.

هەروەها وێنەیەکی ناوەکی (باطني) کە هەموو خەڵك تێی ناگەن، بگرە تایبەتە بە ئەهلی بەڵگە، ئەوانیش فەیلەسەفەکانن کە لەرێی تەئویلەوە پێی دەگەن.

ئیبن روشد لەرێی میکانیزمی تەئویلەوە  خەڵکی بۆ (تایبەت) و (گشتی) دابەش کردووە، پێی وایە زانینی راستیی شەرع تایبەتە بە ئەهلی زانستەوە ئەویش بەپێی ئایەتی " هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ {آل عمران/٧}". بەو واتایەی ئەوانەی لە زانستدا قووڵن لە زانینی تەئویلی شتە ناڕوونەکان (متشابهات)دا لەگەڵ خودادا هاوبەشن. ئەمە بەنیسبەت خوێندنەوەی ئەهلی زانست بۆ ئایەتەکە کە (الراسخون فی العلم) بە تەواوکەری (الا الله) دادەنێ و بەو پێیەش ئەو بەشەی ئایەتەکە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ) واتە تەنیا خودا و ئەوانەی لەزانستدا قووڵ و پسپۆڕن تەئویلی ئەو ئایەتە ناڕوونانە دەزانن.

بەڵام بۆ رەشە خەڵکەکە دەبێ ئایەتەکە بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە (وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ) و لەوێدا بوەستین و (الراسخون في العلم)ەکە وەك رستەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ پاشماوەی ئایەتەکەدا بخوێنرێتەوە، بەم شێوەیە: (وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ)، بەو پێیەش واتای ئایەتەکە ئەوە دەبێ کە "تەنیا خودا تەئویلی ئەو ئایەتانە دەزانێ، ئەوانەیش لە انستدا قووڵن دەڵێن باوەڕمان پێ هێناوە..".

ئیبن روشد دوای قەدەغەکردنی رەشەخەڵك لە تەئویل، خۆی لە بەرگی بەرگریکار لەواندا خۆی نیشان دەدات، ئەویش لەرێی تەکفیرکردنی هەر کەسێك لە ئەهلی تەئویل کە راستییەکانی تەئویل (واتە ئەو راڤانەی بە تەئویل پێیان گەیشتووە) بۆ رەشەخەڵك بدرکێنێ. ئەو دەڵێ "تەئویلکردن بۆ ئەو خەڵکەی باوەڕیان بە واتای رواڵەتی هەیە هەیە کوفرە، چونکە دەبێتە هۆی کوفر، بۆیە هەر کەس ئەوەی بۆ ئاشکرا بکات ئەوە بانگی کردووە بۆ کوفر، هەر کەسێکیش بانگ بۆ کوفر بکات کافرە".(١٠).

ئامانجی ئیبن روشد پاراستنی رەشەخەڵکە لە بێباوەڕی و کوفر، جارێك بە پابەندکردنی بە رازیبوون بە رواڵەتی شەرع، جارێکیش بە پابەندکردنی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ دەقی قورئانی، بگرە ئەو لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پێویست کردووە کە رەشەخەڵك لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ئەو جۆرە مەعریفە تەئویلییەیان تێدایە قەدەغە بکات، هەروەك لەسەر ئەهلی تەئویلی پێویست کردووە ئەو خوێندنەوانە تەنیا لەو کتێبانەی بورهاندا تۆمار بکەن کە رەشەخەڵك ناتوانن دەستیان بیانگاتێ.

هەروەها دەتوانین لەژێر رۆشنایی پێوەندیی فەیلەسوفەکان بە رەشەخەڵکەوە تەفسیری ئەم حاڵەتە بکەین، ئیبن روشد دەیویست لەرێی بانگەشەکردن بۆ ئەو جۆرە رێوشوێنانە پارێزگاری لە خۆی بکات، چونکە هەستی بە مەترسیی ئەو توێژە لە خەڵك لەسەر خەمە فەلسەفییەکانی  و لەسەر ژیانیشی دەکرد، هەروەها ئاگای لە رادەی ئەو رقە هەبووە کە رەشەخەڵك لە دڵیاندا بەرامبەر فەیلەسوفەکان و فەلسەفەکەیان هەڵیانگرتووە، ئەویش بەهۆی هاندانیان لەلایەن فەقیە و موتەکەلیمەکانەوە، هەربۆیە هەندێ جار رەخنەکانی لە غەزالی توند بوون، هەروەها ئەوەی روون کردووەتەوە کە غەزالی هەڵەی کرد کاتێ کتێبی ناماقووڵیکردنی فەیلەسوفەکان (تهافت الفلاسفة)ی لەبەرچاوی رەشەخەڵك دانا، چونکە تێیدا لە دەرگای هەندێ بابەتی ئیلاهی داوە، کە زۆر دوورە عەقڵی رەشەخەڵك لێی حاڵی ببن، بگرە ئیبن روشد غەزالی بە بە دڵڕاگرتنی ئەو توێژە تۆمەتبار دەکات، بەوەی ئەو کتێبی  (تهافت الفلاسفه)ی تەنیا بۆ رازیکردنی ئەوان داناوە، هەر بۆیە ئیبن روشد ناوێکی نوێی لەم کتێبە نا "راستترین ناو بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە ناوبنرێ کتێبی (ناماقووڵیکردنی رەها) یان (ناماقووڵیکردنی ئەبو حامید) نەك (ناماقووڵیکردنی فەیلەسوفەکان)(١١).

بەڵام هێرشی ئیبن روشد بۆ سەر رەشەخەڵك لەو كاتەی خۆری زانستەكانی فەلسەفە روو لە ئاوابوون بوو، ئەوی نەپاراست، چونكە بەهۆی پاڵەپەستۆی رەشەخەڵك لەسەر دەسەڵات و بە فیت و هەڵنانی فەقیهەكان ئیبن روشد دوور خرایەوە.

وێڕای رەخنەكانی ئیبن روشد لە غەزالی، غەزالی خۆیشی بەئاگا بوو لە پێویستیی دوورخستنەوەی رەشەخەڵك لە زانستەكانی فەلسەفە، چونكە روونی كردبووەوە كە هەندێ لە رەشەخەڵك "ئەوەی فەیلەسوف دەیڵێ بە نكولی لێكردن وەڵام دەداتەوە... شێوازی عارفیش ئەوەیە كە چاوپۆشی لێ بكات، بگرە هیچ نهێنییەكی خۆی بۆ نەدركێنێ، چونكە ئەوە بۆ ئەو سەلامەتترە و زیاتر لە غەڵبەغەڵبی نەفامەكان دەبڕێ، مەرج نییە هەر شتێك بینرا بگوترێ، بگرە سینەی ئازادەكان گۆڕی نهێنییەكانە"(١٢).

## وێنای فەیلەسوفەكان بۆ وەحی و پێغەمبەرایەتی

بەپێی كتێبەكانی ژیاننامەكان ئەو فەیلەسوفانەی لەسەر ژیاننامەكانیان وەستاین لە تەمەنێكی بچووكدا قورئانیان لەبەر كردووە، هەربۆیە شتێكی سروشتییە كە بایەخ بە لێتێگەیشتنی بدەن، بیر لە سەرچاوەكەی بكەنەوە، وەك مەعریفەیەك لە سەرچاوەكەی بكۆڵنەوە. ئەوەیش لە نووسینە جۆراوجۆرەكانیاندا دیارە، كە چەندان فەسڵیان تەرخان كردووە بۆ راڤەكردنی دیاردەی وەحی و سرووشتی پێغەمبەرایەتی و زەرورەتە كۆمەڵایەتی و ئاینییەكەی. هەروەك هەوڵیان داوە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەكانی پێغەمبەر بەرامبەر ئەو مەعریفەیەی وەری دەگرێ و بەرامبەر ئەو رەشەخەڵكەی ئەو مەعریفەیەی پێ رادەگەیەنێ، هەروەك نووسینەكانیان تەفسیری فەلسەفی بۆ ژمارەیەك لە ئایەتەكانی قورئان تێدایە، ئەمە جگە لە تێگەیشتنی تایبەتیان بۆ هەندێ لە حەدیسەكان.

## چەمكی وەحی

لە (لسان العرب)دا هاتووە : (الوحی) واتە ئاماژە و نووسین و پەیام و ئیلهام و قسەی نهێنی. بریتییە لە ئاگاداركردن بە نهێنی. نیگا یاخۆ وەحی ناو نراوە (وەحی) چونكە فریشتە لە ئادەمیزادەكانی شاردووەتەوە و تایبەتی پێغەمبەری كردووە، پێ راگەیاندن لەرێی وەحیەوە زۆر بەخێرایی روو دەدات. لەسەر بناغەی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین "وەحی پرۆسەیەكی پێ راگەیاندنە، لایەنەكانی بریتین لە خودا (بنێر) و پێغەمبەر (بۆ نێردراو) و فریشتە (ناوەند)، ناوەرۆكەكیشی كۆمەڵێك زانیارییە. ئامانجیش گواستنەوەی ئەو زانیارییانەیە بۆ مرۆڤ لەرێی پێغەمبەرەكانەوە بەئامانجی هیدایەتدان و رۆشنكردنەوەی رێگە بۆیان".

ئەم پێناسەیە لەو دەقە قورئانیانەدا هەیە كە رەگی (و، ح، ی)یان تێدایە(١٣). ئەم رەگە بە دارشتەی جیاواز هاتووە گرینگترینیان لە حاڵەتی فرماندایە و بەزۆری دراوەتە پاڵ زاتی ئیلاهی (اوحی، اوحیت، اوحینا)، بەم پێیەش وەحی واتای گەیاندنی پەیام، یان هەواڵدان لەبارەی غەیب، یان فەرمان پێكردنە. وەحی بۆ كراویش یان پێغەمبەرێكە (ئیبراهیم، مووسا، عیسا...)، یان زیندەوەرێكە (هەنگ...)، یان دروستكراوێكی ترە (ئاسمان...)، هەروەها هەندێ جار كردارەكە دراوەتە پاڵ شەیتانەكان و بێ بڕواكان، بۆیەلەم بارەدا وەحییەكە بە درۆ و قسەی رازاوە وەسف دەكرێ (١٤) و دژ بە وەحیی یەكەمە كە لەخواوەیە.

كتێبەكانی حەدیسیش خاڵی نەبوون لە بابەتی تایبەت بە وەحی، بۆ نموونە بوخاری لە سەحیحەكەیدا سەرباسێكی تەرخان كردووە بەناوی "كتاب بدء الوحي". كە ژمارەیەك حەدیسی تێدایە باس لە چۆنیەتیی روودانی ئەم جۆرە مەعریفەیە دەكەن و ئەو حاڵەتە دەروونییانەی بەسەر وەحی بۆهاتوودا دێن، كە لەنێوان خەو و بێداری، ئاگایی و نائاگایی، ترس و دڵنیایدایە.

ئەدەبیاتە ئیسلامییەكان بایەخی زۆریان بە شیكردنەوەی ئەم دیاردەیە داوە بەتایبەت ئەوەی پێی دەوترێ حەدیسی دەستپێكردنی وەحی و بە دورو درێژی باس لە سرووشتی سەیر و سەرسوڕهێنەری ئەم پرۆسە مەعریفییە دەكەن كە

پێغەمبەران ئامادە دەکەن تا بتوانن لە راستییە غەیبییەکاندا زانا بن، ئیبن خەلدون لە میانی باسکردنی ئەو جۆرە مرۆڤانەی غەیب دەزانن، پوختی کردووەتەوە "نیشانەی ئەم جۆرە ئادەمیزادە ئەوەیە لە حاڵەتی وەحیدا لە خەڵکانی دەوروبەریان دادەبڕێن لەگەڵ پەشۆکاوییەك وەك ئەوەی لە حاڵەتی لەهۆش خۆچووندا بێ، بەڵام هیچ لەوانە نییە، بەڵکو لەراستیدا رۆچوونیەتی لە دیداری فریشتە رۆحانییەکەدا بەو هەستکردنە گونجاوەی کە بەتەواوی لە دەرەوەی هەستپێکردنی مرۆڤەوەیە، ئەنجا ئەو حاڵەتە بۆ بازنەی هەستکردنی مرۆڤ دادەبەزێ یان لەرێی دەنگێکەوە کە لێی تێ دەگات، یان لەشێوەی کەسێکدا بەرجەستە دەبێ و لەبارەی ئەوەی خودا بۆی ناردووە قسەی لەگەڵدا دەکات، ئەنجا ئەو حاڵەتە لەسەری دەڕەوێتەوە و هەست دەکات ئاگای لەو شتە بووە کە پێی گوتراوە".

لە چوارچێوەی بایەخدانی روو لەزیاد بە دەقە پیرۆزەکان یان لەچوارچێوەی مێژووی بەراوردکاریی ئاینەکاندا، زۆر لە توێژەران هەوڵیان داوە لەم دیاردەیە (واتە وەحی) بکۆڵنەوە. (لەم رووەوە دەتوانی سەیری کارەکانی محەمەد ئەرەکۆن بکەیت).

هەرچی فەیلەسوفە موسڵمانەکانن ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان هەوڵیان داوە لەم بابەتە ورد ببنەوە و تێڕوانینەکانیشیان لەنێوان لاساییکردنەوە و ناسکیدا بووە. بەڵام ئەوەی لەو تێڕوانینەدا بەلامانەوە گرینگە بایەخ و تایبەتمەندیی ئەو چوارچێوەیەیە کە تێیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە پرسانەدا دەکرێ.

بێگومان گوتاری فەلسەفی هەندێ شتی هەیە کە لە گوتارەکانی تری جوێ دەکاتەوە. گوتاری فەلسەفی گوتارێکە لافی مەعریفەداری لێ دەدات. ئەگەر فەلسەفە بەپێی گوتەکەی لویس غاردیە پادشای ناوچەی فیکر بێ، ئیدی بۆچی باس لە جۆری تری مەعریفە بکرێ؟ بە بڕوای فەیلەسوفە موسڵمانەکان وەحی چۆن روودەدات؟ ناوەرۆکەکەی چییە؟ جیاوازی چییە لەنێوان پێغەمبەر و فەیلەسوفدا و لەژێر رۆشنایی ئەو جیاوازییەدا چ پێوەندییەك لەنێوان فەلسەفە و شەریعەتدا هەیە؟

کاتێ دەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، کە ئەو سیاقە دیاری بکەین کە تێیدا دەست بۆ ئەم پرسە ئاینییە براوە وەك بابەتێك بۆ گوتاری فەلسەفی لای فەیلەسوفە موسڵمانەکان، چونکە قسەکردنی ئەوان لەبارەی وەحیەوە لە زۆربەی کاتدا لەچوارچێوەی ئەو ئاراستە ئیمانییەدا بووە کە پێوەی ناسراون، ئەوەیش شان بەشانی رەوتە عەقڵانییەکەیان بووە لە پەسەندکردنی شتەکان و هەوڵدان بۆ لێ تێگەیشتنیان. دەتوانین بە روونی ئەوە تێبینی بکەین کە باسکردن لە پرسەکانی وەحی و پێغەمبەرایەتی و پێغەمبەر لە چوارچێوەی قسەکرندا بووە لە "مەعریفە و رێبازەکانی"، یان ئەوەی کە دەکرێ ناوی بنێین "تیۆری مەعریفە لای فەیلەسوفە موسڵمانەکان"، یان لە چوارچێوەی بەراوردکردنیان لەنێوان زانستی خودا و زانستی مرۆڤدا، یان لە سیاقی سەلماندنیان بۆ بوونی ئەم دیاردەیە لەرێی میتۆدی بورهانییەوە کە پشت بە بەڵگە عەقڵییەکان دەبەستێ و دەتوانێ ببێتە بەربەست لەبەردەم گومانی گومانکاران لە بوونی پێغەمبەران، لەوانەی جگە لە عەقڵ دان بەهیچ رێگەیەکی تر بۆ زانینی حەقیقەتدا نانێن.

با لە کندییەوە دەست پێ بکەین. کندی مەعریفە دەکات بە دوو بەشەوە: مەعریفەی یەزدانی و مەعریفەی ئادەمی. روونی کردووەتەوە کە مەعریفەی ئادەمی بۆ ناسینی راستی گرینگە، گەیشتن بە راستیش بە بەردەوامیی داواکردنی دەبێ، ئەویش بە قووڵبوونەوە لە دیراسەکردنی زانستە عەقڵییەکان، کە گرینگترینیان مەنتیق و ماتماتیکە، بەرهەمی ئەم زانستەیش دوای کۆشش و لێزانی و خۆماندووکردن دەبێ لە داواکردنیدا.

بەڵام مەعریفەی یەزدانی پلەی لە مەعریفەکەی پێشوو بەرزترە و کندی ناوی ناوە (زانستی جەوهەرەکان) کە بەدەستهێنانی پێویستی نە زۆرلەخۆکردن و بە لێزانی مرۆڤ و نە بە کاتێك هەیە، لەوانەیش وەحی (زانستی پێغەمبەران) کە خودا تایبەتی کردووە بە پێغەمبەران.

کندی لە پێناسەی ئەم زانستەدا دەڵێ "زانستی یەزدانی پێوەندی بە داواکردن و زۆرلەخۆکردن و بەدواداگەڕان و هیچ حیلەیەکی ماتماتیکی و مەنتیق و کاتێکی دیاری کراو نییە، بگرە تەنیا بە ئیرادەی خودای بەرز و باڵاوە پێوەستە، ئەویش بە پاڵفتکردنی دروونەکانیان و رۆشنکردنەوەی بۆ راستی لەرێی پشتگیریکردن و رێنوێنیکردن و ئیلهام بۆ ناردن و پەیامەکانیەوە، ئەم مەعریفەیە تایبەتە بە پێغەمبەران، سلاوی خوایان لێ بێ".

کندی ئایەتەکانی ٧٨-٨٣ی سوورەتی (یس)(١٥) دەکاتە بەڵگە بۆ ئەو توانا سەیرە لە پێدانی ئەو مەعریفەیە بە پێغەمبەران و جەخت لەوە دەکات کە ئەو ئایەتانە بەڵگەن لەسەر بوونی شتێك لە هیچ شتێك، ئەوەیش لەتوانای فەیلەسوفدا نییە بەو شێوازە بەڵگەی لەسەر بێنێتەوە. فەیلەسوف ناتوانێ "لە وتەیەکدا کە ژمارەی پیتەکانی بەقەدەر ژمارەی پیتەکانی ئەو ئایەتانە بێ، هێندە زانستی سەرچاوە گرتوو لە عەقڵی هەمەکی (كلي) کۆ بکاتەوە کە خودای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی کۆ کردووەتەوە"، هەر بۆیە عەقڵی فەیلەسوفەکانی ناوناوە عەقڵە بەشەکی (جزئي)ەکان.

ئەگەرچی فارابیش هەمان دابەشکردنی بۆ مەعریفە کردووە، بەڵام وردەکاریی زیاتری لەبارەی چۆنیەتیی روودانی وەحی باس کردووە. ئەو باسی لەوە کردووە کە مەعریفە لە دوو رێگەوە دەست دەخرێ: رێگەی عەقڵ و رێگەی وەحی، بەڵام ئەم دوو رێگەیە لە کۆتادا لە خاڵێکدا بەیەك دەگەن. مرۆڤ چ فەیلەسوف بێ یان پێغەمبەر پێویستە بگات بەوەی ناوی دەنێ عەقڵی کاریگەر (العقل الفعال). فارابی پێی وانییە ئەم جۆرە مەعریفەیە تایبەت بێ تەنیا بە پێغەمبەران، بەڵکو پێی وایە هەر کاتێ مرۆڤ توانی پێوەندی بە عەقڵی کاراوە بکات، ئەوە وەحی روو دەدات جا ئاخۆ ئەو کەسەی پێوەندییەکەی بەستووە فەیلەسوف بێ یان پێغەمبەر: "تەنیا پێغەمبەران ئەهلی وەحی و نێردراو نین (...) سەرۆکی شار لەوانە"(١٦).

ئەوەی فەیلەسوف لە پێغەمبەر جیا دەکاتەوە ئەوەیە یەکەمیان پلەبەپلە و لە ئاستێکی عەقڵییەوە بۆ ئاستێکی تر بەدوای دەستخستنی مەعریفەدا هەنگاو دەنێ تا لە کۆتایدا دەگاتە ئەوەی ناوی دەنێ عەقڵی سوودلێبینراو (العقل المستفاد)، کە لەو پلەیەدا لە مادە رزگاری دەبێ: "مرۆڤ ئەو کاتەی دەگاتە ئەم پلەیە، وەحی بۆ دێ، ئەویش ئەگەر هیچ نێوەندێك لەنێوان ئەو و عەقڵی کارادا نەما"(١٧).

لەم چوارچێوەیەدا فارابی باس لە سروشتی پێوەندیی نێوان ئەو عەقڵانە دەکات و پێوەندییەکە لەوەدا قەتیس دەکات کە ناوی ناوە تیۆری فەیز (نظرية الفيض): "ئەو کاتە ئەو هێزە لە عەقڵی کاریگەرەوە بەسەر عەقڵی کارتێکراو (العقل المنفعل)دا دەجمێ کە بەهۆیەوە دەتوانێ شتەکان و کردارەکان بەرەو بەختەوەری ئاراستە بکات، ئەم جمانی فەیزە لە عەقڵی کاریگەرەوە بۆ عەقڵی کارتێکراو لەرێی ناوەندێکەوە کە بریتییە لە عەقڵی سوودلێبینراو (العقل المستفاد)، بریتییە لە وەحی"(١٨).

فارابی لەرێی ئەم تەفسیرەوە وێنەیەکی نوێمان بۆ وەحی پێشکێش دەکات، چونکە بازنەی ئەو کەسانە فراوان دەکات کە دەکرێ وەحییان بۆ بنێردرێ، بەڵام ئەو کەسەی لەرێی عەقڵەوە بە عەقڵی کاراوە پێوەست دەبێ پێی دەوترێ "حەکیمی فەیلەسوفی عەقڵانیی بەتەواوی"(١٩).

بەڵام پێغەمبەر پێویستی بە پلەبەپلەیی عەقڵی نییە. ئەو لەبری ئەو عەقڵی کارلێکراوەی کە فەیلەسوف بۆ وەرگرتنی فەیز لە عەقڵی کاریگەرەوە، لای پێغەمبەر خەیاڵدانی بەهێز ئەو فەیزە وەردەگرێ، ئەو فەیزە "کاتێ لە عەقڵی کاریگەرەوە بۆ هێزە خەیاڵکارەکەی رێچکەی بەست دەبێتە پێغەمبەرێك، کە هەواڵ دەدات لەبارەی ئەوەی ئێستە هەیە و هۆشداری دەدات لەبارەی ئەوەی لە داهاتوودا روو دەدات(٢٠).

فارابی لە میانی باسکردنی لە خەونەکان (المنامات) پێناسەی خەیاڵدان و سروشتی پێوەندیی بە شتە بەرهەستەکانەوە کردووە، بۆیە ناکرێ تێڕوانینی ئەو بۆ خەیاڵدان(المخيلە) و هەروەها بۆ وەحی لە خەون جیا بکەینەوە، چونکە ئەو خەیاڵدانە کاریگەرییەکی گەورەی نابێ تەنیا لەکاتی خەودا نەبێ، چونکە لەو کاتەدا زیاتر لە دنیای بەرهەست سەربەخۆ دەبێ، لێرەوە

ڕۆڵە بنچینەییەکەی دەردەکەوێ، چونکە ئەو لە هەموو ئەو خەونانەدا کە بینیونی، لەڕێی ئەو وێنانەی پێشتر لە دنیای شتە بەرهەستەکاندا کۆی کردوونەتەوە بە پرۆسەی لاساییکردنەوە (محاکات) هەڵدەستێ، لێرەوە چۆنیەتیی کارتێکردنی خەونەکان لەلایەن خەیاڵدانەوە دەردەکەوێ. خەیاڵدان ڕەگەزەکانی خەون لە وێنەی ئەو شتە بەرهەستانە پێك دێنێ، لێرەشەوە دەبێتە بەرهەمهێنەری جیهانێك لەو ڕەمزانەی خەونیان لێ پێك دێ.

بەڵام پێوەندیی ئەمە بە وەحییەوە چییە؟

کاری خەیاڵدان لێرەدا هەمان شێوەیە لەگەڵ هەردوو جیهانەکەدا، واتە جیهانی بەرهەست و جیهانی باڵا (علوي) کە لەڕێی عەقڵی کاریگەرەوە وەحی لێوە ڕێچکە دەبەستێ. هەردوو پێوەندییەکە خەونن، چونکە لای فارابی خەون کاتێ ڕوو دەدات کە کاری هەستەکان تێیدا دەوەستن، ئەویش حاڵەتی نووستنە. بەم پێیەش وەحیش جۆرێکە لە خەوبینین. لەسەر ئەم بنچینەیە خەیاڵدان لەڕێی ئەو وێنانەی لای خۆی پارێزراون موحاکاتی ئەو ڕاستییانە دەکات کە لە عەقڵی کاریگەرەوە وەری گرتوون، جا ئەو کاتە ئەو ڕاستییانە دەگۆڕێن بۆ ڕموز و لە زمانی پێغەمبەردا بەرجەستە دەبن کە وەك بەتواناترین مرۆڤ لە تێگەیشتنی ئەو ڕەمزانە و گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی بە خەڵك دادەنرێ. واتە لێرەدا پێغەمبەر ڕاستیەکان پیتاوپیت (بە حەرفی) ناگوێزێتەوە، بەڵکو مەعریفەکەی مەعریفەیەکی تەئویلییە. ئەو مەعریفە تەئویلیەیش میسداقیەتی خۆی لە بەهێزیی خەیاڵدانی پێغەمبەر و شارەزایی زۆری لەو زمانەی وەحیەکەی پێ دەگەیەنێ، وەردەگرێ.

فارابی جیاوازی لەنێوان هەردوو شێوازی پێوەندیکردنی فەیلەسوف و پێغەمبەر بە عەقڵی کاریگەرەوە دەکات. فەیلەسوف پلەبەپلە بە پلیکانەکانی عەقڵەکاندا سەردەکەوێ تا دەگاتە عەقڵی کاریگەر و ئەنجا فەیز ڕوو دەدات. بەڵام پێغەمبەر پێویستی بەو پلەبەندی و ڕاهێنانە عەقڵییەی فەیلەسوف نییە، چونکە ئەو هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مەعریفەی ئیلاهی، ئەویش بەهۆی ئەو خەیاڵدانە بەهێزەی کە یارمەتی دەدات بۆ خۆداماڵین لە دنیای مادی تا ڕاستەوخۆ بۆ جیهانی مەعقولات بەرز ببێتەوە و تێیدا پێوەندیکردن بە عەقڵی کاریگەر (جبریل کە فارابی بە (الامین) ناوی دەبات) دەدات. "ئەم خەیاڵدانە کە یەکێك لە کارەکانی موحاکاتە توانای ئەوەی دەداتێ مەعریفە غەیبیەکان وەربگرێ و بە خەڵکی ڕابگەیەنێ، بەڵام لە حاڵەتی گەیاندندا دەگەڕێتەوە سەر سرووشتی خۆی و هەست بەکار دێنێ، هەر بۆیە وەك فارابی و فەیلەسوفانی تر بۆی چوون، قورئان لە شێوەیەکی مادیدا هاتووە"(٢١).

بەڵام وەك ئیبن تەیمیە بۆی چووە، فارابی تەنیا پێغەمبەرایەتیی لە توخمی خەونەکان داناوە "مرۆڤی ئاسایی دەکرێ لەو کاتەی خەوتندا ئەو چاوڕوونییە لە توانای دروستکردنی وێنەکان وەربگرێ و ئەو خەونە ڕاستەقینانەی بە وەحی بۆی هاتوون ڕوون بکاتەوە.

بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی لە بۆنەیەکی تردا هەڵوێستێکی تر لە پێغەمبەرایەتی لە کتێبی (فصوص الحکم)دا ڕابگەیەنێ کە ڕەنگە جیاواز بێ لەوەی لەو ڕووەوە لە کتێبی (اراء اهل المدینة الفاضلة)دا دەری بڕیوە، لەوەی یەکەمدا پێی وایە پێغەمبەرایەتی تایبەتە بە هێزێکی قودسی کە غەریزەی جیهانی مەزنی بوون ملکەچی دەبێ وەك چۆن جیهانی بچووکی بوون ملکەچی ڕۆحت دەبێ و دەتوانیت هەندێ موعجیزە بخولقێنیت کە لە دەرەوەی سروشت و شتە باوەکانە و ئاوێنەکەی ژەنگ ناهێنێ، هیچ ڕێگری ئەوەی لێ ناکات ئەوەی لە قورئان لە لەوحولمەحفوزدا هەیە ڕەنگڕێژ بکات و ئەوەی لای خودایە بە کۆی مەردمی بگەیەنێ"(٢٢).

وەك چۆن فارابی لە کندی پێش خۆی ڕۆشنتر بوو، ئیبن سینای قوتابیی فارابی لە هەردووکیان ڕۆشنتر و پڕ وردەکاریتر بوو بۆ پرسی وەحی و پێغەمبەرایەتی، ئەو پێناسەی وەحی دەکات بەوەی "گەیاندنێکی پەنهانی فەرمانێکی عەقڵییە بە فەرمانی خودا بەو دەروونە ئادەمییانەی بۆ وەرگرتنی ئەو پێدانە ئامادەن، ئەمە لە حاڵەتی بێداریدا پێی دەوترێ وەحی و لە حاڵەتی

خەوتندا پێی دەوترێ رەوع، کەواتە حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی لەرێی بەیەکگەیشتنی دەروونە ئامادەکان بۆ پێغەمبەرایەتی و ئەمری عەقڵییەوە، یان ئەگەر ویستت بڵێ جبریل، دێتە دی"(٢٣).

هەروەها روونی کردەوە کە ئامادەیی دەروونەکان بۆ وەرگرتنی ئەو پێغەمبەرایەتییە جیاوازە، چونکە هەموویان ناتوانن بگەن بەوەی ئیبن سینا ناوی دەنێ جەوهەرە دەروونییەکان "الجواهر النفسانیة" بەتایبەت لە وەرگرتنی جوزئیاتەکاندا.

لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییەش ئیبن سینا دەروونەکانی لە رووی ئامادەییان بۆ وەرگرتنی پێغەمبەرایەتی پۆلبەندی کردووە. هەندێکیان ئەم ئامادەییە تێیاندا لاواز و کەم دەبێ، ئەویش بەهۆی لاوازیی هێزی خەیاڵکار تێیاندا. هەندێکیشیان ئەم ئامادەییە تێیاندا بەهێزترە و هەستیان بوار بە هێزی خەیاڵکاریان دەدات کە پێوەندی بە جیهانی باڵاوە بکات و ئەو وێنانەی تێدا چاپ دەبن(٢٤).

هەرچی چینی سێیەمە ئەوەیانە کە "ئامادەییە دەروونیەکەی بەهێز دەبێ تا ئەوەی لەوێ دەستی کەوتووە جێگیر دەکات، خەیاڵی لەسەر جێگیر دەکات بەبێ ئەوەی خەیاڵ بەسەریدا زاڵ بێ... ئەمە دەبێتە ئەو خەونەی کە پێویستی بە دەربڕین نییە"(٢٥).

هەرچی چینی چوارەمە کە پێغەمبەرانن ئەمانە ئامادەییان زیاتر و بەهێزترە لە چینەکانی تر "ئەمانە ئەو خەڵکەن کە تەواوی و بەهێزیی هێزە خەیاڵکارەکەیان گەیاندوونیەتیە ئەو ئاستەی هێزە هەستییەکانیان نەتوانن ببنە بەربەست لەبەردەم هێنانی ئەوەی پێی دەگات...هەروەها لە حاڵەتی بێداریشدا پێوەندی دەگرێ و ئەو وێنانە وەردەگرێ و... وێنەگەلێکی یەزدانیی سەرسوڕهێنەری بینراو و گوتەی خودایی بیستراو دەبینێ، کە بەهاکانی ئەو زانراوە وەحییانەن. ئەمەیە واتای پێغەمبەرایەتی"(٢٦).

ئیبن سینا سێ مەرجی داناوە کە پێویستە لەو کەسەدا هەبن تا پێغەمبەرایەتی بێتە دی و ئەو کەسە وەحی بەدەست بێنێ، ئەوانیش بریتین لەوەی:

– ئەو کەسە دەبێ خاوەن هێزێکی پیرۆز (قودسی) بێ کە توانای ئەوەی پێ بدات بەبێ بیر و تێرامان پێوەندی بە عەقڵی کاریگەرەوە بکات ، (ئەو هێزە) وای لێ دەکات بەبێ فێربوون و فێرکار یان رێنوێنیکار زانستی تەواوی هەبێ ، تا وای لێ دێ هەموو ئەو شتانە دەزانێ کە خوا ویستی لێیە بیانزانێ لە ناسینی خودا و فریشتەکانی و بەندەکانی و کاروباری دنیا و ئاخیرەت و ئەو شتانەی تر کە لە زانستی یەزدانی لەخۆیان دەگرێ.

– هەروەها پێویست خاوەن خەیاڵدانێکی بەهێز بێ کە لەتوانایدا بێ خەیاڵ بە کاروبارەکانی رابردوو و ئێستە و داهاتووەوە بکات و وای لێ بکات رابردوو بخوێنێتەوە و هەواڵی لەبارەوە بدات و داهاتوویش بخوێتێتەوە و هۆشداری لەبارەوە بدات.

–جگە لەم دوانەی سەرەوە، پێویستە خاوەن ناخێکی بزوێنەریش بێ بۆ ئەوەی بتوانێ راستیەکان هەڵگەڕێنێتەوە و موعجیزە بخولقێنێ و یاساکانی سرووشت ببەزێنێ.

ئیبن سینا پێغەمبەر پێناسە دەکات بەوەی مرۆڤێکە "تایبەتمەندییەکی هەیە لە مرۆڤەکانی تردا نییە بۆ ئەوەی خەڵک هەست بکەن شتێکی تێدایە لەواندا نییە و بەوە لەوان جیا بکرێتەوە، بەوەیش ئەو موعجیزانەی لەدەست روو دەدات کە ئەو مرۆڤە باسی بۆ کردووین"(٢٧)، ئەم مرۆڤە "کە پێغەمبەرە لەوانە نییە کە هەموو کات دووبارە ببێتەوە"(٢٨).

ئیبن سینا دوای ئەوەی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر باس دەکات، پرسێکی تر دەخاتە روو ئەویش ئەوەیە: چۆن دەتوانرێ پێوەندی بە عەقڵی کاریگەرەوە بکرێ؟ وەحی چۆن روودەدات و ناوەرۆکەکەی چییە؟

ئەو لە پەیامی "الرسالة العرشیة"دا هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئیبن سینا پێی وایە پێغەمبەر بەهۆی ئەو هێزە قودسیەی هەیەتی دەتوانێ پێوەندی بە فریشتەوە بکات، لەبەرئەوەیش فریشتە عەقڵی رووتە –عەقڵیش شتەکان تەنیا بە دابڕاو لە زەمان دەبینێ– بۆیە وەحی لەم حاڵەتەدا بریتی دەبێ لە گەیاندنی شتێك بۆ پێغەمبەر بەبێ زەمان"(٢٩).

ئەمەیش واتای ئەوەیە پێغەمبەر فریشتەکە (جبریل)ی بەشێوەیەکی هەستی نەبینیوە چونکە ئەو عەقڵە، عەقڵیش لە شێوە مادیەکەیدا دەرناکەوێ.

ئەو بینینەی لە حەدیسی "واحیانا یتمثل لي الملك رجلا فیكلمني فأعي مایقول"دا (٣٠) ئاماژەی بۆ کراوە تەنیا بینینێکی ناوەکییە، واتە پێغەمبەر جبریل دەبینێ لەو خەیالگەیەی کە توانای وێناکردنی شتەکانی هەیە، لەکاتی گەڕانەوەی لە حاڵەتی پێوەندییەستنەکە و وەرگرتنی راستیەکان کە تێیدا لە مادە دادەبڕێ، پێغەمبەر بەشێوەیەکی مادی گوزارشت لەو راستییە ئەبستکراتانە دەکات"(٣١).

ئەم حاڵەتە ئیبن توفەیل لە چیرۆکی (حەی بن یەقزان)دا بە حاڵەتی فەنابون لە خود و خودەکانی تر "الفناء عن الذات" تەعبیری لێ کردووە، هەروەها وەك شێوەیەك لە مەدهۆشبوون و لەخۆچوونی داناوە. بەم پێیە بینینەکە راستیەکی دەرەکی نییە و تەنیا لە خەیاڵدانی پێغەمبەردا روو دەدات.

ئەم حاڵەتە ناوەرۆکی وەحیش دەگرێتەوە. ئەگەر پێغەمبەران وەحی لە هەمان سەرچاوەوە وەردەگرن، ئەوە ئیدی بۆچی تەورات و ئینجیل و قورئان هەن؟ بەلای ئیبن سیناوە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاری خەیاڵدان کە زانیارییەکە بەشیوەی پیت و شێوەکان وێنا دەکات، هەرچی فرەییەکەیە لەلایەکەوە بۆ هێزی خەیاڵ و لەلایەك بۆ جیاوازیی پیتەکانی زمان لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە. واتە "سەرچاوەکە یەکە و رواڵەتەکە جۆراوجۆرە"(٣٢).

**پەراوێزەکان:**

(١). السيوطي، تدريب الراوي ج١ لا٣٢٧.

(٢) المنقذ من الضلال، ابوحامد الغزالي لا٤٢.

(٣) الذهبي، سير اعلام النبلاء، ج١٩، لا٣٤١).

(٤) المنقذ من الضلال لا٥٢-٥٣.

(٥) معيار العلم في فن المنطق، ابوحامد الغزالي لا ١٧٨.

(٦) الذهبي، سير اعلام النبلاء ج ٣٢ لا١٤٣.

(٧) (البداية و النهاية، ابن كثير، ج ١٣ لا٢٥.

(٨) ابن رشد، فصل المقال و تقرير مابين الشريعة و الحكمة من الاتصال، لا٤٢.

(٩) عبدالحميد الشرفي، في ذكرى ابو الوليد، مقال ضمن :رحاب المعرفة حزيران ١٩٩٨ لا١٨.

(١٠) ابن رشد، فصل المقال.. لا٥٦.

(١١) ابن رشد، تهافت التهافت لا٩٧.

(١٢) ابو حامد الغزالي، معيار العلم في فن المنطق، لا٢٢٥.

(١٣)محمد فؤاد عبدالباقی، المعجم المفهرس لالفاظ القران الكريم، ریشەی: (و، ح، ي)..

(١٤) وەك لە ئایەتەکانی:

"وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نِبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاء رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ" {الأنعام/١١٢}.

"وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ" {الأنعام/١٢١}-وتەطیر.

(١٥) وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ {يس/٧٨} قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ {يس/٧٩} الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ {يس/٨٠} أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ {يس/٨١} إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ {يس/٨٢} فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ {يس/٨٣}.

(١٦) لويس غارديه، التوفيق بين الدين والفلسفة عند الفارابي لا١٢-١٣.

(١٧) الفارابي، كتاب السياسة المدنية لا٨٩.

(١٨) هەمان سەرچاوە لا٨٩.

(١٩) الفارابي، اراء اهل المدينة الفاضلة لا١٢١.

(٢٠) هەمان سەرچاوە لا١٢١.

(٢١) الحبيب الفقي، المعرفة و مسالكها عند الفارابي لا٨٣.

(٢٢) الفارابي، فصوص الحكم لا١٤٥

(٢٣) حمود غرابة، التوفيق بين الفلسفة والدين عند ابن سينا لا ١٣٨، ئەويش لە: ابن سينا، رسالة الفعل والانفعال.

(٢٤) ابن سينا، رسالة في النفس و بقائها و معادها، الفصل ١٣، لا١١٣.

(٢٥) هەمان سەرچاوە لا١١٨.

(٢٦) هەمان لا١١٨-١١٩.

(٢٧)ابن سينا، كتاب النجاة لا٣٠٤.

(٢٨) هەمان سەرچاوە لا٣٠٥.

(٢٩) حمود غرابة، التوفيق بين..لا١٤١، ئەويش لە: الرسالة العرشية.

(٣٠) بوخاری ریوایەتی کردووە. واتە هەندێ جار فریشتە لەشێوەی پیاوێکدا دێتە لام، قسەم لەگەڵدا دەکات و منیش دەزانم چی دەڵێ.

(٣١) حمود غرابة، پێشوو لا١٤١

(٣٢) حمود غرابة، پێشوو لا١٤٣.

*** ***

لە کتێبی: **اسلام الفلاسفة**، منجي لسود، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولى، نوفمبر ٢٠٠٦. لا١٥-٦٢ بە هەندێ پوختکردنەوەوە.

# ئاین و ناسنامەی تاك/كۆمەڵگەكان لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا

**نووسینی: دکتۆر کازم عەلەمداری**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عومەر عەلی غەفور**

ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبی "برخورد تمدنها و گفتوگوی تمدنها"ی دکتۆر کازم عەلەمداری، کە تێیدا خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ کتێبی "پێکدادانی ژیارەکان"ی بیرمەند و ستراتیجیستی ئەمەریکایی سامۆئیل هانتنگتۆن (١٩٢٧–٢٠٠٨) دەکات، کە لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە و بۆ ٣٩ زمان وەرگێڕدراوە، تێیدا پێشبینیی پێکدادان لە نێوان "ژیاری ئیسلامی" و "ژیاری رۆژئاوا" دەکات.

نووسەر پێی وایە هانتنگتۆن لە کتێبەکەیدا ستراتیجێکی بۆ ئیدارەی ئەمەریکا لە قۆناخی پاش رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و کۆتاهاتنی شەڕی سارد داناوە، بەشێوەیەك گەرەنتیی باڵادەستیی ئەمەریکا لە دنیادا بکات، ئەویش لەرێی گەڵاڵەکردنی سیناریۆی شەڕێکی وەهمیی ژیاری–ئاینی لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا.

هانتنگتۆن ئاین بە بناخەی ژیارەکان دادەنێ و بەم پێیەش ژیاری رۆژئاوا ژیارێکی مەسیحی، ژیاری وڵاتانی موسڵمانان ژیارێکی ئیسلامی و ژیاری چین ژیارێکی کۆنفۆشیۆسییە و...هتد. ناوبراو راشکاوانە دەڵێ "ئاین سەنتەریترین تایبەتمەندیی پێناسەی ژیارە".

هانتینگتۆن، باز بەسەر رۆڵی جیاوازی و ناکۆکییە ئەتنی و مەزەبی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی سەر بە هەریەك لەو ژیارانەدا دەدات، لەکاتێکدا هەندێ جار پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی سەر بە بلۆکی ئیسلامی –بۆ نموونە– گرژتر و خوێناویترە لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتێکی ئیسلامی و یەکێکی رۆژئاوایی. شەڕی ٨ ساڵەی عێراق–ئێران نموونەیەکی زیندووە.

عەلەمداری پێی وایە ستراتیجیستە ئەمەریکاییەکە بەهەڵەدا چووە لەوەدا کە (ئاین)ی بە بناخەی ناسنامەی تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە دنیای مۆدێرندا داناوە، مەبەستی لەوەیش رێگەخۆشکردنە بۆ شەڕێك کە بۆ مسۆگەرکردنی باڵادەستیی ئەمەریکا لە دنیای دوای سەردەمی دووجەمسەری پێویستە. جگە لەوەیش دەیەوێ ئۆباڵی دواکەوتن و کێشەکانی وڵاتانی ئیسلامی بخاتە ئەستۆی ئاینەکەیانەوە. ئەمە لەکاتێکدا لە دنیای مۆدێرندا ئاین تاکە پێکهێنەری ناسنامەی تاك و کۆمەڵگە جیاوازەکان نییە، بگرە دیاریکەری تری نوێ بوونەتە بناخەی ناسنامە، ئەوەتا
لە هیچ بەڵگەنامەیەکی رەسمیی ئەمەریکادا –کە لەچاو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا ئاینیترە– پرسیار لە ناسنامەی ئاینی ناکرێ، هەردوو حزبی گەورە و سەرەکیی ئەمەریکا (دیموکرات و کۆماریخوازەکان)، ناسنامەی ئاینییان نییە. ئاینیبوون یان ئاینی–نەبوونی تاکەکان وەك مەرجی بوونە ئەندام لە حزبەکاندا لەبەرچاو ناگیرێ. لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئاین زیاتر رۆڵێکی لاوەکی و رواڵەتی و تەشریفاتیی هەیە. ئیدی چۆن ئاین بناخەی ناسنامەی ئەمەریکایە؟.

ئەو پێی وایە سروشتی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتە ئیسلامییەکان، هەروەها نێوان وڵاتانی رۆژئاوایی، بەڵگەی ئەوەیە بەرژەوەندیی سیاسی و بەهاکانی دنیای مۆدێرن، نەك ئاین، بناخەی ناسنامەی دنیای مۆدێرنە و کۆکردنەوەی هەموو وڵاتانی ئیسلامی لە بۆتەی ژیارێکدا، کە هەڵگری یەك ناسنامە و هەڵوێست بن شتێکی نالۆجیکی و خەیاڵییە. هەروەك پێی وایە ئەمڕۆ تەنیا یەك ژیار هەیە، کە هەمووان تێیدا بەشدارن. ململانەیش لەنێوان ژیاری مۆدێرن و ژیاری پێش مۆدێرنێتەدایە.

هانتنگتۆن لە کتێبەکەیدا دەڵێ "ئەمڕۆ نۆ ژیار یاخۆ شارستانییەت لە دنیادا هەن، کە بریتین لە ژیارەکانی رۆژئاوا، ئەمەریکای لاتین، ئەفریقیا، ئیسلام، هند، چین، ئۆرسۆزۆکس، بوودایی و ژاپۆن. هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە لە نێوان

ئەو نۆ ژیارەدا سێ ژیاریان دژ بە یەکترن: ژیاری ڕۆژئاوا لەلایەك و ژیاری ئیسلام و چین لەلایەکی ترەوە. بەڵام لەنێو ئەو سێیەدا، بەهۆی ناکۆکیی ئاینەکانیانەوە ئەگەری ڕوودانی پێکدادان لە نێوان ژیاری ڕۆژئاوا و ئیسلام لەئارادایە. **عومەر**

*** *** ***

ئیسلام بە درێژایی ١٤ سەدەی مێژووی خۆی هیچ کات وەك سەردەمی مۆدێرنێتە لەگەڵ ململانەی کولتوورێکی تر یان ڕکابەرێکی هێندە بەهێزدا ڕووبەڕوو نەبووەتەوە. لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا بەهۆی گەشەی پێوەندییەکانی سەرمایەداری ژیاری مۆدێرنی ڕۆژئاوا بۆ یەکەمین جار ململانێ بنچینەیی ڕوبەڕووی ئیسلام بووەتەوە وەك چۆن ئەو ململانەیە سەرەتا بەرۆکی ئاینەکانی تری گرت، لەوانە مەسیحییەت و ئەوانی لەناوەوە گۆڕی، بەڵام پێش ئەوەی ڕۆژئاوا بەرەو گۆڕینی ئیسلام هەنگاو بنێ موسڵمانانی پێشڕەو لە وێنەی سەید جەمالەدینی ئەسەد ئەبادی (ئەفغانی) و محەمەد عەبدە (شێخولئیسلام) خۆیان بەپیری ژیاری ڕۆژئاواوە چوون و هەوڵیان دا دنیای ئیسلامیش بە دەستکەوتە نوێکانی ڕۆژئاوا ئاشنا بکەن.

هەر لەو سەردەمەدایە ئیسلامی نەریتی، کە سەدان ساڵ گیرۆدەی ململانەی ناوخۆیی بوو، لەگەڵ ژیاری ئەورووپا دەکەوێتە ململانەوە، ئەو ژیارە جیاواز لە بۆچوونەکەی هانتنگتۆن (کە ئایین بە بناغەی ژیارەکانی دنیا دادەنێ و لەوێشەوە پێشبینیی ململانە و پێکدادانی ژیاری ڕۆژئاوایی (مەسیحی) لەلایەك و ژیاری ئیسلامی (جیهانی ئیسلام وەك کۆیەك ) و ژیاری کۆنفۆشیوسی لەلایەکی تر دەکات) ژیارێکی مەسیحی نەبوو ، چونکە بەهاکانی مەسیحییەتیش لە جۆری هەمان بەهاکانی ئیسلام بوون. ئەوەی بە شێوەیەکی جۆرایەتی هەم لەگەڵ مەسیحییەت و هەم لەگەڵ ئیسلامدا جیاوازە ژیاری نائاینی و سیکیولار و مرۆڤتەوەرە (خولگە و سەنتەرەکەی مرۆڤە). هەمان کولتوور مەسیحییەتی پەلکێشی ململانە کرد و سەرەنجام ئەو ئاینەی گۆڕی و لەقاڵبی دا، لە کایەی گشتییەوە گواستییەوە بۆ کایەی ژیانی تایبەت و مەعنەویی تاکەکان.

ئێستە ژیاری مۆدێرن ڕاستەوخۆ بۆ هەمان مەبەست ڕووی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کردووە. هەژموون پەیداکردنی مۆدێرنێتە لە وڵاتە ئیسلامییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کاردانەوەی کۆنەپارێز و نەریتگەرایانی ئاینی بەدوای خۆیدا هێنا. گەشەکردنی ژیاری مۆدێرن لەڕێی بەجیهانیبوونەوە ئاینە نەریتگەراکان دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانەی ناوخۆیی لەو ئاینانەدا، بەجۆرێك کە پێویستە وەك مەسیحییەت هەموارکردن و ریفۆرم قبووڵ بکەن، یان ئەوەتا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دنیا کەنارگیر دەبن، یاخۆ بۆ مانەوەیان پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبەن.

بەڵام جیاواز لە بیرکردنەوەی هانتنگتۆن، تەنیا کاریگەری و گوشاری یەکلایەنەی ژیاری نوێی ڕۆژئاوا نییە کە موسڵمانانی دووچاری ململانە کردووە، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە ناوەوەی خۆیشیاندا دەرگیری ململانەن و خوازیاری قبووڵکردنی تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرنن . پرۆسەی چاوگێڕانەوە بە ئیسلامی کۆنەخوازدا بە تایبەت دوای شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و بەکردەوە ئەزموونکردنی حکومەتی ئاینی ڕووی لە زیادی کردووە.

ئەگەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی تری خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و مەیلی هاوشێوەی لە وڵاتانی تریشدا دروست کرد، بە دەرکەوتنی ناکارایی تێکەڵکردنی ئاین و دەوڵەت و بەد بەکارهێنانە سیاسی و داراییەکان و چەندان شێوەی کۆنترۆڵکردنی زۆرەملێیانەی دەسەڵات (هەموو ئەوانە لەژێر پەردەی ئایندا) کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ناوی خۆیەوە گۆڕیوە ئەم جارە ئیسلامی نەریتگەرا و بنیاتگەرا لەناو خۆیەوە بەتوندی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە.

"پرۆتستانیزمی ئیسلامی، بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ناوەندێك لەنێوان مرۆڤی ئاینپێڕەو و خودادا (پیاوانی ئاینی) و هەروەها لەڕێی ڕووبەڕووبوونەوەی داوونەریتە پرپووچەکانەوە بەهێز بووە.

بزاڤی مەشرووتییەت لە ئێران لەلایەن بیرمەندانی ئەو سەردەمەوە وەك میرزا ئاغا خان کرمانی، فەتحعەلی ئاخوندزادە، عەبدولرەحیم تالیبۆف تەبریزی و زەینولعابدین مراغەییەوە تەرح کرابوو. پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩، کەسانی وەك عەلی

شەریعەتی و مەهدی بازرگان بە جۆرێکی تر بە دوای ئەو بابەتەدا چوون. دوای شۆڕش نوێخوازی و نوێگەری لە مەودایەکی فراوانتر و قووڵتردا لەلایەن بیرمەندانی ئاینی و ئەو کەسانەی کە شۆڕش و حکومەتی ئیسلامییان ئەزموون کردبوو، گۆڕا بۆ چەندان باسوخواس و لێکۆڵینەوە جدی و بنچینەیی لە کۆمەڵگە. ئەم گۆڕانکارییە، هاوشێوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کاریان لە موسڵمانانی وڵاتانی تریش کرد.

جۆن ئەسپۆزیتۆ، ئیسلامناسی ناسراوی ئەمەریکایی دەنووسێ "لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا، لە ئەفریقیای باکورەوە تا باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، موسڵمانان سەرگەرمی بەرهەمهێنانی تەفسیرگەلی نوێ و روانگە و بۆچوونی فرەلایەنخوازانە و هەمەگیر و لێبووردە (تۆلێرانت)ن لەسەر بناخەی قبووڵکردنی بەرابەریی مرۆڤەکان و باوەڕ و بەها هاوبەشەکان، هەروەها قبووڵکردنی جیاوازییە ئاینی و کولتوورییەکان، کە مەرج نییە لەگەڵیاندا تەبا و کۆك بێ".

بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەم کێشمەکێش و گوشارە هاوکاتانە، لە ئەنجامدا بەرەو یەك ئاراستە دەچن. ڕەنگە بە دوو پاڵنەری جودا بووبن، بەڵام هەمان ئاراستەیان گرتووەتەبەر، ئەوەیش لە تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرنە.

ئەم گۆڕانکاریە جیهانییە زۆر بەهێزە، بەجۆرێك ئەگەر ڕێگرییەك وەك ڕێگری گوزاشتکردنی نەریتانە بۆ ئاین، لەو ڕێگەیەدا هەبێ، ئەوا چارە جگە لە کردنەوەی ئەو ڕێگەیە هیچی تر نییە.

**ئایا ئاین تەوەری ناسنامەی تاکەکانە؟**

گومانی تێدا نییە کە ئاین گرینگیی تایبەتی لە کۆمەڵگەکاندا هەیە. ناسینی کۆمەڵگە و تاکەکان بەبێ لەبەر چاوگرتنی پێگە و ڕۆڵی ئاین، ناتەواوە. بەڵام تاکەکان هەمیشە چەند ناسنامەیەکیان هەیە. ئاینداری، بێئاینی یان جۆری ئەو ئاینەی هەڵیان بژاردووە، بێشك بەشێکە لە ناسنامەی تاکەکان، بەڵام قەت تەوەری ناسنامەی ئەوان نییە.

ئاین لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا زیاتر و لە دنیای مۆدێرندا نەقشی کەمتری لە ناسنامەی تاکەکاندا هەیە. لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا، جیاواز لە دنیای مۆدێرن، تاکەکان بە ناسنامەی بنەماڵەیی و خێڵەکی و تائیفییان دەناسرانەوە. ئەڵبەت ئەم دۆخە بە واتای لاوازبوونی ڕۆڵی ئاین نییە لە سەردەمی نوێدا.

لە دنیای مۆدێرندا تاکەکان سەربەخۆ لە ناسنامە نیشتمانییەکان، زیاتر بە ناسنامەی بە دەستهاتووی خۆیانەوە وەك پیشەکەیان دەناسرێنەوە. بۆ نموونە لە دەورەی پێش مۆدێرنێتەدا زەید کوڕی عەمرە، زەینەب هاوشیری عەباسە، لەدنیای مۆدێرندا زەید یان زەینەب مامۆستایە، کوتاڵفرۆشە، نەخشەسازە و.. هتد. لە دنیای پێش مۆدێرنێتەدا ئاین ئەرکە، لە دنیای مۆدێرندا ئاین هەڵبژاردنە. لەدنیای پێش مۆدێرنێتەدا ئاین  بە زەبری شمشێر گەشە دەکات ، لەدنیای مۆدێرندا بە ڕاگەیاندن. ئەگەر ئاین لە سیاسەت جیا بکرێتەوە ڕێگە مۆدێرنەکەی بڵاوکردنەوەی ئاین، واتە ڕاگەیاندن، جێی ڕێگە کۆنەکە، واتە شمشێر، دەگرێتەوە.

سامۆئیل هانتنگتۆن هەوڵی داوە تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە روانگەی ناسنامەی ئاینییانەوە بناسێنێ، بۆیە لەم کاتەدا ئەگەر دواکەوتوویی و هەژاری لەو کۆمەڵگەیەدا هەبێ، بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئاینەکە. ئەگەر توندوتیژی هەبێ، ماف پێشێلکردن هەبێ، توندوتیژی دژی ژنان هەبێ، لە گەردنی ئایندایە و ئەوەیش هەڵبژاردنی خۆیانە. بەدوای ئەم بەڵگەڕێژییەدا ئەوان دەیانەوێ بڵێن ناکۆکییە جیهانییەکان ناکۆکی و جیاوازیی ئاینین. ئاینێکی دیاریکراو لە مانەوەی هەندێ لە کۆمەڵگە جیهانییەکان بە دواکەوتوویی بەرپرسە و ئاینێکی تر هۆکاری پێشکەوتن بووە. هەر لەم روانگەیەوە هەموو ململانە و رکابەرییەکانی جیهانیش بە مملانەی ئاین دادەنێ.

ئەو لە زمانی ڕۆناڵد ڕۆبینسۆنەوە دەنووسێ "ململانە ئاینییەکانی دنیا، گەڕانەوە بۆ پیرۆزییەکان، کاردانەوەی خەڵکە بۆ ئەو جیهانەی بووەتە جوگرافیایەکی یەکانگیر".

ئەڵبەت ئەم بۆچوونە لێکدانەوەیەکی ورد و راستی ئەو ململانە هەنوکەییانەی دنیا نییە، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە دەورانی پێش مۆدێرنێتەدا، واتە لەو کاتەی ژیارە جیاوازەکان ململانەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و بوونی یەك ژیار یان یەك شوێن بۆ هەموو خەڵکی جیهان وێنا نەدەکرا، دۆخەکە زۆر تا کەم بە هەمان جۆر بووە. کاتێ کۆمەڵگەکان دووچاری ململانەی توندوتیژ دەبنەوە، وەك جەنگ، ئاین بەئاسانی دەتوانێ ببێتە دەسکەلایەك بۆ خۆشکردنی ئاگری ئەو ململانەیە. بەم پێیە ئاین ئامرازی دەسەڵاتگەرای تاقمی دەسەڵاتدارە. لە هەلومەرجی ئاساییدا وا نییە و خەڵك بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینییەوە توندوتیژی بەرامبەر یەکتر بەکار ناهێنن، بەتایبەت لە دنیای مۆدێرندا، کە خەڵك لە هەڵبژاردنی ئاینی خۆیاندا ئازادن، مەگەر سەرکردە ئاینییەکان ئەوان بۆ ئەو مەیدانە پەلکێش بکەن.

لەمڕۆدا لە ئەمەریکا و ئەورووپا کەمتر دەتوانرێ خەڵك لەبارەی بیروباوەڕی ئاینییانەوە لە دژی ئەوانی تر ببزوێنرێن. لەم سەردەمەدا، جیاواز لە رابردوو، سەربازانی ئەمەریکایی و ئەورووپایی نە بە ناوی بەرگری لە مەسیحییەت، بگرە بەناوی بەرگری لە ئازادی، دیموکراسی، سەرمایەداری (کاپیتالیزم) و ژیاری نوێوە دەچنە جەنگەوە. بەڵام شەڕی خاچپەرستەکان کە شەڕێکی داگیرکارانە بوو، بە شەڕی ئاینی ناسراوە.

نە شەڕی یەکەمی جیهانی و نە دووەم، لەژێر دروشمی بەرگریکردن لە ئایندا ئەنجام نەدراون، سی ساڵ شەڕ لە ڤێتنام بەناوی بەرگریکردن لە مەسیحییەت نەبوو، بگرە بەناوی بەرگری لە ئازادی، سەرمایەداری و دیموکراسی لە دژی کۆمیۆنیزم بوون. بەڵام بەگژاچوونەوەی کۆمیۆنیزم لە وڵاتی نەریتگەرا و دواکەوتوودا لەژێر ناوی بەرگری لە ئاین لە دژی بێدینی، ئەنجام دەدرێ. بەم پێیە شرۆڤەکەی هانتینگتۆن لەبارەی ناسنامەی ئاینی و تەییارکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا راست نییە.

ناتوانرێ هەمان پێوەر کە ئوسامە بنلادن بۆ جۆشدانی توندڕەوان بەکاریان دێنێ، لە رۆژئاوایش راست و پراکتیکی بێ. شەڕی بنلادن لەدژی ئەمەریکا لە بنچینەدا شەڕێکی سیاسییە، نەك ئاینی. ئاین، دروشم و ئایدیۆلۆجیای رێکخستن و ئاراستەکردنی ئەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەسانێك کە ئەو پێی وایە بێڕێزی بەبەهاکانی ئاینەکەی دەکەن، بەڵام ئاشکرایە کەس بە ئەندازەی خۆی یارمەتیی نابووتکردنی ئیسلامی نەداوە.

پەنابردن بۆ زۆرلێکردن و توندوتیژی لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا کۆتای پێ هاتووە.

شەڕەکانی خاچپەرستەکان کولتووری سەردەمی پێش مۆدێرنێتە و ئاینتەوەر بوون، دنیای نوێ دنیای مرۆڤتەوەرە، واتە لەم سەردەمەدا مافەکانی تاکەکان، لەوانە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی ئاین، لە هەر شتێکی تر گرینگترە.

لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئەمەریکادا، هاوڵاتییان دەتوانن لەسەر بەکارهێنانی ئاین لەلایەن دەوڵەتەوە، لە دادگە سکاڵا لە دژی دەوڵەت تۆمار بکەن. بۆ نموونە هاوڵاتییەکی ئەمەریکایی بەناوی مایکڵ نیودو بەهۆی بوونی دەستەواژەی "نەتەوەیەك لە سایەی خودادا" (A nation under God) لە بەیاننامەی "وەفاداری بۆ ئەمەریکا"دا کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێ، لە دادگە سکاڵای تۆمار کرد و دادگەی باڵا دوای لێکۆڵینەوە ئەو رستەیەی بە ناکۆك لە یەکەمین پاشکۆی دەستووری ئەمەریکا، واتە چاودێریکردنی مافەکانی تاك، دانا و لە بەرژەوەندیی مایکل نیودو بڕیاری دا. بناغەی سکاڵاکەی مایکل ئەوە بوو ئەو رستەیە لەگەڵ بنەمای جیایی ئاین لە دەوڵەتدا ناکۆکە.

رۆژی دوای راگەیاندنی بڕیارەکەی دادگە، کۆنگریسی ئەمەریکا لە کاردانەوەی بڕیارەکەی دادگەدا —کە سەربەخۆ لە دەسەڵاتەکەی تر کار دەکات— بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕیارە، دانیشتنی خۆی بە خوێندنەوەی هاوجەمیی بەیاننامەی وەفاداری بۆ ئەمەریکا دەستی پێ کرد. ئەو کارە نیشانی دەدات کە چۆن سیاسەتمەداران هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان ئاین بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەکار بێنن. ئەو دەستەواژەیە لە ساڵی ١٩٥٤دا بۆ بەیاننامەی وەفاداری زیاد کرا و کۆنگرێس پەسەندی کرد. خوێندنەوەی بەکۆمەڵی بەیاننامەی وەفاداری لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسەوە پاڵپشتییەکی روون و سیمبولیك بوو بۆ بڕیارەکەی ساڵی ١٩٥٤.

لە سەردەمێکدا ئەگەر پرسیار لە تاکەکان بکرایە لەبارەی ئاینیانەوە، خۆیانیان بە موسڵمان، مەسیحی، جولەکە، بوودایی، بێدین و هی تر دەناساند، بەڵام لە هەلومەجی تردا، لە شوێنی کار، زانکۆ، گەشتەکان و شوێنە گەشتەوەرییەکان، تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕدا تاکەکان بە ناسنامەی ئاینییان ناناسرێنەوە. کاتێ دوو کۆمەڵگەی موسڵمان لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێن، هەر یەکێکیان ئەوی تریان بە کافر تۆمەتبار دەکات. بەڵام ئەوە روونە کە شەڕ نە بەهۆی کافر و موسڵمانبوونی ئەوانەوە دەستی پێ کردووە و نە بەو هۆیەشەوە بەردەوام دەبێ. کەسێکی ئێرانی لە وڵاتانی تردا خۆی وەك ئێرانی دەناسێنێ نەك موسڵمان. هەروەها کەسێکی فرەنسایی، رووسیایی، بەرازیلی، ئەمەریکایی، چینی هیچکامیان خۆیان بە ناسنامەی ئاینی یان بێدینییان ناناسێنن. کەسانی شارنشین پێش لە هەر شتێك بە کار و پیشەکەیانەوە دەناسرێنەوە. کەسێکی گوندنشین بەهۆی لێکچوونی کاری جووتیارانەوە، بەناوی گوندەکانیانەوە خۆ دەناسێنن.

لەو دنیای پرۆفیسۆر هانتنگتۆن تێیدا دەژی، واتە ئەمەریکا، پرسیار لە هیچ کەس ناکرێ ئاخۆ باوەڕی بە چ ئاینێك هەیە یان نا. دوای کار و پیشە، یەکەمین جیاکەرەوەی ناسنامەی تاك، ناوی شار یاخۆ شوێنی نیشتەجێبوونیەتی. هانتنگتۆن دەزانێ کە جیاواز لە کۆمەڵگە نەریتییەکان، لە کۆمەڵگە نوێیەکانی وەك ئەمەریکادا لە هیچ بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا ناوی ئاینی تاکەکان نەبراوە، ئیدی چۆن هەوڵ دەدات ئاین بە تەوەری ناسنامەی تاکەکان بناسێنێ؟. هانتنگتۆن کۆمەڵگەی مۆدێرن بە پێوەرەکانی سەردەمی پێش مۆدێرنێتە وەك پشکنینی باوەڕ (ئەنگیزاسیۆن) لە رۆژئاوا یا لە هەندێ لە کۆمەڵگە نەریتییەکان کە تاکەکان بە زەبری شەلاق ناچار بە باوەڕی ئاینی دەکرێن یان بەهۆی جیاوازیی ئاینییەوە سزا دەدرێن، یەکسان دەکات.

بەڵگەیەکی تری نائاینیبوونی ناسنامەی بنچینەیی رۆژئاواییەکان، لەوانە ئەمەریکاییەکان کە لەچاو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا ئاینیترن، ئەوەیە هەردوو حزبی گەورە و سەرەکیی ئەمەریکا (دیموکرات و کۆماریخوازەکان)، کە تا رادەیەکی زۆر دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆڵ کردووە، ناسنامەی ئاینییان نییە. واتە ئاینیبوون یان ئاینی–نەبوونی تاکەکان وەك مەرجی بوونە ئەندام لە حزبدا لەبەرچاو ناگیرێ. لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئاین زیاتر رۆڵێکی لاوەکی و رواڵەتی و تەشریفاتی هەیە. ئەمە پێشانی دەدات کە سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکا لەسەر بناخەی ئاین دانەڕێژراوە ئەگەرچی دینداریی کاندیدەکان فاکتەرێکی گرینگە. سیاسەتی ئەمەریکا سیاسەتێکی ئاینی نییە، بەڵام سیاسەتمەداران دەتوانن بۆ بزواندنی سۆزی خەڵك رەنگ و بۆیەکی ئاینی بەو سیاسەتە بدەن.

چەندە لە کۆمەڵگەی نەریتگەرا دابڕێین، هێندە زیاتر لە کۆمەڵگەی مۆدێرن نێزیك دەبینەوە و رۆڵی ئاینی بەزۆرەملێ (ئیجباری) کەمتر و رۆڵی ئاینی بەئارەزوو (ئیختیاری) زیاتر دەبێ. هانتنگتۆن تایبەتمەندیی نەریتگەرایانەی هەندێ لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە نادروستی بەسەر دنیادا گشتاندووە. لە شەڕی عێراق–ئێراندا دوو روانگە بۆ سروشتی ئەو شەڕە دەخرانە روو: یەکێکیان ناوی دەنا شەڕی بەرگری لە ئیسلام و ئەوی تریان ناوی دەنا شەڕی بەرگری لە ئێران. بەڵام بە کردەوە روون بوویەوە، کاتێ سەربازای عێراقی لە خاکی ئێران کرانە دەرەوە، شەڕەکە واتا نەتەوەییەکەی لەدەست دا و دواتر لەژێر بەیداخی بەرگری لە ئیسلام و ناردنەدەرەوەی شۆڕشدا درێژەی پێ درا. ئازادکردنی شاری خورەمشار لەژێر دەستی سوپای عێراق لوتکەی سەرکەوتنی ئێران بوو. عێراق سەربازانی خۆی زیاتر بە دروشمی نەتەوەیی و کەمتر بە دروشمی ئاینی رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرد. لە بەرامبەر ئەمەدا تەنانەت دژایەتی و کێشمەکێش لەنێوان دوو کۆمەڵگەدا کە لە قۆناخی گواستنەوە بەرەو مۆدێرنێتەدان، دیاردەی نوێی نەتەوە و ناسنامەی نیشتمانیی ئێران لە بەرامبەر ناسنامەی نیشتمانیی عێراقدا بە پلەی باڵاتر و گرینگتر لە ئاین –کە لای هەردوو وڵات هاوبەشە و هەردوو بەشێکن لە دنیای ئیسلام– گەیشتووە. بەم شێوەیە وێڕای دروشمە ئاینییەکان، شەڕی نێوان دوو گەلی موسڵمان بوو و جیاوازیی ئاین هۆکاری

دەستپێکردنی شەڕ نەبوو، هەروەها کۆتاهاتنی شەڕەکەیش بە ڕێکەوتنێکی ئاینی نەبوو. بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهیچ شێوەیەك باسی ئاینی هەردوو گەلی بە زاردا نەهاتووە.

شەڕی عێراق–ئێران، وەك هەموو شەڕەکانی تر، زادەی جیاوازیی سیاسی بوو. بە هەمان شێوە کە سەربازانی کوێتی لە بەرامبەر سوپای عێراقدا بەرگرییان لە خاکی خۆیان دەکرد، ئەگەرچی هەردوولا موسڵمان و عەرەبیش بوون. فەلەستینییەکان بۆ ئازادیی خاکەکەیان شەڕ دەکەن. ئەوان ناڵێن ئیسرائیل ئاینی ئیسلامی داگیر کردووە، یان دەیەوێ ئەوان لە ئاینەکەیان وەرگێڕێ. هەروەها ئیسرائیلیش نیازێکی وای نییە. فاشیزم لە جەنگی جیهانیی دووەمدا نەك بۆ بەهێزکردن و برەوپێدانی مەسیحییەت کاری نەدەکرد، بگرە بە دوای داگیرکردنی وڵاتانی دنیادا شەڕی لەگەڵ مەسیحییەکاندا دەکرد.

هەموو ئەم نموونانە دەری دەخەن کە ئاین بناخەی ناسنامە و کۆمەڵگە و تاکەکان نییە.

ئەگەر ناسنامەی بنەڕەتیی خەڵك لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئاین نییە، ئەی چییە؟ لە سەرەوە ئاماژەمان بە چەند جۆریی ناسنامەی کەسەکان کرد و ئەوەیشمان گوت کە ناسنامەی نەتەوەیی و بەرگری لە بەها نوێیەکان بایەخی زیاتری وەرگرتووە. بەها مۆدێرنەکان کار بۆ لاوازکردنی ناسنامەی بنەڕەتیی تاکەکان و کۆمەڵگە ناکەن، بگرە کار بۆ بەهێزکردنیان دەکات. بە دەربڕینێکی تر مۆدێرنێتە ناسنامەیەکی ڕۆشن و دروست لەسەر بناخەی مافی هاووڵاتیبوونی تاکەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، کە ئازادیی ئاین بەشێکە لێی، بە مرۆڤ و کۆمەڵ دەبەخشێ.

ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە ڕوو لە گەشەکان لەبارەی ئەم خواست و بەهایانەوەیە. ئەم خواستە لەگەڵ ژیاری نوێدا کۆکە. هەمان خواستگەلی یاسایی هۆکاری قبووڵکردنی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنێتەیە. پێویستە بپرسی: ئایا خەڵك قبووڵکردن و بەدەستهێنانی مافە یاسایی و هاوڵاتیبوونەکانی خۆی ناتەبا لەگەڵ دینداریی خۆیدا دەبینێ، تا لەبەر خاتری یەکێکیان ئەوی تریان فەرامۆش بکات؟ وەڵام ڕۆشنە. ئاین لە ڕووی هەڵبژاردن و عەقڵانییەتەوە ڕێك لەگەڵ بەدەستهێنانی مافی هاوڵاتیبووندایە. تەنیا کەسانێ کە خوازیارن لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئایندارى لەسەر خەڵك قورس بکەن، مۆدێرنێتە بە ناکۆك لەگەڵ ئایندا دەبینن، چونکە مۆدێرنێتە ئەو مافە لە هەندێ لە رابەرە ئاینییەکان دەسەنێتەوە کە روانگەیەکی تایبەت بۆ ئاین بەسەر خەڵك و کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

**سەرچاوە: کتێبی "برخورد تمدنها و گفتوگوی تمدنها"، دکتۆر کازم عەلەمداری، چاپ دووەم، لا٨١–٩٠.**

**** ****

## سوننە

لە نێوان دەسەڵاتی دەق و دەقی دەسەڵاتدا

**نووسینی: عەبدولجەواد یاسین**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

دەتوانین وەك سەرەتا بڵێین "سوننە"یش وەك قورئان لە ئاست باسكردنی وردەكارییەكانی پرسی دەسەڵات لە رووی فۆرمەوە، بێدەنگی هەڵبژاردووە. واتە لە ئاست دیاریكردنی سیستمی حوكمڕانی دەوڵەتدا بێدەنگ بووە. لە كاتێكدا دەقەكانی قورئان و سوننە پێكەوە جەخت لەسەر "پێویستیی" ی بوونی دەسەڵات دەكەن و بە تایبەتی ئاماژە بە ئەركە بابەتییەكانی دەكەن، كەچی لەنێو دەقە "راستەقینە"كانی سوننەدا حوكمێك نابینین كە ئاماژەی تێدا بێ بۆ ناوی حوكمڕان، مەرجەكانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، شێوازی دانانی حوكمڕان، یان ئامرازەكانی لەسەر كار لادانی. یان حوكمێك ئاماژە بە بنیاتی حكوومەت بكات، كە ئاخۆ قەوارەیەكی بێدەنگكراو (مصمت)ە كە پۆستی حاكمەكە هەمووی پڕ دەكاتەوە، یان قەوارەیەكی فرە لق و پۆپە لەپاڵ حاكمدا چەندان دامەزراوەی تر هەن كە دەسەڵاتیان لە دەستدایە. ئایا تایبەتمەندی و بەرپرسیاریەتیی ئەوانە بەرامبەر یەكتر و بەرامبەر حاكم چییە، هەروەها بەرامبەر "ئازادیی تاكەكەسی" چییە كە رووەكەی تری بیرۆكەی سیستمە لە پرۆسەی حوكمكردندا. ئەو رێكارانە كامانەن گەرەنتی ئەوە دەكەن ئەم ئاستانە بە رووی یەكدا نەوەستنەوە، بەو شێوەیەی ئامانجی كۆمەڵایەتی لە بیرۆكەی خودی دەوڵەت و هەروەها ئامانجەكانی شەریعەت و ئامانجەكانی ئیسلام بەدی بێن (١).

بەڵام ئەم تێزە ئیشكالیەتێكی دووسەرە دەوروژێنێ لە بەرامبەر هەردوو تیۆرە ئیسلامییەكە لەبارەی دەسەڵاتەوە: تیۆری ئیمامەتی شیعی و تیۆری خەلافەتی سوننی. هەردوو تیۆرەكە بیرۆكەی بێدەنگبوونی سوننە لەبارەی دەسەڵاتەوە رەت دەكەنەوە، ئەگەرچی رەتكردنەوەی شیعەكان گەورەتر و توندترە. شیعە تیۆرەكەی خۆی لە بناخەوە لەسەر چەند دەقێك، كە دراونەتە لای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)، دامەزراندووە و بەو پێیە پێغەمبەر وەسیەتی كردووە دوای خۆی ویلایەت بۆ عەلی كوڕی ئەبوتالیب بێ، دوای ئەویش بۆ زنجیرەیەكی دیاریكراو لە نەوەكانی فاتیمە. هەرچی تیۆرە سوننیەكەیە، ئەگەرچی وەك شیعە ئیدیعای بوونی دەقێكی پێغەمبەریان نەكردووە كە كەسی خەلیفە دیاری بكات، بەڵام وەك كاردانەوەیەك لەبەرامبەر شیعەدا لەقۆناخێكی دواتردا ئەویش ئەو رێگەیەی بەكار هێنا.

تیۆریزەكاریی سوننە بۆ خەلافەت سەرەتا پشتی بە كۆدەنگیی هاوەڵانی پێغەمبەر بەست. دواتر –لە پەرچەكرداری جەختكردنی شیعە لەسەر بوونی دەقێك لەبارەی كەسی خەلیفەوە– پەرەی سەند بۆ بەڵگەهێنانەوەیەكی سنووردار لە "دەقەكان"، چونكە لەو كاتەدا هێشتا پرۆسەی كۆكردنەوەی حەدیس تەشەنەی نەكردبوو. ئەو كارە لە قۆناخە دواییەكاندا زیاتر پەرەی سەند، ئەویش دوای تۆماركردنی بەرفراوان و زێدەڕۆیی تێداكراوی سوننە بڕێكی زۆر دەقی تایبەت بە سوننەی هێنایە كایە، كە دەكرێ چەندان دژە دەقیان لەبەرامبەر زۆربەی تێزە دەقییەكانی شیعەدا تێدا بدۆزرێتەوە. ئەوەتا لە بەرامبەر دەقی وەسیەتكردن بە دانانی عەلی بە خەلیفە، چەندان حەدیس (٢) لە سەحیحی بوخاری و هی تردا پەیدا بوون كە تەبەری و ئەشعەری و ئیبن حەزم سوورن لەسەر ئەوەی رێنوێنین بۆ كردنی ئەبوبەكر بە خەلیفە. هەروەها لە بەرامبەر ئەو حەدیسانەی شیعە بۆ تانەدان لە مەعاویە هێناونیان، چەندان حەدیس لای سوننە پەیدا بوون كە درێژدادڕییان كرد لە باسكردنی پلە و پایە و رێزی مەعاویەدا، ئەمە جگە لە ئیسپاتكردن و رەوایی پێدانی حوكمڕانی و خەلافەتەكەی.

هەروەها لە بەرامبەر بیرۆكەی "مەهدی"ی عەلەوی كە غەنووسی شیعی دایهێنا، دەقگەلی سوننی سەریان هەڵدا كە باس لە مەهدی"ی ناعەلەوی دەكەن، وەك مەهدیی ئومەوی سوفیانی، كە خالیدی كوڕی یەزیدی كوڕی مەعاویە دایهێنا و

"بەوە دەیویست سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەتایبەت دوای ئەوەی مەروانی کوڕی حەکەم دەسەڵاتی لەدەست دەرهێنا و "ئوم هاشم"ی دایکیشی مارە کرد"(٣).

هەروەها وەك مەهدیی عەباسی، کە مەنسوور دەیویست وا لەخەڵك بگەیەنێ کە مەهدی، محەمەدی کوڕیەتی و لێرەشەوە نازناوی ئەلمەهدی دایە(٤).

بەم پێیە هەردوو تیرۆکە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیان پشتیان بە "سوننە" بەست.

بەڵام چەمکی "سوننە" لە تێزە شیعییەکەدا تەواو هاوواتای چەمکەکە نییە لە سیستمە سوننیەکەدا، هەروەك هەردوو چەمکەکە هاوواتای حەقیقەتی "سوننە" نین وەك ئەوەی پێویستە وا بێ و لەگەڵ قورئان و بەڵگەنەویستە مێژووییەکانی عەقڵدا کۆکە. کەواتە سوننە چییە؟

ئەمە یەکەم کێشەیە کە پێویستە لێرەدا رووبەڕووی ببینەوە و لە رێیەوە باقی کێشە و گرفتەکانی تری دەقی سوننە کە بەهۆی دەسەڵات و کارکردی مێژووەوە دروست بوون تاوتوێ دەکرێ.

کەواتە لێرەدا کێشەکە بریتی نییە لە "کێشەی دەسەڵات" و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی لەلایەن دەقی سووننەوە، بگرە بریتییە لە "کێشەی دەقی سووننی" و چۆنیەتیی نووسینەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە.

## سوننە چییە؟

رەنگە پرسیارەکە کەمێك نامۆ بێ. ئەی ئەوە نییە زانایانی پێشینان وەڵامیان داوەتەوە و زانایانی فەرموودە پێناسەیان کردووە بەوەی هەموو ئەو شتانەیە لە پێغەمبەرە هاتوون لە گوتە یان کردار یان پەسەندکردن یان سیفەت، چ پێش لە پێغەمبەرایەتی و چ پاشی. ئوسوڵییەکانیش پێناسەیان کردووە بەوەی بریتییە لەوەی لە پێغەمبەرەوە نەقڵ کراوە لە گوتار و کردار و پەسەندکردن (تەقریر). ئیدی بۆچی پرسیارەکە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەکرێتەوە؟!.

بەڵام ئەو کێشەیەی ئێمە لە بابەتی دەقی سوننەدا مەبەستمانە پێوەندی بە گوتراوە رواڵەتییەکەی ئەم پێناسەوە نییە، واتە باس لەوە نییە ئاخۆ ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گوێزراوەتەوە سوننەیە یان سونە نییە، بەڵکو باسەکە بە پلەی یەکەم باسی ئەوەیە ئاخۆ ئەو دەقانە بە راستی قسەی پێغەمبەرن یان نا. دووەمیش باس لەوەیە چۆن ئەو دەقە راستانە (کە بە سروشت بەشەکی و وردەکارین) لەپاڵ قورئاندا (کە بە سروشت هەمەکی و گشتییە) بەکار دەهێنرێ. کەواتە باسەکە لەلایەك پێوەندیی بە ئیسپاتبوونی دەقەکە و لەلای دووەمیشەوە بە بەکارهێنانیەوە هەیە.

کەواتە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا هەموو ئەو دەقانەی لە زاری پێغەمبەرەوە گوێزراونەتەوە هەر قسەی ئەون؟ روونتر

بڵێین: ئایا ئامرازەکانی فەرموودەناسیی کلاسیکیی ئەو کاتە بەس بوون بۆ دڵنیابوونە لە راستیی سەنەدی دەقەکە؟

به بۆچوونی ئێمە زانستی فەرموودەناسیی کلاسیکی –لەگەڵ نرخاندنمان بۆ ئەو کۆششەی تێیدا بە خەرج دراوە– ئامرازی پێویست و شیاوی بۆ لەتەتەڵەدانی دەقەکانی سوننە و پاکسازیکردنی بنبڕی لە خلتەوخاڵە لە بەردەستدا نەبووە. واتە ئەم دەقانەی سوننە کە ئێستە هەن پێویستیان بە تەتەڵە و پاڵفتەکردنی زیاتر هەیە تا قەبارەی راستەقینەی خۆی، یان نێزیکترین خاڵ لەو قەبارەیە وەربگرێتەوە، ئەویش بەپێی پێوەرەکانی وزەی مرۆیی.

هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی راوییەکان کە پێویستە لە رێی میکانیزمی "جرح و تعدیل"ەوە هەڵبسەنگێنرێن، بەڵام دەکرا هەر لە سەرەتاوە ئەم تەڵەزگەیە تێپەڕێنرایە. ئەهلی حەدیس بە دەستی خۆیان کێشەکەیان دروست کردووە و دواتر خۆیانیان رەتاندووە تا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئەویش چونکە پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی حەدیس تەنیا حەدیسە موتەواتیر(٥) و بەناوبانگەکانی نەگرتە خۆی وەك کە پێویستە وا بێ، بگرە بە زێدەڕۆیی و پەلاماردانێکی سەیر و بە برێکی

زۆر لە زۆرلەخۆکردنەوە بە دوای هەر هەواڵێکدا دەگەڕان کە بۆنی گەیشتنەوە بە پێغەمبەری لێ بکرێ. ئەمەش دەرگایەکی فراوانی کردەوە لە بەردەم لێشاوێکی گەورەی گێڕانەوە (ریوایەت) و هەواڵدان کە بێگومان هەندێکیان راست بوون، بەڵام بێگومان دەقی دەستکردیشی تێکەوت و زانستی حەدیس بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دانرا.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەلەفییە ئامادەیە رووبەڕوومان دەبێتەوە: ئایا دەکرا دەست لە سوننە بەر بدرێ تا لەناو بچێ؟ وەڵامی ئێمەیش ئەوەیە: نەخێر. نامەنەوێ سونە لەناو بچێ، بەڵام کێ دەڵێ ئەوەی کۆکراوەتەوە و بەو شێوەیە تۆمار کراوە سوننەیە؟ چەمکی ئەو "سوننە"یەی پێویستە رێ بە لەناوچوونی نەدرێ ناکرێ ببەسترێتەوە بە بەرهەمی ئەو پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنەوەوە، بۆچی؟ چونکە ئەوە پرۆسەیەکی مرۆیی و شیمانەیی و گومانئامێزن، بە واتای ئەوەی لە رووی تیۆرییەوە دەکرا نەکرێ، یان بە شێوەیەکی تر و لە چوارچێوەیەکی تەسکتردا بکرێ.

کەس ناتوانێ مکوڕ بێ لەسەر ئەوەی ئەو پرۆسەیە هەموو دەقە راستەکانی گرتووەتە خۆی یان رێگەی لە هەموو دەقێکی لاواز و ناڕاست گرتووە. لێرەوە چۆن دەکرێ لە "ئایندا" مرۆڤ پابەند بکرێ بە شتێکەوە کە ئەمە حاڵی بێ، واتە بە شتێکەوە کە دەکرا ئەسڵەن نەزانرێ، یان ئەگەری ئەوە هەبێ لاواز و دروستکراو بێ و تێشپەڕێ.

ئەوەی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە ئەم پرۆسەی تۆمارکردنە هەندێ لە بەشەکانی تا سەدەی سێیەمی کۆچی تەواو نەکرابوون، هەروەها تا سەرەتاکانی سەدەی دووەم بە جدی دەستی پێ نەکردبوو، ئەمەش واتای ئەوەیە موسڵمانان بەلای کەمەوە ماوەی سەدەیەك بەبێ ئەم ریوایەتانە ژیاون، بەبێ ئەوەی ئەوە هیچ لە ئیسلامەتییەکەیان کەم بکاتەوە. کەواتە ئەو ریوایەتانە بۆ جێگیر بوون و دامەزرانی ئاین پێویست نەبوون ئەگینا پێغەمبەر (د.خ)، هاوشێوەی قورئان، لە یەکەم ساتەوە فەرمانی بە تۆمارکردنیان دەکرد.

هەڵوێستی پێغەمبەر (د.خ) لەم رووەوە روون و ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بوو، ئەویش ئەوەیە هەموو گوتەکانی خۆی وەك قورئان بە ئاینێکی گشتی دانەناوە، چونکە بەشی زۆری ئەو حەدیسانە جێبەجێکردنی وردەکارییانەی قورئان بوون، کە بە زەرورەت پێوەست بووە بە هۆکار و دۆخە تایبەتەکان و لێرەشەوە واتا و ئاماژەگەلێکی تایبەتتریان هەبووە لە دەلالاتە گشتییە رەهاکانی قورئان، کە بەهۆی ئەو گشتیبوون (عومومیەت) و کراوەییەوە دەتوانێ لە سات و سەردەمە جیاوازەکاندا بە کارایی بمێنێتەوە. لێرەوە بووە پێغەمبەر ترساوە لەوەی گوتەکانی خۆی لە تەنیشت قورئانەوە دابنێ و جەختی تەنیا لەسەر قورئان سوننتە کردەییەکانی وەك نوێژ و زەکات و حەج و هەندێ شێوەی رەفتار کردووە، کە لەنێو خەڵکدا بڵاوبوونەتەوە و بەناوبانگ بوون و وەك قورئان جێگیر بوون.

با بزانین چۆن هەڵوێستی پێغەمبەر لەم رووەوە روون و بێ پێچ و پەنا بووە؟

موسلیم لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، هەروەك تەرموزی و نەسائی و ئەحمەد و دارمیش گواستویانەتەوە، کە ئەبوسەعیدی خودری گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر گوتویەتی "جگە لە قورئان هیچ شتێك لە زاری منەوە مەنووسنەوە، ئەوەی جگە لە قورئان شتێکی تری نووسیوە با لەناوی ببات"(٦). ئەم قەدەخەکردنە روونتر لەسەر زمانی ئەبو سەعید دەردەکەوێ کە دەڵێ "لەگەڵ پێغەمبەر هەوڵمان دا رێگەمان پێ بدات بنووسینەوە، رەتی کردەوە". لە ریوایەتێکی تردا هاتووە "مۆڵەتمان لە پێغەمبەر خواست مۆڵەتی نووسینمان پێ بدات، مۆڵەتی پێ نەداین"(٧).

ئەم دەقەی دواتر روونتر لەوانە جەخت لە قەدەخەکردنەکە و هۆکارەکەی دەکات. ئەبوهورەیرە دەڵێ "پێغەمبەر هات بۆ لامان لەو کاتەی خەریکی نووسینەوەی حەدیسەکان بووین، گوتی: ئەوە چییە دەینووسن؟ گوتمان ئەو قسانەن لە جەنابتیان دەبیستین. گوتی: کتێبێك جگە لە کتێبی خودا؟! ئایا دەزانن ئوممەتانی پێش ئێوە ئەو کاتە سەریان لێ شێوا لەپاڵ کتێبی خودادا کتێبی تریان نووسی(٨).

لێرەدا پێغەمبەر پەنجە دەخاتە سەر تاوانی مێژوو و کارکردی مرۆڤ لەسەر دەقی ساف، کە چۆن چۆنی ناوەرۆکی سافی ئەو دەقە بەهۆی بۆ زیادکردنی کتێبەکانەوە، لەرێی پەراوێز بۆ نووسین و شیکردنەوەکانەوە، تا دێ روو لە کزی دەکات، سەرەنجام راستییە رەهاکەی دەق، کە بە سروشت سادە و نێزیکە، دەبێتە تێزێکی تیۆریی ئالۆز، یان فەلسەفەیەکی لاهووتیی زەحمەت لە تێگەیشتندا، یان لیستێك لە یاسای لێوانلێو لە ئەرك و فەرمان، یان دەبێتە هەموو ئەمانە پێکەوە و بەرگێکی ئەفسانەیی و ناعەقڵانی دەپۆشێ.

ئەو کارە بەلای ئێمەوە گەورەترین تاوانە دژ بە ئاین، تاوانی مێژوو دەرهەق بە دەق کە پێغەمبەر لە گوتەزایەکیدا پوختی کردووەتەوە کاتێ گومرابوونی نەتەوەکان دەبەستێتەوە بەوەوە "کتێبی تریان لە پاڵ کتێبی خودادا نووسیوەتەوە". هاوەڵانی پێغەمبەریش بەگشتی دەرکیان بەو مەترسییە کردبوو، بۆیە خۆیان لە تۆمارکردنی ریوایەتەکان لادەدا و تەنیا پشتیان بە قورئان و سوننەی موتەواتیر و بەناوبانگ دەبەست، کە بەزۆری شتی کرداری بوون و بۆ وردکردنەوەی شتە گشتییەکانی قورئان و روونکردنەوەی شتە ئالۆزەکانی، کە پاراستن و کارپێکردنی ئەوانە، کە قەت لە چوارچێوەی قورئان دەرنەچوون، پێویستە.

وەك زانراوە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر پێش لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی کۆتایی پێ هاتووە بەبێ ئەوەی حەدیسە ئاحادەکان لە کتێبەکاندا تۆمار کرابن. لەگەڵ مکوڕبوونیان لەسەر کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی ئەبوبەکردا، کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا نووسرابوویەوە، دەبینین لەئاست تۆمارکردنی حەدیسەکاندا بە روونی ترسیان لێ نیشتبوو. ئەوەبوو ئەبوبەکر خەڵکی کۆکردەوە و گوتی "ئێوە هەندێ گوتە لە زاری پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە و لەبارەیانەوە جیاوازیتان تێ دەکەوێ، ئەوانەی دوای ئێوە دێن —لەو بارەوە— جیاوازیی زیاتریان تێ دەکەوێ، بۆیە هیچ شتێك لە زاری پێغەمبەرەوە مەگێڕنەوە، هەر کەس پرسیاری لێ کردن بڵێن کتێبی خودا لە نێوانماندایە، ئەوەی حەڵاڵی کردووە بە حەڵاڵی بزانن و ئەوەی حەرامی کردووە بە حەرامی بزانن(٩).

هەرچی عومەری کوڕی خەتابیشە، بۆ ماوەی مانگێك بیری دەکردەوە و داوای رێنوێنی و بەرچاورۆشنکردنەوەی لە خودا دەکرد (واتە ئیستیخارەی دەکرد)، تا رۆژێکیان بریاری خۆی دا و گوتی "من دەمەویست حەدیسەکان بنووسمەوە، بەڵام بیرم لەوە کردەوە کە هەندێ لە نەتەوەکانی پێش ئێوە هەندێ کتێبیان نووسی، سەریان کردە ئەو کتێبانە و وازیان لە کتێبی خودا هێنا، بۆیە سوێند بە خودا من خڵتەی هیچ شتێك تێکەڵ بە کتێبی خودا ناکەم"(١٠).

ئیبن سەعد دەگێڕێتەوە "عەبدوڵای کوڕی ئەلعەلا گوتی: داوام لە قاسمی کوڕی محەمەد کرد هەندێ حەدیسم فێر بکات، گوتی: حەدیسەکان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا زیادیان کرد، ئەویش تکای لە خەڵك کرد هەرچی حەدیسێکیان لایە بۆی بێنن، ئەوانیش هێنایان و عومەر فەرمانی دا بیانسووتێنن... گوتی: لەو رۆژەدا قاسمی کوڕی محەمەد قەدەخەی کرد لێم کە حەدیس بنووسمەوە"(١١).

مەعاویە ویستی حەدیسێك بنووسێتەوە زەیدی کوڕی سابیت قەدەخەی کرد و گوتی "پێغەمبەر فەرمانی پێ کردین هیچ شتێك لە حەدیس نەنووسینەوە". دەگێڕنەوە عەبدوڵای کوڕی مەسعوود سەحیفەیەکی سووتاند کە ژمارەیەك حەدیسی تێدا بوو و گوتی خاوەن کتێبەکانی پێش ئێوە کاتێ لەناو چوون کە کتێبی خودایان پشتگوێ خست وەك ئەوەی نەزانن(١٢).

دەگەڕێینەوە بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب، کە یەکێك بوو لەو هاوەڵانی زۆر پابەندی ئیسلام بوو، تا ببینین ئەو چۆن چۆنی بەشێوەیەکی راستەقینە و نایاب لە هۆکاری قەدەخەکردنی پێغەمبەر لە تۆمارکردنی قسەکانی گەیشتووە. ئەو وا تێگەیشتبوو کە پێویست نییە شتێکی تر جگە لە قورئان بگوێزرێتەوە مەگەر ئەوەی کە "سوننەی کرداری"یە، واتە ئەو کردارانەی پێویست بوو پێغەمبەر وەك جێبەجێکردن و وردکردنەوەی کۆی قورئان بیانکات. واتە عومەر چەمکی سوننەی بۆ

ئەو کارە موتەواتیر و باوانەی کە هەموو هاوەڵان دەیانزانی و ئیتر بوارێك نەماوەتەوە بۆ زیادکردنی هیچ شتێك لەکاتی گواستنەوەیدا، بەکار دەهێنا. ئەو دەیگوت "ریوایەت کەم لە پێغەمبەرەوە بگێڕنەوە، مەگەر ئەوەی کردبێتی"(١٣).

عومەر لە زۆرکردنی ریوایەت دەترسا، ئەویش وەك خۆپارێزییەك لە درۆ و هەڵە. ئەم ترسە گرینگترین هۆکاری سیاسەتە بەناوبانگەکەی بووە بەوەی هاوەڵانی لای خۆی لە پایەتەخت و دوور لە وڵاتە دوورەکان هێشتووەتەوە. ئەوە بوو "ناردی بە شوێن هاوەڵانی پێغەمبەردا لە ناوچە جۆراوجۆرەکان، عەبدوڵای کوڕی حوزەیفە، ئەبودەردا، ئەبو زەر و عوقبەی کوڕی عامر و گوتی: ئەمە چییە ئەم حەدیسانەی لەزاری پێغەمبەرەوە لە وڵاتاندا بڵاوتان کردووەتەوە، ئەوانیش گوتیان: قەدەخەمان دەکەیت لەوە؟ گوتی: نەخێر، لای من بمێننەوە، نە بەخودا تا ماوم لێم جیا نابنەوە، ئێمە زاناترین، لێتان وەردەگرین و رەتیشتان دەدەینەوە"(١٤) هەمان کاری لەگەڵ ئیبن مەسعوود و ئەبی مەسعوودی ئەنساریشدا کرد و گوتی "زێدەڕۆییتان کرد لە گێڕانەوە لە پێغەمبەری خوداوە" (١٥).

هەرچی ئەبوهورەیرەیە عومەر لەگەڵی زۆر توند بوو، تا ئەو رادەیەی هەڕەشەی دوورخستنەوەی لێ کرد بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەگەر واز لە وتنی حەدیس نەهێنێ. هەمیشە پێی دەگوت "واز لە قسەکردن لەبارەی پێغەمبەرەوە دێنی، یان دەتگەیەنم بە خاکی دوس"(١٦). هەمان شتیشی لەگەڵ کەعبی ئەحبار کرد، ئەو جولەکەیەی تازە موسڵمان بووبوو و دواتر بە زۆری دەستی دابووە گێڕانەوە و وتنی حەدیس بەشێوەیەك جێی گومان بوو، هەر بۆیە عومەر هەڕەشەی لێ کرد کە بۆ "خاکی مەیموونەکان" دووری دەخاتەوە.

ئەوەی سەیرە ئەبوهورەیرە کە –بەپێی راستترین را (١٧)–لە دوو ساڵ زیاتر هاوەڵیی پێغەمبەری نەکردووە کەچی وەك ئیبن حەزم باسی دەکات، ٥٣٧٤ حەدیسی گێڕاوەتەوە یان لە زاری گێڕدراوەتەوە، کە بوخاری ٤٤٦ حەدیسی لێوە گێڕاوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدا خۆی، وەك بوخاری گێڕاویەتیەوە، گوتویێتی هیچ کەس لە من زیاتر حەدیسی لە پێغەمبەرەوە نەگێڕاوەتەوە عەبدوڵای کوڕی عەمرو نەبێ"، کەچی ژمارەی حەدیسەکانی ئەو عەبدوڵایە –وەك لە مەسنەدی ئەحمەددا هاتووە– لە ٧٢٢ حەدیس زیاتر نییە، لای ئیبنولجەوزی ٧٠٠ حەدیسە، لەوانە بوخاری ٧ حەدیس و موسلیم ٢٠ حەدیسیان لێ گێڕاوەتەوە.

بە بڕوای ئێمە زۆر گێڕانەوەی حەدیس لەلایەن ئەبوهورەیرەوە بۆ خودی ئەبوهورەیرە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی بە دووری نازانین زۆر لە ریوایەتەکان بۆی هەڵبەسترابن. رۆژێك عومەری کوڕی خەتاب پێی گوت "ئەی ئەبوهورەیرە حەدیس زۆر دەگێڕیتەوە، زۆر شایستەی ئەوەی درۆ بەدەم پێغەمبەری خوداوە بکەیت" عومەر بە درێژایی تەمەنی بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم لێشاوی بەهێزی ریوایەتەکاندا، کە ئەو مرد لافاوەکە کەوتە رێ. ئەبوهورەیرە دەڵێ "من هەندێ حەدیستان پێ دەڵێم ئەگەر لەکاتی عومەردا بمگوتنایە بە دوڕە لێی دەدام". لە ریوایەتێکدا "سەری دەشکاندم".

زەهری گوێی لێ بوو دەیگوت "نەماندەتوانی بڵێین "پێغەمبەری خودا فەرمووی" تا عومەر مرد، ئاخۆ من دەمتوانی ئەم حەدیسانەتان پێ بڵێم کاتێ عومەر زیندوو بوو؟ سوێند بەخودا دڵنیا بووم پشتی دەشکاندم، عومەر دەیگوت بە قورئانەوە خەریك بن، چونکە قورئان قسەی خودایە".

بەم شێوەیە باڵادەستیی و بەسبوونی قورئان لە ئیسلامدا ئەو راستییە بوو کە ئامادەییەکی زەقی لە هەستی عومەری کوڕی خەتابدا هەبوو، تەنانەت لە ساتێکی زۆر هەستیار و لە نێزیکبوونەوەی وەفاتی پێغەمبەردا دەری بڕی. ئەوەی بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکەیاندا لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی "کاتێ ئازارەکە زۆری بۆ پێغەمبەر هێنا، گوتی: کتێبێکم بۆ بێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم دوای ئەوە قەت گومڕا نەبن، عومەر گوتی: پێغەمبەر ئازار زۆری بۆ هێناوە، قورئانی خودامان هەیە، ئەومان بەسە"(١٨).

کەواتە ئەو راستییەی ناکرێ گومانی لێ بکرێ ئەوەیە حەدیسەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا تۆمار نەکراون، جگە لە چەند حاڵەتێکی ریزپەڕ کە کار لە ئەسڵی حوکمدانەکە ناکات، وەك ئەوەی پێغەمبەر لەبارەی خێرات و خوێنبایی و فەریزەکانەوە (١٨) بە بەرپرسەکانی نووسیوەتەوە، کە لە چەند لاپەڕەیەکی کەم تێپەڕ ناکات، یان وەك ئەوەی لە حاڵەتێکی دیاریکراودا رێگەی پێ داوە وەك ئەوەی دەڵێ "بنووسن بۆ ئەبی شا" ئەویش کاتێ ئەبو شا، کە موسڵمانێکی یەمەنی بوو لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەردا بوو و داوای کرد وتارەکەی پێغەمبەری بۆ بنوسرێ، وەك کە بوخاری لە سەحیحەکەیدا ئاماژەی پێ دەدات (١٩).

ئەم حەدیسە کە بوخاری ریوایەتی کردووە و مۆڵەتی داوە بۆ ئەبو شا بنووسرێ، بەهێزترین دەقە کە سیستمی بیرکرنەوەی سەلەفی (کە حەیسەکانی نووسیوە و تیۆریزەی بۆ فەرموودەناسی کردووە) پشتی پێ دەبەستێ بۆ سەلماندنی ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەردا رێگە بە نووسینەوەی حەدیس دراوە. عەبدوڵای کوڕی ئەحمەد دەڵێ "لە کتێبی حەدیسەکەیدا هیچ حەدیسێك بەقەدەر ئەم حەدیسە راست نییە"(٢٠). لەوەیشدا راست دەکات، چونکە باقی ئەو حەدیسانەی لەم بوارەدا پشتیان پێ دەبەسترێ لاوازن و بە پێوەرەکانی خودی فەرموودەناسیی کلاسیکیش خۆ لەبەردەم رەخنەدا راناگرن، وەك هێنانەوەی ئەو ریوایەتەی ئەنەس کە دەڵێ "پێغەمبەر فەرمووی زانست بە کتێبەکە ببەستنەوە" کە حەدیسێکی لاوازە چونکە عەبدولحەمیدی کوڕی سولەیمان لە سەنەدەکەیدایە و زەهەبی قسەی لەسەر کردووە. هەروەها لە هەندێ رێگەکانیەوە عەبدڵای کوڕی موئەمەلی تێدایە کە ئەحمەد بە "لاواز"ی داناوە و گوتویەتی "حەدیسەکانی خراپن"(٢١).

دەگەڕێینەوە بۆ حەدیسەکەی ئەبی شا "کە حەدیسێکی راستە" و دەبینین مۆڵەتپێدانەکە بە نووسینەوەی تایبەت بووە بەو حاڵەتەوە، کە تێیدا دەقەکە بە ئامادەیی و سەرپەرشتیی پێغەمبەر دەنووسرا، هەروەها بابەتەکەیشی، کە گوتاری ماڵئاواییە، بابەتێکی بەربڵاو و بەناوبانگە و بەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر گوتراوە کە ئەو حاجییانە بوون لە دوا حەجیدا یاوەری پێغەمبەر بوون، کە ئەوەیش ئەگەری هەڵە و زیادکردنی لێ دوور دەخاتەوە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوەیە ئەم هەواڵە ناکۆك نییە لەگەڵ حەدیسەکەی ئەبوسەعیدی خودریدا کە ئاماژە بە بنەما گشتییەکە دەکات، واتە ئەوەی کە پێغەمبەر فەرمانی نەکردووە بە تۆمارکردنی هیچ شتێك جگە لە قورئان و هیچ نووسەرێکی بۆ نووسینەوەی حەدیس دانەناوە وەك کە بۆ کە بۆ تۆمارکردنی قورئان چەند نووسەرێکی تەرخان کردبوو. ئەمە لای خواری حاڵەتی دڵنیابوونە لەم مەسەلەیەدا، کە مشتومڕ هەڵناگرێ.

بۆیە دروست نییە ئەم حەدیسە بکرێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی رەوایی تۆمارکردنی حەدیس بەشێوەیەکی گشتی، چونکە ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) لە هەندێ حاڵەتدا نووسینەوە هەبووە، بەڵام نکوڵی لەوە دەکەین کە ئەوە ئەسڵە گشتییەکە بێ، بێگومان ئەسڵ قەدەخەکردنی نووسینەوە بووە، هەروەها "سوننەتی کرداری"ی راستیش هەر نەدەنووسرایەوە و ریوایەتەکانی لە کتێبێك یان چەند کتێبێکدا کۆ نەدەکرانەوە.

ئەمە بەڵگەی چییە؟ بۆچی قورئان بە ئاگەداریی و چاودێریی پێغەمبەر تۆمار دەکرا، بەڵام حەدیس تۆمار نەکرا؟

جمهوری ئەهلی حەدیس —کە دان بە راستیی حەدیسەکانی قەدەخەکردندا دەنێن— پێیان وایە قەدەخەکردنەکە لەسەرەتای ئیسلامدا بووە و لە ترسی تێکەڵبوونی بووە بە قورئان. بۆیە کە ئەو ترسە نەما ئەو حوکمەیش نەسخ بوویەوە کە لەسەری دامەزرابوو و نووسین مۆڵەتی پێ دراوە، بۆیە قەدەخەکردن بە حەدیسەکانی رێپێدان نەسخ کراوەتەوە.

رامیهرمزی دەڵێ لە خەمی ئەوەدا بووین پێغەمبەر رێگەمان پێ بدات قسەکانی بنووسینەوە بەڵام ئەو رەتی کردەوە، بەڵام بۆچوونی نەسخکردنەوەی حوکمی قەدەخەکردن لە نووسینەوە لەگەڵ ئەم راستییانەدا ناکۆکە:

١- ئاماژەدانی هاوەڵانی پێغەمبەر، لە سەروویانەوە ئەبوسەعیدی خودری بە قەدەخەکردن دوای مردنی پێغەمبەر.

٢- تۆمارنەکردنی حەدیسەکان لەلایەن هاوەڵانەوە بەدرێژایی سەردەمی خۆیان کە تا کۆتایی سەدەی یەکەم درێژەی کێشا.

٣- ئیدیعاکردنی نەسخکردنەوەی حەدیسەکەی سەعید – کە حەدیسێکی راستە کە لەلایەن بوخاری و موسلیم و لەلایەن خاوەنانی سونەن و مەسنەدەکانەوە ریوایەت کراوە- لەرێی ئوسوڵییەوە وا دەخوازێ هەندێ حەدیسی تر هەبن کە لە رووی سەنەدەوە هەمان هێزی ئەو حەدیسەیان هەبێ، کە بەهیچ شێوەیەك نەکرێ کۆ بکرێنەوە، ئەمەیش مەحاڵە و رەنگە لەنێو حەدیسەکانی تایبەت بە رێگەپێدانی نووسینەوەدا تەنیا حەدیسەکەی ئەبی شا راست بێ، ئەویش زۆر لەگەڵ حەدیسی قەدەخەکردندا ناکۆك نییە کە بگاتە ئاستی نەسخکردنەوە، چونکە وەك پێشتر وتمان ئەوە تایبەتی ئەبی شا بووە و لەسەر داوای خۆی بووە. رێسا ئسوڵییە (سەلەفیەکەیش) ئەوەیە کە بەکارهێنانی هەردوو دەقەکە باشترە لە خستنەلاوەی یەکێکیان. حەدیسەکەی ئەبی سەعید ئاماژەی بۆ رێسا گشتییەکە دەکرد کە کردەوەی پێغەمبەریش تا مردنی، هەروەها کرداری هاوەڵانیش تا کۆتایی سەردەمی خۆیان پشتیوانی لێ دەکات، هەرچی حەدیسەکەی ئەبی شایە حاڵەتێکی تایبەتە و هاوشێوەیشی هەیە، چونکە قەدەخەکردنەکە بۆ هەموو جۆرە تۆمارکردنێك نەبوو، بگرە بۆ ئەو تۆمارکردنە گشتییە هەمەلایەنە بوو کە ببێتە چەند کتێبێکی تر لە تەنیشت قورئاندا، واتە دانانی سەرچاوەیەکیتری مەرجەعی سەربەخۆ شانبەشانی قورئان.

٤- هەرچی مەترسیی تێکەڵبوونی حەدیسەکانە بە قورئان، جگە لەوەی تەنیا سەپاندن و گومانە و بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ، لە دوو رووەوە رەت دەکرێتەوە: یەکەم: کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی حەدیسەکان لە رەگەزی قورئان نین نە بنیاتە لەفزییەکەیدا کە ئیعجازی تێدایە و نە لە رووی ناوەرۆکیشیدا. ئەو قسەیە لەگەڵ بنەمای ئیعجازی رەوانبێژیی قورئاندا ناکۆکە. دووەم: زمانپاراویی ئەو نەوەیەی هاوەڵان وەك عەرەب، ئەستەمە وادابنێین نەیانتوانیوە جیاوازی لەنێوان گوتەی ئاسمانیی موعجیزەئامێزی خودا و گوتەی مرۆڤدا بکەن ئەگەرچی خاوەنەکەیشی پێغەمبەر بووبێ. ئەمە جگە لەوەی پێغەمبەر (د.خ) خۆی سوور بووە لەسەر جیاکردنەوەی قورئان و چەند کەسێکی تایبەتی دەستنیشان کردووە بۆ نووسینەوەی وەحی، خۆیشی بەبەردەوامی چاودێریی تۆمارکردنی کردووە و تەنانەت فەرمانی دەکرد ئایەتەکان لە جێی خۆیاندا لە سوورەتەکاندا دابنرێن. ئەو پرسیارە مەنتیقییەی کە خۆی لەسەر بیرکردنەوەی سەلەفی فەرز دەکات، دوای ئەو کۆششە زۆرەی لە بواری کۆکردنەوەی لێشاوی حەدیسەکاندا بە خەرجی داوە، ئەوەیە: ئەگەر سەلما تۆمارکردنی حەدیس قەدەخەی لێ کراوە، ئەی چۆن دەست بۆ تۆمارکردن براوە؟

پێش ئەوە و لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر لانی کەم ئەوە چەسپاوە کە بە کردەوە بەلای کەمەوە تا ماوەی سەدەیەك حەدیسەکان تۆمار نەکراون بەبێ ئەوەی هیچ لە بنەماکانی ئاین کەموکوڕی تێ بکەوێ، ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو پرۆسەی تۆمارکردنە بۆ بەرقەراربوونی ئاین پێویست نەبووە؟ ئەوەتا ئاین بەبێ ئەوەیش بەرقەرار بووە. ئایا ناکرێ بگوترێ قورئان و سوننەی کرداری کە بە تەواوتور و بەربڵاو گوێزراوەتەوە، بۆ تەواوکردنی ئیسلام بەسن.

کەواتە "سوننە" کە هاوشانی قورئانە لەوەدا گوێڕایەڵیکردنی پێویستە ئەو ریوایەتە تاکانە (ئاحاد)انە نییە کە کتێبەکانیان پڕ کردووە و لە بارودۆخێکی سیاسیی گوماناویدا تۆمار کراون، کە دەکرا ئەگەر تابیعییەکانیش لەسەر هەمان رێڕەوی هاوەڵان برۆیشتنایە و خۆیان لە تۆمارکردن لابدایە، قەت ئەو دەقانە رێگەیان نەکەوتایەتە نێو ئەو کتێبانەی حەدیس و لێرەشەوە بە ئێمە نەگەیشتنایە، کە بەدڵنیاییەوە هەموو دەقە راستەکانی نەگواستووەتەوە و خاڵیش نەبووە لە دەقی هەڵبەستراو. بەم پێیە دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی ئەو پرۆسەی کۆکردنەوەیە بۆ مانەوەی ئاینی ئیسلام پێویست نەبووە.

کەواتە ئەی سوننەی راستەقینە چییە کە پێویستە ئێمە پێوەی پابەند بین؟

سوننە، بەرەهایی، بریتییە لە رێباز یاخۆ میتۆد. لە ئیسلامیشدا بریتییە لە رێبازی خودا.

ڕێبازی خوداش تەنیا لەرێی وەحییەکی چەسپاوی گومان هەڵنەگرەوە دەبێ. وەحیی چەسپاوی گومان هەڵنەگریش لە قورئان و ئەو دەقانەی بە وردەکارییەکانیانەوە بە تەواوتور لە پێغەمبەرەوە گوێزراونەتەوە تێناپەڕێ. ئەمە واتای راستەقینەی سوننەیە.

پێغەمبەر (د.خ)، وەك لە قورئان و سیرەدا فێری بووین، بەپێی رێبازی قورئان ژیاوە، حەڵاڵی قورئانی حەڵاڵ و حەرامی حەرام کردووە و قەت لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە. لەبەرئەوەی ئەو چوارچێوەیەش، بە حوکمی ئەرك و پەیامە تاهەتاییەکەی، گشتی و بگرە زێدە گشتی و کراوە بووە، دەتوانێ رووبەڕووی پەرەسەندنی بەردەوامی بزاوتی ژیان و مرۆڤ ببێتەوە. هەرچی کردەوەکانی پێغەمبەرە لەو رووەوە دوو جۆر بوون: یەکەم: ئەو کردارانەی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە گشتییەکانی قورئان پێویست بوون، وەك خودا دەفەرموێ "واقيموا الصلاة واتوا الزكاة" کە قورئان بەشێوەیەکی گشتی باسی کردووە و پێغەمبەر بە کردەوە وردی کردوونەتەوە وەك دەڵێ "نوێژ بکەن وەك چۆن منتان بینی نوێژ دەکەم"، "سووتەکان(مناسك)تان لە منەوە وەرگرن"، ئەو کردار و گوفتارانە بۆ ئاین پێویستن و لەرێی تەواتوری بەربلاوەوە گوێزراونەتەوە هەر وەك قورئان، لێرەشەوە وەك وەحییەکی گومان هەڵنەگر وایە. واتە بەبێ ئەملا و ئەولا بەشێکە لە "سوننە".

هەرچی جۆری دووەمی کردار و گوفتارەکانی پێغەمبەرە کە بە رێگەی تەواوتوری بەربلاو بە خەڵك نەگەیشتووە، ئەوە هیچ مۆڤێکی ژیر ناتوانێ بیخاتە ناو بازنەی "ئەو وەحییەی کە گومان هەڵنەگرە". لێرەشەوە ئەو جۆرە بۆ دامەزاندنی ئاین پێویست نییە، بەڵگەیش ئەوەیە کە پێغەمبەر –کە لەلایەن خوداوە فەرمانی پێکراوە پەیامەکەی بگەیەنێ– لە خەمی ئەوەدا نەبووە بەشێوەیەکی گومان هەڵنەگر بگاتە هەموو خەڵك . موسڵمانان ماوەیەکی مێژوویی ژیاون (درێژایی سەردەمی هاوەڵان و ماوەیەك لە سەردەمی تابعين) بەبێ ئەوەی ئەو وردەکارییانەی کردار و گوفتارەکان لەنێو دووتوێی کتێبەکاندا لەبەردەستی خەڵك بووبن. موسڵمان لەو سەردەمەدا راستەوخۆ دەگەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەی کرداریی موتەواتیر کە وەك قورئان لەلایان سەلماو بوو. ئەوەیش بازنەیەکی فراوانی بۆ ئیجتیهادکردن و عەقڵکاری بۆ دەستەبەر کردبوون لەبارەی ئەو رووداو پێشهاتانەی بزاوتی ژیان بەسەریاندا دەسەپاند. ئەو حاڵەتەیش بە بڕیاری خودای زانا بووە کە ویستویەتی بازنەی رێپێدان (موباح) بنەما گشتییەکە بێ و بازنەی پابەندکردن نائاسایی و سنوردار بێ، تا ئاین بە ژیان و ژیان بە ئاین ئاوێزان بێ، ئاوێزانبوونێك کە ئیسلام ویستویەتی. چەندە "دەق"ەکانیش کەم بن بازنەی رێپێدراو فراوانتر دەبێ و چەندە دەقەکانیش زۆر بن ئەو بازنەیە بەرتەسك دەبێتەوە. پێغەمبەر بەشێوەیەکی هەڵکەوتووانە ئەم واتایەی دەربڕیوە کاتێ دەفەرموێ "گەورەترین تاوانێك موسڵمانێك بەرامبەر موسڵمانان بیکاتە ئەوەیە پرسیاری لێبکەن لەبارەی شتێکەوە کە حەرام نەکراوە، بەڵام ئەو لەبەر مەبەستێکی خۆی لەسەریان حەرام بکات"(٢٣). پێغەمبەر، وەك بەراستی لێوەی گێڕدراوەتەوە، رقی لە زۆر پرسیارکردن بووە و هانی کەم پرسیارکردنی داوە، ئەویش لە ترسی ئەوەی دەقەکان زۆر بن و ئاین لەسەر خەڵك توند و گران بێ، چونکە بەهۆی زۆربوونی دەقەکانەوە بازنەی رێپێدراو بەرتەسك دەبێتەوە.

بەڵام ئەوە کە ئەم جۆرەی دوایی لە گوفتار و کردارەکان زەرور نین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان و تێگەیشتنی ئاین بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دەکرێ ئەو دەقانە لە زۆر حاڵەت و بەپێی هەندێ مەرجی دیاریکراو، "بەکەڵك" بن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان و تێگەیشتنی ئاین بەشێوەیەکی گشتی. جیاوازیش رۆشنە لە نێوان زەروری پێویست و بەکەڵکی بەسوود، چونکە هەموو زەرورێك بەکەڵکە و مەرج نییە هەموو بەکەڵکێك زەرور بێ. زەرور ئەوەیە لای خواری ئاین بەبێ ئەو تەواو نابێ، لێرەشەوەیە لەپێناو گەیشتنیدا بەخەڵك بەتەواوی، لە یەکەم ساتەوە تۆمار کراوە، بەڵام "بەکەڵك" سروشتێکی تەواوکارانەی هەیە، بەشێوەیەك دەکرێ دەستبەرداری ببین، هەروەك دەکرێ کەڵکی لێ وەربگرین. بێگومان "دەقەکانی پێغەمبەر (د.خ)" کە لەرێی ئاحادەوە هاتوون (کە بەگشتی هەموو ئەم گوفتار و کردارانەی دوایی دەگرێتەوە)، بە

ڕەچاوکردنی ملکەچبوونیان بۆ باڵادەستیی قورئان و موتەواتیر–نێزیکترین ئامرازە کە دەکرێ پەنای بۆ ببرێ بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی خودای گەورەی دابەزێنەری وەحی.

لێرەوە باسکردنی ئێمە لە "نازەروربوون"ی هەواڵەکانی ئاحاد بۆ دامەزراندنی لای خواری ئاین، دەبێ لە چوارچێوەی جیاوازیکردن لەنێوان "زەرور" و "بەکەڵك"دا سەیر بکرێ، نەك لە چوارچێوەی جیاوازیکردن لەنێوان "هەموو قبووڵکراو" و "هەموو ڕەتکراوە"دا، چونکە هەندێ ریوایەتی ئاحاد دەکرێ بەپێی ئەم دوو مەرجەی خوارەوە پەسەند بکرێن:

یەکەم: سەلماندنی ڕاستیی هەواڵەکە بەپێی پێوەرەکانی میتۆدی ڕەخنەگرانەی مێژوویی هەمەگیر، کە ئەو میتۆدە میتۆدی فەرموودەناسیی کلاسیکی، کە مۆرکێکی ئیسنادی هەیە، تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ئاسۆگەلێکی فراوانتر کە پشت بە هەڵسەنگاندنی دەق "مەتن"ی ریوایەتەکە لە ڕوانگەی قورئان و مێژوو و عەقڵی هەمەکییەوە دەبەستێ.

دووەم: ملکەچبوونی دەقەکە، دوای سەلمانی ڕاستییەکەی بەپێی ئەم میتۆدە، بۆ باڵادەستیی بڕیار (حوکم)ە قورئانییەکان، کە بنەما و ڕیشە گومان هەڵنەگرەکانی ئاین پێك دێنێ.

کەواتە پوختەی قسەکانی ئێمە ڕەتکردنەوەی "سوننە" نییە بەگشتی، وەك کە ڕەنگە هەندێ کەسی ڕاڕا و لەرزۆك تێی بگەن، بگرە لە ڕاستیدا دوورخستنەوەی ئەو شتانەیە لە سوننە کە لەو نین. لەم لێکۆڵینەوەیەشدا بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆمان سەلما کە مێژوو، بەتایبەت مێژووی سیاسی، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە قەبەکردنی کۆتا دەقی سوننەدا کە ئێستە لەبەردەستە. واتە هەندێ دەقی تێ خزێنراوە کە لەو نین.

*** *** ***

## پەراوێزەکان

(١) لێرەدا مەبەست باسکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بە حاکم و مەحکوومە. ئەگینا ڕێسا گشتییەکاکی کیتاب و سوننە ئاماژە بە دیسپلینەکانی پرۆسەی دەسەلات دەکەن، بەڵام ئەوانیش وەك بنەمای "ڕاوێژ" گشتییە نەك وردەکاری لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە وەك دیسپلینی "دادپەروەری" گشتییە نەك تایبەت بە حاکم و حکوومەت.

(٢) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی حەدیس نەك فەرموودە بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرموودە لەنێو موسڵمانان‌دا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ، لەکاتێکدا هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە ڕووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرموودە، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەك بوترێ (حديث). (وەرگێڕ)

(٣) بڕوانە (الاغاني) ١٦/٨٨.

(٤) هەمان سەرچاوە ١٢/٥٥.

(٥) حەدیسەکان لە ڕووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەك لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە ڕێی ژمارەیەکی زۆر ڕاوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەك ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان..).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەلام ئاحاد، کۆی (احد)ە بەواتای یەك، هەواڵی یەك کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەك کەس گێڕاویەتیەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەك ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ك مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێك لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەلام ئاحاد هی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوە حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: راست (صحیح)، باش (حسن) و لاواز (ضعیف). بەلام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەلام تەرموزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

(٦) بڕوانە سەحیحی موسلیم بە شەرحی نەوەوی بەرگی ١٨.

(٧) بڕوانە: الخطيب البغدادي–تقييد العلم– تحقيق د.يوسف العش–دمشق ١٩٤٩، ل٣٢–٣٣.

(٨) تقييد العلم، پێشوو ل٣٤.

(٩) الذهبي، تذكرة الحفاظ–طبعة الهند ١٣٣٣هـ–ج١ص٣.

(١٠) ابن عبد البر–جامع بيان العلم و فضله–المطبعة المنبرية، ج١ ص٦٤–٦٥.

(١١) ابن سعد– الطبقات–ط ليدن ج٥ ص١٤٠.

(١٢) بيان جامع العلم وفضله، ج١، ص٦٤ و دواتر.

(١٣) البداية والنهاية ح٨، ص١٠٧.

(١٤) ئیبن عەساکیر و ئبن ئیسحاق ریوایەتیان کردووە.

(١٥) (الذهبي) لە (تذكرة الحفاظ)دا باسی کردووە لە شوعبەوە، لە سەعیدی کوڕی ئیبراهیم، ئەویش لە باوکیەوە. هەروەها سەیری (العواصم من القواصم)ە ئەبوبەکری بن عەرەبی بکە، کە لە میانی بەرگریکردنی لە عوسمانی کوڕی عەفاندا دەڵێ "دەگێڕنەوە عومەری کوڕی خەتاب رەزای خوای لێ بێ عەبدوڵای کوڕی مەسعودی لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوەڵاندا بۆ ماوەی ساڵێك بەند کرد تا شەهید بوو عوسمان ئازادی کردن. هۆی بەندکردنەکەیشیان ئەوە بوو حەدیسی زۆریان لە زاری پێغەمبەری خوداوە دەگێڕایەوە.

(١٦) ئیبن عەساکر لە حەدیسی سائیبی کوڕی یەزیدەوە هێناویەتی.

(١٧) ئیبن ئەبی خالد گوتی قەیس گێڕایەوە کە ئەبوهورەیەرە گوتویەتی سێ ساڵ هاوەڵیی پێغەمبەرم کرد. ئەگەر ئەو ماوەیەی لێ دەربکەین کە ئەبوهورەیرەی تێدا نێردراوە بۆ بەحرێن و مەککە کە لە ساڵێچك زیاتر بووە، ئەوە ماوەی هاوەڵێکردنەکەی لە دوو ساڵ زیاتر نابێ. بەهەرحاڵ ئەبوهورەیرە لەکاتی فەتحی خەیبەردا موسڵمان بووە کە چوار ساڵ پێش مردنی پێغەمبەر بووە.

(١٨) بڕوانە: فتح الباري بشرح صحيح البخاري ج١. هەروەها صحيح مسلم بشرح نووي ج٣.

(١٩) وەك حەدیسی بەناوبانگی عومەری کوڕی حەزم لە خێرات و فەریوەکاندا. بڕوانە: بيان العلم و فضله ج١ ل٧١.

(٢٠) بڕوانە صحيح البخاري–باب اللقطة، هەروەها فتح الباري ج١، مەسنەدی ئەحمەد ج١٢. جامع بيان العلم ج١ ل ٧٠. تقييد العلم ل٨٦.

(٢١) مەسنەدی ئەحمەد، تحقيق احمد شاكر –دار المعارف– ج١٢–لا٢٣٥.

(٢٢) بڕوانە: تقييد العلم لا٦٩. جامع بيان العلم ج١ لا٧٢. گۆڤاری المنار ج١٠ لا٧٦٣ و دواتر کە رەشيد ڕەزا لە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخدا هەموو ئەو حەدیسانە دێنێ کە مۆڵەتدان بە نووسینەوە نیشان دەدەن.

(٢٣) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، بڕوانە ابن حزم –المحلي– لا٦٤.

سەرچاوە: کتێبی: السلطة في الاسلام، عبدالجواد ياسين لا٢٣٥–٢٤٧.

# قورئان پاڵپشتی لە حوکمی (مورتەد) ناکات

**نووسینی: محەمەد عابد ئەلجابری**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور**

لێدوانەکانی موفتیی میسر بۆ هەندێ لە میدیاکانی ئەمەریکا لەبارەی حوکمی هەڵگەڕاوە لە ئاین (مورتەد) لە ئیسلامدا، مشتومڕێکی لەنێو زانایانی ئەزهەر و ئەوانەی بایەخ بە کاروباری ئاینی لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیدا دەدەن، دروست کردووە. پێش ١٥ ساڵ بۆچوونی خۆمان لەو رووەوە دەربڕی، هەر کاتێکیش ئەو بابەتە دەروروژێتەوە، دەگەڕێینەوە سەر ئەو هەڵوێستە، دەبینین هەر ئەو هەڵوێستە بۆچوونی راست و دروستە.

ئێمە ئەو بابەتەمان لەسەر دوو ئاست شی کردووەتەوە، ئاستی گشتی و ئاستی تایبەت. جیاکردنەوەی ئەم دوو ئاستە گرینگە بۆ ئەوەی تێکەڵکردن و تەومژ و مشتومڕی نەزۆك روو نەدەن.

ئاستە گشتییەکە پێوەندیی بە هەڵوێستی بانگەوازی محەمەدیەوە هەیە لە ئازادیی بیروباوەڕ، کە بە روونی لەم ئایەتانەدا دیارە:

* "وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا، أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ"؟ (يونس ٩٩)، واتە: ئەگەر خوا بیویستایە هەموو خەڵك باوەڕیان دەهێنا، ئایا تۆ خەڵك ناچار دەکەیت تا باوەڕدار بن".

* "وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ"(الكهف ٢٩)، واتە: بڵێ راستی لای پەروەردگارتانەوەیە، جا کێ ویستی با باوەڕ بێنێ و کێش ویستی با بێباوەڕ بێ.

* "لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ" (البقرة ٢٥٦). واتە زۆرلێکردن لە ئایندا نییە.

وەك روونە ئەم ئایەتانە –و چەندان ئایەتی تر– دانیان بە ئازادیی بیروباوەڕی مرۆڤدا ناوە و لەوەدا کەس، بە محەمەدیشەوە، بۆی نییە مرۆڤ ناچاری باوەڕهێنان بکات.

ئێستە زۆر لە شەرعناسەکان دەڵێن ئەو ئایەتانە بە ئایەتی شیر (ايه السيف) نەسخ کراونەتەوە، بەڵام بەبڕوای ئێمە چەمکی نەسخ و "ئایەتی شیر" لە قورئاندا بوونیان نییە. وشەی نەسخ لە قورئاندا هاتووە. مەبەست لە "نەسخکراو" یان شەریعەتە پێشووەکانە کە بە هاتنی دواین پێغەمبەر نەسخ کراونەتەوە، یان ئەو بەڵگە و موعجیزانەن کە بە هەندێ لە پێغەمبەران دراون وەك داری موسا و موعجیزەکانی عیسا. لەبارەی ئایەتی شیریشەوە شتێکی وا لە قورئاندا نییە، ئەوەی هەیە چەند ئایەتێکن، کە دوای دەرکرانیان لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان مۆڵەتی شەڕکردن لەگەڵ بێباوەڕەکانی مەکەدا بە موسڵمانەکان دەدەن.

ئەو شەڕەی موسڵمانەکان بەسەرکردایەتیی پێغەمبەر ئەنجامیان دا شەڕی بەرگری لە خۆکردن بوو نە هیچی تر. ئەوە بوو پێغەمبەر رازی بوو بە سوڵحی حودەیبیە دوای ئەوەی قورەیشیەکان رێیان نەدا بەمەبەستی عەمرەکردن بچێتە مەکە. هەروەها ئەوەیش زانراوە کە فەتحی مەکە لەرێی شەڕەوە نەبوو، بگرە پێشتر لە رێی دانوستاندنەوە، کە عەباسی مامی سەرکردایەتی دەکرد، ئامادەسازی بۆ کرا و بەو هۆیەشەوە بەبێ شەڕ چوونە مەکە و پێغەمبەر فەرمانی دا جاڕ بدرێ "هەر کەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان پارێزراوە، هەر کەس دەرگەی ماڵەکەی دابخات پارێزراوە و هەر کەس بچێتە مزگەوتەوە پارێزراوە".

ئەمە لەبارەی ئازادیی بیروباوەڕ لەسەر ئاستی گشتی. واتە ئازادیی باوەڕهێنان یان نەهێنان بە ئیسلام. بەڵام مەسەلەی هەڵگەڕاوە لە دین (مرتد)، واتە ئەوەی باوەڕ بە ئیسلام دێنێ و دوایی لێی هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوە دەکەوێتە ئاستە تایبەتەکەوە، کە ئەویش دوو ئاستی هەیە: ئاستی تایبەت و ئاستی تایبەتی تایبەت.

لە ئاستە تایبەتەکەدا مەرجەع ژمارەیەك ئایەتی قورئانن کە باس لە سزای ئەو کەسانە دەکەن لە ئاینەکە هەڵدەگەڕێنەوە، لەوانە:

- "وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ" (البقرة ١٢٧)، واتە: هەر کەس لەئێوە لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە و بە کافری بمرێ، ئەوانە لە دنیا و دوارۆژدا مایەپوچن و بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێننەوە.

- "إِنَّ الَّذِينَ آَمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آَمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا" (النساء ١٣٧). واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێنا و جا کافر بوونەوە، ئەنجا باوەڕیان هێنا و جارێکی تر کافر بوونەوە و کوفرەکەیان زیاتریش بوو، خوا لێیان خۆش نابێ و ڕێی ڕاستیان نیشان نادات".

لەم ئایەتانەدا دەبینین سزای هەڵگەڕاوە نەفرەت و تووڕەیی خودا، واتە دۆزەخە و هیچ سزایەکی دنیایی بۆ دانەنراوە.

ئەمە لە قورئاندا، بەڵام لە فیقهدا، وەك ئاشکرایە سزای هەڵگەڕاوە کوشتنە، لەوەیشدا فەقیهەکان پشت بە حەدیسی "من بدل دینە فاقتلوە" دەبەستن. ئەی چۆن لەم جیاوازییە تێبگەین؟

سەرەتا با گومان نەخەینە سەر ڕاستیی سەنەدی حەدیسی ناوبراو (١)، چونکە شەڕکردنی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سدیق لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو مورتەدەی کە جگە لە قەناعەتی تایبەتی خۆی هیچ پاڵنەرێکی تری لە گۆڕینی ئاینەکەیدا نییە و حوکمی ئەم جۆرە کەسانە، وەك لەو ئایەتانەدا باس کرا، تەنیا سزایەکی قیامەتییە و هیچی تر.

بەڵام ئەو کەسەی بە پاڵنەرێکی دەرەکی هەڵدەگەڕێتەوە، بەدەر لەبواری بیروباوەڕی ڕووت، ئەوە شتێکی ترە و مەبەستمان لە "تایبەتی تایبەت" ئەم حاڵەتانەیە، چونکە ئەو هەڵگەڕاوانەی ئەبوبەکر وەك سەرۆکی دەوڵەت شەڕی دژیان بەرپا کرد تەنیا چەند کەسێکی دابڕاو نەبوون کە ئاینی خۆیانیان گۆڕیبێ، بەڵکو خەڵکێك بوون جاڕی یاخیبوونیان لە دەوڵەت دابوو، زەکاتیان نەدەدا بەپاساوی ئەوەی ئەوە تەنیا پابەندیەك بووە بەرامبەر کەسی پێغەمبەر، بگرە زیاد لەوەیش شوولیان لێ ڕاکێشا و خۆیانیان بۆ پەلاماردانی دەوڵەتەکە ساز دەکرد.

مورتەد بەم واتایە ئەو کەسەیە لە دەوڵەت یاخی دەبێ، جا ئیسلامی بێ یان غەیرە ئیسلامی و وەك جەنگاوەر، پیلانگێڕ یان سیخوڕی دوژمن کار دەکات.

کەواتە حوکمی فیقهی ئیسلامی لەبارەی مورتەدەوە، بەم واتایە، لە دژی ئازادیی بیروباوەڕ نییە، بگرە دژی ناپاکیکردن لە نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەت و کلك گرێدان لەگەڵ دوژمن، یان بوون بە چەتە یان دوژمنێکی جەنگاوەرە.

لێرەوە تێدەگەین چۆن شەرعناسەکان حوکمی "جەنگاوەر"، کە لە دەوڵەت و کۆمەڵگە یاخی دەبێ و چەك بەرز دەکاتەوە و چەتەگەری دەکات، لەگەڵ حوکمی مورتەد پێکەوە دەبەستن، ئەویش چونکە مورتەد لە گوتاری فیقهیی ئیسلامیدا تاقمێکن لە جەنگاوەر (محارب) یاخۆ ڕێگرەکان و حوکمەکەی لە زانایەکەوە بۆ زانایەکی تر دەگۆڕێ، ئەویش بەپێی ئەوەی ئاخۆ مورتەدەکە بەڕاستی جەنگاوەرە یان نا.

مورتەدی جەنگاوەر بە ڕای هەموو زانایان دەکوژرێ، بەڵام لەبارەی حاڵەتی پێش جەنگکردنی جیاوازییان هەیە ئاخۆ لەپێشدا ئیستیتابە (داوالێکردن بە گەڕانەوە) دەکرێ یان بەبێ ئیستیتابە دەکوژرێ، هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن زاناکانی

ئیسلام لەو گۆشەیەوە سەیری مورتەدیان نەکردووە کە کەسێکە مومارەسەی ئازادیی بیروباوەڕ دەکات، بگرە لەو گۆشەیەوە سەیریان کردووە کە کەسێکە ناپاکی لە کۆمەڵگە کردووە و بەجۆرێك لە جۆرەکان لەدژی ڕاپەڕیوە.(٢)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە شوێنگەی یاسایی مورتەد لە ئیسلامدا بە مەرجەعیەتی ئازادی (ئازادیی بیروباوەڕ) دیاری ناکرێ، بەڵکو بە مەرجەعیەتی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین "خیانەتکردن لە نیشتمان" و بەرزکردنەوەی چەك دژ بە کۆمەڵگە و دەوڵەت، دیاری دەکرێ. بە هەمان شێوە ئەوانەی ئەمڕۆ باسی (مافەکانی مرۆڤ) دەکەن، لە پێشیانەوە ئازادیی بیروباوەڕ، ئەوانیش (ئازادیی ناپاکیکردن لە نیشتمان و کۆمەڵگە و ئاین) یان (چەتەگری و ماڵبڕینی خەڵك) و (کلك گرێدان لەگەڵ دوژمن)یان بەبەشێك لەو ئازادییانەی مرۆڤ دانەناوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە و پێویستە فیقهی هاوچەرخ لێی بکۆڵێتەوە و قسەی خۆی تێدا بکات، ئەوەیە ئاخۆ ئەو موسڵمانەی بە ویستی تاکانەی خۆی دەچێتە سەر ئاینێکی تر بەبێ ئەوەی نە لە دوور نە لە نێزیك زیان بە کۆمەڵگە و دەوڵەت بگەیەنێ، دەچێتە خانەی ئەو هەڵگەڕانەوەیەی خوێنی حەڵاڵ دەکرێ؟. پێم وایە ئەوەی پێی وایە "بەڵێ"، ناتوانێ هیچ دەقێکی ئاینی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی لەگەڵی نین بهێنێتەوە جگە لەو ئایەتانەی پێشتر هێنانمان کە هەڕەشەی گەورە لە هەڵگەڕاوەکان دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سزایەکیان لە دنیادا دانابێ.

ئێمە لێرەدا پشتمان بە قورئان بەست، چونکە ئەو بنچینەی یەکەمە و باقیی بنچینەکانی ترن بە حەدیسیشەوە، پشت بەو دەبەستن و ئەرکی حەدیسەکانی پێغەمبەر ڕوونکردنەوەی ناواخنی قورئانە نەك هێنانی یاسادانانێکی نوێ یان زیادە، وەك خودا ڕوو بە محەمەد دەفەرموێ "وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ.." (النحل ٤٤).

ئەمانە و چەندان ئایەتی تری هاوشێوە، کە زۆر لە قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی سەردەمی ئێمە لەبەریان بوون. ئەو قوتابیانە دەیانزانی حەدیسەکانی پێغەمبەر هەمووی یەك پلە نین، بگرە هی ڕاست (صحيح)، هەروەها هی هەڵبەستراو (موجوع)یشیان تێدایە و لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەیشدا جۆری تر زۆر هەن.

لەو کاتەوە فێر بووین کە حەدیس چەند پلەیەکی هەیە، ئەوەی (صحيح)ە مەرج نییە هەمان ئەو دەربڕینە بێ کە پێغەمبەر گوتویەتی، مەگەر ئەوانەی (موتەواتیر)ن، کە زۆر کەمن. حەدیسی مورتەدیش موتەواتیر نییە، بگرە لە حەدیسە تاکەکسییەکان، واتە (ئاحاد)ە (٣).

ئەوەیش کە ئەم یان ئەو حەدیس بەپێی زاراوەکانی زانایانی حەدیس بە (ڕاست) دادەنرێ، واتای ئەوەیە لە ڕووی سەنەدەوە —نەك ناوەرۆك— ئەو مەرجانەیان تێدایە کە کۆکەرەوەی حەدیسەکە خۆی دایناون. سەحیحی بوخاری تەنیا لە ڕووی سەنەدەوە ڕاستە، ئەویش بەپێی ئەو مەرجانەی بوخاری لە وەرگرتنی حەدیسدا بۆ خۆی داناون. سەحیحی موسلیمیش بە هەمان شێوە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە زانراوە کە حەدیس بوارێك بووە بۆ دانان و زیاد و کەمکردن، جا بە مەبەست بووبێ یان بێ مەبەست و دوای نێزیکەی سەدەیەك لە وەفاتی پێغەمبەر دەست بە تۆمارکردنیان کراوە. هەندێ ڕیوایەت هەن ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە پێغەمبەر نووسینەوەی گوتەکانی خۆی قەدەغە کردووە، خەلیفەکانی ڕاشیدینیش بە هەمان شێوە، هۆی ئەوەیش ئەوە بووە قسەی پێغەمبەر لەگەڵ دەقی قورئاندا تێکەڵ نەبێ، کە تەنیا قورئان بە ڕەسمی و لەژێر چاودێریی پێغەمبەردا دەنووسرایەوە.

لەبەر ئەمە حەدیس پشتی بە گواستنەوەی دەماودەم، واتە "گێڕانەوە" بەست. ئەوەیش زانراوە کە هەڵاوسان لە حەدیسدا ڕووی داوە، لەکاتێکدا لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا ئەو حەدیسانەی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕدرانەوە ژمارەیان کەم بوو، کەچی لەپڕ بەشێوەیەکی ناسرووشتی تووشی هەڵاوسان هات، بەتایبەت لە بارودۆخی ئەو شەڕ و ئاشوبەی لە کۆتاکانی سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا ڕوویان دا و لەکاتی شەڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و

معاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا و دواتر لە نێوان ئەمەویەکان و نەیارەکانیان و عەباسیەکان و نەیارەکانیاندا تیراوێی کرد، ئەمە جگە لە ململانەی خەواریج و شیعە و ئەو لکانەی لێیان بوونەوە.

لەبەرئەوە قەبارەی حەدیس، کە لەسەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا لە سنووری چەند سەدێکدا بوو، لەکاتی تۆمارکردنیدا، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، گەیشتە سەدان هەزار. دیارە لە ململانە سیاسی و مەزهەبییەکانیشدا حەدیس تا ئەوپەڕی سنوور بەخراپی قۆزرایەوە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ رادەی ئەو هەڵاوسانەی حەدیس بخەملێنێ، دەتوانێ سەیری ئەو ژمارە زۆری حەدیس بکات کە دەدرێتە پاڵ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (لەکاتێکدا کاتێ پێغەمبەر مرد تەمەنی ١٨ ساڵ بوو) و عەبدوڵای کوڕی عەباس (کاتێ پێغەمبەر مرد تەمەنی ١٣ ساڵ بوو). هەرچی ئەبوهورەیرەیە کە ژمارەیەکی زۆر حەدیسی دراوەتە پاڵ تەنیا نێزیکەی ٤ ساڵ پێش مردنی پێغەمبەر موسڵمان بووە. ئەبوهورەیرە بەم ناوەوە ناوبانگی دەرکردووە بەشێوەیەك ناوی تری نازانرێ لەگەڵ ئەوەی لە گەورەترین راویەکانی حەدیسە.

لەگەڵ ئەوەی زانایانی حەدیس زۆرترین وردبینی لە ناوەکاندا دەکەن کەچی نەیانتوانیوە لەسەر ناوی راستەقینەی ئەبوهورەیرە رێك بکەون. ئەوەتا گوتراوە ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەخرە، گوتراوە لە سەردەمی جاهیلیدا ناوی عەبدوشەمس یان عەبدونەهەم یان عەبدوغەنەم بووە و نازناوی "ئیبنو سەودا"ی بووە. گوتراوە پێغەمبەر ناوی نا عەبدوڵا، یان عەبدوڕەحمان و نازناوی ئەبوهورەیرەی پێ داوە. هەرچی دایکییە ژنێکی رەش بووە و گوتراوە ناوی مەیموونە بووە، هەروەها دەگوترێ جوولەکە بووە و ئەبوزەر لە توڕەییدا بە ئەبوهورەیرەی گوتوە "ئەی کوڕی ژنە جولەکەکە، وس بە!". ئەمانە و چەندانی تر کە لە کتێبە زۆر و زەوەندە جێباوەڕەکانی ژینامەدا باس کراون.

مەبەست لێرەدا کەمکردنەوە نییە لە رۆڵی ئەو مەرجەعە گەورانە لە تەفسیر و حەدیسدا، بەڵام ئەوەی دەمانەوێ سەرنجی بۆ رابکێشین، ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەوەی دەردێتە پاڵ ئەوانە و هاوشێوەکانیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئەوان لەراستیدا گوتبێتیان، بگرە زۆر لەوەی دەردێتە پاڵیان کاری ئەوانە بوون کە حەدیسەکانیان هەڵبەستوون. هەڵبەستنی حەدیسیش شتێکی زانراوە.

قازی عەیاز بەم شێوەیە دانەرانی حەدیس پۆلبەندی دەکات: "هەندێکیان شتێك بەناوی پێغەمبەرەوە دەڵێن کە ئەسڵەن نەیگوتووە، ئەویش وەك پێڕابواردن و سووکایەتی پێکردن وەك ئەوەی زندیقەکان و هاوشێوەکانیان دەیکەن کە قەت رێزیان بۆ ئاین دانەناوە. یان بەمەبەستی خێرکردن و دینداری دانراون وەك کە نەفامانی خەڵوەتکار دەیانکرد و حەدیسیان بۆ هەڵنان و ترساندن (ترغیب و ترهیب). یان وەك جۆرێك لە ناوبانگ پەیداکردن پەنای بۆ دابرا وەك کە موحەدیسە فاسیقەکان دەیانکرد. یان وەك دەمارگیری و بۆ بەڵگەپەیداکردن حەدیس دادەنرا وەك کە بیدعەچی و دەمارگیرانی مەزهەبەکان دەیانکرد، یان بۆ پاساودانی ئارەزووی ئەهلی دنیا و دۆزینەوەی بیانوو بۆ ئەوەی کردوویانە حەدیس دادەنرا".

بەڵێ، ئەوانەی حەدیسیان کۆ دەکردەوە چەند پێوەر و میتۆدێکیان بۆ هەڵسەنگاندنی گێڕەرەوە (راوی)ەکان و جیاکردنەوەی ئەوانەیان گومانیان لێ ناکرێ و ئەوانەی گومانیان لەسەرە، دانا و لەوەوە میتۆدی (جەرح و تەعدیل) داهێنرا. بەپێی ئەو میتۆدە حەدیسیان بەپێی رادەی جێمتمانەیی راویەکان و دروستیی زنجیرەکانیان پۆلبەندی کرد، لەگەڵ ئەو تەتەڵەکارییە زانستیەیش لە حەدیسە کۆکراوەکاندا، ئەوەی ئێستە هەیە مایەوە، کە زۆرە، چونکە پرۆسەی دانانی حەدیس کۆنە.

شایانی گوتنە ئەبوبەکری سدیق هاوەڵانی قەدەغە دەکرد لەوەی بەڵگە بە حەدیس بهێننەوە، ئەوە لەکاتێکدا ژمارەی حەدیسەکان لە کەم کەمتر بوون بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دواتر ووی دا. دەگێڕنەوە "رۆژێك ئەبوبەکر خەڵکی کۆکردەوە و پێی گوتن ئێوە هەندێ قسە لەبارەی پێغەمبەری خوداوە دەکەن و لەبارەیانەوە جیاوازیتان تێدەکەوێ و خەڵکی دوای ئێوە

لەو رووەوە جیاوازتر دەبن، بۆیە هیچ لە زاری پێغەمبەرەوە مەگێڕنەوە، هەرکەس لێی پرسین بڵێن، کتێبی خوا لە نێوان ئێمە و ئێوەدایە، حەڵاڵی بە حەڵاڵ بزانن و حەرامی بە حەرام بزانن".

هەروەها دەگێڕنەوە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب کۆمەڵێکی بەرەو عێراق بەڕێ کرد و ئامۆژگاری کردن بەوەی "کەم قسە لەبارەی پێغەمبەری خوداوە بکەن".

هەروەها دەگێڕنەوە عومەر سێ کەسی بەند کرد، ئەوانیش ئیبن مەسعوود و ئەبو دەردا و ئەبو مەسعوودی ئەنساری بوون و پێی گوتن: زۆر لەبارەی پێغەمبەرەوە قسە دەکەن، منیش لەوە قەدەغەم کردن، بەڵام گوێتان نەکرد، بۆیە ئەوە پاداشتەکەتانە".

زۆربەی زاناکان لە کاتێکی سەرەتاوە هەستیان بەمە کرد، بۆیە تەنیا ئەو حەدیسانەیان وەردەگرت کە گومانیان تێدا نەبوو، دەگێڕنەوە ئەبوحەنیفە تەنیا کەمتر لە ٢٠ حەدیسی پەسەند کردووە.

دوای بیرخستنەوەی ئەم دەستاوێژانە کە لە سەردەمی تۆمارکردنی حەدیسەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو باون، دەڵێین: پێویستە ئەوەی حەدیس دەکاتە بەڵگە لەوەدا زۆر وردبینی بەخەرج بدات، تا بەناوی ئاینەوە بانگەشە بۆ حوکمێك نەکات کە لە دروستیی دڵنیا نییە.

وەك خۆم، هەر لە سەردەمی خوێندنی سەرەتاییەوە بنەمایەکم بۆ خۆم داناوە لە مامەڵەکردنمدا لەگەڵ حەدیس، ئەویش لە دوو کۆڵەکە پێك دێ:

یەکەم: لە یاسادانی ئیسلامیدا ناکرێ بەیەکجاری دەستبەرداری حەدیس ببین، چونکە وەك سەرەتا حەدیس بنچینەی دووەمە و بەناچاری دەبێ بەکار بهێنرێ، بەتایبەت لە بواری عیبادەتەکاندا و لە بواری جێبەجێکردنیشدا بەتایبەتتر.

دووەم: بەڵام لە دەرەوەی بواری عیبادەتەکاندا، کە ئەو بوارەیە دانان و بڕین و زیاد و کەمکردنی حەدیسەکان تێیدا تەشەنەی کردووە، هەر حەدیسێك قورئان پاڵپشتی نەکات دەیخەمە نێو دوو کەوانەوە، نە دانی پێدا دەنێم و نە ڕەتیشی دەکەمەوە مەگەر دوای دڵنیابوونم. ئەگەر نەمتوانی لێی دڵنیا ببم، لەناو دوو کەوانەکەدا بەجێی دێڵم. ئەگەر بۆم دەرکەوت گومانێکی سیاسیی تێدایە لە ئاستیدا دەوەستم و پشتی پێ نابەستم تا ئەو گومانەم نەڕەوێتەوە.

جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لەسەر حەدیسی مورتەد.

## حەدیسی مورتەد جێی متمانە نییە

دەگەڕێینەوە بۆ حەدیسی مورتەد "من بدل دینه فاقتلوه"، بەیادخستنەوەی ئەو بنەمایەی دەیگرینە بەر لەبارەی ئەو حەدیسانەی هەن، کە ناکرێ بەتەواوی دەستبەرداری سوننە ببین چ دەقەکان بێ یان کردەوەکان، چونکە سوننە ڕوونکەرەوەی قورئان و وردکەرەوەی ئەحکامەکانە بەتایبەت لە عیبادەتەکاندا. بەڵام لە دەرەوەی عیبادەتەکاندا پێویستە سەرەتا دڵنیا بین لەوەی ئاخۆ قورئان پاڵپشتی لە ڕاستیی ئەو حەدیسە دەکات؟ چونکە ئەرکی پێغەمبەر ئەوەیە بە قسە و بە کردەوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە قورئاندا هەیە، واتە بانگەشەکردن بۆ قورئان و بۆی نییە لای خۆیەوە هیچی بۆ زیاد بکات. هەروەها پێویستە دووەم لەوە دڵنیا بین کە ئەو حەدیسە دوور بووە لە تەوزیفکردنی ئایدیۆلۆجی و سیاسی.
لەڕاستیدا قورئان ڕەوایی بەو جۆرە تەوزیفکردنە نادات، یەکەم لەبەرئەوەی کتێبی هەموو موسڵمانانە، دووەمیش لەبەرئەوەی قورئان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەنیا لە بابی ئەحکامە شەرعی و ئەخلاقیەکاندا باس کردووە و بەڕوونی بڕیاریان لەسەر دەدات.

بە بۆچوونی ئێمە حەدیسی مورتەد ئەو مەرجانەی تێدانەهاتووتە دی:

یەکەم: چونکە قورئان پشتگیری ناکات، قورئان لە قۆناغی مەکەدا بەتوندی سەرکۆنەی هەڵگەڕانەوەی کردووە وەك چۆن بوتوندی هەندێ بابەتی تری وەك دزی و زیناکردنی قەدەغە کردووە، بەڵام قورئانی مەککی هیچ سزایەکی دنیایی بۆ ئەو

بابەتانە دیاری نەکردووە کە سەرکۆنە و قەدەغەی کردوون. ئەمەیش شتێکی ئاساییە لەو قۆناغەدا کە ئیسلام تەنیا بانگەوازێك بوو و هیچ دەسەلاتێکی مادی بەسەر خەڵکدا نەبوو تا حوکمەکانی جێبەجێ بکات، بەلام کاتێ‌ﷺ دوای کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە ئەو دۆخە گۆرشا و دەسەلاتیان پەیدا کرد، ئایەتەکانی ئەحکام دابەزین، کە دوو جۆرن: هەندێکیان سزای دنیاییان بۆ هەندێ بابەت دیاری کرد کە لە سەردەمی مەکەدا باس نەکرابوون، هەندێکیشیان لە مەکە قورئان قەدەغە و سەرکۆنەی کردبوون ئەنجا لە قۆناغی مەدینەدا سزای دنیایی روون و ئاشکرای بۆ دیاری کردن، بەلام لێرەدا هەندێچ بابەت هەن کە قورئان لە قۆناغی مەکەدا بەتوندی قەدەغە و سەرکۆنەی کردن، کەچی لە قۆناغی مەدینەیشدا هیچ سزایەکی دنیایی بۆ دیاری نەکردن، بگرە تەنیا سزا قیامەتییەکانی هێشتەوە.

وەك نمونە لەسەر ئەوە ئاماژە بە مەسەلەی زینا دەکەین کە قورئانی مەکی بەتوندی سەرکۆنەی کردووە وەك خودا دەڵێ " وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا" (الإسراء ٣٢) بەلام بەبێ دانانی هیچ سزایەکی دنیایی. بەلام لە قۆناغی مەدەنیدا قورئان سزایەکی دنیایی روونی بۆ داناوە "الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ" (النور ٢)، دزیکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ماڵی خەڵکیش بە هەمان شێوە قورئانی مەکی سەرکۆنە و حەرامی کردووە، بەلام تەنیا سزای دوارۆژی بۆ داناون. بەلام کاتێ سەردەمی مەدەنی هات سزایەکی دنیایی روونی بۆ دانان "وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا" (المائدة ٣٨).

بەلام مورتەد کە خودا لە قورئانی مەکیدا توندترین هەرەشەی دوارۆژی لێ کردووە و بەڵێنی خەشم و تووڕەیی خوای پێ داوە، وەك لە ئایەتی "مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ" (النحل ١٠٦)، کەچی قورئانی مەدەنیش جگە لە جەختکردنەوە لەسەر هەمان سزای ئوخرەوی، بەتەواوی لە باسکردنی هەر سزایەکی دنیایی بێدەنگ بووە. ئەوەتا لە سوورەتی بەقەرەدا، کە یەکەمین سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە هاتووە "وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ" (البقرة ٢١٧)،

هەروەها لە سوورەتی نیسائدا کە لە ناوەڕاستی عەهدی مەیدنەدا دابەزیوە هاتووە : "وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا" (النساء ١١٥).

تەنانەت ئەو مورتەدەی دوای هەڵگەڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاینی ئیسلام و ئەنجا بۆ جاری دووەمیش هەڵدەگەڕێتەوە، لە سزای ئاخیرەت زیاتر هیچ سزایەکی تری بۆ دانەنراوە "إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا" (النساء ١٣٧). هەروەها لە سوورەتی مائیدەدا کە لە دواین قۆناغەکانی مەدینەدا دابەزیوە، هاتووە "يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ" (المائدة ٥٤). ئایەتی "لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ" لە سوورەتی بەقەرەدا لەم بابەتەدا مەرجەعە.

بەم شێوەیە دەبینین قورئان سزای مورتەد پشتڕاست ناکاتەوە، لەبەرئەوە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکەین.

دووەم: ئێمە ئەم گومانانە لەسەر ئەم حەدیسە تۆمار دەکەین: ریوایەتە بەناوبانگەکە ئەوەیە کە بوخاری گێڕاویەتیەوە و دەقەکەی بەم شێوەیە: عەلی کۆمەڵێ زندیقی هێنا و سووتاندنی. ئەوەیش گەیشتەوە ئیبن عەباس و گوتی: ئەگەر من لەجێی ئەو بوومایە نەمدەسووتاندن، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ : بە سزای خودا سزا مەدەن. بەلام دەمکوشتن، چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی "هەر کەس ئاینی گۆڕی بیکوژن". ئەم ریوایەتە باسی نەکردووە ئەو زندیقانە کێ بوون؟

بەڵام هەندێ ریوایەتی تر هەن لەم بارەیەوە وردەکاریی زیاتریان تێدایە، لەوانە: عەلی هەواڵی پێ گەیشت کە خەڵکێك لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، ئەویش ناردی بە دوایاندا و نانی دانێ. ئەنجا بانگی کردن بۆ ئیسلام و ئەوانیش رەتیان کردەوە. ئەویش چاڵۆکەیەکی هەڵکەند، هێنانی لە گەردنی دان و فڕێیدانە ناوی و درك و داڵی بەسەردا کردن و سووتاندنی.."

هەروەها وتراوە ئەو رووداوە پێوەندیی بە کۆمەڵێ لە زێدەڕۆکاران (الغلاە)ەوە هەیە، دەقەکەیشی ئەوەیە: "بە عەلییان گوت کۆمەڵێ لە بەردەرگای مزگەوتن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تۆ خودایانیت، ئەویش بانگی کردن و پێی گوتن: هاوار بۆتان چی دەڵێن؟ ئەوانیش گوتیان: تۆ خودا و دروستکەر و رۆزیدەری ئێمەیت؟ ئەویش گوتی: منیش بەندەیەکی وەك ئێوەم، وەك ئێوە دەخۆم و دەخۆمەوە، ئەگەر گوێڕایەڵیی خودا بکەم پاداشتم دەداتەوە و ئەگەر سەرپێچی بکەم دەترسم سزام بدات، بۆیە لە خوا بترسن و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان رەتیان کردەوە. رۆژی دواتر هەواڵیان دایە کە سوورن لەسەر قسەکانیان. بۆ رۆژی سێیەمیش بەردەوام بوون، عەلی پێی گوتن: ئەگەر لەسەر ئەو قسانە بەردەوام بن بە خراپترین شێوە دەتانکوژم، دیسان رەتیان کردەوە. هەر بۆیە عەلی چاڵی ئاگری بۆ هەڵکەندن و وتی ئەگەر پەشیمان نەبنەوە دەتانخەمە ناو ئەو چاڵەوە، هەر رەتیان کردەوە لە قسەی خۆیان پەشیمان ببنەوە، ئەویش فڕێی دانە چاڵەکەوە.

هەواڵی ئەو غولاتانە کە زێدەڕۆییان لە پیرۆزکردنی عەلیدا کرد و گەیاندیانە ئاستی "خوایەتی" لە کتێبە مێژووییەکاندا بەناوبانگە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ لە ریوایەتەکەی بوخاری، کە بەناوبانگە، بۆنی گومانێکی سیاسی دەکات. لەوەدا گلەیی لە بوخاری ناکرێ مادام ئەرکی ئەو تەنیا زنجیرەی گێڕەرەوەکانی دەقەکە، واتە سەنەدی حەدیسەکەی لەبەرچاو گرتووە. ئەم گومانە لە قسەکەی ئیبن عەباسدا دیارە کە دەڵێ "ئەگەر من بوومایە نەمدەسووتاندن"، کە رەخنەیەکی راشکاوانەیە لە کارەکەی عەلی. ئەو قسەیەی ئیبن عەباس، جا قسەی ئەو بووبێ یان درابێتە پاڵی، بڕگەیەکی زیادە و هیچ پێویست نییە مەگەر پاڵنەرێکی سیاسی یان مەزهەبی لە پشتەوە بووبێ.

گومانێکی تر لێرەدا هەیە کە پێوەندی بە یەکێك لە مەرجەکانی گێڕانەوەی حەدیسەوە هەیە، ئەویش باڵقبوونە. کاتێ پێغەمبەر وەفاتی کرد ئیبن عەباس منداڵێك بوو تەمەنی لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ساڵیدا بوو. ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێ ئیبن عەباس ئەو قسەیەی پێغەمبەری لە هاوەڵانی بیستووە نەك لە خودی پێغەمبەر، بەڵام باسی ئەو هاوەڵەی نەکردووە کە دەقەکەی لێ بیستووە. تەنانەت ئەگەر واش دابنێین راستەوخۆ لە پێغەمبەریەوە بیستووە، دیسان ئەو گومانە دەمێنێ کە ئاخۆ لەکاتی بیستنیدا باڵق بووە؟ بەتایبەت کە لە خۆیەوە دەگێڕنەوە وتوێتی "کاتێ پێغەمبەر مرد من تەمەنم دە ساڵان بوو". وەك زانراویشە تەمەنی باڵقبوون لەنێوان ١٧ و ١٨ ساڵاندایە.

حەدیسێك قورئانی شایەتیی راستی بۆ نەدات و چەندان گومان لەسەر راستیی هەبێ، ئاخۆ دەکرێ لەژێر ناویدا گیانی کەسێك بکێشرێ کە خوا قەدەغەی کردووە بە ناهەق بکوژرێ. چ هەقێك لەوەدایە لەکاتێکدا خودا جەخت دەکات لەوەی "زۆرلێکردن لە ئایندا نییە"؟!.

**** **** ****

## پەراوێزەکان:

(١) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی حەدیس نەك فەرموودە بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرموودە لەنێو موسڵمانانادا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ، لەکاتێکدا هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە رووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرموودە، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەك بوترێ (حدیپ). (وەرگێڕ)

(٢) لەو سەردەمەدا ئاین بناغەی دامەزراندنی گرووپەکان بووە و هەڵگەڕانەوە لە ئاین واتای هەڵگەڕانەوە بووە لە تاقمەکەیش. لەو کاتەدا ئیمان زیاتر پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوە تا ئەوەی پرۆسەیەکی رۆحی و ویژدانی بێ، ئەو حاڵەتە ویژدانییە دواتر بە پەروەردە و تەلقین دروست بووە، بۆیە دەبینی بە موسڵمانبونی سەرۆك هۆزێك هەموو هۆزەکە موسڵمان بوون، یان بە پێچەوانەوە، موسڵمانبوونەکان بە زۆری دەستەجەمعی بوون وەك سورەتی "وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا" {النصر/٢}، ئەوانەی موسڵمان بون بوونەتە بەشێك لە گروپە سیاسییە ئاینییەکە، هەر بۆیە گۆڕینی ئاینیش وەك ئامادەسازی بۆ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لەو کۆمەڵەیە سەیر کراوە–عمر)

(٣) حەدیسەکان لە رووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەك لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە رێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەك ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان..).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد، کۆی (احد)ە بەواتای یەك، هەواڵی یەك کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەك کەس گێڕاویەتیەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەك ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ك مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێك لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوە حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: راست (صحيح)، باش (حسن) و لاواز (ضعيف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەڵام تەرموزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

**** **** ****

* **سەرچاوە: ماڵپەڕی دکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری aljaberiabed.net**

ئەم بابەتە پوختەی سێ وتاری جابرییە، بە ناونیشانەکانی (حكم المرتد في الاسلام)، (الردة بين الخيانة للامة والحق في الخطأ) و (قول في الحديث عموما).

محەمەد عابد جابری بە یەکێك لە بیرمەند و فەیلەسووفە نوێخوازە ناودارەکانی عەرەب لەم سەردەمەدا دادەنرێ و خاوەنی چەندان لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبارەی کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، دیموکراسییەت، دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسنامە و بەرهەمەکانی مشتومڕی بەرچاویان لە ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبی و ئیسلامیدا دروست کردووە، بەتایبەت زنجیرە

لێکۆڵینەوەکەی بەناوی  رەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبی "نقد العقل العربی"، کە لە سێ بەش پێك دێ بەناوەکانی "پێکهاتنی عەقڵی عەرەبی، بنیاتی عەقڵی عەرەبی و عەقڵی سیاسیی عەرەبی".

ئەمە جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لە کەلەپووری فەلسەفی و بیری ئیبن خەلدوون و فەلسەفەی ئیبن روشد و فارابی و فەلسەفەی زانستەکان، لەوانە "خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کەلەپووری فەلسەفیمان"، "دەمارگیری و دەوڵەت"، "دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی زانستەکان"، "ناسینی قورئانی پیرۆز"، "دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ"، "رۆشنبیران لە شارستانیەتیی عەرەبیدا: میحنەتی ئیبن حەنبەل و کۆستی ئیبن روشد" و "عەقڵی ئەخلاقیی عەرەبی".

جابری لە ساڵی ١٩٣٥ لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٦٧ دبلۆمی خوێندنی باڵای لە فەلسەفەدا وەرگرتووە، لە ١٩٧٠ دکتۆرای دەوڵەتی لە فەلسەفەدا لە کۆلێجی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانی لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لە ریبات وەرگرتووە و دواتر هەر لەوێ بووەتە مامۆستای فەلسەفە و بیری ئیسلامی. لە ٣ ئایار/مایۆی رابردوو لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

****  ****

# ئایا بەردبارانکردنی یاسایەکی ئیسلامییە؟

**نووسینی: سەدیقە وەسمەقی**

**لە فارسیەوە: عومەر عەلی غەفور**

**سەرەتایەك**

بەپێی سەرەتاكانی بیروباوەڕی ئاینیی ئیسلام، تەنیا قورئان گوتەی خودایە و ئەو وەحیەیە كە لەلایەن جبریلەوە بۆ محەمەدی كوڕی عەبدوڵا دابەزێنراوە. لە قورئانیشدا هەموو ئەو ئایەتانەی باسی پەیامی خودا بۆ محەمەد (د.خ) دەكەن مەبەست تێیدا قورئانە نەك دەقێكی تر یان دەقێكی دووەم هاوشانی قورئان، وەك ئایەتەكانی (انا انزلناه في ليلة القدر) (انا انزلناه في ليلة مباركة)، (ان هذا القران يهدي للتي هي اقوم)، (و ذكر بالقران من يخاف وعيد)، (لو اجتمعت الانس والجن على ان ياتوا بمثل هذا القران لايأتون بمثله)، (انا انزلنا اليك الكتاب فيه ايات محكمات هن ام الكتاب، و اخر متشابهات).

واتە مەرجەعی ئاینی ئیسلام قورئانە و لقە مەرجەعەكانیتر، تەنانەت حەدیسەكانیش (١)، دەبێ لەوەوە سەرچاوە بگرن، یان بنچینە و دەمارێكیان لە قورئاندا هەبێ. هەر لێرەیشەوە بووە پێغەمبەر زۆر سوور بووە لەسەر تۆماركردن و پاراستنی دەقەكانی قورئان و هانی موسڵمانانی داوە لەبەریان بكەن، بەڵام نەك فەرمانی نەكردووە وتەكانی خۆی بنووسرێنەوە، بگرە وەك هەندێ ریوایەت ئاماژەی پێدەدەن، رێگری لە نوسینەوەی وتەكانی كردووە.

بەڵام بە تێپەڕینی رۆژگار و دوای سەدەیەك لە مردنی پەیامبەر، موسڵمانان دەستیان بە كۆكردنەوە و تۆماركردنی گوتەكانی پێغەمبەر (حەدیس) كرد، ئەویش لە ماوەیەكی زەمەنیی سەدان ساڵەدا و لەو رێیەشدا، بەپێی لێكۆڵینەوەكانی زانایانی حەدیس، سەدان هەزار لەو دەقانەی بەناوی گوتەی پێغەمبەرەوە تۆمار كرابوون بە لاواز و بێبناغە و هەڵبەستراو دانراون. تەنانەت ئەو دەیان هەزارەیش كە دوای لەتەتەڵەدان دەرچوون كۆدەنگییەكی تەواو لەسەر راست و دروستی(صحه)یان نییە و لە زانایەكەوە بۆ زانایەكی تر رای جیاوازیان لەبارەوە هەیە. هەندێ حەدیس لای زانایەك بەهێزە لای یەكێكی تر لاوازە لەبەر ئەوەی لە زنجیرەی ئەو كەسانەی دەقەكەیان گێڕاوەتەوە كەسێك یان زیاتر هەیە كە بەلایەوە جێی متمانە نیە.

سەرهەڵدانی ململانەی نێوان گرووپە سیاسی و مەزەبیەكانی سەدە بەراییەكانی مێژووی ئیسلامیش زەمینەیەكی بەپیتی ساز كرد بۆ هەڵبەستنی سەدان حەدیس، كە هەریەك لەو گرووپانە بۆ شەرعیەتدان بە خۆی و تانەدان لە ركابەرەكەی دایاننناون، وەك ئەو حەدیسانەی لە وەسفی هەندێ لە سەحابەكاندا وتراون، یان بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی تاكرەوانەی خۆیان و سەركوتكردنی نەیارانیان دایاننناون.

زۆر لە بیرمەندانی ئیسلامیی هاوچەرخ، لەوانە جەودەت سەعید و جەمال بەننا و ئەحمەد سوبحی مەنسوور، پێیان وایە لەوكاتەی پەیامی قورئان زۆر راشكاوانە دژ بە تاكرەوی و ستەمكاری و رژاندنی خوێنی بەناهەق و زەرورەتی بەرقەراركردنی پرنسیپی شوورا بووە لە سیستمی سیاسیدا، دەسەڵاتداران كە نەیانتوانیوە لە قورئاندا بناغەیەكی شەرعیەت بۆ سیاسەت و دەسەڵاتەكانیان بدۆزنەوە، دانانی حەدیس ئەو فریادڕەسە بووە ئەو ئاواتەی بۆ هێناونەتە دی، هەر بۆیە دەبینی قەبارەی حەدیس لە قەبارەی قورئانی تێپەڕاندووە و لە عەقڵی فیقهیدا هێندەی دەقەكانی حەدیس كراونەتە مەرجەع و سەرچاوەی یاساكان ئەوەندە قورئان نەكراوەتە سەرچاوە، وەك ئەوەی حەدیس یەكەم و قورئان دووەم مەرجەع بێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، باسكردن لە حوجیەتی حەدیس (٢) یان سوننەت نیە كە بابەتێكی زانستیی دوور و درێژە، بگرە باس لەوەیە ئاخۆ دەكرێ دەقەكانی حەدیس، كە بەشی هەرە زۆریان لە رووی سەنەدەوە بنبڕ (قەتعی) نین، دەلالەتی

دەقەکانی قورئان هەڵبوەشێننەوە، یان سنووردراریان بکەن؟ ئایا دەکرێ لەکاتێکدا قورئان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ هیچ کون و کەلەبەرێکی بەجێنەهێشتووە (ما فرطنا في الكتاب من شيء) و لەکاتێکدا تەنانەت باسی لە وردەکاریی چۆنیەتی سەلامکردن و بەرێگادارۆیشتن و ئەعوزوبیللاکردنی پێش قورئان خوێندن کردووە (٣) کەچی لە حوکمێکی شەرعیدا کە پێوەندی بە گیان و ئابڕووی مرۆڤی موسڵمانەوە هەبێ —وەك حوکمی بەردبارانکردنی زیناکاری هاوسەردار تا مردن، یان کوشتنەوەی مورتەد— بێدەنگ بێ و شتێکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەڵێ و ئێمە ناچار بین، بەشوێن پارچە بزربووەکانی حەدیسدا بگەڕێین تا حوکمەکەی بدۆزینەوە؟

ئەم بابەتەی خوارەوە خاتوونە توێژەرێکی ئێرانی لەبارەی حوکمی بەردبارانکردنی زیناکاری هاوسەردار نووسیوێتی. ئەگەرچی توێژەر زیاتر پشتی بە سەرچاوە و ریوایەتەکانی مەزەبی شیعە بەستووە (سەرچاوەی سونەیشی بەکار هێناوە)، بەڵام با بەهەڵەدا نەچین و پێمان وابێ بۆچوونەکان تایبەتی ئەو مەزەبەن و لای سوننە ئیعتیباریان نییە، نەخێر، چونکە جیاوازییەکانی شیعە و سوننە هێندەی جیاوازیی سیاسی و سایکۆلۆجین، هێندە جیاوازیی فیقهی نین و لە هەندێ پۆلبەندیکردندا بۆ مەزەبەکانی ئیسلام مەزەبی جەعفەری بە پێنجەم مەزەب دوای چوار مەزەبەکەی ئەهلی سوننە (مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی) دانراوە. هەندێ بابەتی تایبەت بە ئیمامەتی لێدەرچێ، زۆر لە ریوایەتەکانی هەردوولا ئەگەر لە دەق (مەتن) و خاوەنی وتەکەیشدا یەك نەبن لە واتادا یەك دەگرنەوە و هەمان قورسایی مەرجەعییان هەیە و زانایانی هەردوو مەزهەب بۆچوونیان لە زۆربەی مەسەلە فیقهیەکاندا لێك نێزیکە. تەنانەت هەندێ لە زانایانی سوننە، لەوانە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز پریسی لە هەڵەبجە(٤)، پێیان وایە لە رووی فیقهییەوە مەزەبی شافیعی لە مەزەبی جەعفەری نێزیکترە تا لە مەزەبی حەنەفی، کە هەردووکیان سوننەن.

بیرۆکەی ئەم بابەتە قابیلی ئەوەیە دیراسە و دەوڵەمەند بکرێ. مەرجیش نیە ئەوەی دەقێك وەردەگێڕێ هاوڕای نووسەر بێ لە هەموو وردەکارییەکاندا، بەڵام ئەسڵی بیرۆکەکەی بۆ خوێنەری کورد شایستەی خوێندنەوەیە.

نووسەری ئەم بابەتە ئاماژەی بەوە دەدات کە لە قورئاندا نە بۆ زینا و نە بۆ هیچ تاوانێکی تر سزای سەنگسار یان بەردبارانکردن دانەنراوە و فەرمانی پێ نەکراوە. لەبارەی ئەوەی ئیسلام سزای بەردبارانکردنی دانابێ یان جێبەجێی کردبێ، بەڵگەیەکی بنبڕ و جێمتمانە نییە. زاناکان لەو رووەوە پشت بە کۆمەڵێ گێڕانەوە (ریوایەت) دەبەستن کە خاڵی نین لە ئیشکالات. دروستکەری زۆر لەو نەریت و یاسایانە ئیسلام نەبووە، بگرە زۆر لەوانە لە سەردەمی نەفامیی پێش ئیسلام لە کۆمەڵگەی حیجازدا ریشەیان هەبووە و موسڵمانان دوای هاتنی ئیسلامیش دەستبەرداریان نەبوون.

ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە لەلایەن خاتوو دکتۆرە سەدیقە وەسمەقیەوە نووسراوە و لە رووی ئاینی و مێژووییەوە لە بیروبۆچوونەکان لەبارەی بەردبارانکردنەوە دەکۆڵێتەوە و رەخنەیان لێ دەگرێ. لە ئەیلوولی رابردوودا لە بڵاوکراوەی "چشم انداز ایران"دا بڵاو کراوەتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو باسەیە (بە هەندێ کورتکردنەوەوە). **وەرگێڕ**

*    *    *

## سزای بەردبارانکردن لە مێژوودا

بەردبارانکردن یەکێك بووە لە شێوەکانی سزادان لە سەردەمە کۆنەکاندا. ئەم جۆرە سزایە بەبەراورد لەگەڵ سزاکانی تردا کەمتر پەنای بۆ براوە. لە ئاینی یەهودیدا بەردبارانکردن بۆ زیناکاران دانراوە. لە قورئانیشدا لە باسی چیرۆکی پەیامبەراندا ئاماژە بە بەردبارانکردن کراوە کاتێ کافرەکان هەڕەشی بەردبارانکردنکردنیان لە پێغەمبەرانی خودا کردووە. بۆ نموونە لە ئایەتی ١٨ی سورەتی یس-دا بێباوەڕەکان بە پەیمانبەرانی خودا دەڵێن "«قالوا انّا تطيرنا بكم لئن لم تنتهوا لنرجمنكم و ليمسنكم منّا عذابٌ أليم»، واتە ئێمە ئێوە بە نیشانەی شووم دەزانین، ئەگەر واز لە بانگەوازەکەتان نەهێنن بەردبارانتان دەکەین و لە ئێمەوە سزای سەخت دەبینن".

ئاماژەکردنی بێباوەڕەکان بەوەی "لە ئێمەوە سزای سەخت دەبینن"، نیشانەی ئەوەیە لەو کاتەیشدا سزای بەردبارانکردنکردن لە سزا "سەخت و بەئازار"ەکان بووە.

شێوەی جێبەجێکردنی ئەم سزایە، کە مردنی لەسەرخۆیە، شان بەشانی ئەشکەنجەدان، دیسان دەرخەری ئەوەیە کە لە جۆرە سەختەکانی سزادانە. پێش ئیسلام لەنێو عەرەبەکانی حیجاز و خێڵە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیەدا بەردبارانکردنکردن باو نەبووە. خێڵە جۆراوجۆرەکانی عەرەب کەسی زیناکاریان بەردباران نەدەکرد.

لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە کە دوای ئیسلام جولەکەکان هاتوونەتە لای پەیامبەر و لەبارەی حوکمی ژن و پیاوێکی جولەکەوە کە زینایان کردبوو پرسیاریان لێ کردووە، ئەویش لەبارەی سزای بەردبارانکردن کە لە تەوراتدا هاتووە پرسیاری لێ کردوون و سەرەنجام بڕیاری داوە ئەو ژن و پیاوە بەپێی ئاینی یەهودی بەردباران بکرێن(٥).

ئەگەرچی ناتوانرێ پشت بە ریوایاتی تاکانە (ئاحاد)(٦) ببەسترێ، بەلام لە رووی مێژووییەوە رەنگە بکرێ هەندێ ریوایەت بیرۆکەیەکمان بدەنێ لەبارەی چۆنیەتیی ئاشنابوونی موسڵمانان بە سزای بەردبارانکردن و ئەگەری جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە کۆمەڵگەی یەکەمی موسڵماناندا.

زیناکردن لەنێو عەرەبەکانی حیجازدا بڵاو بووە، بەڵام پلەی بەدزێو سەیرکردنی لەنێو خێڵە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بووە، لە هەمان کاتدا سزای یەکسان لای ئەوان وجودی نەبووە، بەتایبەت بۆ پیاوان سزای توند بەکار نەدەهێنرا. بەڵام پیاوان بەهۆی باڵادەستییان بەسەر ئافرەتاندا لەکاتی زیناکردنی ئافرەتانیاندا سزایان دەدان و هەندێ جار دەشیانکوشتن. بەڵگە و دەستاوەردە مێژووییەکان دەری دەخەن کە دوای ئیسلامیش زینا لەنێو تازە موسڵمانەکاندا هەبووە.

لەبارەی سزای زیناکردنەوە، دەتوانین بۆ سێ ئایەت لە قورئاندا بگەڕێینەوە: هەردوو ئایەتی (١٥ و ١٦)ی سوورەتی النساء «والتی یأتین الفاحشه من نسائکم فاستشهدوا علیهن اربعة منکم فان شهدوا فا مسکوهن فیالبیوت حتی یتوفاهن الموت او یجعل الله لهن سبیلا. واللذان یاتیانها منکم فآذوهما فان تابا و اصلحا فاعرضوا عنهما ان الله کان تواباً رحیماً» واتە ئەو ئافرەتانەتان کە فاحیشە ئەنجام دەدەن، چوار کەس لەسەریان بکەنە شایەت، ئەگەر شایەتییان دا ئەوا لە ماڵدا رایانبگرن تا دەمرن یان خوا دەرووییەکیان لێ دەکاتەوە. ئەو دوانەیشتان کە فەحشا دەکەن ئەزیەتیان بدەن، ئەگەر تۆبەیان کرد و چاك بوون وازیان لێ بێنن، خوا لێبوردە و بەبەزەییە.

لەگەڵ ئایەتی دووەمی سوورەتی (النور)دا: «الزانیه و الزانی فاجلدوا کل واحد منهما مائة جلده" واتە ژن و پیاوی زیناکار هەریەکەیان سەد شەلاقیان لێ بدەن.

وەك تێبینی دەکرێ لە قورئاندا نە بۆ زینا و نە بۆ هیچ تاوانێکی تر سزای بەربارانکردن دانەنراوە و فەرمانی پێ نەکراوە.

لە دوو ئایەتەکەی سوورەتی نیسائدا ئاماژە بە (فەحشا) کراوە و سزای وەك چاودێریکردن، بەندکردن و ئازاردانیان بۆ ئەنجامدەرانی بڕیار دراوە. لە ئایەتی سێیەمدا راشکاوانە ئاماژەی بە زینا کردووە و سزای پیاو و ژنی زیناکاری بە سەد شەلاق داناوە.

لە خوێندنەوە و تەفسیرکردنی ئەم ئایەتانەدا گوتە و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە بۆچوونە جۆراوجۆرەکان هەموو پشت بە ریوایەتەکان دەبەستن. لێرەدا بۆچوونی هەندێ لە هاوەڵانی پەیامبەر و شوێنکەوتوان ( کە بە سەحابە و تابیعین ناو دەبرێن) دەخەینە روو:

هەندێ لە هاوەڵان لەوانە عەکرەمە و عبادەی کوڕی سامیت لە ریوایەتێکدا دەڵێن ئایەتی یەکەم بە ئایەتی دووەم نەسخ کراوەتەوە، ئایەتی دووەمیش بۆ ژنان و پیاوانی عازەبی زیناکار بە سزای لێدانی سەد شەلاق و ساڵێك دوورخستنەوە و بۆ ژنان و پیاوانی هاوسەرداریش بە سزای لێدانی سەد شەلاق و بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوە.

هەندێکی تر وەك قەتادە و محەمەد بن جابر گوتوویانە ئایەتی یەکەم تایبەتی ژنانی شوودار و ئایەتی دووەم تایبەتی کەسانی عازەبە. ئەو دوو ئایەتە بە حوکمی شەلاقدان و بەردبارانکردن نەسخ بوونەتەوە.

کۆمەڵێکی تر وەك ئیبن عەباس و موجاهید و ئەبی جەعفەری نەحاس گوتوویانە ئایەتی یەکەم تایبەتە بە زینای ئافرەتانی هاوسەردار و بێهاوسەر، ئایەتی دووەمیش تایبەتە بە زینای پیاوانی هاوسەردار (محصن) و بێهاوسەر، کە ئەم دوو ئایەتە بە حوکمی بەردباران و شەلاق نەسخ کراونەتەوە.(٧)

عەلامەی تەباتەبایی لە تەفسیری (المیزان)دا (٨) بە خستنە رووی بۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی ئەو ئایەتانە و کۆکردنەوەیان لەگەڵ ئایەتی جەلد (ئایەتی دووەمی سوورەتی نوور) و دەقەکانی سوننەت لەو بارەوە، پێی وایە ئەو ئایەتانە لەبارەی زیناوەن و ئاماژەی بەوە داوە کە لەکاتی دابەزینی ئایەتی جەلددا پێغەمبەر گوتویەتی ئەم حوکمی جەلدە هەمان ئەو رێگەی نەجاتەیە کە خوای گەورە (لە ئایەتی ١٥دای نیسادا) بەڵێنی بە ژنانی زیناکار داوە.

تەباتەبایی دەڵێ "لە ئەبوموسلیمەوە دەگێڕنەوە کە ئایەتی یەکەم بۆ روونکردنەوەی حوکمی (فەحشا) لەنێو ئافرەتان و ئایەتی دووەم تایبەتە بە حوکمی نێربازیی پیاوان و هیچکام لەو دوو ئایەتە نەسخ نەکراونەتەوە". ئەو، واتە تەباتەبایی، ئەم بۆچوونە رەت دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکات کە ئەو ئایەتانە باسی زینا دەکەن. بەڵام لەبارەی ئەو ناڕوونیەی کە بۆچی لە ئایەتی یەکەمدا تەنیا باسی ئافرەتان دەکات و سزای بەندکردنیان بۆ دادەنێ، کەچی لە ئایەتی دووەمدا باسی هەردوو دەکات و سزای ئازاردانی بۆ داناون، بێدەنگ بووە. جگە لەوەیش ئایەتی دووەم دەڵێ ئەگەر تەوبەیان کرد و چاك بوون دەست لە ئازاردانیان هەڵدەگیرێ، لەکاتێکدا لە ئایەتی یەکەمدا بەندکردنەکە لەماڵەوە تا مردن بەردەوام دەبێ.

تەباتەبایی دەڵێ بەپێی ئایەتی دووەم پێویستە ژن و پیاوی زیناکەر سزا بدرێن. ئازاردانی ژنی زیناکار بەپێی ئایەتی یەکەم بەنکردنی هەمیشەییە لە ماڵەوە. بە وردبوونەوە لەم گوتەیە، ئایەتی دووەم کە دەڵێ "ئەگەر هەردوو تەوبەیان کرد دەست لە سزادانیان هەڵگرن" لەگەڵ بەندکردنی هەمیشەییدا سازگار نییە.

ئەو، ئاماژەی بە بۆچوونی هەندێ لە زانایان کردووە کە گوتوویانە مەبەست لە ئافرەتان لە ئایەتی یەکەمدا ژنانی شوودار و لە ئایەتی دووەمدا مەبەست کچانە، مەبەستیش لە ئازاردان بەندکردنی هەمیشەییە و لە حاڵەتی تەوبەدا تەنیا کچان لە بەندی ئازاد دەکرێن.

تەباتەبایی لە کۆتایدا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك پێشکێش بکات بۆچوونی خۆی داخاتە روو و پێی وایە "ئایەتی یەکەم لەبارەی زیناوەیە". هەروەها پێی وایە ئایەتی دووەمیش هەر لەبارەی زیناوەیە، چونکە لە سوننەدا (٩) ئیسپات بووە کە حەد یاخۆ سزای نێرباز کوشتنە. ئەو پێی وایە ئایەتی یەکەم بەیانی حوکمی هاوسەدار دەکات و ئەو حوکمە کاتیی بووە و دواتر بە حوکمی بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوە، بەڵام ئایەتی دووەم لە مەقامی بەیانکردنی حوکمی زیناکردنی کەسی بێهاوسەردایە.

مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە بۆچوون و لێکدانەوەکانی زانایان لەو بوارەدا هەڵبسەنگێنین، گرینگ ئەوەیە بزانین شێوەی پشت پێبەستن و بەڵگەکارییەکانی زاناکان لەسەر ئایەت و ریوایەتەکان چۆنە و لەوەدا کە بەناوی حوکمی شەرعی ئەنجامگیری دەکەن سوود لە چ پێوەرێك وەرگیراوە.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ مەبەست لە فەحشا لەو ئایەتانەدا زینا یان شتێکی زیاتر لەوەیشە، بۆچوونی جیاواز هەیە. ئەو ریوایەتانەی هەن یارمەتیی تێگەیشتنێکی ورد لە قورئان لەو رووەوە نادەن. ئەوەتا ئایەتوڵا خوئی وێڕای هەموو ریوایەتەکان باوەڕی بە نەسخکردنی ئەو ئایەتانە نییە و پێی وایە ریوایەتەکان لەو رووەوە قایلکار نین.

قورئان راشکاوانە سزای شەلاقلێدانی بۆ زیناکاری پیاو و ئافرەت داناوە و بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بە بەردبارانکردن نەداوە لەکاتێکدا شەرعناسەکان بەربارانکردن وەك حوکمێکی شەرعی بە سزای قەتعیی زیناکاری هاوسەردار دەزانن، واتە ئەو کەسەی هاوسەری هەمیشەیی هەیە و هیچ رێگرێك لەبەردەم گەیشتنیدا بە هاوسەرەکەی نییە.

لەم بارەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئاخۆ سزای بەردبارانکردن چۆن چۆنی وەك "سزایەکی شەرعی" هاتووەتە نێو فیقهی ئیسلامییەوە و بەڵگەکانی چین؟

## بەردبارانکردن نەریتێکی نائیسلامی

لەبارەی بنچینەی مشتومڕەکان لەبارەی بەردبارانکردن و ئیدیعاکردنی هەندێك بەوەی گوایە لە قورئاندا ئایەتی بەردبارانکردن هەبووە (الشیخ و الشیخە فارجموهما البتّە) و دواتر خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە و حوکمەکەی هەر ماوە(١٠)، بەپشتبەستن بەو قەرینانەی هەن دەتوانرێ بوترێ سزای بەردبارانکردنکردن سزایەکی ئیسلامی نییە و ئیسلام نەیهێناوە. باس لەوە دەکرێ کەسانێك دوای مردنی پێغەمبەر هەوڵیان داوە سزای بەردبارانکردن جێبەجێ بکەن و لەلایەن خەڵکەوە بەرەنگاری کراون.

لەبارەی ئەوەی کێ بەردبارانکردنی هێناوەتە ناو ئیسلامەوە بەڵگەیەکی بنبڕ نییە، هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن عومەری کوڕی خەتاب لەم رووەوە پێداگری کردووە. ئەگەر لە زەمانی پێغەمبەردا بەردبارانکردن جێبەجێ کرابێ هەموو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری مەدینە ئاگایان لێ بووە، ئیدی پێویست بە رێنمایکردنیان و پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ناکات. بەڵگەکان نیشانی دەدەن بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ نەکراوە، لە هەمان کاتدا دوای پەیامبەریش خەڵك بە جێبەجێکردنی نەیار بوون. هەروەها بەپێی ریوایەتێکی (الموطأ)ی ئیمام مالیك شیمانە هەیە پێغەمبەر بۆ جولەکەکان و بەپشتبەستن بە ئاینی خۆیان فەرمانی بە بەربارانکردنی زیناکار کردبێ. هەروەها رێی تێدەچێ جوولەکەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا سزای بەردبارانکردنکردنیان مومارەسە کردبێ و بەم شێوەیەش ئەم نەریتە لە ئەنجامی ئەو گرفتانەی لە گواستنەوە و تۆمارکردنی سونەدا هەبوون بە ئاسانی لە ئیسلامدا جێگیر بووبن. هەر لەم پێوەندەدا دەتوانین ئاماژە بە بەڵگەهێنانەوەکەی شافیعی لەبارەی پێویستبوونی بەردبارانکردن بدەین. ئەو بە باسکردنی ئەوەی پەیامبەر بۆ دوو جولەکە و بەپێی حوکمی تەورات حوکمی بەردبارانکردنی بڕیار داوە، زیاد لەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەردبارانکردن لای ئەهلی کیتاب واجب بووە پێی وایە بەردبارانکردن بە هەمان شێوە بەشێکە لە شەریعەتی ئیسلامیش (اصول سرخسی جلد ٢، لا١٠٠).

بەرگریکاران لەو شێوە سزایە هەوڵ دەدەن سزاکە بدەنە پاڵ ئیسلام. مشتومڕەکان هێندە سەختگیر بوون کە ناچار بوون ئیدیعای ئەوە بکەن سزای بەردبارانکردن پێشتر لە قورئاندا هەبووە و خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە. زۆر رێی تێدەچێ ئەو ئیدیعایە بۆ قایلکردنی خەڵك و نەیارانی بەردبارانکردن بووبێ. بەرگریکاران لەو سزایە هەوڵ دەدەن ئیدیعای بوونی بەردبارانکردن لە قورئاندا بدەنە پاڵ هەم گەورەکانی ئەهلی سوننەت و هەم گەورەکانی شیعە.

دوای پێغەمبەر و بەتایبەت پاش گەشەکردنی ئیسلام، کاروبارەکان کەوتنە دەست چەندان والی، کە زۆر لەوانە پیاوانی بیاباننشین و نەخوێندەوار و خووگرتوو بە داب و نەریتی جاهیلی بوون. کتێبەکانی مێژوو چەندان چیرۆك لەم بارەوە دەگێڕنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەعرابی بیاباننشینی حیجاز لە ماوەی ١٠ ساڵی تەمەنی پەیامبەردا لە مەدینە دەستبەرداری هەموو ئاداب و نەریت و بیروبۆچوونەکانی جاهیلی نەبوون، بەتایبەت کە زۆریان لە ساڵانی کۆتایی ژیانی پێغەمبەردا موسڵمان بوون. پیشتر ئاماژەم بەوەدا کە زینا لەنێو ئەعرابەکانی حیجازدا زۆر باو بوو.

سەرچاوەکان نیشانی دەدەن کە دوای ئیسلامیش زیناکردن هەبووە. ڕەنگە عومەر بۆ گێڕانەوەی خەڵك لە زیناکردن سزای سەختی بەردبارانکردنی داهێنابێ. جولەکەکان کە لە نێزیکی موسڵمانەوە بوون ئەوانیش سزای بەردبارانکردنیان بۆ زیناکار دانابوو. بەڵام کۆی ئەو ڕیوایەتانە ناتوانن بەڵگەیەکی جێمتمانە لەبارەی شەرعیبوونی جێگیرکردنی سزای بەردبارانکردن بدەن بە دەستەوە.

لەمە رابووورد دەگەینە ئەوەی:

١– لە قورئاندا بەردبارانکردن وەك سزای زینا یان هیچ تاوانێکی تر باس نەکراوە.

٢– ئیسلام زیاد لە هەر شتێك ڕێز و نرخ بۆ گیان و خوێنی مرۆڤ دادەنێ.

٣– بابەتی گرینگ بە هەواڵی ئاحاد جێگیر نابێ.

٤– پاراستنی خوێن و گیانی مرۆڤەکان لە گرینگترین شتەکانن.

٥– ڕیوایەت و هەواڵەکانی تایبەت بە بەردبارانکردن هەواڵی ئاحادن و ناوەرۆکەکانیان قابیلی گفتوگۆ و ڕای جیاوازن.

٦– زانایان ئەو ڕیوایەتانەیان پەسەند نەکردووە کە باس لە بوونی ئایەتی بەردبارانکردن لە قورئاندا دەکەن.

لەکاتێکدا ڕیوایەتەکان لەبارەی بابەتێکی گرینگی وەك سزای زیناکردن کە پێوەندی بە گیان و ئابڕووی مرۆڤەوە هەیە ئەم هەموو جیاوازی و مشتومڕەیان لەسەرە، ئەو ڕیوایەتانە ئیدی لە ڕووی عەقڵییەوە نرخیان نامێنێ و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەتایبەت لەبارەی دەرکردنی حوکمی شەرعییەوە. هەر ئەوە کە ڕیوایەتەکانی بەردبارانکردن پێچەوانەی قورئانن ئەوە گرینگترین بەڵگەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕیوایەتانە. بەڵگەی نەسازیی ئەو ڕیوایەتانە لەگەڵ قورئاندا ئەوەیە کە ئایەتی ١٥ و ١٦ ی نیسا نەسخ نەکراونەتەوە و لەم ڕووەوە بەڵگەی جێمتنامە لەبەردەستدا نییە. بە لەبەرچاوگرتنی نەسخنەبوونەوەی ئەم ئایەتانە سزای ئەنجامدانی فەحشا بۆ ژنان بەتایبەت ژنانی شوودار، چاودێریکردنە لە ماڵەوەدا. تەنانەت ئایەتی قورئان لەبارەی ئازادبوونیانەوە لەو سزایە هیوای ڕێگەی نەجاتبوون دەدات، کە پێدەچێ ئەو ڕێی نەجاتە تەوبە و گەڕانەوە بێ لە ئەنجامدانی کاری حەرام. ئەگەر سزای ژنی شوودار لە قورئاندا چاودێری بێ لە ماڵدا ئەوا سزای بەردبارانکردن پێچەوانەی ئەو ئایەتانەیە.

## زانایان و سزای بەردبارانکردن

ئەگەر سزای بەردبارانکردن، کە واتای کوشتن دەگەیەنێ، بەم شێوەیە جێی مشتومڕ بێ، جێی خۆیەتی بپرسین: چۆن ئەو بیرۆکەیە بەو شێوەیە لە بیری زانیاندا چەسپیوە و جێی گرتووە.

بە وردبوونەوە لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی شەرعناس(شەرعناسـ)ەکان دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەوان زیاتر لە قورئان بایەخ بە ڕیوایەت دەدەن، ئەوان تەنانەت لە ناکۆکیی ڕیوایەتە جۆراوجۆرەکانیشدا لە یەك بابەتدا جەخت لەسەر هەندێ ڕیوایەتی تایبەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەوانە سەربخەن.

بابەتی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە سەرنجی شەرعناسەکان لەسەر کام دەستە لە ڕیوایاتەکانە و بۆچی؟ بۆ نموونە کاتێ بە ئایەتەکانی قورئان و ڕیوایاتی مەوجود دەتوانین بیسەلمێنین کە خوێنبایی و نرخی گیانی هەموو مرۆڤەکان یەکسانە، چۆن شەرعناسەکان بەلای ئەوەدا دادەشکێن کە نابەرامبەری جێگیر بکەن؟ یان کاتێ نەبوونی حوکمی بەردبارانکردن لە قورئاندا و تێکگیرانی ڕوایەتەکانی بەردبارانکردن لەگەڵ دەلیلی عەقڵیدا، لەباریاندا هەیە ڕەوایی ئەو سزایە ڕەت بکەنەوە، چۆنە وا شەرعناسەکان هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن ئەو سزایە ڕەوایە و زیاد لەوەیش حوکمی شەرعییە؟.

لە لێکۆڵینەوەی بەها و حوجیەتی هەواڵی ئاحاددا، دەبینین ئوسوڵی و شەرعناسەکان سەرەتا باس لەوە دەکەن کە ڕیوایەتی ئاحاد لە پرسە گرینگەکاندا ڕەت دەکرێتەوە، کەچی دوای ئەوە هەوڵی سەلماندن و سەرخستنی دەدەن. دوای ئەوەی بەڵگەی قورئان و سوننەت و عەقڵ ناتوانن ڕەوایی سزای بەردبارانکردن بسەلمێنن و هەر یەك لەوانە ڕووبەڕووی

ئیشکالاتێك دەبێتەوە، دیسان هەوڵ دەدەن ڕێگەی تر بۆ سەرخستنی بۆچوونەکەیان بدۆزنەوە، وەك ئەوەی هەندێکیان بۆ خۆلادان لە گەیشتن بە بنبەست کردەوەی سەحابەکان بە حوجە وەردەگرن.

زەینی شەرعناسەکان زیاتر بەلای بابەتە عیبادییەکاندایە. قبوولکردنی ئەوەی ئەو سوونەتەی لەسەر هەواڵی ئاحاد دامەزراوە بێبایەخ دەبێ و لەوێشەوە حوکمەکانی تایبەت بە عیبادەتەکان تێك دەچێ یان پەکیان دەکەوێ بۆ ئەوان سەخت و دژوارە. ئەوان بابەتە جۆراوجۆرەکان لەیەك جیا ناکەنەوە، ریوایەتەکانی پێوەست بە هەموو بابەتەکانی زیاتر لە نوێژی واجب و موستەحەب و غوسلی واجب و موستەحەب تا نوێژی مردوو یان قیساس و خوێنبایی و سزاکان –بەبێ ڕەچاوکردنی گرینگیی بابەتەکان– بەکسان وەردەگرن. تەنانەت دەتوانین بڵێین شەرعناسەکان لە ریوایەتەکانی تایبەت بە خۆپاککردنەوە (تەهارەت) و نوێژدا وردبینی زیاتریان بە خەرج داوە لە ریوایەتەکانی تایبەت بە تۆڵەی یاسایی (قیساس) و حەدەکان، لەوانە سزای بەردبارانکردن. ئەوان بە مێشکێکی بەتاڵ و عەقڵێکی بێلایەنەوە بەدوای بەڵگەکاندا نەگەڕاون، بگرە سەرەتا سزاکەیان وەك راستییەك وەرگرتووە، دواتر هەوڵیان داوە بەبەڵگە بیسەلمێنن. لێرەوەیە لە چۆنیەتیی سوود وەرگرتنیان لە ئایەت و ریوایەتەکاندا تەمومژ و پرسیاری جۆراوجۆر هەن.

ئەوەی پێشگریمانەکانی ئەوان چۆن شکڵیان گرتووە، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی گرینگە و شاسیتەی لێکۆڵینەوەیە.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئیسلام و ژیانی موسڵمانان و شێوازی شکڵگرتنی سوننەت و چۆنیەتیی شکڵگرتنی فیقھ نیشانی دەدات کە زۆر لە حوکمەکان، یاسا و بڕیارەکان، بیروباوەڕ و ئاداب و نەریتەکان، وەچە بە وەچە و سینە بە سینە بە نەوەکانی داهاتوو گەیشتووە.

دروستکەری زۆر لەو ئاداب و نەریت و یاسایانە ئیسلام نەبووە، بگرە زۆر لەوانە لە جاهیلیەتی حیجازدا ریشەیان هەیە و موسڵمانانیش دوای ئیسلام دەستیان لێ بەرنەداون. ریشەی زۆر لەوانە لە کار وکردەوەی خەلیفە و والیەکانی ئومەوی و عەباسیدایە. زیندەگیی موسڵمانان لەیەکتر جیا نەبووە و جەمسەرگیری و ناکۆکیی شیعە و سوننەیش ژیانی کۆمەڵایەتیی موسڵمانانی لێکتر جیا نەکردووەتەوە، بۆیە لەم رووەوە یاسا و داب و نەریتیان لێك جیاواز نەبووە. زمانی حاڵیان ئەوە بووە "مادام پێشینانمان (سەلەف) کاریان بە ریوایەتی تاکانە کردووە ئێمەیش کاری پێ دەکەین"، دەتوانین بڵێین زۆر لە پێشگریمانەکانی تریش بەم شێوەیە لە زەینی ئەواندا شکڵیان گرتووە. بۆ نموونە لەبارەی بەردبارانکردنەوە بەڵگەی بنبڕ نییە بەڵام سینە بە سینە گوێزراوەتەوە کە پێغەمبەر سزای بەردبارانکردنی ئەنجام داوە و بەو شێوە لە زەینی گشتیی زاناکان و خەڵکدا چەسپیوە.

شەرعناسەکان بەم پێشگریمانەوە بە دوای بەڵگەکاندا گەڕاون و بەردبارانکردنیان جێگیر کردوو،ە لەکاتێکدا ئەگەر بە زەینی بەتاڵەوە بە دوای بەڵگەکاندا بگەڕێین ناتوانین بابەتێکی گرینگی لەم جۆرە بسەلمێنین. گواستنەوەی داب و نەریتەکانی نەوەی یەکەمی موسڵمانان و کارپێکردنیان حوجیەتی نییە.

لەو مەسەلانەدا کە زەرەر و زیانیان بەدواوە نییە و لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکییان نییە رەنگە بکرێ بایەخ بە داب و نەریتی موسڵمانانی پێشین بدەین وەك نوێژی مردوو و غوسڵی جومعە و لەو جۆرانە. بەڵام لە رووی عەقڵییەوە هەندێ مەسەلەی وەك بەردبارانکردن یان هەر سزایەکی تر و قیساس و خوێنبایی ناتوانین بەو شێوەیە کار بکەین. پێشتر گوتم لەنێو شەرعناسە هاوچەرخەکاندا ئایەتوڵا خوئی ریوایەتی تاکانە لە مەسەلە گرینگەکاندا رەت دەکاتەوە، کەچی لەلایەکترەوە بەردبارانکردنی قبووڵ کردووە و دەڵێ بە سونەتی قەتعی سەلماوە. ئەوەیش لە بارێکدایە کە هەواڵی تایبەت بە بەردبارانکردنیش هەواڵی تاکانەیە.

لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی گرینگی تریشدا بە هەمان خاڵ دەگەین. بۆ نموونە لە قورئاندا هیچ سزایەك بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئاین نەهاتووە و لە رووی عەقڵیشەوە ناتوانرێ لەبارەی باوەڕبوون بە شتێك و باوەڕنەبوون نەبوون بە شتێك کەس سزا

بدرێ، کەواتە سزادان پێوەندیی بە عەقڵەوە هەیە نە شتی تر. بەڵام شەرعناسەکان هێندە لە بابی هەڵگەڕانەوە چوونەتە پێش کە هەندێکیان تەنانەت باوەڕهێنان بە یەك مەزهەبی تایبەتی وەك شیعەشیان لە زەروریاتی ئاین زانیوە و دەرچوون لەو مەزهەبەیان بە هەڵگەڕانەوە داناوە و سزای مردنیان بۆ داناوە.

دانانی سزای مردن بۆ تاوانگەلێك کە قورئان سزای مەرگی بۆ دانەناون پێچەوانەی قورئانە و بەم پێوەرەش ئیدیعای سنووردراکردن و تایبەتکردن و نەسخی قورئان بە ریوایەت و حەدیسی تاکانە بەهای زانستی و عەقڵییان نییە.

لێرەدا ئەوە دەسەلمێ کە ئەوەی بەڵگەی بنبڕی شەرعی لەسەر نەبێ ناتوانرێ بدرێتە لای شەرع. لە مەسەلەکانی زینا و فەحشادا، کە بابەتی هەستیارن، ئەوە شایانی پشت پێ بەستنە زیاتر قورئانە و لەوەدا پێویستە کۆی ئایەتەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بە تەاووکەری یەکتر بزانرێن. هیچ پێویست نییە ئایەتی جەلد بە نەسخکەرەوەی ئایەتەکانی تر بزانین.

ئامانجی ئیسلام گێڕانەوەی خەڵکە لە کارە خراپەکان نەك کوشتنی ئەوان بە پاساوی کردنی کاری خراپ. کوشتنی مرۆڤەکان بەبەڵگەی ئەنجامدانی کاری بەد لەگەڵ پرنسیپی هیدایەتدا ناکۆکە. قورئان لەبارەی ئەوانەی زینا ئەنجام دەدەن رێنویچنی کردووە کە ئەو کەسانە لە ماڵدا چاودێری بکرێن، بەڵکو بەو شێوەیە دەست لەو رەفتارە هەڵگرن.

ناوەرۆکی ئایەتی ١٥ی نیسا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە قورئان تەنانەت ئەو سزایەیش بە سەخت دەبینێ، بۆیە هیواخوازە کە شایەد خوا رێی نەجات ساز دەکات.

سزای سەد شەلاق توندترین سزایە بۆ سزادانی کەسێك (ئافرەتێك) کە هەموو رێگەکانی تر وەك ئامۆگاریکردنی مێردەکەی و رێگەکانی تر و چاودێریکردنی لە ماڵەوە نەتوانن رێ لە رەفتارەکەی بگرن. تەنانەت ئایەتەکانی تایبەت بە (مولاعەنە)یش دەتوانرێ بەو ئایەتانەی ترەوە ببەسترێنەوە. ئایەتەکانی مولاعەنە لەبارەی ئەوەیە کە ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بە ئەنجامدانی زینا تۆمەتبار کرد، یان حاشای لە منداڵی بکات بەڵام بەڵگەی نەبوو، لەکاتی دڵنیابوون لە خۆی دەتوانێ ژنەکەی بۆ مولاعەنە بانگ بکات.

لەکاتێکدا ژنەکە دان بە تۆمەتی مێردەکەیدا نەنێ و ئامادە بێ بۆ مولاعەنە، هەردوولا لە رێورەسمێکدا نەفرەت لە یەکتر دەکەن و بۆ هەمیشە لێك جیا دەبنەوە و منداڵەکە بۆ دایکی دەبێ. بەڵام پیاوان مافی کوشتنی ئەو ژنانەیان نییە.

ئاماژە و بەڵگەکان نیشانی دەدەن تەنانەت دوای ئیسلامیش زینا لەنێو موسڵمانی یەکەمدا رەواجی هەبووە و ئیسلام هەوڵی داوە خەڵك لەو کارە بەدە دوور بخاتەوە. بەڵام رێی بە کوشتنی زیناکار نەداوە بەتایبەت لەو رووەوە کە لە باری رێپێدانیدا زیاتر ژنان دەبنە قوربانی، چونکە پیاوان باڵادەستن و بەپێی داب و نەریتی جاهیلی زینا بۆ ژنان بەدتر بووە لەکاتێکدا پیاوان چەند ژنیان هەبووە کە مافی ئەوانیان بەباشی پاراستووە، تەنانەت لەگەڵ بوونی چەند ژنێکیشدا هەر زینایان کردووە.

دکتۆر بەهادین خورەمشاهی لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی قورئانەوە دەڵێ "تەنانەت جوولەکەکانی ئەمڕۆ کە حوکمی بەردبارانکردنی زیناکار لە کتێبەکەیاندا هاتووە ئەو سزایە جێبەجێ ناکەن، لەکاتێکدا ئەو حوکمە لە قورئاندا بەهیچ شێوەیەك نەهاتووە. حوکمی قورئان بریتییە لەوەی زیناکاران لەگەڵ زیناکاراندا هاوسەرگیری بکەن. جا ئەگەر بڕیار بێ کەسی زیناکار بەرباران کرابێ تا مردن ئیدی چۆن دەتوانن هاوسەرگیری بکەن. هەروەها بەپێی قورئان سزای زیناکردنی کەنیزەك نیوەی سزای ئافرەتی ئازادە، جا ئەگەر ئەگەر حوکمی ئافرەتە ئازادەکە بەردبارانکردن بێ تا مردن ئەی نیوەبەردبارانکردن چ مانایەکی هەیە؟".

مەبەستی من لە ڕەتکردنەوەی سزای بەردبارانکردندا ئەوە نییە ڕەوایی بە کاری بەد و خراپە بدەم، بگرە مەبەست ئەوەیە پێویستە شێوەی سزاکانی تاوانەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا باو (متعارف) بن. شێوەی سزاکانیش بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێن و ئەمڕۆ پەسەند نییە شێوەی بەسەرچووی سزاکانی دنیای کۆن کار پێ بکەین.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی حەدیس نەك فەرموودە بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرموودە لەنێو موسڵماناندا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ، لەکاتێکدا هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە رووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرموودە، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەك بوترێ (حديث).

(٢) مەبەست لە حوجیەت ئەوەیە ئەو سەرچاوەیە مەرجەعە لە هزر و فیقهی ئیسلامیدا. (وەرگێڕ)

(٣) لەوانە:

* وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا)– النساء/٨٦.

* وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ..– لقمان/١٩.

* فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ– النحل/٩٨.

(٤) مەلا عوسمان عەبدولعەزیز یەکێك بوو لە زانا ناسراوەکانی ناوچەی هەڵەبجە و یەکێکیش بوو لەوانەی دوای خۆپشاندانەکەی شاری هەڵەبجە لە ناوەڕاستی ١٩٨٧دا بزووتنەوەی ئیسلامییان دامەزراند و بوو بە رابەری گشتیی بزووتنەوە تا سەرەتاکانی دووهەزارەکان.

ئەم بۆچوونەی عەبدولعەزیزم لەساڵی ١٩٨٧دا لە کاسیتێکی ناوبراودا بیست، کە بەبۆنەی دامەزراندنی ئەو حزبە چەکدارە ئیسلامییەوە بڵاوی کردەوە، تێیدا لە باسکردنی کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئایەتوڵا حوسێن مونتەزەری جێگری ئەوکاتی خومەینی دەکات و دەڵێ "بە مونتەزەریم گوت ئێمە وەك شافیعی مەزەب، لە رووی فیقهییەوە لە ئێوە نێزیکترین تا مەزەبی حەنەفی کە لە ئەهلی سوننەن، بەڵام خیلافەکەمان لەسەر هەندێ کەسایەتییە. ئەوانەی لای ئێوە پیرۆزن لای ئێمەیش پیرۆزن، ئێوەیش وەك کۆماری ئیسلامی بڕیارێك دەربکەن کە ئەوانەی لای ئێمە پیرۆزن لای ئێوەیش پیرۆز بن و با ئەو ناکۆکییە کۆتایی بێ". دەڵێ "مونتەزەری قسەکەی پێ خۆش بوو، تەنانەت هەستا دەستی کردە ملم و وتی: من تەلەبەم".

(٥) الموطأ، مالک بن انس، کتاب الحدود، باب الرجم.

(٦) حەدیسەکان لە رووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەك لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە ڕێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەك ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان..).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد کۆی (احد)ە بەواتای یەك، هەواڵی یەك کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەك کەس گێڕاویەتیەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەك ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ك مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێك لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوه حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: راست (صحیح)، باش (حسن) و لاواز (ضعیف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەڵام تەرموزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

(٧) البیان، ئایەتوڵا خوئی، لا ٣١٠.

(٨) تفسیر المیزان، بەرگی ٤، پەراوێزی ئایەتەکانی ١٥-١٦ سوورەتی نیسا.

(٩) سوننە وەك زانایانی حەدیس پێناسەیان کردووە بریتیە لە گوتە و کردار و پەسەندکردنەکانی پێغەمبەر (وەرگێڕ).

(١٠) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە "رۆژێك عومەری کوڕی خەتاب -رەزای خوای لێ بێ- چووە سەر میمبەر و دوای حەمدوسەنای خودا گوتی "دوای ئەوە، خودا محەمەدی بە پەیامی راستیەوە ناردووە و قورئانی بۆ دابەزاندووە، ئایەتی رەجم یەکێك بوو لەو ئایەتانەی خودا دایبەزاندن، ئێمەیش خوێندمانەوە و لێی تێگەیشتنین، پێغەمبەر بەردبارانی جێبەجێ کرد و ئیچمەیش دوای ئەو جێبەجێمان کرد، جا دەترسم رۆژێك بێ کەسیچك بلێ :وەڵاهی ئایەتی رەجم لە کتێبی خودادا نابینین و بەهۆی وازهێنان لە فەریزەیەکەوە کە خودا دایبەزاندووە سەرگەردان بین. بەردبارانکردن لە قورئاندا هەقە لەسەر ئەو پیاو و ئافرەتانەی زینا دەکەن و بەبەڵگە لەسەریان ساغ دەبێتەوە، یان سکپڕی رووی دابێ یان خۆیان دانی پێدا بنێن". وتراوە مەبەست لە ئایەتی رەجم ئەم ئایەتەیە (الشیخ و الشیخة اذا زنیا فارجموهما).

لە چەند ریوایەتێکی تردا، کە هەموویان ریوایەتی ئاحادن، ئاماژە بەوە دراوە کە بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ کراوە.

بەغەوی لە تەفسیرەکەیدا (٤٠٥/١) دەڵێ "سزای بەندکردنی زیناکار لە ماڵدا لە سەرەتای ئیسلامدا بوو پێش ئەوەی ئایەتەکانی حەدەکان دابەزن، دواتر ئەو سزایە نەسخ کرایەوە، بۆ زیناکاری بێهاوسەر شەلاقلێدان و دوورخستنەوە و بۆ زیناکاری هاوسەرداریش شەلاقلێدان و بەردابارنکردن دانران". بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە لەبەرچی دوای نەسخبوونەوەی ئەو ئایەتە، بۆ حاڵەتی شەلاقلێدان ئایەت دابەزی، بەڵام بۆ بەردبارانکردن دانەبەزی. جێی سەرنجە کە ئەو ئایەتەی سزای سەد شەلافقەکەی بۆ زیناکاران داناوە، هیچ ناوبگیری و جیاوازییەکی لەنێوان رەگەز یان بوون و نەبوونی هاوسەر یان تەمەندا نەکردووە و بە رەهایی باسی لە زیناکاری ئافرەت و پیاو (الزانیە و الزانی) کردووە. (وەرگێڕ)

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کلمە"ی میر حوسێن مووسەوی.

**** ****

## ئەقڵی دەشتەکی و تێکچوونی ئەخلاق

**نووسینی عەلی ئەلوەردی**

**وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: عومەر عەلی غەفور**

ئەخلاق لەو شتە گوێرەییانەیە کە خەڵك لە هەڵسەنگاندنیدا جیاوازن. خەڵك هەموو یەکڕان لەسەر ئەوەی هەموو نەخۆشیەکان خراپەن و بەرۆکی مرۆڤ دەگرن. هاوکات لەشساغی چاکەیەکە و مرۆڤ کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات. بەڵام هەموان ئەم تێڕوانینە جێگیرەیان بۆ چەمکی ئەخلاق نییە. دەتوانین بڵێین هەر کولتوورێکی مرۆیی سیستمێکی ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەجۆرێك لە گومان و بێنرخی تەماشای ئەخلاقی ئەوانی تر دەکات.

هەر بۆیە پێویستە بزانین ئەخلاق چییە، تا بتوانین بزانین ئەو ئەخلاقە چی لێ کەم بووەتەوە.

سەرەتا هەوڵ دەدەم بەراوردێك لە نێوان ئەخلاقی دەشتەکی (البداوە) و ئەخلاقی شارستانی(الحضارة)دا بکەم، ئەویش چونکە کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەوە جیا دەکرێنەوە لە لایەك زۆر بە توندی بە دەشتەکیبوونەوە بەستراونەتەوە، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندی دێرینترین شارستانییەتییەکانی مێژوون. واتە کۆمەڵگەی عەرەبی لە کەلەپووره ڕۆشنبیری و شارستانییەکەیدا لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکان جودایە، هەر بۆیە  بۆ توێژینەوە لەم کۆمەڵگانە پێویست بەبەکارهێنانی میتۆدێکی جیاواز لەو میتۆدە دەکات کە بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکان بەکاردێ.

پێش هەموو شتێك نابێ لە بیرمان بچێ کە وڵاتە عەرەبییەکان دەکەونە نێو گەورەترین ناوچە بیابانییەکانی جیهان. مێژووی ئەم وڵاتانە لێوانلێوە لەو شەپۆلە مرۆییانەی کە نەوە دوای نەوە دەشتەکیبوون بەرەو دەشتە بە پیتەکان پاڵی پێوە ناون. کەواتە نابێ کاریگەریی بیابان لەسەر پێکهاتنی کۆمەڵگای عەرەبی فەرامۆش بکەین. بەها دەشتەکیەکان بەشێکی گاڵتەپێنەکراو لە سیستمی کۆمەڵایەتی پێك دێنن، بۆیە ئێمە ناتوانین لە ئەخلاقی ئێستەی عەرەب تێبگەین بەبێ دیراسەکردنی باپیرە بیابانشینەکانمان و چۆنییەتی تێڕوانینیان بۆ کاروبارەکانی ژیان.

## کەسایەتیی کۆمەڵگەی دەشتەکی یاخۆ بیابانشین

توێژینەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان پێمان دەڵێن هەرکۆمەڵگەیەکی بەشەری وەك تاك خاوەنی کەسایەتیی تایبەتی خۆیەتی کە بە زاراوە زانستییەکەی پێی دەگوترێ کولتوور culture.

لێرەدا دەپرسین ئەو بناغەیە چییە کە کەسایەتیی کۆمەڵگەی دەشتەکی لەسەر دامەزراوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بەراوردێك لە نێوان (کەسایەتیی دەشتەکی) و کەسایەتییە دژەکەی واتە (کەسایەتیی شاری) بکەین.

دەتوانین بڵێین کەسایەتیی شاری لەسەر " بەرهەمهێنان" دامەزراوە، لە کاتێکدا کەسایەتیی دەشتەکی لەسەر "دەست بەسەرداگرتن" دامەزراوە، جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنان و دەست بەسەرداگرتنیش وەك جیاوازیی ئاسمان و ڕێسمانە. ئێمە دەزانین ئەو مرۆڤەی خاوەنی ڕیشەیەکی شارستانی دێرین بێ زەحمەت دەتوانێ بەبێ پیشەیەك یان جۆرێك لە بەرهەمهێنان بژی کە ڕەنجی تێدا بکێشێ جا ئاخۆ ئەو بەرهەمە مادی بێ یان مەعنەوی. چەندیش ئەو تاکە لە پیشەکەیدا دەستڕەنگین بێ بازاڕی گەرمتر دەبێ  و ئاستی گوزەرانی بەبەراورد بە هاوکوفەکانی بەرزتر دەبێتەوە.

هەرچی مرۆڤی دەشتەکییە لە بیاباندا زۆر کەم نەبێ شتێك لەبارەی بەرهەمهێنانەوە نازانێ. چونکە هیچی تێدا نییە جگە لە گژوگیا کە بە فەرمانی خودا سەوز دەبێ. قورئان ڕوو بە خەڵکی بیابان دەڵێ "وفي السماء رزقكم وما توعدون"(الذاريات ٢٢)، کە تێیدا ئاماژە بە باران دەکات کە لە ئاسمانەوە دەبارێ و گژوگیای پێ سەوز دەبێ و بیرەکان پڕ ئاو دەبن و خەڵکی بیابان تێر دەبن بەبێ ئەوەی هیچ حسێبێك بۆ سبەی بکەن.

کێشەی گەورەی بیابانشین ئەوەیە ناتوانن لەوەڕگە و سەرچاوەکانی ئاو لە نێوانیاندا دابەش بکەن و ماف و خاوەنداریەتیەکانیان تۆمار بکەن، وەك شارییەکان دەیکەن.

لەوەڕگە و سەرچاوەکانی ئاو لە چاو ژمارەی زۆری بیابانشینەکاندا کەمن، بۆیە ناچارن بە زەبری شیر رکابەری لەسەر دەست بەسەرداگرتنیان بکەن. لە بیاباندا جێی کەسی لاواز نابێتەوە کە بانگەشە بۆ پرنسیپەکانی دادپەروەری و یەکسانی بکات. لە پەندەکانیاندا هاتووە "حەڵاڵ ئەوەیە بەردەست دەکەوێ".

ئەوەی لەگەڵ دەشتەکیەکان دابنیشێ و گوێ لە دەمەتەقێکانیان بگرێ، دەبینێ لای ئەوان پێوەری پیاوەتیی تەواو توانای زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتنە و کاتێ پەسنی پیاوێك بکەن دەڵێن "شێرەکوڕ"ـە، بەدەستی خۆی هەقی خۆی دەسێنێ و کەس دەرەقەتی نایەت. سووکایەتیەکی گەورەیە بە یەکێکیان بگوترێ ئەو پیشەکار یاخۆ درومانە، چونکە ئەوە بەلای ئەوانەوە واتای ئەوەیە ئەو کەسە لاوازە و وەك ژنان بە ئارەقی نێوچاوانی نان پەیدا دەکات، نەك بە زەبری شیر. هەر بۆیە کاری دەستییان ناوناوە "مهنە"، کە لە وشەی "مهانە"، واتە (سووکایەتی)ەوە داتاشراوە.

## پێوەرەکانی شارستانییەت

خاوەن شارنشینی رەسەن ئەم بەها دەشتەکیانەی لا پەسەند نییە. ئەو هەر لە منداڵییەوە لەسەر هەندێ بەهای تر پەروەردە بووە و نرخاندنی بۆ خەڵك بەگوێرەی رادەی لێهاتوویيان لە پیشەکانیان و دەستکەوتەکانیان دەبێ. ئەو دەشتەکیەکان بە کەسانی جەردە و تاوانکار دادەنێ کە جێی متمانە نین. لە بیری چووە کە بابای دەشتەکیش بە چاوی سووك لەو دەڕوانن و بە کەسێکی ترسنۆك و زەبوونی دەزانن کە هیچ کەرامەتێکی نییە و شایستەی ژیان نییە.

دکتۆر فازڵ ئەلجەمالی سەردانی هۆزی عەنزەی لە بیابانی شامدا کرد، حەپەسا کاتێ بینی ئەو خەڵکە باوەڕیان بە خودا هەیە و نوێژ دەکەن و رۆژوو دەگرن، کەچی کاتێ دەرفەت دەڕەخسێ سڵ لە چەپاوکردن و بەسەردادان ناکەنەوە. لەبارەی ئەم دژبەرییەوە پرسیاری لێ کردن، وەڵامیان ئەوەبوو کە ئەوان قەت بیریان لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەکردووەتەوە.

گرفتی دکتۆر جەمالی ئەوەیە بە پێوەری ئەو شارستانییەتە دەیانپێوێ کە خۆی تێیدا پێگەیشتووە. لە بیری چووە کە ئەوان پێوەری ئەخلاقیی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە خەیاڵی ئەواندا خوداش وەك ئەوان رێزی ئەو پیاوە جەربەزەیە دەگرێ کە تاڵانی دەکات. بەڵگەش لەسەر راستیی ئەوەی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە ئەوەیە ئەو پارەیەی لە تاڵانییەکاندا دەستیان دەکەوێ خێر و سەدەقەی بۆ مردوانیان پێ دەکەن.

نابێ ئێمە لۆمەی دەشتەکیەکان بکەین لەسەر ئەو ئەخلاقەی هەیانە، چونکە ئەخلاق لە راستیدا هیچ نییە جگە لە وێنەیەك لە وێنەکانی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. بیرمەند و خەڵکانی سەردەمە دێرینەکان هەڵە بوون کاتێ دەیانویست رێساکانی ئەخلاق لە ئەقڵی رووتی خۆیانەوە گەڵاڵە بکەن و بەسەر خەڵکیاندا بسەپێنن.

مرۆڤ لەو بەها باڵایانە تێناگات کە فەیلەسوفە خۆشخەیاڵەکان هێناویانن، بەڵکو ئەو جۆرە رەفتارە هەڵدەبژێرێ کە کۆمەڵگا بەهۆیەوە رێزی دەگرێ، جا ئەگەر هەموو خەڵك رێزی مەیموونێکیان گرت، ئەوا هەموو خەڵك هەوڵ دەدەن ببن بە مەیموون. پەنا بەخوا!!

## هەڵەی هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان

هەندێ لەو رۆژهەڵاتناسانەی توێژینەوەیان لەسەر بیابانشینەکان کردووە بینیویانە مرۆڤی بیابانشین تا رادەیەکی زۆر پارەی خۆش دەوێ و دینار و درهەم بەلای ئەوەوە هەموو شتێکن. هەرچی مەعنەویاتە هیچ بەهایەکی لەلایان نییە. لەوانە رۆژهەڵاتناس ئۆلیری، کە لە کتێبی Arabia before Mohammed دا دەڵێ "کەسی دەشتەکی نموونەیەکە بۆ مادەپەرستی و تەماح هەموو هەستی داگیر دەکات و هیچ بوارێك بۆ خەیاڵ و سۆز و ئاین ناهێڵێتەوە".

من پێم وایە ئەم بۆچوونەی ئۆلیری زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە لە یەك لایەنەوە بۆ هەقیقەتی کۆمەڵایەتی دەڕوانێ و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکات. لە راستیدا ئێمە لەکاتێکدا مرۆڤی دەشتەکی وەك کەسێکی دەستدرێژیکار و تاڵانچی دەبینین، لە هەمان کاتدا دەبینین ئەو کەسێکی مەرد و بەوەفایە بە رادەیەك کەسی شاری قەت پێیدا ناگات.

راستە بابای دەشتەکی بەدوای پارەوەیە، بەڵام ئەو پارەی لەپێناو پارەدا ناوێ، بگرە پارە بەلای ئەوەوە هێمای پیاوەتی و باڵادەستییە. هەر بۆیە کاتێ پارەی دەست دەکەوێ لە خەرجکردنیدا دڵفراوانە، لێرەوە مرۆڤی دەشتەکی وەسف کراوە بەوەی تاڵانکارێکی بەخشندە (نهاب وهاب)ە. ئەو تاڵانکارە کاتێ تاڵانکردن هێمای هێزە. هەروەها دەبەخشێ کاتێ بەخشینیش هێمای هێزە.

پیاوی دەشتەکی هەروەها راستگۆ و راشکاوانە قسە دەکات و حەزی لە رووپامایی و فرت و فێڵ نییە. رەنگە ئەو فرت و فێڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە بە لاوازی دابنێ کە لەگەڵ سروشتی پیاوە ئازاکاندا ناگونجێ. ئەو دەتکوژێ یان تاڵانت دەکات، بەڵام خیانەت لە ئەمانەتت ناکات و قەرزەکەت ناخوات. رەنگە لەوپەڕی بیابانەوە بە هەڵەداوان بکەوێتە رێ و بێت تا ئەو قەرزەت لەلایەتی و رەنگە تۆ هەر لە بیرشت نەمابێ بۆت بگێڕێتەوە. سوێندی درۆ ناخوات ئەگەر بەو سوێندە لە مردنیش رزگاری ببێ.

## کاتێ دەشتەکی دەبێتە شارنشین

ئەمەیە کەسایەتیی مرۆڤی دەشتەکی بەچاك و خراپەکانییەوە، کە هەمووی لەسەر بناغەی زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتن و ئازایەتی دامەزراوە. دەتوانم بڵێم ئەو کەسایەتییە دەست بە لایەنە چاك و خراپەکانیەوە دەگرێ تا ئەو کاتەی لە بیاباندا بێ. لێرەدا دەپرسم ئایا بابای دەشتەکی دەتوانێ تا ماوەیەکی درێژ لە بیابانە وشك و بێخێرەکەیدا بمێنێتەوە ؟ ئەو کەسێکی نەبەرد و بەجەرگە و شیری تیژی بەدەستەوەیە، دەبینێ لە تەنیشتیدا خەڵکێکی شارنشین هەن کە لە خواردن و ناز و نیعمەتدا دەتلێنەوە، لە هەمان کاتیشدا ترسنۆك و دەست و پێ سپین، تۆ بڵێی وازیان لێ بێنێ لەو ناز و نیعمەتەیاندا سەلامەت بمێننەوە یان هەڵدەکوتێتە سەریان و ماڵەکانیان چەپاو دەکات؟

مێژوو زنجیرەیەکی دوور و درێژی لە پەلاماری هۆزە بیابانشینەکان بۆ سەر شارە هاوسێکانیان بەخۆوە بینیوە. ئیبن خەلدون پێی وایە دەشتەکیەکان هەر ئەوەندەی دەستیان بەسەر شارەکاندا گرت و کەوتنە نێو ناز و نیعمەتەکانیەوە، وردە وردە رەوشتە کۆنەکانیان لەبیر دەکەن و رەوشتی شاریەکان دەگرن. مەبەستی ئیبن خەلدون هەموو رەوشتەکانیانە بە چاك و خراپیانەوە.

من پێم وایە ئەم بۆچوونەی ئیبن خەلدون لە چوارچێوەی سەردەمە کۆنەکاندا کە ئەو تێیدا ژیاوە یان مێژووەکەی خوێندووەتەوە راستە، بەڵام بۆ سەردەمە دواییەکان مەرج نییە تەواو راست بێ.

لە سەردەمەکانی دواییدا سروشتی ئەو چەکەی لە شەڕی دەشتەکی و شاریەکاندا بەکار دەهات گۆڕانی بەسەردا هات. لە کۆندا خەڵك شیریان بەکار دەهێنا، لەبەرئەوە زۆربەی جاران دەشتەکیەکان شەڕەکەیان دەبردەوە، لەبەرئەوەی ئەوان لە بەکارهێنانی شیردا لە شاریەکان لێهاتووتر بوون. بەم پێیە ئەوان دەستیان بەسەر شارەکاندا دەگرت و دەبوونە چینی حوکمڕان تێیاندا. بەڵام لە سەردەمەکانی دواییدا شیر و تیر باویان نەما و چەکە ئاگرینەکان جێیان گرتنەوە.

دەشتەکیەکانیش ناتوانن لە دروستکردن و بەکارهێنانی ئەم چەکە نوێیانەدا وەك شاریەکان کارامە بن، لەبەرئەوە هەستیان بە دەستەپاچەیی کرد لە هەڵکوتانە سەر شارەکانی هاوسێیان وەك کە جاران دەیانکرد، چونکە هەر کە دەست بۆ شارێك دەبەن دەستبەجێ لەیەن تۆپهاوێژە قورسەکانەوە ئاگرباران دەکران. بۆیە هەستیان کرد جەربەزەییەکەی پێشوویان لەبەردەم لولەی تۆپ و تەقەی تفەنگەکاندا دادیان نادات.

خۆم لە لێکۆڵینەوەی مێژووی عێراق لە سەردەمی عوسمانییەکاندا تێبینی ئەوەم کرد کە هۆزە بیابانەنشینەکان لەباتی شەڕ، لە ڕێی کۆچکردنی پلەبەپلەوە دەهاتنە عێراق. هەندێ لە هۆزەکان لەژێر کاریگەریی مەزهەبی وەهابیدا چەند جارێك هەوڵیان دا بە زەبری شیر هەڵبکوتنە سەر عێراق، بەڵام شکستیان هێنا. حکوومەتی عوسمانی وێڕای لاوازییەکەی، دوای ئەو قەسابخانەیەی ئەو بیابانشینانە لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەدا لە کەربەلا ئەنجامیان دا، توانی بیانشکێنێ و پاشەکشەیان پێ بکات.

محەمەد عەلی پاشا توانی هێرش بکاتە سەر پایەتەختەکەیان لە جەرگەی بیاباندا و لە شەڕێکی بێ پێشینە لە مێژووی دوور و درێژی دورگەی عەرەبیدا و زەبرێکی کەمەرشکێنیان لێ بوەشێنێ، کە پێشتر هیچ سوپایەکی شارنشین نەیتوانیوە پەلاماری بیابان بدات و تا قووڵاییەکەی پێشڕەوی بکات و داگیری بکات.

## ئەخلاقی عەشایری عێراق

ئێستە دێینە سەر لێکۆڵینەوە لە ئەخلاقی خێڵەکان (عەشایر) دوای نیشتەجێبوونیان لە شار لە سەردەمەکانی دواییدا.

ئەو خێڵە بیابانشینانەی لە سەردەمەکانی دواییدا بەتایبەت لە سەردەمی عوسمانیدا لە عێراق جێگیر بوون وردە وردە زۆر لە ڕەوشتە چاکەکانی پێشوویان لەدەست دا، بەڵام ڕەوشتە خراپەکانیان وەك خۆیان هێشتەوە.

ئەوان لەکاتێکدا ڕەوشتە جوانەکانی وەك ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ڕاشکاوییان لەدەست دا، دەستیان بە دەمارگیریی خێڵەکی و تۆڵەسەندنەوە و شانازیکردن بە هێز و باڵادەستی و پەلاماردان و چەپاوکردنەوە گرت،

ئەمەیش شتێکی نامۆ و جێی سەرنجە. چی وای کرد لە سەردەمی شارنشینیدا سیفەتە باشەکان لاواز ببن و سیفەتە خراپەکان بمێننەوە.

دەبێ هۆکارێك لەپشت ئەم ئەنجامەوە هەبێ.

من و هەندێ لە هاوڕێ کۆمەڵناسەکانم بۆ ئەوە دەچین ئەو سیستەمی حوکمڕانییەی لەو سەردەمەی دواییدا لە عێراق باڵادەست بوو، دەستی لەو تێکچوونە ئەخلاقییەی خەڵکدا هەیە.

ڕاستیەکەی حکوومەتی عوسمانی حکوومەت نەبوو، بەتەنگ پاراستنی ئاسایش و چەسپاندنی یاساوە لە وڵاتدا نەبوو وەك کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا باوە. تەنیا خەمی ئەوە بوو باج و سەرانە لە خەڵك کۆ بکاتەوە، ئیتر خەڵك چی بەخۆیان دەکەن چش!.

سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر عەشایر ئەوە بوو بەرەڵای دەکردن بەربنە گیانی یەکتر و یەکتر تاڵان و چەپاو بکەن، بگرە هەندێ جار لە ڕوانگەی سیاسەتی "پەرتکە زاڵبەوە" بۆ لاوازکردنیان ئاگری ناکۆکیەکەیشی خۆش دەکرد.

ئەوەی ئەم ناکۆکی و ململانە خێڵەکیەی قووڵتر دەکردەوە ئەوە بوو خاکی عێراق لە بنەڕەتدا، پێشتر و ئێستەیش، لە رووی بەپیتی و ئاسانیی ئاودێریکردنییەوە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

زۆر جار پارچە زەویەك سەرەتا باشە، کەچی دواتر خوێی لەسەر دەنیشێ و کەڵکی نامێنێ و خێڵەکە ناچار دەبێ بەدوای زەوییەکی تردا بگەڕێ. دیارە ئەوەیش دوا شەڕێکی سەخت دەبێ کە تێیدا خێڵە بەهێزەکە دوای دەرکردنی خێڵە لاوازەکە دەست بەسەر زەویەکەیدا دەگرێ.

عێراق تا ئەم دواییەش سیستمێکی جێگیری بۆ ڕووپێو و تاپۆکردنی زەوی و زار نەبوو، بەم پێیەش خێڵەکان لەسەر زەوییە بەپیتەکانی عێراق بە شەڕ دەهاتن وەك چۆن پێشینانیان لەسەر گژوگیای بیابان بەشەڕ دەهاتن.

خێڵە عێراقیەکان لەکاتێکدا لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتن و یەکتریان تاڵان دەکرد و لە بەرامبەر ئەو کەسەی بیویستایە هەتکی حورمەتیان بکات هەستیان بە شکۆمەندییەکی توندڕەوانە دەکرد، کەچی لە بەرامبەر حکومەت هەڵوێستی سەرشۆڕکردن و لاوازییان هەڵدەبژارد.

دەتوانم بلێم تاکی عەشایری بەم هۆیەوە بوو بە کەسێکی دووڕوو، ئەو لە بەرامبەر هاوتا خێڵەکیەکەیدا جەربەزە و تووڕە و دەمارگیر و تۆڵەسێنە، کەچی هەر کە باجگر و پیاوەکانی حکوومەت دەبینێ بەرگی کەسایەتییەکی تر دەپۆشێ و دەبێتە کەسێکی ترسنۆك و لاواز، کە بە ئاسانی زللە و سووکایەتیەکانی پیاوانی دەوڵەتی پێ قبوول دەکرێ بەبێ ئەوەی تووڕەیی ببزوێ.

تاکی عەشایر وردە وردە سیفەتەکانی راشکاوی و شکۆمەندی و دەستپاکی و باقی رەوشتە جوانەکانی باب و باپیرانی لە بیابان لەدەست دەدات. ئەو بە چاوی خۆی دەبینێ باجگرەکانی حکوومەت مرخیان لێ خۆش کردووە و مەڕ و ماڵات و بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی بە وردی دەژمێرن، ئەویش ناچارە درۆیان لەگەڵدا بکات و بە درۆ سوێند بە خودا و هەموو پێغەمبەران و پیاچاکان بخوات تا رێژەیەك لەو باجەی لەسەریەتی لە کۆڵ بکاتەوە. خۆ ئەگەر راستی بگوتبا شتێکی وای بۆ نەدەمایەوە بەرگ و خۆراکی خۆی و کلفەتەکەی پێ دابین بکات.

عەشایری عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتنە ژێر باڵی عوسمانیەکان و لەو سەردەمەدا فێری درۆکردن و فرتوفێڵ و بەرجەستەکردنی دەبڵ کەسایەتی بوون، کە بە یەکێکیان رووبەڕووی پیاوەکانی حکوومەت دەبوونەوە و بەوەی تریشیان رووبەڕووی هاوتا خێڵەکیەکانیان دەبوونەوە.

دەتوانم بلێم دوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نیشتمانییش خێڵە عێراقیەکان ئەم ئەخلاقەیان هەر نەگۆڕی.

جێی داخە حکوومەتی نیشتمانیش کە لەسەر داروپەردووی حکوومەتی پێشوو دامەزرا، فەرمانبەرە کۆنەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنایەوە، هەربۆیە تاکی عەشایری جیاوازیەکی گەورە لەنێوان رابردوو و ئێستەیدا نابینێ.

ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردەوە ئەوە بوو حکوومەتی نیشتمانی سیستمی بەسەربازکردنی زۆرەملێی پێڕەو کرد و بەسەر خێڵەکانیدا سەپاند کە لە سەردەمی عوسمانیدا لەوە بەخشرابوون. لێرەوە تاکی عەشایری دەیبینی جگە لە باجگرەکان، ئەفسەرەکانی تایبەت بە بەسەربازگرتنیش بۆی دەهاتن، بەمەش وای لێدەهات پەنا بە خودا ببات لە هەردووکیان و لە هەر فەرمانبەرێك حکوومەت رەوانەی بکات بۆ لای.

عەشایر وای لێهات لە ئەفەندی و هەر شتێك پێوەندی بە ئەفەندیەوە هەبێ بسڵەمێتەوە، چونکە ئەفەندی تەنیا لەنێو کاری خراپەدا دیوە، بۆیە ناتوانێ لە هیچ شتێکدا لەگەڵی راشکاو و راستگۆ بێ تەنانەت ئەگەر راستگۆیی لە بەرژەوەندیشیدا بێ.

جارێکیان لەگەڵ هەندێ لە قوتابیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتییان سەردانی گوندێکمان کرد، خەڵکی گوندەکە وایانزانی ئێمە سیخوڕین و حکوومەت بۆ هەواڵگری و زیانپێگەیاندنیان رەوانەی کردوین. هەربۆیە مینجەمینج و فرتوفێڵ بە وەڵامەکانیانەوە بەڕوونی دیار بوو. ئەگەر سوێندی قورسیشمان بخواردایە کە بۆ ئەوە نەهاتووین، هەر باوەڕیان پێ نەدەکردین، چونکە لای ئەوان سوێندخواردنی درۆ لەکاتی پێویستدا بووبوو بە شتێکی ئاسایی.

ئەم حاڵەتە تەنیا لای جوتیارەکان نییە، لەناو دانیشتوانی شاریشدا بەتایبەت لەنێو نەخوێندەوارەکاندا باوە، هەر ئەمەیش وای کردووە ئەو ئامارانەی حکوومەت یان لێژنە پسپۆڕەکان دەیانکەن هەڵە دەردەچن و جێمتمانە نین.

## کاریگەریی دەرەبەگایەتی لەسەر ئەخلاق

دەرەبەگایەتی لە عێراقدا نوێیە. لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو شێوەیە نەبوو کە ئێستە هەیە. هۆکاری ئەوەیش بۆ رووپێوو و تاپۆکردنی زەویوزارەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن حکوومەتی ئێستەوە. نکوڵی لەوە ناکەم کە حکوومەت مەبەستێکی دروستی لەو کارەدا هەبووە، بەڵام لە هەندێ رووەوە کارەکەی بە خراپە شکایەوە.

سەرهۆز لە رابردوودا لە شەڕدا سەرکردایەتیی هۆزەکەی دەکرد و لە ئاشتیشدا چاودێریی کاروبارەکانی دەکرد. ئەو وەك زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن شوێنکەوتە (متبوع) بوو نەك باڵادەست (مسیطر). پلەوپایەکەی لە گوێڕایەڵیی هۆزەکە و رێزلێگرتنیەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەگەر ستەمی لە هۆزەکەی بکردایە یان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنابان،

پشتیان تێدەکرد و شوێن یەکێکی تر لە برا و ئامۆزا رکابەرەکانی دەکەوتن، هەربۆیە سەرۆك هۆز ناچار بوو رەفتاری باش بێ، تا بتوانێ درێژە بە زەعامەتەکەی بدات.
سەرهۆز ئەوەندە نەبێ بتوانێ خەرج و ئەرکی سەرۆکایەتیەکەی پێ دابین بکات، هیچ مافێکی لە بەرهەمی زەویدا نەبوو.
بگرە دەتوانین بڵێین ئەندامان هۆز لە سایەی سەرۆك هۆزەکەیاندا بەشێوەی هەرەوەزی زەویەکانیان وەبەردەهێنا.
ئەوان هەستیان دەکرد لە زەوییەکەدا پشکدارن نەك کرێگرتە.
بەڵام ئێستە دوای ئەوەی زەویەکان رووپێو کران بەناوی سەرهۆزەکانەوە تۆمار کران، دۆخەکە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئیدی سەرهۆزەکە وا هەست دەکات زەویەکە بووەتە موڵکی تایبەتی خۆی و دەتوانێ بەکاری بێنێ و چێژ لە بەروبومەکەی وەرگرێ مادام حکومەت لێی رازیە. لێرەوە وای لێهات زەویەکەی بە بریکارەکانی دەسپارد و خۆی دەچوو لە پایەتەخت دادەنیشت و بەدەور و خولی کاربەدەستانی حکومەتدا دەهات. دوور نییە سەرلەئێورانیش بچێ بۆ رابواردنگەکان و ئەو پارەیەی جوتیارەکان بەدرێژای ساڵ رەنجیان بە پەیداکردنییەوە کێشاوە، لە ژنە گۆرانیبێژەکاندا خەرج بکات.
واتە سەرهۆز وەك دەرەبەگی دوور لە زەویەکەی لێهات و بۆشایی نێوانی لەگەڵ شوێنکەوتوانی رووی لەزیادی کرد. ئەرکە کۆمەڵایەتییە کۆنەکەی لە نێو هۆزەکەیدا فەرامۆش کرد و رەنگە بێزیش لە سەردانی گوندەکەی و دیدەنیی دانیشتوانە پیس و پۆخڵەکانی بکاتەوە.
هەندێ لە سەرهۆزەکان ژمارەیەك کاسەلێسیان پەیدا کرد کە سەرپەرشتیی رەعیەتەکانیان دەکرد و باجیان لێیان دەسەند بەشێوەیەك گوندی عێراقی بەخۆیەوە نەدیوە. جوتیاران زیاتر لە باجگرەکانی دەوڵەت بەدەست ئەم شەلاتیانەوە گرفتار بوون، چونکە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو دارکاری بکەن، بەندی بکەن یان تەنانەت بشیکوژن ئەگەر هاتوو ئەوەی داوای لێ دەکرا نەیدا. جگە لە ویستی سەرهۆزەکە هیچ یاسایەکی تر نەبوو رەفتاری ئەوانە دیسپلین بکات.
ئەم دۆخە تێکدانێکی گەورەی لە ئەخلاقی جوتیاری عێراقیدا دروست کرد. ئەو ناچارە لە بەردەم کاسەلێسەکانی سەرهۆزەکەیدا خۆی بە هێمنی و دڵپاکی پیشان بدات، کەچی لە ناخی خۆیدا شتێکی تری حەشار داوە. ئەو پێش لە گەیشتنیان لە بەرهەمەکەی دەدزێ، بەڵام کاتێ ئەوان دێن سوێند بە خودا و گشت پیاوچاکان دەخوات کە نە هیچی نەدزیوە و نە قەتیش دزی کردووە.
زۆر دەگمەنە جوتیارێکی عێراقی ببینینەوە دز نەبێ، هەروەك دەگمەنە جوتیارێك بدۆزینەوە بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆی لە دزی سوێند نەخوات.
ئێمە ناوی دەنێین دزی، بەڵام ئەو ناوی دەنێ مافێکی رەوا، لەوەیشدا لۆمە ناکرێ، چونکە ئەو دەیەوێ بژی، ئەگەر دزیش نەکات خۆی و منداڵەکانی لەبرسا دەمرن.
پێویستە ئەوەیش بڵێین سروشتی دزیکرن لای جوتیاری عێراقی جیاوازە لەوەی باپیرە دەشتەکیەکانی لە بیابان دەیانکرد. بابای دەشتەکی بە زەبری شیر دزی دەکرد و حەزی لەوە نەبوو لەرێی ناپاکی و دووڕووییەوە دزی بکات، چونکە ئەو کارەی بە رەوشتی مرۆڤە لاواز و ترسنۆکەکان دەزانی. بەڵام جوتیار شیر دادی نادات، لەبەرئەوە ئەگەر بیەوێ بژی دەبێ رێگەی پەنامەکی و درۆ لە دزیکردندا بگرێتە بەر.

## کاریگەریی سووخۆرەکان لەسەر تێکچوونی ئەخلاق

دوای دەرەبەگەکان سووخۆرەکان دێن، کە لەنێو هۆزە عێراقیەکاندا زۆر و زەبەندەن. لە بازاڕی گوندەکاندا، خاوەن دوکان (حانوت)ەکان لە ئاڵوویرەکانیاندا لەگەڵ جوتیارەکان کار بە سیستمی قەرز بە سووی زێدەگران دەکەن.
جوتیاری عێراقی لە باپیرە دەشتەکیەکەیەوە سیفەتێکی بۆ ماوەتەوە کە تەنیا بیر لە ئەمڕۆی بکاتەوە و حسێبی سبەی نەکات. ئەو هێشتاش لەو باوەڕەدایە کە گرینگیدان بە کاروبارەکانی سبەی بەڵگەی لاوازیی مرۆڤ و کەمیی متمانەیەتی بە

ئازایی خۆی و زەبری شیرەکەی. هەر بۆیە دەچێ لای دوکاندارەکان هەرچی پێویستە دەیکڕێ، ئەوانیش ئەو سیفەتەی دەقۆزنەوە و بە ئارەزوی خۆیان نرخی سووی لەسەر فەرز دەکەن، تا کاتێ وادەی دانەوەی قەرزەکەی دێ دەبینێ هێندە سووی لەسەر کەڵەکە بووە توانای دانەوەی قەرزەکەی نییە. جار دوای جار قەرزی زیاتری لەسەر کۆ دەبێتەوە تا دەبێتە چەندقاتی ئەوەی یەکەم جار قەرزی کردووە.

کەسێکی جێمتمانە گێڕایەوە جووتیارێکی فووراتی ناوەڕاست پارەیەکی کەمی لە سووخۆرێك قەرز کرد تا سێ مریشکی پێ بکڕێ و میوانداریییەکی پێ بکات. قەرزەکە جار دوای جار لەسەری کەڵەکە بوو تا لە کۆتایدا جووتیاری داماو ناچار بوو بۆ بژاردنی پارەی سێ مریشکەکە گایەك بفرۆشێ.

ئەم چیرۆکانە لە گوندەکانی عێراقدا بێئەندازە روو دەدەن. هەموویشی نیشانەی ئەو پاڵەپەستۆیەیە کە لەلایەن قەرزدەر و سووخۆرەکانەوە دەخرایە سەر جووتیاران.

دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتە گرێیەکی دەروونی لای جوتیارەکە بەرامبەر هەر بەڵێنێك کە دەیدات یان قەرزێك کە دەیکات دروست دەکات و بەو هۆیەشەوە بەناچاری دەستبەرداری رەوشتی "بەوەفایی" دەبێ کە باپیرە بیابانشینەکانی پێی بەناوبانگ بوون.

بگرە ئەو گرێیە هەندی جار تەشەنە دەکات و وای لێ دێ بە چاوی رق و سووکایەتیەوە لە هەر خاوەن دوکانێك بڕوانێ و بە کەسێکی بێنرخ و بێ غیرەت و کەرامەتی بزانێ، بۆیە سڵ ناکاتەوە لە زەبر لێدانی.

خاوەن دوکانەکەیش دووبەرامبەر تۆڵەی لێ دەکاتەوە و سڵ ناکاتەوە لەوەی لە دادگە شکاتی لێ بکات و شیری یاسا بخاتە سەر گەردنی.

لە پەندە باوەکانی گوندی عێراقیدا هاتووە "قەرز رزقە"، پێم وایە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەوان بە ئاسانی قەرز دەکەن و بەزەحمەت دەیدەنەوە ، کەواتە قەرز رزقێکە خودا بۆی ناردون!.

پێم وایە پێوەندیی قەرزدەر و قەرزکار لە گوندا وەك پێوەندیی براوە و دۆڕاوی بیابانی لێ هاتووە کەتێیدا پیاو لە بردنەوەدا هەست بە شانازی و لە دۆڕاندا هەست بە شەرمەزاری دەکات. هەروەها بە نیشانەی پیاوەتی دەزانێ کە لە وەرگرتنەوەی قەرزی خۆی لە سەر خەڵك و نەدانەوەی ئەو قەرزانەی لە سەریەتی دڕ و سەرسەخت بێ.

تێبینیم کرد ئەم خووە وەك پەتا بۆ هەندێ لە دانیشتوانی شاریش گوازراوەتەوە بە تایبەت ئەوانەیان کە بنەچەیەکی گوندی یان دەشتەکییان هەیە. بۆیە دەبینی کەسێکیان دڵفراوانانە پارەیەکی زۆر لە شایی و میوانداریدا خەرج دەکات، کەچی لە دانەوەی قەرزێکی کەمدا منجڕی دەکات، یان لە قاوەخانە یان چێشتخانەدا کێبەرکێ لەگەڵ برادەرانیدا دەکات تا ئەو پارەکەیان واسڵ بکات، کەچی لەگەڵ حەماڵ و بەقاڵێکدا لەسەر دووفلس دەیکاتە هەرا و هۆریا کە مافی خۆیانە.

## پاڵنەری قازانج و ئەخلاق

دکتۆر مەتا عەقراوی لە کتێبی (العراق الحدیث)دا ئاماژەی بەوەدا ئەوەی لای رۆژئاواییەکان پێی دەگوترێ "پاڵنەری قازانج"، بەسەر ئەخلاقی خێڵەکیی عێراقیشدا زاڵ بووە، ئەوەیش ئەخلاقی تێك دان و دەستیان دایە فرتوفێڵ و درۆ و چاوبەست لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجدا.

بەبۆچوونی من ئەو لەبەریەك هەڵوەشانە ئەخلاقییەی عەشایری عێراقی تەنیا بەهۆی پاڵنەی قازانجەوە نەبووە، بگرە دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی لە بیابانشینییەوە بۆیان مابوویەوە کە بریتییە لە بەسووك سەیرکردنی پیشە و کاری دەستی. وەك زانراوە زۆر لە کوڕانی عەشایر لە گوندەکانی عێراقدا بە سووکایەتی دەزانن کارێك بکەن بەرەو کڕین و فرۆشتنیان ببات. بۆ نموونە خۆیان دوور دەگرن لە چاندنی سەوزە یان پەروەردەکردنی گامێش یان راوکردنی ماسی بە تۆڕ،

چونکە پێیان وایە بەو کارانە دەبنە وردەفرۆش (بقال). وردەفرۆشیش لای ئەوان کەسێکی زۆر بێزراوە و پیاوەتی تەواو نییە. بۆیە لەگەڵی دانانیشن، ژنی نادەنێ و ژنیشی لێ ناخوازن.

لێرەدا دەبی بپرسین چۆن ئەم بەهایانە خۆیان لەبەردەم بارودۆخە شارستانییە نوێیەکاندا کە وردە وردە روو لە گوندەکاندا بڵاو دەبنەوە، رادەگرن؟ ئاخۆ کوڕانی عەشایر دەتوانن خۆ لە بازرگانیکردن یان کاری دەستی دوور بگرن لەکاتێکدا لە دۆخێکی ئابووریی زۆر دژواردا دەژین؟

نکۆڵی ناکرێ لەوەی زۆر لە خەڵکی گوند وێڕای دەستکورتییان بەبەها کۆنەکانیانەوە پابەند بوون، ئامادە بوون بەرگەی دەستکورتی و سەختیی ژیان بگرن پیشەیەك نەکەن کە بەلایانەوە لە پیاوەتیی پیاو کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەوانە بەهۆی بارودۆخی شارستانییەوە کە تا دەهات تەنگی پێ هەڵدەچنین وردە وردە روویان لە کەمی کرد.

پێداویستیی ئابووری رەنگە مرۆڤ پاڵ پێوە بنێ کۆت و بەندەکان بشکێنێ. ئەم دیاردەیە لە نێو گوندەکانی عێراقدا رووی دا و وردە وردە بەها کۆنەکانیان لەبەر چاو سووك بوون و ئەو پیشانەیان دەکرد کە قازانجیان تێدابوو ئەگەر چی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سووك بوون، بە دەربڕینێکی تر وایان لێهات پارە بەسەر پایەدا هەڵبژێرن. ئەمەش جۆرێ لە ناڕێکوپێکیی ئەخلاقی هێنایە کایە.

لە دەروونناسیدا دەگوترێ مرۆڤ ئەگەر جارێ جورئەتی کرد کاری حەرام بکات، ئاسان دەبێ بۆ جاری دووەم و سێیەم بیکاتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە لای خەڵکی گوند رووی دا. ئەوان تامی حەرامیان کرد و چێژیان لێ بینی، مەبەستیشم لە حەرام دەرچوونە لە بەها بۆماوەییەکان. هەر قازانجێك کە دەیکەن بەرەو زیاتر رۆچوون تێیدا پەلکێشیان دەکات. تا وایان لێ دێ لە کۆتاییدا، بەرامبەر هەموو بەهاکان، بە کۆن و نوێیانەوە بێ موبالات دەبن.

پاڵنەری قازانج بەسەریاندا زاڵ بوو. بەڵام ئەوان جیاواز لە تێگەیشتنی بازرگانەکان لە وڵاتە پێگەیشتووەکان لە پاڵنەری قازانج گەیشتن. بازرگانی ئەو وڵاتانە بازرگانییەکەی لەسەر بناغەی رازیکردنی مشتەری دادەمەزرێنێ لەسەر ئەو رێسایە کار دەکات کە دەڵێ "مشتەری هەمیشە لەسەر هەقە"، چونکە دەزانێ سەرکەوتنی بازرگانیەکەی بە رەزامەندیی مشتەرییەکانی و باشیی ناوبانگی لەنێویاندا بەندە. بەڵام لای برادەرانمان پاڵنەری قازانج هانیان دەدات بۆ گزیکردن لە مشتەری و خەڵەتاندنی بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێك بدەن بەوەی کە سبەی چ هەڵوێستێکی دەبێ.

باپیرانمان چۆن چۆنی سەیری رکابەرە شەڕکەرەکانیان دەکرد ئەمانیش بە هەمان شێوە سەیری مشتەری دەکەن. دەبێ لەبیرمان نەبێ کە مشتەریش رەنگە لەم رەوشتەدا وەك ئەو بێ، هەر بۆیە وەکو زۆرانبازییەکی لێ دێ کە هەر یەکەیان هەوڵ دەدات بیباتەوە و بەدۆڕاندن ئازار دەچێژێ.

ئەم ئاکارە تەنیا لە بواری کڕین و فرۆشتندا نییە، بگرە هەندێ جار بواری پیشە دەستیەکانیش دەگرێتەوە، دەبینی پیشەکارێك بە کرێ دەگریت کارێکت بۆ بکات، هەر پشتت تێکرد تەمەڵی لە کارەکەیدا دەکات یان هەوڵ دەدات گزی تێدا بکات. پێدەچێ ئەم نەزعەیەی لە دەشتەوە بۆی ماوەتەوە بواری ئەوەی پێ نادات بەو شێوەیە کار بکات کە بەرژەوەندیی هەمیشەیی خۆی دەیخوازێ. دوای ئەوەیش زۆر ئاساییە سوێندی قورست بۆ بخوات کە لە کارەکەیدا سەر راست بووە و خوا شاهیدە راست دەکات.

## ئەخلاق لەدوا دۆخیدا

ئەمە دۆخی ئەخلاق بوو لە شارەکانی عێراقدا پێش لە جەنگی جیهانی یەکەم کاتێ عێراق لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەیناڵاند. نکۆڵی ناکەم ئەم دۆخە بەهۆی پێشکەوتنە نوێیەکانەوە دەستی بەگۆڕان کردووە، بەڵام دەبی ٚ دان بەوەشدا بنێم کە پاشماوەی بەها کۆنەکان هێشتا لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوێ، نەخوازەڵا لەو ناوچانەی زۆر نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بارودۆخە نوێیەکانەوە.

بەها کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی لەپڕ لە دڵی خەڵك ناسڕێنەوە، ئەو بەهایانە لە قووڵایی لاشعوردا جێگیر بوون و سوورن لەسەر مانەوە تێیدا بۆ ماوەیەکی درێژ و لەوێوە، وێڕای گۆڕانی ئەو بارودۆخەی لەگەڵی گونجاو بوو، هەر رەفتاری مرۆڤەکان ئاراستە دەکات.

ئەوەی پیاسەیەك بە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکانی عێراقدا بکات دەبینێ خەڵك هەروەك جاران شانازی و سووکایەتیکردنەکانیان ماوە و پیاوان لە قاوەخانە قەڵەباڵخەکاندا باس لە "شێرەکوڕ" و "ترسنۆك"، "براوە" و "دۆڕاو" دەکەن بە شێوەیەك لە بنەڕەتدا جیاوازی لەگەڵ دەمەتەقێکانی بیاباندا نییە.

دەبینی بەتوندی دەست بە بیروباوەڕە ئاینییەکانەوە دەگرن و لە رادەبەدەر پێغەمبەر و پیا و چاکەکان پیرۆز رادەگرن و پەلاماری هەر کەسێك دەدەن گومان بخاتە راستی بیروباوەڕەکەیان یان سووکایەتی بە پێغەمبەران و پیاو چاکان بکات، کەچی لە هەمان کاتدا رێز لەو کەسە ناگرن کە لە کردار و رەفتاریدا لەسەر رێبازی پێغەمبەران و پیاوچاکان بڕوات.

دەبینی کەسێکیان ملکەچی و تەقوا پیشان دەدات و هۆن هۆن فرمێسك دەڕێژێ کاتێ واعیزەکان باس لە ترسی خوا دەکەن، بەڵام هەر کە لەگەڵ هاوڕێکانی کۆ بوویەوە، دەست دەکات بە گێڕانەوەی داستانی شەڕ و پەلامار و لەناوبردنەکانی و ئەوەی چۆن چۆنی فلانی بەزاند و فلانی خەڵەتاند، یان فلانی چاوشکاو کرد و لە شانازیدا قاقا پێدەکەنێ.

ئەوەتا ناپرسن ئاخۆ چ سوودێك لەو کارەی دەیکەن دەستیان دەکەوێ، گرینگ لەلای ئەوان ئەوەیە بەهەر شێوەیەك بێ براوە بن، ئەوە لای ئەوان نیشانەی پیاوەتییە.

ئەم نەزعەیە لە مەسەلەی لادانی سێکسیشدا دەردەکەوێ. لە رۆئاوا خەڵك بە جۆرێ لە چاوی بەزەیی سەیری لادەری سێکسی دەکەن لەو رووەوە کە نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەر هەیە. لەوەشدا جیاوازی لەنێوان لادەری نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ ناکەن. لە هەندێ لە گەلانی پێشکەوتوودا زیاتر دژ بە لادانی پۆزەتیڤن تا نەگەتیڤ، چونکە یەکەم هۆکار و دووەم ئەنجامە.

بەڵام لای برادەرانمان بابەتەکە پێچەوانەیە، ئەمان رقیان لە لادەری نێگەتیڤە و بەچاوی رێزەوە لە پۆزەتیڤەکە دەڕوانن، چونکە بەپێی بیرکردنەوەی ئەوان ئەو کەسێکی براوەیە. واوەیلا بۆ ئەو کەسەی لەو بوارەدا دۆڕاو بێ، چونکە لە نەریتی ئەواندا "چاوشۆڕە" بەرامبەر زۆرینەیان و ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە روویاندا چاو بەرز بکاتەوە.

ئەوان بە هەمان تێڕوانینی دووفاقیینە مامەڵە لەگەڵ زیناشدا دەکەن. بۆ پیاو جێی شانازییە زینا لەگەڵ ژنانی خەڵکدا بکات، بەڵام سەرشۆڕییە بۆی ئەگەر یەکێك زینا لەگەڵ ئافرەتێکی ئەودا بکات. زۆربەی جارانیش بارگرانییەکە لەسەر ئافرەتە. خەڵك لە بیابانەوە نەریتی ئەوەیان بۆ ماوەتەوە کە رقیان لە ئافرەت بێ و بەهۆی هەر گومانێکەوە لە رەفتاری بیکوژن، بەڵام مەردایەتی و داوێنپاکیی خەڵکی بیابانیان لەبیر کرد. لەبەرئەوە کوشتنی ژن لە عێراق بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی جێی سەرنج. رۆژێك تێناپەڕێ تێیدا نەبیستی پیاوێك ئافرەتێکی خزمی بە پاڵنەری ئابڕووشۆری کوشتووە و دواتر خەنجەرە خوێناوییەکەی رادەست پۆلیس کردووە.

بەکورتی ئەخلاق لە عێراق هێشتا هەندێ لە بەهاکانی دەشتەکیبوونی لە خۆیدا هەڵگرتووە لە رێزگرتنی براوە و بەسووك سەیرکردنی دۆڕاودا، بەڵام ئەوانە بەهاگەلی شێواون و لە ژینگەی یەکەمی خۆیان دەرچوون و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەیان لەدەست داوە، بەڵام وەك گرێیەکی دەروونی هێشتا هەر رەفتاری تاکەکان ئاراستە دەکەن، بەبێ ئەوەی ئامانجێکیان هەبێ کە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا بگونجێ.

**سەرچاوە:** کتێبی (الاخلاق).

پێرست

- پێشەکیەکی پێویست..
- ئیسلام و دیموکراسیەت، جۆن ئەسپۆزیتۆ..
- دنیایەك بەبێ ئیسلام، گراهام فوللەر..
- ریفۆرمی ئاینیی-ئیسلامی و قۆناغی "پۆست سەلەفیزم"، جەمال بەننا.
- ئایا دەکرێ شەریعەت پیادە بکرێ؟، جەمال بەننا..
- لێبوردەیی ئیسلامی لەنێوان ئەمەریکا و میسردا، ئەحمەد سوبحی مەنسوور..
- پەرگیری نەخۆشیی بیری ئیسلامییە، رۆجێ گارودی..
- ئیسلامی فەیلەسوفەکان، مونجی لەسود...
- ئاین و ناسنامەی تاك/کۆمەڵگەکان لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا، دکتۆر کازم عەلەمداری..
- سوننە لە نێوان دەسەڵاتی دەق و دەقی دەسەڵاتدا، عەبدولجەواد یاسین..
- قورئان پاڵپشتی لە حوکمی (مورتەد) ناکات، محەمەد عابد ئەلجابری..
- ئایا بەردبارانکردنی یاسایەکی ئیسلامییە؟، سەدیقە وەسمەقی..
- ئەقڵی دەشتەکی و تێکچوونی ئەخلاق، عەلی وەردی..